# وەرزی کۆچ بەرەو باکور

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئەلتەیب سالْح

# وەرزی کۆچ بەرەو باکور

ڕۆمان

وەرگێڕانی

سەباح ئیسماعیل

ناوی کتێب: وەرزی کۆچ بەرەو باکور – ڕۆمان
نووسینی: ئەلتەیب ساڵح
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٨٣
پیت لێدان: نیهاد مەلیك
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + سەباح ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٩٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## لەبری پێشەکی

من نووسەری ئەم ڕۆمانە نیم، لێ هێندەی نووسەرەکەی پێوەی ماندوو بوومە، بارتەقای ئەویش چێژم لێ بینیوە و لە خەمی وەرگێڕانیدا بوومە. چەند جارێك پێوەندیم بە نووسەری ڕۆمانەکەوە، کە لە لەندەن دەژی، کرد. مخابن لە هەموو جارەکاندا هاوسەرە ئینگلیزەکەی وەڵامی دەدامەوە. هەر چۆنێك بوو توانیم بەو ئینگلیزییە شەقوشڕەی دەیزانم تێیبگەیەنم، کە من لە کوردستانەوە پێوەندیی پێوە دەکەم و دەمەوێ مێردەکەی پێ بزانێت، ڕۆمانەکەی دەکەم بەکوردی. ئەمیش دوای خۆشحاڵی دەربڕینی خۆی، گوتی دەبێ پێوەندی بە بڵاوکەرەوەکەیەوە بکەیت. تێگەیشتم چی دەڵێت، لەوسەری هاتمەوە. مافی وەرگێڕانیان لێ دەوێم. وتم من لە وڵاتێکدا دەژیم نووسەرانی لەسەر خوانی بەرهەمەکانیان ناژین و هەر نووسەرێکیش لەسەر ئەرکی خۆی کتێب چاپ بکات، سەرەڕای قازانج نەکردن، زیانیش دەکات. لای ئێمە نووسەر هەر بابایەك کتێبەکەی بۆ وەربگێڕێ، نەك داوای مافی خۆی ناکات، بەڵکو یارمەتیشی دەدات. بۆیە منیش پێوەندی بەبڵاوکەرەوەی ڕۆمانەکەوە ناکەم و ئەم پێوەندییەم بەتۆوە پرس پێکردنە و وای دادەنێم ڕازی بوویت. ئەویش زانی تەلەفۆن کردنەکەم پرسە گورگانەیەو زانی بە ئا و بە نا هەر وەریدەگێڕم، تەنیا بەپێکەنینێك، کە دنیایەك مانای دەبەخشی وەڵامی دامەوە. جارێکی دیش هەر بەو مەبەستەوە برای نووسەر و وەرگێڕ ئەدیب نادر لە لەندەن چووە ماڵیان، کەچی هەمان بەرسڤی هەبوو. ئیدی تەواو، وا چاکە نێوی خودای لێ بێنم.

لە کاتی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەدا ئاریشە و تەگەرەی زۆرم هاتنە پێشێ. هۆنراوەی وای تێدابوون بە شێوەزاری ناوخۆیی سوودانی نووسرابوون، بە چ عەرەبیزانێکم پیشان دەدا، دەیگوت یەك وشەی لێ تێناگەم و هەڕی لە بڕی ناکەمەوە. پەنام بردە بەر ئەو پینەدۆزە سوودانییانەی لە ئەحمەد ئاغای کەرکووك کار دەکەن. سوودێکی وام لێ نەبینین، دڵم ئاوی نەخواردەوە. ئیدی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێوەندیم بە دوو نووسەری ناوداری سوودانییەوە کرد، (خالید عوەیس) و (عیسام ڕەجەب). خوا هەڵناگرێ، کە هۆنراوەیەك یاخود چەند وشەیەکی سوودانیی لە فەرهەنگ بەدەرم بۆ دەناردن، هێند بەشێوازێکی جوان ڕوونیان دەکردنەوە، دەتگوت شیعرەکان بەکوردی نووسراون. بەڕاستی ئەوان نەبوونایا، نەمدەتوانی ڕۆمانەکە وەربگێڕم. دوای یازدە مانگ توانیم ڕۆمانەکە بکوردێنم و ئەمەی لێ هاتە بەرهەم. ناکرێ هاندان و دنەدان و یارمەتیی مامۆستای وەرگێڕ ئەمین شوان لە یاد بکەم. هەروەها منەتباری برایانی نووسەر حەمە سەعید زەنگنە و ئەدیب نادرم، بە دەقە کوردییەکەدا چوونەوە و تێبینی و پێشنیازی جوان و بەپێزیان وێدام.

ماوەتەوە بڵێم خوێنەر کە لە ڕۆمانەکە دەبێتەوە، وا دەزانێت ڕۆمانێکی تاك ڕەهەندی دوور لە ڕەمزی خوێندووەتەوە، وەلێ کاتێك ئاگادار دەبێتەوە، هەست دەکات بەناو کێڵگەی مینی چێنراو بەڕەمزدا تێپەڕیوە و خۆی لێ نەداون. بۆیە منیش بە ناچاری ئەو پاشەکییەم بۆ نووسی.

سەباح ئیسماعیل

کەرکووك

٢٠٠٧/ ٨/٣

١

بەرێزان... پاش حەوت ساڵانی ڕەبەق لە دابڕان، گەڕامەوە نێو کەسوکار و بنەماڵەکەم... لەو ماوەیەدا لە ئەوروپا سەرقاڵی خوێندن بووم، لەوێندەر شتگەلێ فێربووم، لە زۆر شتانیش دابڕام. ئەوەیان بۆ خۆی چیرۆکێکی ترە. ئەوی بەلامەوە گرنگە، بەحەز و ئارەزوو و تاسەیەکی لەبن نەهاتووەوە گەڕامەوە گوندە چکۆڵەکەمان، کە کەوتبووە پێچی ڕووباری نیلەوە. حەوت ساڵانی خشت بۆیان کرووزامەوە و خەونم پێوە دەبینین.

هاتنەوەم ساتێکی سەیر بوو، خۆم لە نێویاندا بینییەوە، بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە لە دەورم ئاڵان. زۆری نەبرد وام هەست کرد چون سەرمابردەیەك خۆری لێ هەڵاتبێ، بەستەڵەکێك لە ناخما دەتوایەوە. لە مێژە ئەو گەرمییەی ژیانی ناو خێڵم لە وڵاتێکدا کە «نەهەنگەکانیشیان لە سەرمان ڕەق هەڵدێن» ون کردبوو. گوێم ئاشنای دەنگیان بوو، لە زۆر بیرکردنیان چاوەکانم هۆگری ڕوخساریان بوون. بەرایی کە چاوم بەچاویان کەوتەوە، شتێك لە شێوەی تەم کەوتە نێوانمانەوە. دواتر تەمەکە ڕەوییەوە. ڕۆژی پاشتر دوای گەیشتنم، هەنگینێ توانیم لەنێو پێخەفەکەم ڕاستبمەوە. پێخەفەکەی خۆم لەو ژوورەدا بوو، کە دیوارەکانی گەواهی پڕو پووچیی ژیانی منداڵی و سەرەتای لاوێتییان دەدام. گوێم بۆ با کلۆر کردەوە. قەستەم بەخوا ئەو دەنگە دەناسمەوە، وژە وژەکەی بەلای ئێمەوە زۆر خۆشە. دەنگی با بە نێو دار خورماکاندا تێپەڕ دەبوو، ئینجا بەلای کێڵگە گەنمەکاندا بای دەداوە.

هەروەها گوێم بۆ گمەی قومری شل دەکرد. وەختێ لە پەنجەرەکەوە چاوم لە دار خورماکەی حەوشە بڕی، تێگەیشتم کە دنیا هێشتا بەبەریەوە ماوە.

کاتێ دەڕوانمە قەدە پتەو و ڕەپ و ڕاستەکەی و ڕەگە بەناخ زەویدا ڕۆچووەکەی و کەزیی لقە سەوزەکانی، چۆن بەبالآیدا شۆڕ بوونەتەوە، سۆسەی ئاسوودەیی دەکەم.

هەست دەکەم پەڕێك نیم بەدەم باوە. خۆم بەو دارخورمایە دەچوێنم، چونکە بوونەوەرێکە بنەچەی هەیە، ڕەگ و ئامانجی هەیە. دایکم بەقۆرییەك چاوە بەژوور کەوت، باوکم لە نوێژ و پاڕانەوە بۆوەو هات، خوشکەکەشم بەدوایدا، هەردوو براکانیشم هاتن. دانیشتین. وەکو پێشان، ئەو کاتی تازە چاوم کرابووەوە، بەدەم چا خواردنەوەوە کەوتینە قسە و باس.

بەڵێ. ژیان خۆشە، دنیاش هەروەك خۆیەتی، نەگۆڕاوە. لەپڕ کەسێکم هاتەوە بیر، کە لە نێوان پێشوازیکەراندا بوو، نەمناسی. پرسیارم لێیان کرد، وەسفم بۆ کردن. پیاوێکی چوارشانەیە، لە پەنجا ساڵی یا کەمێك بەرەو ژوورترە، قژی سەری پڕ و یەکپارچە سپییە. کۆسەیە و سمێڵیشی لە هی پیاوانی شار تەنکترە.. پیاوێکی قۆزە.

بابم گوتی: ئەوە مستەفایە.

– کام مستەفا؟ لە دەرەوە گەڕاوەتەوە ؟

بابم گوتی: مستەفا خەڵکی ئێرە نییە، وەلێ غەریبەیە و پێنج ساڵ دەبێ هاتۆتە ئێرە، کێڵگەیەکی کڕی و خانوویەکی کرد و کچەکەی مەحموودی خواست... کابرایەکە حەقی بەسەر کەسەوە نییە. هەندەی لە بارەوە نازانین.

بەتەواوی نازانم چی لاپرەسەنییەکەمی (فضول) وروورژاند، وەلێ ئەوەم بە بیردا هات، کە ڕۆژی گەیشتنەوەم بێ دەنگ و بێ قرە بوو. هەر یەکێك لێی دەپرسیم، منیش پرسیارم لێ دەکردەوە. دەربارەی ئەورووپا پرسیاریان لێ دەکردم، خەڵکانی ئەوێ وەك ئێمەن، یا جیاوازییان هەیە؟ گوزەران لەوێ چۆنە، گرانە یا خود هەرزان؟ خەڵکی لە زستاندا چی دەکەن؟ دەڵێن ئافرەتیان بەسەری ڕووتەوە لەگەڵ پیاواندا بەئاشکرا سەما دەکەن! ودلڕەیس لێی پرسیم:

– ڕاستە دەڵێن ژن ناهێنن، بەڵام پیاویان بەحەرامی لەگەڵ ئافرەتدا دەژین؟ پرسیارێکی زۆر، بەپێی زانینی خۆم وڵامم دانەوە. ئەبڵەق بوون، بەوەی گوتم ئەوروپییەکان هەندێ شتی لێ دەرکە، وەك ئێمەن. ژن دێنن و منداڵ بەخێو دەکەن، بەپێی دابونەریتی خۆیان ڕەوشتیان باشە. بەگشتی میللەتێکی باشن.

مەحجووب لێی پرسیم: وەرزێریان هەیە؟

– ئەرێ، ئەی چۆن. وەرزێر و هەموو شتێکیان زۆرن. هەر لە کرێکارەوە بیگرە تا دختۆر و وەرزێر و مامۆستا، وەکو لای خۆمان.

تێفکریم، دەبێ هەموو ئەوانەی بەمێشکما دێن، نەیانڵێم «وەکو خۆمانن. زاوزێ دەکەن و دەمرن و لە گەشتەکەیاندا لە بێشکەوە بۆ گۆڕ، خەونی جۆراوجۆر دەبینن، هەندێکیان ڕاستن و هەندێکیشیان بەتاڵ. لە نادیار دەترسن، دڵداری دەکەن و لە هاوسەرگیری و کورهێناندا وێڵی دوای ئاسوودەیین. بەهێزیان تێدایە، بێدەسەڵاتیشیان کەم نین. هەندێکیان ژیان لەوە زیاتری پێ بەخشیون، کە شایانین، هەشیانە ژیان لە هەموو شتێ بێبەریی کردوون. وەلێ جیاوازییەکان کەمترن و زۆرێك لە بێ دەسەڵاتەکانیان بەبێ دەسەڵاتیی نەماونەتەوە».

ئەمەم بە مەحجووب نەگوت. خۆزیا بمگوتبایا، چونکە وتووریابوو. ترسام تێنەگات. کچەکەی مەجزووب بە خەنینەیەکەوە گوتی:

– ترساین بە ژنە دیانێکی خەتەنە نەکراوەوە بگەڕێیتەوە ناومان.

لەم نێوەدا مستەفا هیچی ناگوت. بەبێ دەنگی گوێی ڕادێرابوو. جار جار بزەیەکی دەکرد، خەندەیەك نووکە دێتەوە بیرم چەند پەنهان بوو، وەکو یەکێك خۆی بدوێنێت.

دوای ئەوە مستەفام بیر چووەوە. خەریك بوو لە گوندەکەیا پێوەندیم بە خەڵك و شتەکانەوە دروست دەکردەوە. ئەو ڕۆژانە وەکو منداڵێك یەکەمین

جار ڕووی خۆی لە ئاوێنەدا وەبینیٚ، ئاوا کەیفخۆش بووم. دایکم خۆی بۆی دەگێڕامەوە و بیری دەخستمەوە کێ و کێ مردوون، تا بڕۆم سەرەخۆشییان لێ بکەم، هەروەها دەیهێنایەوە بیرم، کێش ژنیان هێناوە، تا بچم و پیرۆزباییان لێ بکەم.

سەر لە بەری گوندم بۆ سەرەخۆشی و پیرۆزبایی داوە ژێر پاوە.

ڕۆژێکیان ڕۆیشتم بۆ شوێنەکەی جارانیی خۆم، لای دار گەوزەکەی دەم ڕووبار. داخۆ بەمندالّی چەندم کات لە ژێر ئەو دارەیا بردووەتە سەر؟ بەردم داویشتە ڕووبارەکە و تێدەفکریم. بیرم بەرەو ئاسۆی دوور دەفڕی. گوێم لە خورەی جۆگەکانی سەر ڕووبارەکە و هاوار هاواری خەڵکانی ناو کێڵگەکان و قۆڕەی گا و زەڕە زەڕی کەر دەبوو. هەندێك جار بەختم یار دەبوو، پاپۆڕێك بەدەم شەپۆلانەوە بە بەردەممدا بەرزو نەوی دەبۆوە و تێدەپەڕی. لە شوێنەکەی خۆم، لە ژێر دارەکەوە، بینیم شارەکەمان لە گۆڕانێکی خاو و خلیچکدایە. جۆگەکان وشکیان کردبوون. ترومپایان لە سەر ڕووباری نیل دانابوو. هەر ترومپایەك کاری سەد جۆگەی دەکرد. ساڵ دوای ساڵ کەنارەکان لە بەرامبەر چەپۆکی شەپۆلەکاندا پاشەکشەیان دەکرد. لەلایەکەی تریشەوە ئاوەکە لە نزمیی دەدا. دەمێ دەمبینی لێوارەکە لە شوێنێکەوە تەنگ دەبێتەوەو لە شوێنێکی دییشدا فراوان، بیری سەیر سەیر بەمێشکمدا دەگوزەرین.

ئەمە یاسای ژیانە، بەدەستێك دەیداو بەدەستەکەی دیکەش دەیسەنێتەوە. لە گوینە درەنگ هەستم بەمە کردبێت. بەهەر حاڵ من ئێستا لەم پەندە دڵنیا بووم، وەلێ تەنیا بە هزر، چونکە ماسوولکەکانم نەرم و گوێڕایەڵن و دڵیشم گەش.

دەمهەوێ بەزۆر مافی خۆم لە ژیان بستێنم. دەخوازم بەدڵفرەوانییەوە بەخششم هەبێ، دەمەوێ شەپۆلی خۆشەویستی لە دڵما هەڵقوڵێت، وورووژم بێنێ و بەرهەم بدات.

دەبێ بەئاسۆکان بگەین، بەرە میوەیەکی زۆر هەن دەبێ بچنرێنەوە. کتێبێلە بێ شومارەکان بخوێنرێنەوە. هەروەها لاپەڕە سپییەکانی تۆماری تەمەن، بە خەتێکی بوێرانە ڕستەی بێ گرێ و گۆڵ دەنووسمەوە و دەڕوانمە چۆمەکە، ئەو دەمی ئاوەکەی بە لم و ئاوماڵك لێڵ دەبێت (دەبێ باران لە بەرزاییەکانی حەبەشە بارییبێت)، هەروەها لەو پیاوانەی یان خۆیان داوەتە سەر گاسنەکانیانا، یا بەسەر پاچە کۆڵەکانیاندا چەماونەتەوە. ئیدی چاوانم پڕ دەبن لە کڵێگەی کراوە، هەر دەڵێی لەپی دەستن، بەلای بیابانەکەوە لەو شوێنەی ماڵەکانی لێیە، گوێ لە باڵندەیەك دەگرم دەخوێنی، یا سەگێك دەوەڕێ، یا ڕمبەی تەورێك کە بەر کۆتەرە دارێك دەکەوێت، ئەو کات هەست بەئاسوودەیی دەکەم. وا هەست دەکەم من کابرایەکی گرنگم، بەردەوامیم تێدایە و کەموکوڕیم نییە.

«نا.. من بەردێك نیم تووڕدرێمە ئاوەوە، بەڵکو تۆوێکم و لە کێڵگەدا دەوەشێنرێم».

پاشان دەڕۆم بۆ لای باپیرم، ئەویش لە بارەی چل ساڵ لە مەوبەرەوە، پەنجا ساڵ لە مەوبەرەوە، کورە هەشتا ساڵ لە مەوبەرەوە، قسەم بۆ دەکات. بەمە هەست بە ئاسوودەیی کردنم لا بەهێزتر دەبێت. باپیرم زۆر خۆشدەویست، وا دیاربوو کاری تێ کردبووم. ڕەنگە یەکێ لە هۆیەکانی برادەرێتیم لە گەڵیدا ئەوە بێ، من هەر لە منداڵیمەوە حەکایەتەکانی جاران خەیاڵیان دەمەزەرد دەکردمەوە. باپیرم زۆری حەز بە مەتەڵ گێڕانەوە بوو. کاتێك سەفەرم کرد، ترسام باپیرم بمرێ و نەیبینمەوە. کاتێکیش تاسەی کەسوکارم دەکرد، لە خەونمدا دەمبینی. ئەمەم پێ گوت، بزەیەکی کرد و گوتی:

– لاو بووم، فاڵگرەوەیەك پێی گوتم، ئەگەر تەمەنی پێغەمبەرایەتیم (واتا شەست) تێپەڕاند، ئەوا سەد ساڵ دەژیم.

پێکەوە تەمەنیمان لێکدایەوە، دەرکەوت نزیکەی دوانزە ساڵی ماوە.

باپیرم باسی دەسەڵاتدارێکی زۆرداری بۆ دەکردم، لە وەختی تورکەکاندا فەرمانڕەوای ئەو دەڤەرە بوو. نازانم بۆچی لە هیکرا مستەفام بەبیردا هات، گوتم با لە باپیرم بپرسم، ئەو قوڕبنیم بۆ دەردەکات، چونکە ئەو لە بارەی ئەسڵ و فەسڵی هەر کەسێکی شارەکەوە بڵێی دەزانێ، نەك هەرئەمە بەڵکو لە بنەچەی ئەوانی پێش و دوای منیشەوە دەزانێ، ئەوانی ژوور ڕووبارەکەو خوارەوەیشی. وەلێ باپیرم سەرێکی لەقاندو گوتی، هیچی لە بارەوە نازانێ، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە خەڵکی دەوروبەری خەرتوومە و نزیکەی پێنج ساڵێك دەبێ هاتۆتە ئەم گوندە. زەوییەکی کڕی، میراتگرەکانی هەر یەکی لە شوێنێك بوون، لە ژنێك زیاتر کەسیان نەمان. تەماعی دایێ و زەوییەکەی لێ کڕی. پاشان بەر لە چوار ساڵ مەحموود یەکێ لە کچەکانی خۆی پێدا.

بە باپیرم گوت: کامیان؟

– وا بزانم حوسنەیان.

باپیرم سەری لەقاندو گوتی:

– ئەو تیرەیە گوێیان لێ نییە، لە بنەچەك ناپرسنەوە، هەرکێ بێ کچی دەدەنێ.

کەچی یەکسەر وەك ئەوەی ژیوان بووبێتەوە، گوتی:

– مستەفا چەند ساڵە لەگەڵمانە، شتێکی خراپمان لێ نەبینی. سەری بچێ نوێژی جومعەو جەماعەتی ناچێ. لە شین و شاییشمان بەشدارە...

ئاخاوتنەکانی بابام بەم ئاوایەوە بوو.

***

دوو ڕۆژ دوای ئەوە، نیوەڕوانێك بەتەنێ دەمخوێندەوە. دایکم و خوشکەکەم لەگەڵ چەند ژنێکا لەوسەریماڵەوە دەنگیان دەهات، باوکیشم نوستبوو. هەردوو براکەشم بەئیشێك دەرچووبوون. بەتەنێ لە ماڵەوە بووم. لەودیو حەوشەوە ئەحمێکم ژنەفت، هەستام. مستەفا بوو، گندۆرەیەکی گەورە و

زەمبیلێکی پڕ لە پرتەقاڵی بەدەستەوە بوو. پێدەچوو سەرسووڕمانەکەی بەڕوومەوە بینیبێت، گوتی:

– بەهیوام لەخەوم هەڵنەستاندبیت، گوتم با بەروبوومی کێڵگەکەمت بۆ بێنم و تامی بکەیت. حەزیش دەکەم لە نزیکەوە بتناسم. هەرچەندە نیوەڕوان کاتی سەرلێدان نییە.

گفتولفتە شیرینەکەیم لە یاد ناچێتەوە، خەڵکی ولاتی ئێمە هەند گوێ بەو دەمودوو شیرینییە نادەن. یەکسەر دەچنە ناو بابەتەکەوە. نیوەڕۆ بێ، ئێوارە بێ گوێی پێ نادەن، بەناوی میوانییەوە خۆیان دەکەن بەمالا. بیانووش ناهێننەوە. بەخۆشییەوە بەخێرهاتنم کرد، پاشان چایان هێنا. لە کاتێکدا سەری دانەواندبوو، لە دەموچاوی ورد بوومەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، پیاوێکی قۆزە، ناوشانی پانوپۆڕ و برۆ لێکدوورەکانی خەرمانەیان بەستبوو، سەرە قژن و چەرمووەکەی ڕێك لەگەڵ شانوملیدا دەهاتەوە، لووتێکی درێژ و کونە تفنکانی تووکن. کاتێ لەگەڵ قسەکردندا سەری هەڵبڕی، لە دەموچاوەکانیم ڕوانی. تێکەڵەیەکی سەیرم لە بەهێزی و لاوازی بەڕووی کابراوە بینی. دەمی شل و خاوو چاوانی خەواڵوو بوون، ڕوخساریان بەلای جوانییا بردبوو وەك لە قۆزی. بەهێمنی دەدوا، وەلێ دەنگی زولاڵ و بڕندە بوو، کاتێ ڕووی دەنیشتەوە، دەنگی بڵندتر دەبوو. ئەو دەمەشی دەخەنییەوە، بێ توانایی هێزی لەبەر دەبڕی. لە دەست و بازوویم ڕوانی، توندوتۆڵ و بەهێز بوون، دەمارەکانی وا دەرپۆقیبوونە دەر، هەر ئەوەندە نەبوون ناترەکین. لێ قامکەکانی درێژ و باریك بوون، کاتێ لە قۆڵ و دەستی دەڕوانی و ورد دەبیتەوە، وا هەست دەکەیت لە پڕ لە شاخێکەوە گلۆر بوویتە شیوەوە. گوتم با لێی گەڕێم قسە بکات، دیارە دەیەوێ شتێك بڵێت، ئەگینا بەم قرچەی گەرمایە نەدەهات. خۆ دووریش نییە بە نییەتی باشەوە هاتبێت، وەلێ مەزەندەکەمی بڕی و گوتی:

– ڕەنگە تۆ تەنیا کەس بیت لەم ئاوایییە، بەخزمەتی نەگەیشتبم.

باشە بۆ واز لەم قسە پڕ لە گفتولفتانە ناهێنیت، خۆ ئێمە لە وڵاتێکداین ئەگەر پیاوەکانی لێك تووڕە بن، بەیەکتر دەڵێن: سەگباب.

– لە خزم و ناسیاوەکانتەوە زۆرم لە بارەوە بیستووی.

«مایەی سەر سوڕمان نەبوو، چونکە من خۆم بە قۆزترین گەنجی دێیەکەدا دادەنا».

– گوتیان بڕوانامەیەکی گەورەت بەدەست هێناوە، چی پێ دەڵێن؟ دکتۆرا؟

پێم دەڵێ چی پێ دەڵێن! ئەمەیانم بەدڵ نەبوو، وامدەزانی ئەو دە ملیۆنەی وڵات هەموویان بە سەرکەوتنەکەم دەزانن.

– دەڵێن هەر لە منداڵییەوە زیرەکیت پێوە دیار بووە.

– ببوورە.

وامگوت، وەلێ ڕاستییەکەی لەو ڕۆژانەدا هەندێك با چووبووە لووتمەوە.

– دکتۆرا شتێکی مەزنە.

لە کاتێکدا خاکەڕاییم دەنواند، پێم گوت، شتەکە لەوە زیاتر تێناپەڕێ سێ ساڵە بە لێکۆڵینەوەی ژیانی شاعیرێکی سەرکێشی ئینگلیزییەوە سەرقاڵ بووم.

پەست بووم. لێتانی ناشارمەوە، تەواو هەڵچووم، دەمێ کابرا لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ئێمە حەوجەمان بە شیعر نییە. خۆ ئەگەر جەنابت زانستی کشتوکاڵ یا ئەندازە یا پزیشکیت بخوێندایا، گەلێ باشتر بوون.

بزانە چۆن دەڵێ «ئێمە» و منی تێناخا، کەچی گوند گوندی خۆمە و ئەو «نەك من» تێیدا بێگانەیە. ئنجاش بەنەرمی بزەیەکی بۆ کردم، تێبینیی ئەوەم کرد، سستییەك ڕوخسارە بەهێزەکەی تەنییەوە. لە ڕاستییا چاوەکانی وەکو چاوی مێیینە جوان بوون.

گوتی: ئێمەی جووتیار بیر لەوە دەکەینەوە، کە پێوەندیی بەخۆمانەوە هەیە، هەرچی زانستە، هەرچۆنێك بێت بۆ سەربەرزیی نیشتیمان پێویستە.

تاوێك بێدەنگ بووم، پرسیارێلێکی زۆر لە مێشکمدا گینگڵیان دەدا: دەبێ خەڵکی کوێ بێت؟ بۆچی لێرە گیرساوەتەوە؟ داخۆ مەسەلەی ئەم پیاوە چییە؟

وام بەباشزانی پەلە نەکەم و شێنەیی لێ بکەم. ئەو بەهاناما گەیشت و گوتی:

– لەم گوندەیا ژیان سادە و ساکارە، خەڵکەکەی باشن و تێکەڵاوییان ئاسانە.

پێم گوت: هەموو بە باشە ناوت دەبەن. باپیرم دەڵێت جەنابت پیاوێکی کارامەیت. پێکەنی. ڕەنگە دانیشتنێکی خۆی لە گەڵ باپیرمدا بەبیر هاتبێتەوە. وای نیشان دا قسەکەمی پێ خۆش بووبێ، گوتی:

– باپیرت... پیاوە. ئەو پیاوە نەوەت ساڵەیە هێشتا قیتو قۆزە و نەچەماوەتەوە، چاوانی تیژو ددانەکانی نەکەوتوون. بەنەرمی لە سەر گوێ درێژەوە خۆی دەهاوێ، کازیوان لە ماڵەوە بۆ مزگەوت بە پێ دەیکوتێ.... ئای چ پیاوێکە.

بەدڵسۆزییەوە ئەمەی گوت... بۆ نا؟ خۆ باپیریشم بۆ خۆی کابرایەکی سەیرە.

ترسام کابرام لە دەست دەرچێت و هیچی لە بارەوە نەزانم (لاپرەسەنیم گەیشتە ئەم ڕادەیە). بەر لەوەی بیر بکەمەوە، قسەکە بەزمانما هات:

– ڕاستە خەڵکی خەرتوومیت؟

نەختێ سەیری پێهات، وام هاتە بەرچاو میزاجی تێکچوو، وەلێ بلەز و زیرەکانە گەڕایەوە دۆخی جارانی، لەگەڵ خەنینەوەیەکی دروستکراودا پێی گوتم:

– ڕاستی خەڵکی دەوروبەر خەرتوومم. هەر ئەکاتە خەرتووم.

تاوێك بێدەنگ بوو، چوون لەگەڵ خۆیدا چەندوچوو بکات. داخۆ بێدەنگیی لێ دەکات، یاخود زیاترم پێ دەڵێ؟ پاشان نیگەرانییە ئەفسووناوییەکەیم بینی، دەورو خولی چاوی دەدات، تەواو وەکو ئەوەی یەکەم ڕۆژ بینیم، لە کاتێکدا ڕوو بەڕوو تێی دەڕوانیم، گوتی:

– لە خەرتووم کاری بازرگانیم دەکرد. پاشان لەبەر هەندێ هۆ بڕیارم دا خەریکی کشتوکاڵ بم. بەدرێژایی ژیانم تامەزرۆی ئەوە بووم لەم بەشەی وڵات بگیرسێمەوە، نەمزانی بۆ! لە کاتێکدا نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم، سواری پاپۆڕ بووم. کاتێك لێرە گیرسامەوە، زۆرم بەدڵ بوو، شتێ بەدڵما هات: ئەمە ئەو شوێنەیە. هەر وا شبوو، وەکو خۆت دەیبینی. هیچ کات بەرامبەر خۆی و خەڵکەکەی پەشیمان نەبوومە.

پاشان بێدەنگ بوو. بەدەم هەڵسانەوە گوتی، دەچێ بۆ کێڵگە. پاشان بۆ دوو سبەی لە ماڵەکەی خۆی، بۆ نانی شێوان داوەتی کردم.

گەیاندمە بەر دەرکە، لەگەڵ خواحافیزییا، لە کاتێکدا شەبەنگە ئەفسووناوییەکە بەدەوری چاویا ڕوونتر خەرمانەی دابوو، گوتی:

– باپیرت نهێنییەکە دەزانێ.

بواری پێ نەدام تا لێی بپرسم: چ نهێنییەکە باپیرم دەیزانێ؟ باپیرم هیچ نهێنییەکی نییە. وەلێ ئەو بە هەنگاوە گورج و ئامادەکانییەوە دوورکەوتەوە، سەریشی کەمێك بەلای چەپا لار بووبۆوە.

***

بۆ داوەتی نانخواردنەکە چووم. مەحجووب و کوێخا و سەعیدی بازرگان و باوکم لە وێندەر بوون. نانمان خوارد. مستەفا شتێکی نەگوت جێی سەرنج بێت. عادەتی وا بوو زیاتر گوێی دەگرت وەك لەوەی قسە بکات. کاتێك قسەکان کز دەبوون و بەلای منەوە هێند بایەخیان ناما، چاوم دەگێڕا، وەك

چۆن هەوڵبدەم لە ژوور و دیوارەکانی ماڵەکە، ئەو وەڵامانە بدۆزمەوە، کە لە مێشکمدا گینگڵیان دەدا. ماڵی مستەفا ماڵێکی ئاسایی بوو، نە باشتر و نە خراپتربوو لە ماڵی ئاسایی دێهاتییەك. وەکو ماڵانی دی کرابووە دوو بەشەوە، بەشێکی ئەندەروون بوو بۆ ئافرەت و ئەوی دی دیوەخانی پیاوانی تێدابوو.لای ڕاستی دیوەخانەکە ژوورێکی لاکێشەیی پەنجەرە کەسکم بینی، لە خشتی سوور دروست کرابوو. بنمیچەکەی وەکو خانووەکانی تر تەخت نەبوو، بەڵکو سێگۆشە بوو، کوتومت دەتگوت پشتی گایە.

من و مەحجووب هەڵساین و ئەوانمام جێهێشت. لە ڕێگە پرسیاری مستەفام لە مەحجووب کرد. شتێکی وای نەگوت. وەلێ گوتی:

– مستەفا پیاوێکی قووڵە.

دوو مانگم لێرە بەسەر برد، تابڵێی تێیدا دڵخۆش بووم. چەند جارێك ڕێکەوتی مستەفام کرد. جارێکیان بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان، بانگ کرام. مەحجووبی هاوەڵم کە سەرۆك لیژنە بوو، بانگهێشتی کردم. من و مەحجووب هاوڕێی منداڵی بووین. چوومە ژوورەوە، مستەفاش لەوێ بوو. باسی شتێکیان دەکرد پێوەندیی بە دابەشکردنی ئاوەوە هەبوو بەسەر کێڵگەکاندا. وا دیاربوو هەندێ کەس، لەوانەش کە ئەندامی لیژنەکە بوون، بەر لەوەی نۆرەیان بێ ئاوەکەیان بەسەر کێڵگەکانیاندا بەردەدایەوە. وتوویێژ لە نێوانیاندا توندتر بۆوە و وای لێهات بەسەریەکدا دەیانشیراند، لەپڕ مستەفا ڕاستە پێ هەستا.

ژاوەژاوەکە دامرکایەوە و بەڕێزێکی زۆرەوە گوێبیستی بوون، مستەفا گوتی، لەم پرۆژەیەدا سەر دانەواندن بۆ یاسا گرنگیی خۆی هەیە، دەنا شتەکان تێکەڵ دەبن و دەبێتە هەڵلا. بۆیە بەتایبەت لەسەر ئەندامانی لیژنەیە ببنە ڕابەرێکی باش بۆ ئەوانی دی. هەر کات سەرپێچیی یاسایان کرد، وەکو خەڵك سزایان بدرێت. کاتێ لە قسەکان بووەوە، زۆربەی

ئـەنـدامـانـی لـیژنـە سەری ڕەزامـەنـدییـان لـەقـانـدو ئـەوانـەیش، کـە قسەکـە دەیگرتنەوە بێدەنگییان هەڵبژارد.

گومانی تێدا نییە کابرا مەعدەنەکەی پاك بوو، لە هەمووشیان زیاتر شایـان بـە سەرۆك لـیـژنـەیـیـە.. وەلـێ ڕەنـگـە هـەر لـەبـەر ئـەوە هـەڵـیـان نەبژاردبێ، چونکە خەڵکی ئێرە نییە.

***

دوای حـەفـتـەیـەك، پـێشهـاتـێك سەراسیـمـەی کـردم. مـەحـجـووب بـۆ خواردنەوەی داوەت کردم. لە کاتێکدا کەیفمان دەکرد و شەومان ڕۆژ دەکردەوە، مستەفا هات و لەگەڵ مەحجووب کەوتە قسە و باس لە بارەی پـرۆژەکـەوە. مـەحـجـووب فـەرمـووی دانـیشتنـی لـێ کـرد، دانـەنـیشت، لـێ مـەحـجـووب تـەلاقـی لـێ خـوارد، کـە دەبـێ دانیشێت. جـارێکـی دیش پـەڵـە هەوری بێزاری و جاڕسیم لە چاوەکانیدا بەدی کرد. دانیشت. هەندەی نەبرد گەڕایەوە باری ئارامی جارانی. مەحجووب پەرداخێ پڕ لە مەیی بۆ درێژکرد، تاوێك دوودڵی دایگرت، پاشان لێی وەرگرت و بێ ئەوەی لێی بخواتەوە، لە تەنیشت خۆیەوەی دانا. جارێکی دی مەحجووب سوێندی خـواردەوە، مستـەفـاش پـەرداخـە مـەیـەکـەی بـەسەرەوە نـا. مـن شارەزای مەحجووب بووم، کە چ کابرایەکی هەڵەشەیە، وام بەمێشکدا هات بەر لەو زۆرلێکردنەی بگرم. چونکە پێدەچوو ئەوکابرایە هیچ حەزی بەم دانیشتنە نەبێ. وەلێ شتێکی ترم بەمێشکدا هات، بۆیە وەستام. مستەفا یەکەمین پەرداخی وەکو دەرمانێکی خراپ، زۆر بەقێزلێکردنەوە خواردەوە و بەپەلە هەڵیقوڕاند. کاتێ گەیشتە سێیەم پەرداخ، لە سەرخۆ مەیەکەی بەتامەوە بە مـژین دەمـژی. دەمـارەکـانـی دەمـوچـاوی خـاوبـوونـەوە، کرژبـوونـەوەکـەی دەمی بەریدا، چاوەکانی لە پێشان زیاتر خەواڵوو بوون.

ئەو هێزەی لە مێشك و تەوێڵ و لووتی هەستی پێ دەکرد، بەتەواوی لەو بێ توانایییەی لەگەڵ خواردنەوەکەیدا، بەسەر چاو و دەمیدا ڕژا.

مستەفا پەرداخی چوارەمیشی هەڵدا، پاشان پێنجەم. ئیدی پێویستی بەهاندان نەما. کەچی سەرەڕای ئەوەش مەحجووب هەر تەلاقی دەخوارد. مستەفا خۆی خزاندبووە ناو قەنەفەکەوە و پێیەکانی درێژ کردبوون. پەرداخەکەی بەهەر دوو دەستی گرتبوو. وام هاتە بەرچاو چاوی بڕیوەتە ئاسۆیەکی دوور. کەچی لەهیکرا گوێم لێبوو بەدەنگێکی زوڵاڵ شیعری ئینگلیزی دەخوێندەوە. چامەیەکی خوێندەوە، پاشان لە نێوان ئەو چامانەی دەربارەی جەنگی یەکەمی جیهانیی بوون، دۆزیمەوە:

**ئەمانە ژنی فلاندەرزەکانن(١)**
**چاوەڕوانی بێ سەر و شوێنەکان دەکەن**
**چاوەڕێی ئەو بێ سەر و شوێنانە دەکەن**
**کە جارێکی تر هەرگیز لە بەندەرەکە وەڕێ ناکەون**
**چاوەڕێی ئەو بێ سەر و شوێنانە دەکەن**
**کە ئیتر هەرگیز شەمەندەفەر نایانهێنێتەوە**
**بۆ ئامێزی ئەو ژنە،**
**خۆڵی مەرگ لە ڕوخسار نیشتووانە...**
**ئەوان بێ هوودە چاوەڕوانی ئەو بێ سەر و شوێنانە دەکەن،**
**کەوا بەمردوویی لە ناو خەندەقەکاندا**
**لە پشت ساترەکانەوە**
**یا لە ناو قوڕ و لیتەدا**
**لە ئامێزی شەوەزەنگدا سارد هەڵاژاون**
**ئەمە وێستگەی چارینگ کرۆسە**
**سەعات لە یەك لایداوە...**
**تروسکاییەك خاو خاو پرتە پرت دەکات**
**ژانێکی گەورە جەستەی هەمووان دەکرۆژێت.**

(١) فلاندەرز flanders: ناوچەیەکە لە ڕۆژاوای بەلژیك و دەستی ئەو بەری باکوری فەرەنسا. (وەرگێڕ).

لە کاتێکدا پەرداخەکەی بەهەر دوو دەستی گرتبوو و چاوی لە ئاسۆکانی ناخی خۆی بڕیبوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. لێتانی ناشارمەوە، ئەگەر زەوەییـیەکە شەق ببوایا و ناگەهـان هـەژدیهـایەکی لێ بهـاتایەتە دەر و هەمبەرم وەستابا و لە چاوەکانییەوە گڕ داباریبا، ئینجاش هەندەی ئێستا هـەترەشم نـەدەچـوو. کوتـوپڕ هـەستێکی سەیر دایگرتم، شتێك لـە شێوەی مـۆتـەکـە، وەك ئـەوەی ئـێمـەی پـیـاوان، کـە لـەم ژوورەدا کـۆبـوویـنـەتـەوە، ڕاستەقینە نەبین، بەڵکو هەر نەبووبین. بازێکم دا، بە بان سەر کابراوە وەستام، بەسەریا شیڕاندم:

– ئەوە چییە لێی؟ ئەوە چییە لێی؟

بە ساردییەکەوە لێی ڕوانیم، نازانم چۆنی وەسف بکەم، وەلێ ڕەنگە ئاوێنەیەك بووبێ لە ڕق و لێقەومان. بە توورەیییەوە پاڵی پێوەنام و ڕاستەپێ هەڵستا. بەهەنگاوی مەحکەم و سەری بڵندەوە چوون قورمیش کرابێت، لە ژوورەکە ئاودیو بوو. لەو کاتەیا مەحجووب سەرقاڵ بوو، لە مەجلیسەکە لەگەڵ ئەوانی دیدا دەخەنییەوە، بۆیە لەوەی ڕووی دا بێ ئاگا بوو. بۆ ڕۆژی دوایی بەمەبەستی بینین چووم بۆ کێڵگەکەی، بینیم وا بەدەوری دار لێمویەکا چاڵ لێدەدا، شەرواڵێکی چڵکنی کورتی خاکیی لە پێ کردبوو، کراسێکی قۆپچەداری تا سەر ئەژنۆ درێژی دابوو بەسەریدا، پریشکە قوڕیش بەدەموچاوییەوە بوون. بەگفتولفتە هەمیشەیییەکەیەوە بـەخـێرهـاتـنـی کـردم و گـوتـی: هـەندێ لقـی ئـەم درەختـە ترنـج دەگرن، بڕێکیشیان پرتەقاڵ.

بە ئەنقەست بەئینگلیزی پێم گوت:

– شتێکی نایابە.

بە سەرسووڕمانێکەوە چاوی تێ بڕیم و گوتی:

– چیت فەرموو؟

قسەکەم دووبارە کردەوە. پێکەنی و گوتی:

– ئەو ماوە دووورودرێژەت لە ئینگلستان عەرەبی لە بیر بردوویتەوە، یاخۆ بە فەرمەسۆنمان تێدەگەی؟

پێم گوت: ئاخر دوێنێ شەو شیعرت بەئینگلیزی خوێندەوە.

بێدەنگییەکەی هەراسانی کردم. بۆیە پێم گوت:

– دیارە تۆ کەسێکی جیای لەوەی خۆت نیشان دەدەی. وا چاکە ڕاستیم پێ بڵێی. کاریگەریی هەڕەشەی ناو قسەکانمی پێوە دیار نەبوو. لە چاڵ هەڵکەندن بەردەوام بوو. کاتێ لە چاڵەکە بووەوە، بەدەم تەکاندنی قوڕەکە بەدەستییەوە، بێ ئەوەی تەماشام بکات، گوتی:

– نازانم شەوی ڕابردوو چیم گوت و چیم کرد. سەرخۆش لێی ناگیرێ، چییەڵێ با بڵێ. خۆ ئەگەر شتێکیشم وتبێت، ئەوا وەکو بەدەم خەوەوە قسەکردنە، یاخود ورێنەی تا لێ هاتووە. هیچ بایەخێکی نییە. من ئەو کەسەم لە بەردەمت، وەکو چۆن هەر یەکێك لە گوند دەمناسێت لەوە زیاترنیم، شتێکیشم نییە بیشارمەوە. چوومەوە بۆ ماڵ. سەرم جەنجاڵە. من دڵنیام لە پشت «مستەفا»وە بەسەرهاتێك هەیە، یاخود شتێك نایەوێ بیدرکێنێ. باشە دوێنێ شەو گوێکانم بەهەڵەیان بردم؟ خۆ ئەو شیعرە ئینگلیزییەی خوێندییەوە ڕاستی بوو. سەرخۆش نەبووم، نەشنووستبووم، وام هاتە بەر چاو لە سەر ئەو کورسییە دانیشتووە و پێی لێ درێژ کردووە، پەرداخێك لەنێو هەردوو دەستێتی، وێنەیەکی ڕوونە و لێڵیی تێدا نییە، نازانم پرسێ بەباوکم بکەم؟ بەمەحجووب بڵێم؟ دەبێ ئەم کابرایە یەکێکی لە شوێنێك نەکوشتبێ و لە بەندیخانە هەڵاتبێ؟ ڕەنگە... لێ چ نهێنییێك لەم گوندەدا هەن؟ دوور نییە تووشی بیرچوونەوە هاتبێت! دەڵێن هەندێك کەس لە ڕووداوێکەوە تووشی نەخۆشی «ئەمنیزیا»(٢) دێن. بڕیارم دا دوو سێ ڕۆژێك مۆڵەتی بدەمێ، ئەگەر ڕاستیی پێ نەگوتم، ئەوا خۆم دەزانم چی دەکەم.

---

(٢) ئەمنیزیا Amnesia: لە دەستدانی توانای بیرکردنەوە. (وەرگێڕ).

چاوەڕوانییەکەم درێژەی نەکێشا، ئێوارەی ئەو ڕۆژە مستەفا هاتە لام. باوکم و دوو براکەشم لە ماڵ بوون. وتی دەیەوێ بەتەنیا قسەم لەگەڵدا بکات. لە تەکیا هەستام.

پێی گوتم: دەتوانی سبەی ئێوارێ بێیتە ماڵمان؟ دەمەوێ هەندێ قسانت بۆ بکەم.

ئەو دەمی گەڕامەوە، بابم گوتی:

– مستەفا چی گەرەکە؟

پێم گوت دەیەوێ گرێبەستی زەوییەکەی خەرتوومی بۆ ڕوون بکەمەوە.

دەمە و خۆرئاوا چووم بۆ کنی. تەنیا بوو، قۆرییە چاکەی لە بەردەم بوو، خولقی چا خواردنەوەی کردم، نەمخواردەوە. ڕاستییەکەی پەلە پەلی گوێبیستی چیرۆکەکە بووم. هەڵبەت بڕیاری داوە ڕاستی بڵێت. جگەرەیەکی بۆ درێژ کردم، وەرمگرت. لە ڕوخساری ورد بوومەوە، لەسەرخۆ جگەرەی دەدا بەبایا. هێمن و بەهێز دیاربوو. کە لێی وردبوومەوە، ئەم بیرۆکەیەم لە مێشکم تاراند، کە پیاوکوژ بێت. توندوتیژی وا جێپەنجەی خۆی بەدەمو چاوەوە دەهێڵێتەوە، هەرگیز لە چاو ون نابێت. یاخود تووشی بیرچوونەوە هاتووە، ئەمەش ڕێی تێدەچێت. هەرچۆنێك بوو مستەفا کەوتە دوان. تارمایی بزەیەکی پێکەنیناویم لە هەموو کات ڕوونتر بینی، خەرمانەی بەدەوری چاویا بەستبوو. شتێکی هەستپێکراو لە چەشنی بلاّچەی برووسك.

– قسەیەکت پێ دەڵێم، تا ئێستا بە کەسم نەوتووە. پێشتر هۆیەکەیم نەدۆزیبۆوە. ئەم بڕیارەم دا تا خەیاڵت سەرکێشی نەکا، بەخۆتیش لە شیعر گەیشتووی.

بۆ ئەوەی ڕادەی ئەو ڕق لێبوونەوەیەی کە لە دەنگییەوە بەدی دەکرا، کەم کاتەوە، دەستی بەپێکەنین کرد.

– ترسام بڕۆیت قسە بۆ ئەوانی دی بکەیت. پێیان بڵێی من ئەو کابرایە

نیم، کە ئاوا خۆم دەردەخەم. ئیدی هەر دوو لامان، من و ئەوان تووشی ڕووزەردی دێین.

بۆیە تکایەکی برایانەم هەس، سوێند بەشەرەف بخۆی، ئەوی ئەمشەو بۆتی دەگێڕمەوە، لای کەسی نەدرکێنی.

منیش باگوم داوە: ئەمە لە سەر ئەوە دەوەستیٚ، کە پێمی دەڵێی. چۆن بەڵێنت بدەمیٚ، لە کاتێکدا هیچت لە بارەوە نەزانم؟

– سوێندت بۆ دەخۆم ئەوی بۆتی دەدرکێنم ، کار لە بوونم لەم گوندەیا ناکات. من کابرایەکی بەئاوەز و بیٚ زەڕم، لە چاکە زێتر هیچ بۆ گوند و خەڵکەکەی ناخوازم.

لێتی ناشارمەوە، دوودڵ بووم. وەلیٚ ساتێکی پڕ لە شیمانە بوو. لاپڕەسەنییەکەم تونڕەوییەکی بیٚ سنووری لەخۆ گرتبوو. کورت و موختەسەر بەڵێنم دا و سوێندیشم بۆ خوارد. مستەفا بەستەیەك کاغەزی بۆ درێژ کردم و بە سەری ئاماژەی کرد، کە سەیریان بکەم. کاغەزێکم کردەوە بڕوانامەی لە دایکبوونی بوو. مستەفا سەعید. لە دایکبووی خەرتووم، ١٦ی ئابی ١٨٩٨... باوك مردووە، دایك فاتیمە عەبدولسادق. پاشان چاوێکم لە پەساپۆرتەکەی کرد، وەکو بڕوانامەی لە دایکبوونەکەی، ناو، شوێنی لەدایکبوون، پیشە (قوتابی). مێژووی دەرکردنی پەساپۆرت ساڵی ١٩١٦ لە قاهیرەو لە ساڵی ١٩٢٦ لە لەندەن نویٚ کراوەتەوە. پەساپۆرتێکی تریشی هەبوو، ئینگلیزی بوو، ساڵی ١٩٢٩ لە لەندەن دەرچوو بوو. لاپەڕەکانیم هەڵدانەوە، مۆرێکی زۆریان لیٚ درا بوو، فەرەنسی و ئەڵمانی و چینی و دانیمارکی. هەموو ئەمانە بەشێوەیەك کە وەسف ناکرێن، بیریان دەمەزەرد کردمەوە، ئیدی نە کارام لاپەڕەکانی دی پەساپۆرتەکە هەڵدەمەوە، بیرم بۆ شوێنێکی تر ڕۆیشت، کاتیٚ لێم ڕوانی سیمای چاوەڕوانی بەڕوومەوە دیاربوو. مستەفا بەردەوام دووکەڵی جگەرەکەی بە بایا دەدا. پاشان گوتی:

## ٢

چیرۆکێکی درێژە. وەلێ من هەموو شتەکانت بۆ ناگێڕمەوە. هەندێ وردەکاری بۆ تۆ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، هەندێکیشیان... بەهەر حاڵ دەبینی من لە خەرتووم لە دایك بوومە. بە هەتیوی پێگەیشتووم، باوکم بەچەند مانگێك بەر لە لەدایکبوونم مردووە، وەلێ ئەوەندەی بۆ بەجێ هێشتین گوزەرانی پێ بکەین. باوکم بازرگانی حوشتر بوو. برام نەبوو، بۆیە ژیان بۆ من و دایکم هەند سەخت نەبوو. ئێستا، کە بیر دەکەمەوە، بەڕوونی دایکم دەبینم، لێوە ناسکەکانی توند پێکەوە نووسابوون، شتێك لە شێوەی ڕووپۆش دەموچاوی داپۆشیبوو. نازانم. ڕووپۆشێکی سفت، دەتگوت ڕووی دەریایە، تێدەگەی؟ یەك ڕەنگ نەبوو، کۆمەڵە ڕەنگێك بوون، دەردەکەوتن و بزر دەبوون و ئاوێتەی یەکتر دەبوون. بێکەس بووین. من و دایکم، هۆگری یەکدی بووین. دەتگوت غەریبەیەکە و بەڕێکەوت لە دەم ڕێگە پێك گەیشتووین. ڕەنگە من کەسێکی غەوارە بوویم، یاخود دایکم نامۆ بووە. بەخۆشم نازانم. زۆر بەیەکەوە نەدەدواین، من، ڕەنگە سەرت سووڕبمێنێ، هەستم بەگەرمییەك دەکرد، کە ئازادم و هیچ بوونەوەرێك نییە، نە دایك، نە باوك، وەکو سنگ بە شوێن و دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە دامبکوتێت. دەمخوێند و دەنووستم، دەچوومە دەرێ و دەهاتمەوە، لە دەرەوەی ماڵ گەمانم دەکرد، بەشەقامەکاندا بەرەڵا بووم، کەس نەبوو پێم بڵێ بەری پێت خوارە. بەڵام هەر لە منداڵییەوە، هەستم دەکرد کە ... جیام لەوانی دی.

مەبەستم ئەوەیە وەکو منداڵانی هاوتەمەنی خۆم نەبووم، زۆر چاوقایم بووم، ئەگەر تێهەڵدانم بخواردایا نەدەگریام، یاخود لە پۆلدا مامۆستا ئافەرینی لێ بکردمایا، خۆشیم پێ نەدەهاتەوە، ئەوەی ئەوانی نگەران

کردبوو، من گوێم پێ نەدەدا.

دەتگوت تۆپەڵەیەك لاستیکم، فڕێی دەدەیتە ئاوەوە تەڕ نابێت، بەزەوییا دەکوتیت هەڵدەبەزێتەوە. ئەو کاتی تازە قوتابخانە داهاتبوو، ئێستا دێتە بیرم خەڵك خۆشییان پێ نەدەهاتەوە. میری دار و دەستەی خۆی دەنارد، شار و گەڕەکەکانیان تەی دەکرد، خەڵکەکە منداڵەکانیان دەشاردەوە.

وایان دەزانی ئەمە شەڕێکی بێ ئامانە و لەگەڵ سوپای داگیرکەردا هاتووە. لە دەرەوە لەگەڵ منداڵانی گەڕەك یاریمان دەکرد، ئەسپ سوارێك هات، جلی فەرمیی لەبەردا بوو، بەسەر سەرمانەوە وەستا. منداڵەکان هەڵاتن، من مامەوە، لە ئەسپەکە و کابرای سەر پشتیم نۆڕی. ناوی پرسیم، پێم گوت.

گوتی: تەمەنت چەندە؟

گوتم: نازانم.

پێی گوتم: حەز دەکەی لە قوتابخانە شت فێربیت؟

پێم گوت: قوتابخانە چییە؟

گوتی: خانوویەکی جوانی لە بەرد دروستکراوە، لە ناو باخچەیەکی بزورگی دەم نیلە. زەنگ لێدەداو لەگەڵ قوتابییەکاندا دەچیتە پۆلەوە. فێری نووسین و خوێندنەوە و بیرکاری دەبیت.

بە کابرام گوت: مێزەری وەکو ئەمەش دەبەستم؟

ئاماژەم بۆ شتێك کرد، دەتگوت گومبەزە لە سەری ناوە. کابرا بەدەم خەنینەوە پێی گوتم:

– ئەمە مێزەر نییە. ئەمە شەپقەیە. کڵاو.

لە ئەسپەکەی دابەزی و کردیە سەرم، دەموچاوم لە ناویا گوم بوو. پاشان گوتی:

– کە گەورە بووی و مەکتەبت تەواو کرد، دەبیتە فەرمانبەری میری و کڵاوی وەك ئەمە لەسەر دەنێی.

بەکابرام گوت: باشە. دەچمە قوتابخانە. خستمیە پشتی خۆیەوە، لەسەر ئەسپەکە داینام و بردمی بۆ شوێنێك، وەکو خۆی وەسفی کرد، لە بەرد دروست کرابوو، لە قەراغ ڕووباری نیل، درەخت و گوڵ و گوڵزار چوار دەوریان تەنیبۆوە. چووینە لای کابرایەکی ڕیش درێژ، جبەیەکی لەبەردابوو، هەستا و دەستی بەسەرما هێنا، پێی گوتم: ئەی کوا بابت؟

گوتم: بابم مردووە.

گوتی: بەخێوکەرتان کێیە؟

پێم گوت: دەمەوێ بچمە قوتابخانە.

کابرا بە سۆزەوە چاوی لێ کردم. پاشان ناویان تۆمارکردم، لێیان پرسیم تەمەنم چەندە؟ پێم گوتن نازانم. لە ناکاو زەنگ لێیدا. لە دەستیان ڕامکرد و چوومە ژوورێکەوە. دوو زەلامەکە هاتن و بردمیانە ژوورێکی دییەوە و لەسەر کورسییەك لە ناو کۆمەڵێ منداڵ دایاننام.

نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵێ . دایکم لێی پرسیم: لە کوێ بووی؟ لە نووکەوە هەمووم بۆ گێڕایەوە. بۆ تاوێك ڕوانینێکی پەنهان لێی ڕوانیم، چوون بیەوێ بمگووشێ بەخۆیەوە، بینیم ڕوخساری گەش بووەوە. چاوەکانی بریسکەیان تێکەوت، لێوەکانی جووڵەیان پێ کەوتن، وەك ئەوەی بیەوێ بزەیەکی بێتێ، یا شتێك بێژێ، لێ متەقی نەکرد. ئەوە بۆ خۆی بووە خاڵی وەرچەرخانی ژیانم و یەکەم بڕیاربوو بەویستی خۆمم بڕیار لە سەر دا.

من نامەوێ ئەوی بۆتی دەگێڕمەوە، بچێتە عەقڵتەوە. بۆت هەیە سەیرت پێیابێ و بەگومانیش بیت لێی. بەخۆت ئازادی. ئەم ڕووداوانە کاتێکی زۆریان بەسەرا تێپەڕیوە.

بەخۆت دەبینی چەند بێ بایەخن. بۆیە پێت دەڵێم، چونکە ئێستا کە هاتۆتەوە بیرم و ڕووداوەکانیش یەك ئەوی دی دەخاتەوە بیر. بەهەر حاڵ بەهەموو هێزو توانامەوە ملم بەهەورازی ئەو ژیانە نوێیەوە نا. هەر زووش لە

ئاوەزما توانایەکی سەیری ئەزبەرکردن و تێگەیشتن و زیرەکیم بەدی کرد. هەر کە کتێبەکەم دەخوێندەوە ڕستەکانی لە مێشکما دەچەسپین. هەر ئەوەندەی هزرم دەخستە سەر گرفتی ژمارە، دەرگاکانیم بۆ دەکرانەوە و وەکو خوێی ناو ئاو لەنێو دەستمدا دەتوانەوە. بەدوو حەوتو فێرە نووسین بووم. ئیدی بێ ئاوڕدانەوە پێم پێوەناو، هیچ لە بەرم خۆی نەدەگرت. ئاوەزم دەتگوت تیغێکی دەمەزەرد کراوە، بەنەرمی و کاریگەرانە دەبڕێت. گوێم بەپەسندی مامۆستاکان و سەراسیمەیی، یاخود ئیرەیی برادەرانم نەدەدا. مامۆستاکان بەشێوەیەکیان لێ دەڕوانیم، مینا ئەوەی پەرجوویان دیبێت. قوتابییەکان حەزیان دەکرد لێم نزیك ببنەوە. وەلێ من سەرقاڵی ئەم ئامێرە سەیرە بووم، کە بۆم لوابوو. هێندە سارد و سڕ بووم دەتگوت کێڵگەی زوقوم بەستووم، شتێك نەبوو لە دنیایا بمهەژێنێ. قۆناغی سەرەتاییم بە دوو ساڵ پێچایەوە. لە قۆناغی ناوەندیدا نهێنیی دیم دۆزییەوە، لەوانە زمانی ئینگلیزی. ئاوەزم گاسن ئاسا گەزی دەگرت و قەپاڵی دەدا. وشە و ڕستەکان وا دەهاتنە بەرچاوم دەتگوت هاوکێشەی ماتماتیکن، جەبر و ئەندازەش کوتومت لە دێڕە شیعر دەچوون. جیهانی بەرفرەوانم لە وانەکانی جوگرافیادا دەبینییەوە، دەتگوت تەختەی شەترەنجە. لەو سەردەمەیا قۆناغی ناوەندی ئەو پەڕی ئامانجی خوێندن بوو، ئەگەر پیاو بیویستایا پێی بگات. دوای سێ ساڵ، بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە ئینگلیز بوو، پێی گوتم: ئەم وڵاتە جێی ئاوەزی تۆی تێدا نابێتەوە، سەفەر بکە. بڕۆ بۆ میسر یا لوبنان، یاخود ئینگلستان. ئیدی شتێکمان نەما بتدەینێ.

دەمودەست پێم گوت: دەمەوێ بڕۆم بۆ قاهیرە.

پاشان کارئاسانییان بۆ کردم، سەفەر و خوێندنی بەخۆڕایی لە قوتابخانەی دواناوەندی لە قاهیرە و دەرماڵەی خوێندن لە حکوومەتەوە.

ئەمە حەقیقەتی ژیانمە، چون ڕێکەوتی میللەتێکم کرد، یارمەتییان دام و لە هەموو قۆناغەکاندا دەستیان گرتم. میللەتێك هیچ کات هەستم

بەچاکە و پیاوەتییان ناکرد و لە چاوم نەبوو. یارمەتیم لێ وەردەگرتن، وەك ئەوەی ئەرکی خۆیان بێت هەمبەرم دەیکەن.

کاتێ بەڕێوەبەری قوتابخانە پێی ڕاگەیاندم، هەموو شت بۆ ڕۆیشتنەکەی قاهیرەت ئامادەیە. چووم بۆ لای دایکم و قسەم لەگەڵیا کرد. جارێکی دی بەو تێڕوانینە سەیرەی، چاوی تێ بڕیم. بۆ ساتێك لێوەکانی لێك جیاکردنەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ زەردەخەنەیەك ببەخشێ، پاشان لێوەکانی جووت کردنەوە، ڕوخساری گەڕایەوە دۆخی پێشووی، ڕووپۆشێکی چڕ، بەڵکو کۆمەڵە ڕووپۆشێك. قەیرێك خۆی بزرکرد. بە بوخچەیەکەوە گەڕایەوە و دایە دەستمەوە، پێی گوتم:

– ئەگەرێکو ڕەحمەتیی باوکت لە ژیانا بووایا، لەمە زیاتری بۆ ناکردی، کە تۆ بۆ خۆتت هەڵبژاردووە. چییەکەی بیکە. سەفەر بکە. یاخود بمێنەرەوە. خۆت سەرپشك بە، چۆنت پێ باشە وا بکە، ژیانی خۆتە، ئازادیت. پێویستییەکانت لەم بوخچەیەدان. ئەوە دوا ماڵئاواییمان بوو. نە فرمێسك، نە ڕامووسان و نە هەراوهۆریا. دوو مەردم پێکەوە نیوەی ڕێیان بڕی، پاشان هەریەکە و ڕێی خۆی گرت. لە ڕاستییا ئەمە دوا قسەی دایکم بوو. ئیدی نەمبینییەوە. دوای سالانێك و کۆمەڵێك ئەزموون، ئەو ساتەم بیرهاتەوە، گریام.

هەرچی ئێستایە، بەهیچ شێوەیەك هەست بە شت ناکەم. جرجامشتی خۆم پێچایەوە و لە چەمەدانێکی بچووکم پەستین. سواری شەمەندەفەر بووم. کەس دەستی بۆ ڕانەوەشاندم و ڕۆندکم بۆ جیابوونەوەی کەس نەڕشت. پیرە شەمەندەفەر ملی ڕێی بیابانی گرتە بەر، پیچەك بیرم لەو ئاوەدانییەی، کە کەوتە پشتمەوە، کردەوە. دەتگوت چیایەکە ڕەشماڵەکەم لەدامێنی هەڵداوە و سەر لە بەیانیش سنگەکانیم هەڵقەندووە و کۆپانم (جیهاز)* لە پشتی حوشترەکەم بەستووە و سواری پشتی پیرە حوشتر بووم و ملی ڕێم گرتۆتەبەر. لەو دەمەی لە

* جیهاز: کورتانی وشتر (وەرگێڕ).

دۆڵی حەلفا بووین بیرم لە قاهیرە دەکردەوە، ئاوەزم بەچیایەکی دی وێنای دەکرد، چیایەکی سەرکەشتر، یەك دوو شەوێك لێی دەمێنمەوە، پاشان بەرەو ئامانجێکی دی درێژە بە گەشتەکەم دەدەم. لەبیرمە لە شەمەندەفەرەکەدا بەرامبەر پیاوێك لە بەترەشیلەدا و خاچێکی گەورەی زەرد بەملییەوە بوو، دانیشتم. کابرا بە ڕووما خەنییەوە و بە ئینگلیزی لەگەڵمدا کەوتە قسەکردن، منیش وڵامم داوە. بەتەواوی لە بیرمە هەر کە گوێبیستی دەنگم بوو، چۆن سەرسووڕمان بەڕوویەوە دیاربوو و چاوەکانی زەق بوو بوونەوە. لە دەموچاوم ڕاما و پێی گوتم:

– تەمەنت چەندە؟

گوتم: پازدە ساڵ.

ڕاستییەکەی دوازدە ساڵ بووم، ترسام حیسابێکم بۆ نەکاو بەهەندم نەزانێ.

کابرا گوتی: بەرەو کوێ دەڕۆی؟

گوتم: دەڕۆم لە قوتابخانەی دواناوەندی لە قاهیرە دەخوێنم.

گوتی: بەتەنێ؟

گوتم: بەڵێ.

جارێکی دی بەر لەوەی قسە بکات بەدرێژی نیگای کردم، پێم گوت:

– من حەزم لێیە بەتەنیا سەفەر بکەم. لە چی بترسم؟

قسەیەکی پێ گوتم، ئەوسا زۆر بەهەندم وەرنەگرت. بزەیەکی بەرین پانتایی ڕوخساری گەشاندەوە و گوتی: بەئینگلیزییەکی ڕەوان دەپەیڤیت!

گەیشتمە قاهیرە. مستەر ڕۆبنسن و ژنەکەی چاوەڕوانم بوون. توومەز مستەر ستکۆڵ هاتنەکەمی پێ ڕاگەیاندبوون. کابرا دەستی گووشیم و گوتی:

– مستەر سەعید، ئەحواڵت چۆنە؟

گوتم: من باشم مستەر ڕۆبنسن.

پاشان منی بە ژنەکەی ناساند. لە پڕ هەستم کرد بازووەکانی لە ملم ئاڵاندووە و لێوی لە سەر ڕوومەتمە. لەو ساتەدا، لەسەر شۆستەی وێستگەکە وەستابووم، کەوتبوومە ناو گێژەنگی دەنگە دەنگ و هەستەکانەوە و هەر دوو مەچەکی ژنەش لە گەردنم ئاڵاون، لێوەکانی گۆنام گەرم دەکەنەوە، بۆنی جەستەی بۆنێکی ئەوروپییانەی سەیری لێ دەهات، ختووکەی لووتی دەدام، مەمکەکانیشی بەرسینگم دەکەوتن، بەو تەمەن دوازدە ساڵییەی خۆمەوە هەستم بە ئارەزوویەکی سێکسیی پەنهان کرد، کە لە هەموو ژیانمدا پێی نەگەیشتبووم. وامدەزانی قاهیرە ئەو چیا سەرکەشەیە، کە حوشترەکەم بردمی بۆی، ئافرەتێکی ئەوروپییە، ڕێك لە شێوەی مسز ڕۆبنسن(٣).

باسکی لە ملم ئاڵاندبوو، لووتم بەبۆن و بەرامەی جەستەی پڕ بووبوو. بەلای منەوە ڕەنگی چاوی لە ڕەنگی قاهیرەی دەکرد، خۆڵەمێشی، سەوز، لە شەودا دەگۆڕا بۆ چروسکە، وەکو چروسکەی گوڵە ئەستێرە. مسز ڕۆبنسن پێی دەگوتم:

– تۆ، مستەر سەعید، مرۆیەکی تەواو خاڵیت لە خۆشی.

ڕاستی دەکرد، چونکە من قەت پێنەدەکەنیم. خاتوو ڕۆبنسن بەدەم پێکەنینەوە پێی گوتم: چییە ناتوانی ئاوەزت لە بیر بکەی؟

ئەو ڕۆژەی لە ئۆڵد بەیلی بڕیاری حەوت ساڵ بەندکردنیان دام، جگە لە سینگی ئەو، سینەیەکی دیم نەبینییەوە سەر بخەمە سەری. دەستی بەسەرما هێناو گوتی:

– مەگری، کۆڕپە ئازیزەکەم.

منداڵیان نەبوو. مستەر ڕۆبنسن عەرەبییەکی باشی دەزانی، گرنگیی بەهزری ئیسلام و هونەری تەلارسازیی ئیسلامی دەدا. لەگەڵیاندا سەردانی

(٣) مسز: خاتوو. لە دەقەکەشدا بە مسز ناوی دەبات. (وەرگێڕ).

مزگەوتەکانی قاهیرە و مۆزەخانە و شوێنەوارە دێرینەکانیم کرد، بەلایانەوە خۆشترین شوێنی قاهیرە، ناوچەی ئەزهەر بوو. ئەو دەمەی لەدوای گەڕانێکی زۆر پێمان شلدەبوو، لە چاخانەیەکی نزیك بەمزگەفتی ئەزهەر لاماندەدا، خۆشاوی تەمر هندیمان دەخواردەوە و مستەر ڕۆبنسنیش شیعری مەعەڕی دەخوێندەوە. ئەو کات من بەخۆمەوە خەریك بووم، گوێم بەو خۆشەویستییە نەدەدا، کە پێیان بەخشیبووم. مسز ڕۆبنسن ئافرەتێکی پڕ و ڕەنگ برۆنزی بوو، قاهیرەی زۆر بەدڵ بوو، دەتگوت وێنەیەکە بەزەوقی خۆت هەڵتبژاردووە، تا لەگەڵ ڕەنگی دیوارەکانی ژوورەکەدا بێتەوە. کاتێ لە تووکی بن باڵیم دەڕوانی، زارەترەك دەبووم... لەوەیە زانیبێتی حەزم لێ کردووە، وەلێ خۆش بوو، خۆشترین ئافرەت بوو ناسیبێتم. بەشادییەوە پێدەکەنی، دڵئارامییەکی پێ دەدام، لە چەشنی میهرەبانیی دایك بۆ جگەرگۆشەکەی. کاتێ پاپۆڕەکەمان لە ئەسکەندەرییە کەوتە ڕێ، ئەوان لە سەر شۆستەکە بوون. لە دوورەوە بینیم دەستەسڕەکەی بۆم ڕادەوەشاند، پاشان ئەسرینەکانی پێ دەسڕییەوە. مێردەکەشی بەتەنیشتییەوە دەستی لە سەر کەلەکەی دانابوو.

لەو دوورەشەوە هەر خەریك بوو. بێگەردیی چاوە شینەکانیم دەبینی، بەڵام من هەرگیز غەمبار نەبووم، هەموو غەم و نیگەرانیم ئەوە بوو بگەمە لەندەن، چیایەك سەرکەشتر لە قاهیرە. نازانم چەند شەوی لە لا دەمێنمەوە. من پازدە ساڵان بووم، ئەوی بمیبینیایا وایدەزانی بیست ساڵانم، بەخۆ بووم، دەتگوت مەشکەم و پف دراوم. من چیرۆکی سەرکەوتنێکی کەم وێنەم لە قوتابخانەدا تۆمارکرد، چەکی من ئەو تیغە تیژەی ناو کەللەسەرم بوو، لە سینگما هەستێکی ساردوسڕی مەییو هەیە، چوون قەفەسی سینگم بەردی تێ ڕۆکرابێ کاتێ ئاوەکە ڕۆخەکەی ڕامالّی و شەپۆلەکان لە ژێر پاپۆڕەکەیا ڕق و تووڕەییان دەنواند، ئاسۆ شینەکەش بایدایەوە لامان، لەو کاتەدا دەمودەست هەستم بەهۆگرییەکی بێ پایانی دەریا کرد. من ئەم

نەفرەجا سەوزە بێ کۆتاییيە باش دەناسم، دەڵێی بەناو پەراسووەکانمدا تێدەپەڕێ، بەدرێژایی گەشتەکە ئەو هەستەم لە لا ڕوابوو، کە من لە ناشوێنم، تاق و تەنیا، چ بەر و چ پشتم بیابانێکی بێ سەروشوێن بوو، یاخود بەرەو نەبوون دەکشا، ڕووی دەریاکەش دەنیشتەوە و لێم دەبوو بەتراویلکەیەك، کە لە گۆڕان و کەروێشکەکردن ناکەوت.

وەکو ئەو ڕووپۆشەی دایکم پۆشیویەتی. ئێرەش هەر بیابانێکی درێژ بووەوەی کەسك و شینە، گازم دەکا، گازم دەکا. بانگکردنە نامۆکە بەرەو کەناری دۆڤەر بەکێشی کردم، دوایش بۆ لەندەن، لەوێشەوە بۆ کارەساتەکە. پاشانەکینێ هەمان ڕێگەم بۆ گەڕانەوە گرتەبەر، بەدرێژایی ڕێگە لە خۆم دەپرسی، دەکرا خۆم لە شتێك لەوانەی ڕوویاندا بپاراستایا؟

ژێی کەوانەکە ڕاکێشراوە، دەبێ تیرەکە دەرپەڕێ. دەڕوانمە ڕاست و چەپ و ئەو سەوزاییيە تێرە، هەروەها ئەو گوندە سەکسۆنییانەی دامێن گردەکان. ساپیتەی سووری ماڵەکان وەك پشتی گا کووڕن. پەردەیەکی تەنکی تەم سەر شیوەکانی تەنیبوو.

لێرە ئاو چەند زۆر و چ سەوزاییيەکی بەرفرەوانە، ئەی ئەو هەموو ڕەنگانە! بۆنێکی سەیری دەهات، دەتگوت بۆنی گیانی مسز ڕۆبنسنە. دەنگەکان وەکو ورشەی باڵی فڕندە لە گوێما بەخۆشی دەزرنگانەوە. ئێرە جیهانێکی تەکووز و هەموارە، خانوو و کێڵگە و درەختەکانی بەپلان نەخشەیان بۆ کێشراوە. جۆگەلەکانیش بەهەمان شێوە، پێچاوپێچ ناکەن، بەڵکو دەرژێنە کەنارە دەستکردەکانەوە. شەمەندەفەرەکە چەند خولەکێك لە وێستگەکە دەوەستێت.

خەڵکەکە بلەز دادەبەزن و بەپەلە سوار دەبنەوە، پاشان شەمەندەفەرەکە دەکەوێتە ڕێ. گوێت لە ژاوەژاو نابێت. بیرم لە ژیانی خۆم لە قاهیرە دەکردەوە. شتێك ڕووی نەدا پێشتر حیسابی بۆ نەکرابێت. زۆر شتان فێربووم. چەند ڕووداوی بچووکم هاتنە ڕێ، کیژێکی هاوپۆلم خۆشی

دەویستم، پاشان ڕقی لێ هەڵگرتم و پێی گوتم:

– تۆ مرۆڤ نیت، تۆ ئامێرێکی بێ دەنگی.

لە شەقامەکانی قاهیرە دەسووڕامەوە، سەردانی ئۆپێرام دەکرد، دەچوومە شانۆ، جارێکیشیان بە مەلە ڕووباری نیلم بڕی. هیچ ڕووی نەدا، تەنیا ئەوە نەبێ مەشکەکە پەنماوتر بوو، ژێی کەوانەکەش کرژ بووەتەوە. تیرەکە بەرەو ئاسۆ نادیارەکانی دی دەردەپەڕێت. منیش لە دووکەڵی شەمەندەفەرەکە دەڕوانم، بایەکە لەگەڵ پەردەی تەنکی تەمەکەیا، کە بەسەر دۆڵ و شیوەکاندا کشابوو، ڕایدەماڵێ و نامێنێ. خەوەنووچکە بردمییەوە. لە خەونمدا بە تاق و تەنیا لە مزگەفتی قەڵا نوێژم دەکرد. هەزاران مۆم ڕووناکیان دەکردەوە، مەڕمەڕە سوورەکەش چریسکە چریسکی بوو، منیش بە تاق و تەنێ نوێژم دەکرد. کاتێ بێدار بوومەوە، بۆنی بوخور کاسی کردبووم. شەمەندەفەرەکە لە لەندەن نزیك دەبووەوە. قاهیرە لە شێوەی مسز ڕۆبنسن شارێکی دەم بەخەندەیە. دەیویست بەناوی خۆیەوە بانگی بکەم، ئەلیزابێس، وەلێ من هەر بەناو مێردەکەیەوە گازم دەکرد، لەوەوە حەزم چووە سەر مۆسیقای باخ و شیعری کیتس، بۆ یەکەم جاریش لە دەمی ئەوەوە گوێبیستی ناوی مارك توین بووم.

وەلێ چێژم لە هیچ شتێك وەرنەدەگرت. مسز ڕۆبنسن دەخەنییەوە و پێی دەگوتم:

– تۆ قەت ناتوانی ئاوەزت لە یاد بکەی؟

داخۆ دەکرا خۆم لەوانەی ڕوویان داوە، لابدەم؟ لە کاتی گەڕانەوەمدا، قسەکانی قەشەم بەبیردا هاتنەوە، ئەودەمی بەرەو قاهیرە کەوتبوومە ڕێ:

– کوڕم، لە کۆتاییدا هەموومان بەتەنیا سەفەر دەکەین.

دەستی بە خاچەکەی ملییەوە بوو، بزەیەکی گەورە ڕوخساری ڕووناك کردەوە. پێی گوتم:

– تۆ ئینگلیزییەکی تەواو ڕەوان قسە دەکەیت.

ئەو زمانەی ئێستا دەیبیستم، وەکو ئەو زمانە نییە، کە لە قوتابخانە دەمانخوێند، ئەم دەنگانە زیندوون، زەنگی تریان هەیە. ئاوەزم دەتگوت تیغێکی تیژە. وەلێ زمانەکە زمانی من نەبوو. بەکارامەیی خۆم فێری ئەو زمان پاراوییە بووم. شەمەندەفەرەکەش بەرەو وێستگەی ڤکتۆریا و جیهانی جین مۆرسی دەبردم.

بەر لەوەی پێك بگەین هەموو شتەکان ڕوویاندابوون، هەڵەنگوتن بوو، هەموو ئەو شتانەیشی دوای کوشتنی کردیانم، لێبوردن بوو، نەك لەبەر کوشتنەکەی، بەڵکو لەبەر درۆی ژیانم. ئەو دەمی لە ئاهەنگێك لە چێڵسی پێك گەیشتین، تەمەنم بیست و پێنج ساڵان بوو. دەرگاکە، پاشان داڵانێکی درێژ دەیگەیاندییە هۆڵەکە. دەرگاکەم کردەوە، خاوە خاوم کرد، لە ژێر ڕووناکیی کزی چراکە، لە بەرچاوم دەتگوت تراویلکەیەکە و لە بیابانْدا درەوشایەوە. سەرخۆش بووم، سێیەکی پەرداخەکەم مابووەوە، دوو کچ لە دەورم بوون، قسەی قۆڕم بۆ دەکردن، دەتریقانەوە. هەوڵی دا بە لۆقە بگاتە لامان. قورسایی گیانی بەسەر پێی ڕاستەیا دابوو، کەفەڵیشی بەلای چەپا دەرپەڕیبوو. بەدەم هاتنەوە چاوی تێ بڕیبووم، بەرامبەرم وەستا و بەلاف و گەزاف و ساردییەکەوە تێی ڕوانیم... هەروەها شتێکی تریش. زارم هەڵێنا قسان بکەم، کەچی ئەو ڕۆیی. بە کچەی برادەرم گوت: ئەم مێیینەیە کێیە؟

لەندەن تازە لە ماڵوێرانی جەنگ و ژێردەستەیی سەردەمی ڤکتۆری دەرچووبوو. بارەکانی چێڵسی و یانەکانی هامستێد و کۆڕەکانی بلومزبێریم ناسین. شیعرم دەخوێندەوە، لە بارەی ئاین و فەلسەفەیشەوە دەدوام، ڕەخنەم لە تابلۆکان دەگرت، قسەم لەسەر ڕوحانییاتی ڕۆژهەڵات دەکرد.

لە پێناوی ئەوەی ئافرەتێك بنێمە باخەڵمەوە هەموو شتێك دەکەم. پاشان بۆ ڕاوێکی تر دەکەوتمە ڕێ. بە قەولی مسز ڕۆبنسن، قیچەك خۆشی چییە میوانم نەبوو.

کچانێکم لە ناو کچانی سوپای ڕزگاری و کۆمەڵێن کویکەرز و کۆمەڵگەی فابیانیزمەکانیش، لە جێگەکەما گەوزاندوون. کاتێ حزبی ئازادیخوازان، یا کرێکاران، یا کۆنەپارێزان، یاخود کۆمۆنیستەکان کۆ دەبنەوە، سواری پشتی وشترەکەم دەبم و دەڕۆم. دووەمین جار جین مۆرس پێی گوتم: تۆ زۆر بەدی. لە ژیانما ئێسك قورسێکی وەك تۆم نەبینیوە.

زمانم هەڵێنا قسە بکەم، وەلێ ئەو ڕۆیشت. لەو کاتەیا بە سەرخۆشی سوێندم خوارد دەبێ ڕۆژێك هەر نرخەکەی پێ بدەمەوە. کە هاتمەوە سەرخۆ، ئان هەمند لە ناو جێگە بەتەنیشتمەوە ڕاکشابوو، چ شتێك ئان هەمندی بۆ کێش کردم؟ بابی لە یەکەیەکی سوپای ئەندازیاران ئەفسەر بوو، دایکیشی لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی شاری لیڤەر پوول بوو. نێچیرێکی سووکەدەست بوو، کە بەیەك گەیشتین لە خوار بیست ساڵییەوە بوو، لە ئۆکسفۆرد زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەخوێند، گورجوگۆڵ و زیرەك و دەم بەخەندە بوو، چاوەکانی بریقەی حەزی سەرانسۆییان دەدانەوە. لە سیماما بەرەبەیانێکی لێڵی کازیوە ئاسای بینی.

بەپێچەوانەی منەوە تاسەی ئاووهەوای ئیستیوایی و قرچەی گەرما و ئاسۆی ئەرخەوانیی دەکرد. من لە چاویدا هێمای ئەم تاسانە بووم. منیش باشوور بووم و پەرۆشی باکور و شەختە بووم. ئان هەمند منداڵیی خۆی لە قوتابخانەی قەشەکچان بەسەربرد. پووری ژنی ئەندام پەرلەمانێکە. ئەوەتا لە جێگەکەما کردم بە قەحپە، ژووری نووستنەکەم قەبرستانێکە بەسەر باخچەیەکەوە دەڕوانێت. پەردەکانی پەمەیین و زۆر بەبایەخەوە هەڵبژێرراون. مافوورێکی ئاوریشمینی گەرم و سیسەمێکی پان و بەرین، بالیفەکانی لە پەڕی وشترمەل چێ کراون. گڵۆپی کارەبایی بچووك بچووك، سوور، شین، وەنەوشەیی، لە چەند گۆشەیەکەوە ئاوێزانن. ئاوێنەی گەورە گەورە بەدیوارەکانەوە بوون، بەشێوەیەك ئەگەر لەگەڵ ئافرەتێکدا تێك بئالآینایا، وادیار بێت لە یەك کاتدا لەگەڵ هەموو ژنانی حەرەمسەرایا

خـەریکـم. بـۆن و بـەرامـەی مسك و بـخـوری داگیرساو ژوورەکەیـان قـانگ دابوو. لە گەرماویش بۆنی تیژی ڕۆژهەڵاتی و داوودەرمانی کیمیایی و جـۆرەهـا شـامـپـۆ و پـۆدرە و حـەب. ژووری نـووسـتـنـەکـەم لـە ژووری نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی دەکرد.

لە ناخی هەر ئافرەتێکدا گۆمێکی مەند هەیە. دەمزانی چۆن بیشڵەقێنم.

ڕۆژێکیان بینییانەوە بە غاز خۆی خنکاندبوو، پارچە کاغەزێکیشیان دۆزیبووەوە ناوی منی بەسەرەوە بوو، تەنیا ئەمەندەی تیادا نووسرابوو:

«مستەر سەعید لەعنەتی خوات لێ بێ».

ئاوەزم دەتگوت خەنجەری دەبانە. شەمەندەفەرەکەش بەرەو وێستگەی ڤکتۆریا و جیهانی جین مۆرسی دەبردم.

چەندین حەفتە لە هۆڵی دادگەی گەورەی لەندەن، گوێم بۆ پارێزەرەکان شل کردبوو، چوون قسە لەسەر یەکێك بکەن بەلای منەوە بایەخێکی نەبێت، قسەیان لە بارەوە دەکردم. دادوەری گشتی سێر ئارسەر هیگنز عەقڵێکی ترسێنەری هەبوو، چاکم دەناسی، لە ئۆکسفۆرد یاسای پێ دەگوتمەوە، پێشتریش هەر لەم دادگەیە و لەم هۆڵەدا دیتبووم، لە قەفەسدا تاوانباران بەگووشین دەگووشێ. بەدەگمەن تاوانبار لە دەستی دەردەچوو. بەچاوی خـۆم تـاوانـبـارم بـیـنـی لـە دوای لـێپـرسینـەوە، وەك ژن زۆر زۆر دەگریـا و دەبووڕایەوە. وەلێ ئەمجارەیان زۆرانبازیی لەگەڵ لاشەیەکدا دەکرد.

– تۆ بوویتە هۆی خۆ کوشتنی ئان هەمند؟

– نازانم.

– ئەی شیلا گرینۆد؟

– نازانم.

– ئەی ئیزابێلا سیمۆر؟

– نازانم.

– تۆ جین مۆرست کوشت؟

– بەڵێ.

– بەئەنقەست کوشتت؟

– بەڵێ.

دەتگوت لە جیهانێکی ترەوە دەنگەکەیم دەگاتێ. کابرا لێهاتووانە وێنەیەکی تۆقێنەری گورگەپیاوێکی کرد، کە بووەتە ئەگەری خۆ کوشتنی دوو کچ، ژنێکی مێردداریشی تێکشکاندووە، ژنەکەی خۆیشی کوشتووە، پیاوێکی خۆپەرستە. هەموو ژیانی لەسەر حەزی چێژ وەرگرتن بنیاد ناوە. جارێکیان لە بێ ئاگاییدا ئەوە بەمێشکمدا هات، دانیشتبووم گوێم لە مامۆستاکەم پرۆفیسۆر ماکسوێڵ فستەر کین دەگرت، کە دەیویست لە قەنارەم ڕزگار بکات، بەمەرجێ لە دادگە بووەستم و بشیرێنم:

– ئەم مستەفا سەعیدە بوونی نییە. خەیاڵە، درۆیەکە. داواتان لێ دەکەم بڕیار لەسەر کوشتنی ئەم درۆیە بدەن.

وەکو مشتێ خۆڵەمێش، گیانم تیا نەمابوو. پرۆفیسۆر ماکسوێڵ فستەرکین وێنەی ئاوەزی بلیمەتێکی دەکێشا، لە ساتی خەمخۆری و شێتییا، دۆخەکە بەرەو خۆکوشتنی بردبوو. بۆیانی دەگێڕاوە، کە چۆن لە بیست و چوار ساڵیدا لە زانکۆی لەندەن بەوانەبێژی ئابووری دامەزرام.

پێی گوتن، «ئان هەمند و شیلا گرینۆد» دوو کیژ بوون لە مردن دەگەڕان، ئیتر بەهەر شێوەیەك بێ. سەرەنجام خۆشیان هەر دەکوشت، ئەگەر بەمستەفا سەعید بگەیشتنایا یان نا.

«سوێندخۆرانی بەڕێز. مستەفا سەعید، کابرایەکی وەجاخزادەیە، ئاوەزێکی ڕۆژئاوایی هەیە، کەچی ئەو ژیارە دڵی شکاند، مستەفا سەعید ئەم دوو دوێتەی نەکوشت.

ئەوان میکرۆبی نەخۆشییەکی کوشندە کوشتنی، کە هەزار ساڵە تووشی بوونە».

وام بەمێشکدا هات هەستمە سەر پێ و پێیان بێژم:

– ئەمە درۆ و بوختانە. من کوشتیانم. من بیابانی تەریفەم[٤]. من ئۆتیللۆ نییم. من درۆیەکم. بۆچی بڕیاری لە سێدارەدانم نادەن، تا درۆکە بکوژن؟!

کەچی پرۆفیسۆر فستەرکین دادگایی کردنەکەی گۆڕی بەململانێیەك لە نێوان دوو جیهاندا، کە من یەکێ لە قوربانییەکانی بووم. شەمەندەفەرەکەش بەرەو وێستگەی ڤکتۆریا و جیهانی جین مۆرسی دەبردم.

سێ ساڵی ڕەبەق بەدوایەوە بووم. هەموو ڕۆژ ژێی کەوانەکە توندتر دەبووەوە، کوندەکەم پڕ لە بایە و کاروانەکانم تەریفەن، تراویلکەش لە پێشمەوە وەکو پشتی ڕەشمار دەبریسکێتەوە، لە دەیجووری خۆشەویستیدا دەڵێی تەنیا تیرهاوێژێك لێم دوورە. هەرچییەك بکەیت و نەکەیت کارەساتەکە هەر ڕوودەدات. ڕۆژێکیان پێی گوتم:

– تۆ گاکێوییەکیت هەرگیز لە مێشان ناکەویت. من لە کەوتنە دووت بەدواما و هەڵاتن لە دەستت کۆڵمدا، وەرە بمخوازە.

خواستم. ژووری نوستنەکەم بووە مەیدانی جەنگ. جێگەکەم پاژێك بوو لە دۆزەخ. هەر چەندە پڕی پیادەکەم، دەڵێی پەڵە هەورێکە و لە بەین دەستما دەخلیسکێ، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەستێرەیەکی کشاودا هەڵاژابم، چوون بەپشتی سروودێکی سوپایی پرووسییەوەبم. کەچی ئەو زەردەخەنە تاڵەی سەرلێوی ناتۆریێ، شەوگاریش بەبێداریی شەق دەکەم. لە جەنگەکەیا بەکەوان و شیر و ڕم و تیر بەهەر چوار لادا هەڵپە دەکەم، کەچی بەیانی هەمان زەردەخەنە بەسەر لێوێتی و ناڕەوێتەوە. ئەوسا دەکێشم بەناوچەوانی خۆمدا و دەزانم جارێکی دیش جەنگەکەم دۆڕاندووە. وەك بڵێی من شەهریارێکی کۆیلە بم، بە دینارێك لە بازاڕدا بیکڕیت و لەسەر دار

(٤) تەریفە: زۆر تینوو، تا ڕادەی خنکان. (وەرگێڕ).

و پەردووی شارێك، کە بەدەستی تاعوونەوە بتلێتەوە، بەڕێکەوت دەست لە شەهرەزاد پان بکاتەوە.

بەڕۆژ لەگەڵ بیردۆزەکانی کینز و تۆنیدا دەژیام. شەوانیش بەکەوان و شیر و ڕم و تیر درێژەم بە جەنگەکەم دەدا.

سەربازەکانم بینی دەگەڕانەوە. لە جەنگی سەنگەرەکان و ئەسپێ و پەتا هەترەشیان چووبوو. بینییانم تۆوی جەنگی داهاتوویان لە کێڵگەی پەیمانی ڤرسایدا دەوەشاند. ئەوەشم بینی، کە لوێد جۆرج بنەماکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی گشتیی دادەڕشت. شارەکە بووە ئافرەتێکی سەیر، هێما و بانگەوازێلی پەنهانی لە خۆدا حەشاردابوو، زەمین و ئاسمانم بۆ لێکدا، تامەزرۆیی دیداری هەر ئەوە نەبوو نەیدەکوشتم، ژووری نووستنەکەم کانییە و غەمی لێ هەڵدەقوڵێ، میکرۆبی نەخۆشییەکی کوشندەیە. نزیکەی هەزار ساڵە پەتاکە گرتوونیەتییەوە، هەرچی کۆنە دەردم هەبوون سەریان هەڵدایەوە، تا لە دەست دەرچوون و خەنجەریان لە مل گیر کردم. سترانبێژان لەسەر شانۆی لێستەر سکوێر گۆرانیی خۆشەویستیی ڕاستەقینە و خۆشییان دەچڕی، ئنجاش دڵم بۆی لێنادا. دەچووە عەقڵی کێوە، شیلا گرینۆدی خزمەتکار لە یەکێ لە ڕیستۆرانتەکانی سۆهۆ، دەستی بچێتە خۆی و خۆی بکوژێ؟. سادە و ساکار و دەم بەخەندە و قسە شیرین. کەسوکاری خەڵکی دەشت بوون، لە دەوروبەری هێڵ. بەدیاری و قسەی شیرین تەفرەم دا. ئەو سەرنجەی شتێ دەبینێ هەرگیز هەڵە ناکا. بۆ جیهانە تازەکەی خۆم بەکێشم کرد، بۆنی مسکی سووتاو و بخور گێژیان کرد. تاوێك لەبەر ئاوێنەکە وەستا و بەوێنەکەی خۆی پێدەکەنی و گەمەی بە ملوانکە عاجیی گەردنە نازدارەکەی دەکرد. کاتێ خۆی بەژووری نووستنما کرد، پاکیزە و نەسمراوبوو، کە دەرپەڕی میکرۆبی نەخۆشییەکەی لە خوێنیا هەڵگرتبوو. مرد و تاقە وشەیەکی نەدرکاند. زەخیرەی پەندەکانم لە بن نایەت، هەر حاڵەتە و کڵاوی خۆی لەسەر دەنێم، قازان قەپاغی خۆی دەدۆزێتەوە.

– ڕاستە تۆ لە نێوان ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ و فبرایەری ١٩٢٣دا، بۆ نموونە هەر لەم ماوەیەدا لە یەك کاتدا لەگەڵ پێنج ئافرەتدا دەژیایت؟

– بەڵێ.

– تۆش ئەوەت کردبووە مێشکی هەر یەکێکیانەوە، کە دەیخوازیت؟

– بەڵێ.

– لەگەڵ هەر یەکێکیانیشدا ناوێکی دیت بۆ خۆت دانابوو؟

– بەڵێ.

– جارێك حەسەن و جارێکیش چارڵز و ئەمین و مستەفا و ڕیچارد بووی؟

– بەڵێ.

– سەرەڕای ئەوەش دەربارەی ئابووریی بنیاتنراو لەسەر بناغەی ئەوین نەك ژمارە، دەتنووسی و وانەت دەگوتەوە؟ ڕاستە لەسەر بنەمای بانگەوازە مرۆڤایەتییەکەت لە ئابووریدا، ناوت دەرکرد؟

– بەڵێ.

سی ساڵ. شۆڕەبییەکانی ناو باخچەکان سپی هەڵدەگەڕان و سەوز دەبوون و زەرد دەبوونەوە. باڵندەی کوکوویش[٥] هەموو ساڵێك بۆ بەهار دەکەوتە قیژەقیژ. سی ساڵە هۆڵی ئەلبەرت شەوانە لە یارانی بتهۆڤن و باخ جمەی دێت، چاپخانەکانیش بەهەزاران کتێبی هزری و هونەری دەردەکەن. شانۆنامەکانی برناردشۆش لە ڕۆیاڵ کۆرت و هەیمارکێت نمایش دەکرێن. ئیدیث سیتوێڵیش هۆنراوەی دەچڕی، شانۆی پرینس ئۆف وێڵز بەلێشاو لاوی بۆ دەهات و دەدرەوشاوە. دەریاش لە نیشتن و هەڵچوونیدا بوو. لە پۆرتسمۆس و برایتن، دەڤەری دەریاچەکانیش ساڵ بەساڵ قەرەباڵغتر دەبوون، دورگەکە دەتگوت ئاوازێکی دڵڕفێنە، دڵخۆش

(٥) کوکو cuckoo: وقوق، وقواق: باڵندەیەکی ڕەوەندی ڕەنگاوڕەنگە، لە کۆتر دەچێت. هێلکەکەی دەخاتە هێلانەی باڵندەکانی ترەوە. (وەرگێڕ).

و غەمگین، لەگەڵ گۆرانی وەرزەکاندا، ئەویش لە گۆرانێکی سەرابیدا بوو. وا بۆ سی ساڵ دەروا بوومەتە پاژێك لەم هەموو شتانە، تێیدا دەژیم و هەست بەجوانییە ڕاستەقینەییەکی ناکەم، لە ناویا تەنیا ئەوەم بەلاوە گرنگە شەوانە کێ جێیەکەم گەرم دەکاتەوە.

بەڵێ. لە هاوین. گوتیان بۆ سەد ساڵ دەچێ هاوینی وایان نەبینیوە. ڕۆژی شەممە بە مەبەستی هەوا گۆڕین لە ماڵەوە دەرچووم. وام هەست دەکرد، ڕاوێکی گەورەم بەدەستەوەیە، گەیشتمە گۆشەی وتاربێژان (سپیکەرز کۆرنەر)[٦] لە باخچەی هاید پارك، جمەی دەهات لە خەڵك. لە دوورەوە وەستام، گوێم بۆ گوتاربێژێك لە دوورگەکانی هندی ڕۆژاوا ڕادێرابوو، لە بارەی کێشەی ڕەنگی مرۆڤەکانەوە دەدوا. لە نکاوڕا چاوم چووە سەر ئافرەتێك، ملی درێژ کردبووەوە تا گوتاربێژی تاین ببینێ، کراسەکەی تا سەر چۆکانی هەڵکشا، دوو لاقی برۆنزئاسای بەدەرکەوتن. بەڵێ، ئەمەیە نێچیری من. وەکو گەمییەك بەرەو تاڤگە مل بنێ، بۆی کشام. لە دوایەوە وەستام، وا سووقم پێوەدا و خۆم پێوە نووساند هەستم بە گەرمیی گیانی کرد. بۆنی جەستەیم کرد، هەمان ئەو بۆنەی مسز ڕۆبنسن بوو، کە لەسەر شۆستەکەی وێستگەی قاهیرە پێشوازی لێ کردم. زیاتر لێی نزیك بوومەوە، تا هەستی پێ کردم، لەپڕ ئاوڕی لێ دامەوە، زەردەخەنەیەکم بەشێوەیەك بەڕوویدا بەخشی، نەمدەزانی چارەنووسی بەکوێ دەگات. وەلێ پێم لەسەرئەوە دادەگرت کە بەخۆڕایی نەڕوات. پێکەنینێکیشم بۆ کرد، تا حەپەسانەکەی نەبێتە ناحەزیی، بزەیەکی کرد، نزیکەی چارەکە سەعاتێك بەتەنیشتییەوە وەستام، کاتێ قسەی گوتاربێژەکە دەیخەناند، منیش بەدەنگێکی بەرز دەخەنیمەوە، تا پەتای خەنینەوە بیگرێ، ئیدی ساتی گونجاو هاتە پێشەوە، هەستم کرد من و ئەو

(٦) سپیکەرز کۆرنەر: speakers corner ركن الخطباء، مەیدانێکە لە لەندەن چیت لە دڵدایە دەتوانی لەوێ هەڵیرێژی. (وەرگێڕ).

وەك مـاین و جوانوومـان لێهات، کە بەتەنیشت یەکەوە بە ڕێکی غار دەدەن. ئـالێرەیا دەنگێك وەك ئەوەی دەنگی من نەبێت، لە ئەوکمەوە دەرپەڕی:

– چ دەڵێی بۆ ئەوەی لەم قەرەباڵغی و گەرمایە دوورکەوینەوە، بچین شتێ بخۆینەوە؟

بـەسەر سووڕمـانـەوە لایـەکی لـێ کـردمـەوە، ئـەمـجـارەیـان تـاکو بـەلای کـەمـەوە واقـوڕمـانـەکـە بـگـۆڕم بـەحـەزی سووسەکردن، بـەری بـزەیـەکی پانوپۆڕی بێ گوناهـانەم بەرەڵا کرد. لەم نێوەدا لە ڕوخساریم دەڕوانی، بینیم هـەر هێمایەك لە هێماکانی قەناعەتی زیاترم پێ دێنێ، کە ئەمەیە نێچیرەکەم. بەسروشتی قوماربـاز، دەمزانی ئەمە ساتی یەکلاکەرەوەیە. لەم ئـان و ساتەدا هەموو شتێ شیمانەیە. بزەکەم گۆڕا بە کەیفخۆشییەك خەریك بوو لە دەستی بدەم، کاتێ گوتی:

– بەڵێ، بۆ نا؟

پـێکـەوە ڕێمـان دەکـرد، وام هـەست دەکـرد کـڵپـەیـەك بـرۆنـزی ژێر قـرچـەی گەرمـای تەمووزە، شارێکە لە پەنهان و خۆشگوزەرانی. گەلێکم پێ خۆش بوو کەوا بەسووك و سانایی دەخەنییەوە. لەم بـابەتە خانمانە، لە ئەورووپـا زۆرن. ئـافرەتـانێك مـانـای ترس نـازانن، بەکامەرانی و حەزی سووسەکردنەوە ئـامێز بۆ ژیـان دەکەنەوە. منیش بیابـانی تـەریفەم، پووچیی حەزە سەرشێتەکان. لەو کـاتـەی چـایمـان هـەڵدەقوڕاند، لـە بـارەی وڵاتـەکـەمـەوە پرسیـاری لـێ کردم. چـیـرۆکگـەلـی هـەڵـبـەستـراوم دەربـارەی بیـابـانـی لـم ئـاڵتـوونـی بۆ گێڕایـەوە. هـەروەهـا جەنگەڵێلێك ئـاژەڵ تێیاندا نەڕەیان بێت و بوونیان نەبێ.

پێم گوت فیل و شێر لە شەقامەکانی پایتەختی وڵاتەکەمدا تەراتێن دەکەن. نیوەڕوانیش تیمساحەکان بەسەریا زگە خشکێیانە. گوێی بۆ شل کردبووم، لە مـیـانـەی ڕاست و دروستـیـی ئـاخـاوتـنـەکـانـمدا دۆش دامـابـوو، دەخـەنـیـیـەوە، چاوەکانی لێك دەنان، کوڵمەکانی سوور دەچوونەوە. جار جاریش بەبێ چرپە

گوێی لێ دەگرتم. لە چاوەکانیدا سۆزێکی کرستیانانەم بەدی دەکرد. لە ساتێکدا وام هەست دەکرد لە نیگای ئەودا بوومە بەمرۆڤێکی سەرەتایی ڕووتوقووت، ڕمێك بەدەستییەوەیەتی و بەدەستەکەی دیشی تیروکەوان، لە دارستاندا خەریکی ڕاوە فیل و شێرە. ئەمە شتێکی دروستە. حەزی سووسەکردن بووە خۆشی، خۆشییەکەش گۆڕا بە سۆز، کاتێکیش گۆمە مەندەکە لە ناخەوە دەشڵەقێنم، سۆزەکە دەبێتە حەزێك بەکەیفی دڵی خۆم بەژێیەکانی ئاواز دەژەنم.

لێی پرسیم:

– لە چی ڕەگەزێکی؟ ئەفریقیت یا ئاسیایی؟

پێم گوت: من وەك ئۆتیللۆم. عارەبێکی ئەفریقی.

چاوێکی لێ کردم و گوتی:

– ئەرێ. کەپووت بە کەپووی عارەبی ناو وێنەکان دەچێ!. بەڵام قژت وەك هی عارەب نەرم و قەترانی نییە.

– بەڵێ. ئەمە منم، ڕووم وەکو بیابانی الربع الخالی، کەللەشم ئەفریقییە و بەقۆناغی منداڵییەکی شەڕەنگێزییانەدا دەڕوا.

پێکەنی و گوتی: تۆ بەشێوازێکی سەیر وێنای شتەکان دەکەیت.

قسە بردمانییەوە سەر کەسوکارم، پێم گوت، ئەمجاریان درۆ نییە، من هەتیو و بێکەسم.

پاشان گەڕامەوە سەر درۆکردن. بۆم باس کرد بە چ شێوە و ماڵوێرانییەك باوکم لە دەست داوە، بینیم چۆن فرمێسك زایە چاوانی، پێم گوت من شەش ساڵان بووم ئەو کاتی باوك و دایکم لەگەڵ سی کەسی دیدا خنکان. ویستبوویان بە بەلەم لە ڕووباری نیل بپەڕنەوە. ئالێرەدا شتێك ڕووی دا لە لاواندنەوە باشتر بوو، لە کاتی وادا شیوەن سۆزێکی بێ ئاکامە. چاوەکانی ترووسکەیان دەهاتێ، بە مەستییەکەوە هاواری کرد:

– نایل؟

– بەڵێ نیل.

– کەواتە ئێوە لە کەناری نیلن؟

– بەڵێ. ماڵمان هەر لەسەر قەراغی نیلە، بەشێوەیەك ئەگەر بەشەوان لە خەو بێداربووومایەتەوە، دەستم لە پەنجەرەکەوە دەردەکرد و تا خەو دەیبردمەوە، یاریم بەئاوەکەی دەکرد.

مستەر مستەفا، باڵندەکە بەداوەوە بوو. نیل، ئەو خوداوەندە ئەژدیهایە، قوربانییەکی تری دەستکەوت. شارەکە بووەتە ئافرەتێك. ڕۆژێك یا حەوتوویەکی دی نابات، ڕەشماڵی خۆمی لێ هەڵدەدەم و سنگ لە لووتکەی شاخەکە دەچەقێنم. خاتوونەکەم ڕەنگە تۆ نەزانی، وەلێ تۆش وەکو «کارنارفۆن» کاتێ چووە گۆڕەکەی تووت عەنخ ئاموونەوە، ئالوودەی نەخۆشییەکی کوشندە دەبیت، نازانی لە کوێوە بۆت هاتووە، زوو یا درەنگ دەتدا بەعەرزا. زەخیرەی پەند و قسەی نەستەقم لە بن نایەت. قازان قەپاغی خۆی دەدۆزێتەوە. هەستم کرد چوون هونەرمەندێك جوانووەکەی گوێڕایەڵ بێ ئاوا سەری گلۆڵەی ئاخاوتن بەدەستی خۆمەوەیە، ڕایدەکێشم دەوەستێ، ڕایدەوەشێنم دەکەوێتە ڕێ، بەپێی ویستی خۆم دەیجووڵێنم، چ بەلای ڕاست بێ یا بەلای چەپ. پێم گوت:

– دوو سەعات هەر لە خۆیانەوە تێپەڕین، هیچ هەستم پێ نەکردن. لەمێژە هەستم بەم جۆرە خۆشییە نەکردووە. زۆر شت ماوە پێتی بڵێم و تۆش پێمی بڵێی. چ دەڵێی پیاسەیەك بکەین و قسەکانمان تەواو بکەین؟

تاوێك بێ دەنگ بوو، بەهەندم وەرنەگرت، چونکە هەستم بەو گەرمییە شەیتانییەی ژێر ناوپەنجك کرد، کاتێ هەستی پێ دەکەم، ئیتر دەزانم جڵەوی هەڵوێستەکەم بەدەستەوەیە. نا، ئەو هەرگیز ناڵێ نا، گوتی:

– دیدارێکی سەیرە. غەوارەیەك نایناسم داوەتم دەکات. شتی وا ناشێ، بەڵام...

بێ دەنگ بوو پاشان تێهەڵچووەوە:

– بەڵێ. بۆ نا؟ لە سیماتا ئەوە بەدی ناکرێ، کە تۆ مرۆڤخۆر بیت؟

لە کاتێکدا شەپۆلی خۆشی ختووکەی ناخی دەدام، پێم گوت:

– ئەوجا دەبینی من پیرە تیمساحێکم و ددان بەدەمییەوە نەماوە. ئەگەر بشمەوێ ناتوانم بتخۆم.

وام خەملاند کە بەلانی کەمەوە پازدە ساڵ لەو بچووکترم، ژنێکە چل ساڵ دەبێت. چەند پەتپەتی بەسەر هاتبێت، ڕۆژگار نەرم بووە لەگەڵیا و هێند جەستەی تێك نەداوە. ئەو چرچولۆچییەی تەوێڵ و لاجانگی پیربوونی ڕاناگەیەنن.

بەڵکو پێگەیینی ڕادەگەیەنن. ئا لەو کاتەیا لە ناویم پرسی، گوتی:

– ئیزابێلا سیمۆر.

پڕ بەدەمم، وەك ئەوەی هەرمێم لە دەمدابێ، ناویم دووبارە کردەوە.

– ئەی تۆ ناوت چییە؟

– من... ئەمین.. ئەمین حەسەن.

– بە حەسەنت بانگ دەکەم.

لەگەڵ گۆشت برژاندن و خواردنەوەیا، ڕووی کرایەوە، لە ناخییەوە خۆشەویستییەك بەرانبەر هەموو جیهان و منیش هەڵقولا. ئەو خۆشەویستییەی ئەو بۆ دنیا، یاخود ئەو غەمەی جار جار بەڕوویەوە دەردەکەوت بەلای منەوە هەندەی ئەوە گرنگ نەبوو، کە دەخەنێتەوە زمانە سوورەکەی بە دەردەکەوێت، یاخود لێوە پڕەکەی و ئەو نهێنییانەی لەودیو لێوەکانییەوەن. بەڕووتوقووتی وێنام دەکرد، خەیاڵەکەمی ڕەواندەوە کاتێ گوتی:

– ژیان تژییە لە ئێش و ئازار. بەڵام دەبێ گەشبین بین و بوێرانە ڕووبەڕووی ببینەوە.

بـەڵـێ. مـن بـاش ئـەوە دەزانـم، مـرازی نـزیك بـووەوە، كـە لـە دەمـی ڕەشوڕووتەكەوە دەردەچێت، تەنیا هیوای ڕزگاریمانە. درەخت بەئاسانی گەورە دەبێ، باپیریشت بایی خۆی ژیا و سووك و ئاسان دەمرێ.

ئەمەیە نهێنییەكە. ڕاستت فەرموو خاتوونەكە، بوێری و گەشبینی.

وەلێ تا ئەو دەمەی بەشمەینەتان ئازاد دەبن و دەبنە خاوەنی ئەم زەوییە و سوپاكان هەڵدەوەشێنەوە و بەرخیش بێ ترس لەگەڵ گورگا ئاو دەخواتەوە و هەرزەیەك لەگەڵ تیمساحا یاری تۆپی ئاویی دەكەن، تا ئەو دەمەی سەردەمی بەختیاری و خۆشەویستی دێ، من بەم ڕێگە پێچاوپێچە خۆم دەردەخەم. كاتێكیش بە هەناسە بڕكێوە دەگەمە ترۆپكی چیاكە و ئاڵاكە دەچەقێنم، پشوویەك دەدەم و دەحەسێمەوە، خاتوونەكەم بەلای منەوە ئەو خۆشییە لە دڵداری و كامەرانی مەزنترە. بۆیە هەندەی شەڕەنگێزیی دەریا نەبێ، هیچ كات شەڕت بۆ ناخوازم، ئەو دەمی كەشتییەكان لەسەر تاشە بەردەكانی هەپروون بەهەپروون دەبن. هەروەها هەندەی شەڕەنگێزیی برووسكە، ئەو دەمی درەختێك دەكات بەدوو لەتەوە. ئەو بیرەی دوایی لە مێشكمدا جێگیر بوو و خۆی بەمووەكانی سەر قوڵی ڕاستییەوە نزیك بە مەچەكی هەڵواسی، تێبینیی ئەوەشم كرد، مووی بازووەكانی لە هی ئافرەتانی دی چڕترن. ئەمەش مووی شوێنێكی بیرخستمەوە. ڕەنگە وەك گیای سملی دەم جۆگە نەرم و پڕ بێ. چوون مێشكمی خوێندبێتەوە، شێوەی دانیشتنەكەی گۆڕی و گوتی:

– چیتە؟ دەڵێی غەمباری؟

– غەمباریم پێوە دیارە؟ بەپێچەوانەوە، زۆر خۆشحاڵم.

نیگا پڕ لە سۆز و بەزەییەكەی گەڕایەوە چاوانی، دەستی لە نێو دەستم نا و گوتی:

– ئەزانی دایكم ئیسپانییە؟

– كە وابێ ئەمە هەموو شتەكان ڕوون دەكاتەوە، ڕێكەوتی پێكگەیشتن و لێكگەیشتنی لە خۆوەمان، وەكو ئەوەی سەدەیەكە یەكتر دەناسین.

– دەبێ باپیرم لە سوپای تاریقی کوڕی زیاددا سەرباز بووبێ. دووریش نییە هەر ئەوسا لە عانی ترێ ڕنینەوەیا لە باغێك لە ئەشبیلیە ئەنکتی بینیبێ. دیارە هەر لە یەکەم نیگاشەوە دڵی بەتیری ئەوینی ئەنکت پێکراوە و ئەویش بەدوای ئەوینی باپیرمەوە بووە و ماوەیەك لەگەڵیدا ژیاوە، پاشان بەجێی هێشتووە و چووە بۆ ئەفریقیا. ئیدی لەوێ ژنی هێناوە. منیش لە وەچەی ئەوم لە ئەفریقیا و تۆش لە وەچەی ئەوی لە ئیسپانیا.

ئەم قسانە و ڕووناکیی خامۆش و خواردنەوەکە، زۆریان دڵخۆش کرد، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ئای چ ساختەچییەکی.

بۆ ساتەوەختێك گەیشتنی سەربازانی عەرەب بۆ ئیسپانیام وێنا کرد. ئا ئێستاکێ خۆم ئاسا، بەرانبەر ئیزابێلا سیمۆر دانیشتووم، تینوێتییەکی سەرشێتانەی پەلپەلەکانی مێژوو لە باکور ڕەوییەوە. من داوای پایە و شکۆ ناکەم، هی وەك من چاوی لە پایە و شکۆ نییە. دوای مانگێك لە تای مەراق و بێزووکردن، کلیلی دەرگاکەم بادا، ئەویش بە تەنیشتمەوە بوو، ئەندەلوسی بەرێژەوە، دوای ئەوە لە دالانێکی کورتەوە بەرەو ژووری نووستن دامە دوای خۆم. بۆنی مسك و بخوری سووتاو وریان کرد. سییەکانی پڕ بوون لە بۆنوبەرامەیەك، نەیدەزانی بۆنێکی کوشندەیە. لەو ڕۆژانەدا، لەگەڵ لووتکەیا بەژنێکمان نێوان بوو، هێمنییەکی تراژیدی دایگرتم.

لەرزوتا لە دڵەوەیە، گرژیی دەماریش دەبێتە ئەو ئارامییەی برینساز، کاتێ سکی نەخۆش هەڵدەدڕێ. دەمزانی ئەو بستە ڕێگەیەی پێکەوە بەرەو ژووری نووستن بڕیمان، بەلای ئەوەوە ڕێگەیەکی ڕووناك بوو، بۆنوبەرامەی لێبوردەیی و ئەوینی لێ دەچۆڕایەوە، بەلای خۆشمەوە دوا هەنگاو بوو، بەر لە گەیشتن بە ترۆپکی خۆپەرستی. لە لێواری نوێنەکەدا هەڵوەستەیەکم کرد، وەك ئەوەی ئەو ساتە لە مێشکمدا چڕ بکەمەوە،

نیگایەکی بابەتییانەم لە پەردە پەمەیی و ئاوێنە زلەکان و گڵۆپی ئاگادارکردنەوە، کە لە گۆشەکانی ژوورەکەدا بوون، گرت. پاشان نیگام لە پەیکەرە برۆنزییە تەواوبووەکەی بەرانبەرم بڕی. لە کاتێکدا لە لووتکەی کارەساتدا بووین، بەکزییەکەوە هاواری کرد:

– نا... نا.

هەوکە هیچ دادت نادات. ساتی مەترسیدارت لەکیس چوو، ئەو دەمەی دەتتوانی خۆت لە هەنگاوی یەکەم بەدوور بگری. من لەناکاو پڕم پیاتا کرد، هەینێ دەتتوانی بڵێی: نا. هەرچی ئێستایە تەوژمی ڕووداوەکان چۆن هەر کەسێك ڕادەماڵێ، ئاوا ڕایماڵیت، هیچت پێ ناکرێ. ئەگەر هەر کەسێك بیزانیایا کەنگێ خۆی لە پێنگاڤی یەکەم بپارێزێ، زۆر لە شتەکان دەگۆڕان. داخۆ هەتاو شەڕانگێزە، ئەو کاتی دڵی ملیۆنەها کەس دەکاتە بیابانێکی کاکی بەکاکی، لەمە گەرمەکەی پێك ڕا دەدەن و قوڕگی شالوور هیشك دەکەن؟ بەشێنەیی بەناو لەپم پشت ملیم دەسڕییەوە و لە کانگەی دڵەوە ڕامدەمووسی. لەگەڵ هەر دەست لێدان و ماچێکدا، وام هەست دەکرد گیانی خاو دەبووەوە، ڕووی گەشایەوە و چاوانی بریسکێکی تیژ تێپەڕیان تێ کەوت، نیگاکانی درێژەیان کێشا، دەڵێی وام دەبینی من تارمایی بم نەك ڕاستی. بەزمانێکی پڕ لە زەبوونی و خۆ بەدەستەوەدانەوە گوتی:

– خۆشم دەوێی.

وڵامی دەنگەکەی هوتافێکی لاواز بوو لە قووڵایی هۆشمەوە هاواری دەکرد، کە بووەستم. وەلێ لە پاش چی؟ من و ترۆپك هەنگاوێکمان نێوان بوو، دوای ئەوە پشوویەك دەدەم و دێمەوە سەرخۆم. لە کاتێکدا بەدەست لووتکەی ئازارەوە دەتلاینەوە، پەڵە هەوری یادەوەرییە دێرین و دوورەکان، وەکو هەڵمی دەریاچەیەکی سوێری چەقی بیابان، بەمێشکمدا گوزەری کرد. ئەویش لە قوڵپی گریانێکی ئازاراوی و سووتێنەری دا، منیش خۆم دایە دەست خەونێکی پچڕ پچڕ و تادارەوە.

٣

شەوێك بوو لە شەوە گەرمەكانی مانگی تەمووز، ئەو ساڵە نیل زیادی كردبوو و لافاوی هەستاندبوو، هەر وەك چۆن بیست سی ساڵ جارێك هەڵدەستێ، دەبێتە ئەفسانە و باوكان بۆ نەوەكانیانی دەگێڕنەوە. ئاو زۆربەی زۆری ئەو زەویيانەی نێوان كەناری دەریاكە و ماڵەكانی ئەمسەری بیابانەكەی راماڵیبوو. كێڵگەكانیش دەتگوت دورگەیەكن لە ناوەڕاست ئاوەكە. زەلامەكانی دەڤەرەكە لە نێوان ماڵەكان و كێڵگەكاندا بە بەلەمی بچووك بچووك، یاخود بە مەلە هاتوچۆیان دەكرد. درۆم نەكردبێ مستەفا سەعید مەلەی دەزانی. باوكم بۆی گێڕامەوە، ئەوكات من لە خەرتووم بووم، لە دوای نوێژی شێوان گوێیان لە قیژە و هاواری ژنانی گەرەك بوو، بەرەو سەرچاوەی دەنگەكان رایان كرد، قیژە و هەراكە لە ماڵی مستەفا سەعیدەوە دەهات. عادەتی ئەو وابوو لەگەڵ خۆرئاوابووندا لە كێڵگە دەگەڕایەوە. وەلێ ژنەكەی لە خۆڕایی لە چاوەڕوانیدا مابووەوە، بەرگەی چاوەڕوانی نەگرت و بۆ سۆراغی چوو، پێیان گوت لە كێڵگەكەیدا بینیویانە و هەندێكیان وایان زانیوە لەگەڵ زەلامەكانی تردا گەڕاوەتەوە ماڵ. هەموو خەڵكی گوند رژانە رۆخی رووبارەكە، هەندێ لە پیاوەكان چرایان بە دەستەوە بوو، بڕێكیشیان لە بەلەمەكانیاندا بوون. شەو تا بەیانی بە دوویدا گەڕان. بێ سوود بوو. برووسكەیان كرد بۆ بنكەكانی پۆلیس بە درێژایی نیل تا گەرمە. وەلێ ئەو تەرمانەی شەپۆلەكان لەو حەفتەیەدا فڕێیان دابوونە لێواری رووبارەكە، تەرمی مستەفا سەعیدیان لەگەڵدا نەبوو. لە كۆتاییدا گەیشتینە ئەو باوەڕەی كە خنكاوە و تیمساح لووشی كردووە.

هەرچی من بووم، هەمان ئەو هەستە دایگرتمەوە، كە شەوەكە لە پڕ بێ

ئامادەبوون، بەپەرداخێك مەیەوە، خۆی لە كورسییەكەیا نوقوم كردبوو، پای لێ درێژ كردبوو، شەوقی گڵۆپەكە لە دەموچاوی دەدا و چاوەكانی وەكو من بۆی دەچووم بڕیبووە ئاسۆكانی ناخی خۆی و شیعری ئینگلیزیی دەخوێندەوە. تاریكییەكەی دەوروبەرمان لە دەرێ دەتگوت هێزێكی ئەهریمەنییە و دەستی لە بینا قاقای ڕووناكیی چراكان گیر كردووە. هەندێك جار لە هیكرا ئەو بیرە هەراسانكەرەم بەمێشكدا دێت، كە مستەفا سەعید هەرگیز نەبووەو، هەر بەڕاستی درۆیە، شەبەنگێكە، خەونێكە، یا مۆتەكەیەكە لەگەڵ خەڵكی گوندەكەیا سەر و ساختی، پەیاكردو لە شەوێكی ئەنگوستەچاوی خنكێنەردا، لەگەڵ گزنگی بەیاندا هەر كە چاویان هەڵهێناوە، ئیدی نەیان بینیوەتەوە.

ئەو كاتی لای مستەفا سەعید هەڵستام، بەتلێكی شەو ڕاكشابوو، لە دەرچوونا هەستم بە شەكەتییەكی گەورە كرد، ڕەنگە خەتای زۆر دانیشتن بێ، ئینجاش حەزم بە نووستن نەبوو، بۆیە بەكۆڵانە تەسك و پێچاوپێچەكانی گونددا كەوتمە پیاسەكردن. كزەبایەكی شێداری سارد و بۆندار بەبۆنی ئاونگ و گوڵە گەوەن و تەپاڵە و پشقل و بۆنی زەویی پاش باران بارین و گەنمە شامیی نیوە ڕسكاو و دارترنج، دەموچاویان لستمەوە.

بەدەر لە تەقەتەقی ترومپای دەم ڕووبارەكە و وەڕینی جار بە جاری سەگ و قووقەی تاقە كەڵەشێرێك، كە بەر لە وادە هەستی بە بەرەبەیان كردبوو و قووقەی كەڵەبابێكی دی بەرپەرچی دەداوە، دیسانەوە خامۆشی، ئیدی شارەكە كشوماتییە عادەتییەكەی شەوانەی دایدەگرتەوە. بەلای ماڵە نشێوەكەی ودلڕەیسدا، كە لە پێچی ڕێگاكەیە ڕەتبووم. لە دەلاقە بچووكەكەوە ڕووناكییەكی كزم بەرچاو كەوت، گوێم لێ بوو ژنەكەی ودلڕەیس ئاخوئۆفی خۆشیی بوو. هەستم بە شەرمەزاری كرد، چونكە بە شتێكم زانی، كە ئەوە مافی من نەبوو بیزانم. نەدەبوو من شەو تا بەیانی بە شەقامەكاندا پیاسە بكەم لەكاتێكدا خەڵكانی دیش لە ناو جێن، من شەقام و ماڵ بە ماڵی گوند شارەزام.

هەروەها (دە شێرەکە)ی ناوەڕاستی گۆڕستانەکە، لە سەرووی گوند بەلای بیابانەکەوە پێ دەزانم و گۆڕستانیش یەك بە یەکیان دەناسم، لەگەڵ داك و باب و باپیرم چەندین جار چوومە بۆ قەبرستانەکە. مردووەکان سەر لە بەریان دەناسم، ئەوانەی بەر لە هاتنە دنیای باوکم سەریان نایەوە و ئەوانەشی دوای لەدایکبوونی من مردوون. لەگەڵ تەرم بەرێکەراندا زیاد لە سەد مردووم بەرەو گۆڕستان بەرێ کردووە، لە قەبر لێدانا یارمەتیم داون و لە لێواری قەبر لەگەڵ قەرەباڵغییەکەیا وەستاوم، تا مردووەکەیان ناشتووە و خۆڵیان بەسەردا کردووە. لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیادەمە و بەیانیان و لەگەڵ تینی گەرمای هاوینا ئەمەم کردووە، بە شەویش چرا بە دەستەوە ناوی خوامان لێ هێناوە و ڕۆیشتووینە... بە هەمان شێوە شارەزای کێڵگەکانیشم، هەر لەو کاتەوەی جۆگەیان بەناودا تێدەپەڕی. هەروەها ڕۆژانی قاتوقڕی، ئەو کاتی پیاوەکان جێیان هێشت و زەوییە بەرێژەوەکە بووە پارچەیەکی بێ ئاو و سەوزایی و لانەیەکی خاڵی و خۆڵباران. پاشان ترومپایان هێنا و کۆمەڵەی هەرەوەزی دروست بوو، زەلامەکان لە پەراگەندەیی گەڕانەوە و زەوییەکە گەڕایەوە دۆخی جارانی، لە هاویندا گەنمەشامیی بەرهەم دەهێنا و لە زستانیش گەنم*.

هەموو ئەمانەم لەو ڕۆژەوەی چاوم کردووەتەوە بینیون. وەلێ هەرگیز گوندم لە شەوەکیدا نەبینیبوو.

ڕەنگبێ ئەو ستارە گەورە پرشنگدارە شینە ئەستێرەی بەیان بێت. دەتگوت لەم عانەیا ئاسمان لە زەوی نزیکتر بووەتەوە، بەر لە بەرەبەیان، گوند ڕووناکییەکی خامۆش لە خۆ دەگرێت، بەشێوەیەك دەڵێی لە نێوان ئاسمان و زەوییا هەڵواسراوە.

هەینێ کە ئەو پەڵە زەوییە لمینەی ماڵی ودلڕەیس و ماڵی باپیرم لێك

* شایانی باسە سوودان یەکێکە لەو وڵاتانەی هاوینی زستانە و زستانیشی هاوینە. (وەرگێڕ).

جیادەکاتەوە بڕی، بەهەمان ئەو هەستی شەرم و فەدی بەخوکردنەی کاتێ قسە تەڕ و ئاڵۆشاوییەکانی ودلڕەیسم ژنەفت، ئەو وێنەیەم بیر هاتەوە، کە مستەفا سەعید کێشابووی.

دوو لنگی سپی و سۆڵ و کراوە. گەیشتمە لای ماڵی باپیرم، گوێم لێ بوو وێردی دەخوێند و خۆی بۆ نوێژی بەیانی ئامادە دەکرد. چییە قەت ناخەوێ؟ دەنگی گەورە بوو، دوا دەنگ بوو بەر لە نووستن دەمبیست، یەکەمین دەنگیش بوو، کە لە خەو هەڵدەستام بەر گوێم دەکەوت. ئێستاشی لەگەڵدابێ نازانم تەمەنی چەند ساڵە، دەڵێی شتێکی جێگیری ناو جیهانێکی بزێوە. لە هیکڕا هەستم بە بووژانەوەی ڕۆحم کرد، هەر وەك چۆن جار جار لە پاش شەکەتییەکی زۆر ڕوودەدات، مێشکیشم ساف بووەوە و ئەو هزرە ڕەشانەی قسەکانی مستەفا سەعید ورووژاندنی، بوون بەهەڵم. ئێستا گوندەکەمان لە نێوان ئاسمان و زەوییا هەڵنەواسراوە، وەلێ جێگیرە، ماڵەکان جێگیرن، هەروەها درەختەکانیش، ئاسمانیش ساماڵە، کەچی تا بڵێی دوور کەوتووەتەوە. داخۆ ئەوی بەسەر مستەفا سەعیددا هات دەشێ بەسەر منیشا بێت؟ دەیگوت من درۆم؟ دەبێ منیش درۆبم؟ من خەڵکی ئێرەم. داخۆ ئەمەندە ڕاستییە بەس نییە؟ خۆ منیش لەگەڵیان ژیام، هەرچی من بووم بەڕووکەش لەگەڵیاندا دەژیام، نە خۆشمدەویستن و نە ڕقیشم لێ بوون. لەم گوندە بچووکە دەستم نابوو بەکڵاو خۆمەوە تا با نەیبا. بەچاوێکی ئەفسانەییەوە لێم دەڕوانی. لە لەندەن هەندێك جار لە مانگەکانی هاویندا، پاش نمەبارانێك، بۆنیم دەکرد. لە ساتێکی تیژ تێپەڕی بەر لە زەردەپەڕ، دەمبینی. درەنگان کە دەنگی بیانییەکانم دەژنەفت وامدەزانی دەنگی کەسوکارەکەمن. دەبێ من لەو باڵندانە بم، کە تەنیا لە ڕووبەرێکی دیارکراوی ئەم جیهانەدا نەبێ هەڵناکەن! ڕاستە خوێندنەکەی من لەسەر شیعر بووە، وەلێ ئەمە هیچ شتێ ناگەیەنێت. دەکرا ئەندازە یا کشتوکاڵ یا پزیشکیم بخوێندایا. هەموویان هۆی بژێویی ژیانن. لەوێ

دەموچاوەکان بەگەنم ڕەنگ، یا ڕەش دەهاتنە بەرچاوم. وام نیگا دەکردن سیمای کەسانێکن دەیانناسم. ئەوێ وەك ئێرەیە، نە باشترەو نە خراپتریشە. وەلێ ئێرە زێدی منە، لە شێوەی دارخورماکەی سووچی خانووەکەمان، لە ماڵی ئێمە شین بوو نەك لە ماڵێکی دی. لەبەرئەوەی ئەوان هاتنە ماڵەکانمانەوە، ئیدی نازانم بۆ، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە ئێستا و دوارۆژمان گورگان خوارد دەکەین؟ ئەوان زوو یا درەنگ هەر لە وڵاتمان دەردەچن، وەك چۆن بەدرێژایی مێژوو میللەتێلێك لە وڵاتانێکی زۆر دەرچوونەتە دەرەوە. ئاسنەڕێ و کەشتی و نەخۆشخانە و کارگە و قوتابخانەکان، بۆ ئێمە دەمێننەوە. ئێمەش بێ هەستکردن بە تاوان یا خود هەستکردن بەجوانمێردی، بە زمانەکەیان دەدوێین.

ئێمە وەکو خۆمان دەبین، میللەتێکی ئاسایی، خۆ ئەگەر درۆش بین، ئەوا دروستکەری دەستی خۆمانین، بەدەم ئەم جۆرە غایەلانەوە گەیشتمە سەر جێیەکەم، دوای ئەوەش بۆ خەرتووم لەگەڵمدا بوون، ئەوە بوو دوایی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە دەستبەکار بووم. تا تەمەنی بیست و پێنج ساڵیم، نە ناویم بیستبوو، نەچارەیشم بینیبوو. پاشان ئاوا لە پڕ لە شوێنێکدا دەیدۆزمەوە، شێوە و هاوتای لەوێ نییە.

کەچی سەرەڕای ویستم، مستەفا سەعید، بووەتە پاژێك لە جیهانەکەم، هزرێکە لە مێشکمدا، شەبەنگێکە و نایەوێ بەڕێی خۆیدا بڕوات. خۆ ئەگەر هەستێکی دوور لە ترس بێت، ئەوا دەشێت سادە و ساکاریی هەموو شتێك نەبن.

مستەفا سەعید گوتی نهێنییەکە لای باپیرمە. درەخت بەئاسانی هەڵدەکا، باپیریشت بەهەمان شێوە بەئاسانی ژیا و بەسانایییش سەردەنێتەوە. ئیدی بەم ئاوایە. تۆ بڵێی گاڵتە بەسادە و ساکارییەکەم بکات؟ لەگەشتێکدا بەشەمەندەفەر لە نێوان خەرتووم و ئەبیەز لە قەمەرەکەدا کارمەندێکی خانەنشین کراوم لەگەڵدا بوو. کاتێ شەمەندەفەرەکە لە کۆستییەوە

بەگەڕکەوت بەدەم قسەکردنەوە گەیشتینە ڕۆژانی خوێندنی، لەوەوە زانیم چەندین بەرپرسی من لە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵیا خوێندوویانە و هەندێکیشیان لەگەڵیدا هاوپۆل بوونە. کابرا بەردەوام دەهاتەوە بیری و دەیژماردن، فلان کەس لە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوەڵی بووە و فلان ئەندازیار ساڵێك لە پێش ئەوانەوە بووە و فیسارە کەس، ئەو بازرگانەی لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگا هەڵسا، گەمژەترین کەسی پۆلەکەیان بوو و فلان نەشتەرگەری ناودار لە هەموو قوتابخانەکەیا چاکترین یاریزانی باڵی ڕاست بوو. لەپڕ ڕووی کابرا گەشایەوە و چاوانی بریسکەیان دەهاتنێ، بەدەنگێکی پەرۆش و هەڵچووەوە گوتی:

– سەیرە. بزانە بلیمەتترین قوتابیی پۆلەکەمانم لە بیر کرد و لەوەتەی قوتابخانەم تەواو کردووە نەکەوتووەتەوە بیرم. ئەلعان کەوتەوە بیرم، بەڵێ. مستەفا سەعید. جارێکی دی هەمان هەستم لا ڕوایەوە، کە شتە ئاساییەکان لە بەرچاوت دەبنە شتگەلی نائاسایی. لە بەرچاوم پەنجەرەی قەمەرەکە و دەرگاکەی پێك گەیشتن، وامزانی تیشکی گەڕاوەی چاویلکەکەی کابرا، لە چاو ترووکانێکدا کلپەی سەند، دەتگوت ڕۆژی نیوەڕۆیە. هەڵبەت لەو ساتەدا دنیا لە چاوی کابرای خانەنشین کراویشەوە جیاوازبوو، چونکە ئەزموونێکی تەواو لە دەرەوەی هۆشی ئەودا لەپڕ هاتە بەردەست. کاتێ یەکەمین جار سیمایم بینی، وام لێکدایەوە، کە تەمەنی شەست و پێنج ساڵێك دەبێ. کەچی ئێستا، کە لێی ورد دەبمەوە یادەوەرییە دوورەکانی دەگێڕێتەوە، زەلامێك دەبینم تەمەنی لە چل ساڵ ڕۆژێك زیاتر نییە:

– بەڵێ. مستەفا سەعید زیرەکترین قوتابیی ڕۆژگاری ئێمە بوو. لە پۆلێکدا بووین. بەلای چەپدا ڕاست لە ڕیزەکەی پێش ئێمەوە دادەنیشت. ئای کە سەیرە! چۆن پێشتر نەهاتەوە بیرم؟ لە کاتێکدا ئەو موعجیزەیەك بوو بۆ خۆی؟ ناودارترین خوێندکاری کۆلێژی گۆردن بوو. لە ئەندامانی تیپی تۆپی پێ و بەرپرسانی بەشە ناوخۆییەکان و وتاربێژانی شەوانی

ئەدەب و نووسەرانی ڕۆژنامە دیوارییەکان و ئەکتەرە ناودارەکانی تیپە درامییەکان، ناودارتر بوو. بە هیچ شێوەیەك چالاکیی لەم بابەتانەی نەبوو. هەمیشە دوورە پەرێز و خۆ بەرز گر بوو. کاتی دەستبەتاڵیی بەتەنێ، یا بەخوێندنەوە، یانیش زۆر ڕێکردن دەبردە سەر. لەو ڕۆژگارەدا هەموومان لە بەشی ناوخۆیی لە کۆلێژی گۆردن بووین، تەنانەت کوڕانی پایتەختیش. ئەو لە هەموو شتێ بەهرەدار بوو، شتێك نەبوو بەدەستییەوە گیر بخواو مێشکە سەیرەکەی هەڵینەهێنێت. مامۆستاکان بەزمانێك لەگەڵ ئێمە دەدوان و لەگەڵ ئەویشا بەزمانێکی دی. بەتایبەت مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی. دەتگوت بەتەنیا وانە بۆ ئەو دەڵێنەوە.

کابرا تاوێك کپ بوو. کەفوکوڵی حەزێکی بەتین لە ناخمەوە هەڵدەقووڵا، کە بڵێم مستەفا سەعید دەناسم و زرووف هەڵی دام و لە بەردەمی گیرسامەوە. ئەویش لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی زۆر گەرمدا سەرهاتی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە و دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە کوێرە گوندێکدا لە پێچی نیل بردووەتە سەر و خنکاوە، دووریش نییە خۆی کوشتبێ، بەدەر لە هەموو خەڵك منی کردە ڕاسپێر (سەر وەسیەت) و مشوورخۆری هەردوو کوڕەکەی. وەلێ من هیچم نەگوت، کەچی فەرمانبەرە خانەنشین کراوەکە درێژەی دایێ:

– مستەفا سەعید لە سوودان قۆناغەکانی خوێندنی بەبازدان تەواوکرد، دەتگوت لەگەڵ کاتدا پێشبڕکێیەتی. کەچی ئێمە لە دوای ئەوەوە لە کۆلێژی گۆردن ماینەوە، ئەویان بۆ قاهیرە نارد، پاشانیش بۆ لەندەن. یەکەم سوودانیی بوو نێررایە دەرەوەی وڵات. ئەو کوڕە ئینگلیزە بەنازو لاوێنراوەکە بوو، هەمووان ئیرەییمان پێ دەبرد. دامان نابوو ببێت بە شتێکی گەورە. ئێمە وشە ئینگلیزییەکانمان وا دەردەبڕی دەتگوت عەرەبییە. نەماندەتوانی دوو پیتی دوا بەدوای یەك سایلەنت[٧] بکەین، هەرچی مستەفا سەعید بوو

(٧) silent: کپ، بێ دەنگ، سکون. (وەرگێڕ).

دەمـی بـۆ گـێڕدەكـردەوە و قـوتـی دەكـردەوە، وشەكـانـی وا لـە لـێویـیـەوە دەردەكردن، دەتگوت ئینگلیزێكە بۆ خۆی. پەستی دایدەگرتین و لە هەمان كاتیشدا سەیرمان پێدا دەهات. بەتێكەڵییەك لە سەراسیمە و ڕقەوە ناومان نابوو «ئینگلیزە ڕەشەكە».

وەختی ئێمە زمانی ئینگلیزی كلیلی بانەڕۆژ بوو، بێ ئینگلیزیی زانین هیچت پێ نەدەكرا. كۆلێژی گۆردن قوتابخانەیەكی سەرەتایی بوو. بایی ئەوەندەیان زانست دەداینێ بەشی ئەوە بكا وەزیفە حكوومییە بچووكەكانی پێ پڕ بكرێتەوە. هەر كە تەواوم كرد، لە سەنتەری فاشر بە ژمێریار دامەزرام. دوای ڕەنج و كۆششێكی زۆر ڕێیان دام تاقیكردنەوەی بەڕێوەبردن بدەم. سی ساڵی ڕەبەقە من جێگری قۆمیسەر بووم. دەبزانە، دوو ساڵ بەر لە خانەنشین كردنم هەنگینێ كرامە قۆمیسەر. پشكنەری بنكەی ئینگلیزەكان فیرعەونێك بـوو بـۆ خـۆی، دەسەڵاتـداریـی شوێـنـێكـی دەكـرد لـە سەرلـەبـەری دورگـە بەریتانییەكان فراوانتر بوو، لە كۆشكێكی درێژ و پان و پۆڕدا دەژیا، بەردەست و سەرباز دەوریان دابوو، لە مامەڵە كردندا لاسایی پاشایان دەكردەوە، ئێمەی ڕۆڵەی وڵات كە فەرمانبەری بچووك بووین، خستبوویانینە ژێر باری داهات كـۆ كـردنـەوەوە، خـەڵـكـەكـە بـۆڵـە بـۆڵـیـان بـوو لـە دەستمـان و لای پشكنـەرە ئینگلیزەكە سكاڵایان لێ دەكردین. هەڵبەت لێ خۆشبوون و دلۆڤانییش هەر بەدەست پشكنەرە ئینگلیزەكە بوو. بەم ئاوایە بەرامبەر بەئێمەی خەڵكی وڵات ڕق و بێزاری و تووڕەییان لە دڵی خەڵكەكەیا چاند و خۆشەویستییش لە ئاست داگیركەری دەرەكی. كوڕی خۆم دەتوانی لە قسەكانم ئەرخاین بیت. باشە نووكە وڵات سەربەخۆ نییە؟ لە وڵاتی خۆمان ئازاد نیین؟ دڵنیابە سووك و چرووكترین خەڵكیان لە باوەش گرتووە. هەر ئەوانەش بوون وەختی ئینگلیزەكان شوێنە گەورەكانیان لە بندەست بوو. ئێمە دڵنیا بووین مستەفا سەعید دەبێتە شتێك. باوكی عەبایدی بوو، ئەو تیرەیەی لە نێوان میسر و سوودانـدا دەژێت. هـەر ئـەوان بـوون سەڵاتـین پـاشایـان لـە دیلـێتیی خـەلیفە عەبدوڵڵای تەعایشی ڕزگار كرد، پاشان بوونە كەوا سووری بەر لەشكری

سوپاکەی کیچنەر، ئەو کاتی سوودانی گرتەوە. دەڵێن گوایا دایکی لە کۆیلەکانی ئەو خوارەیە. لە تیرەی زاندی یاخود باریایە، مەگەر خوای گەورە بەخۆی بزانێ. لە کاتی ئینگلیزەکاندا هەر خەڵکانی نارەسەن پلەوپایەی مەزنیان بەدەستەوە دەگرت.

کابرای قۆمیسەری خانەنیشن کراو، پرخەی خەوی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیی. شەمەندەفەرەکە بەسەر بەنداوی سناردا تێپەڕی، ئەو بەنداوەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٦دا بنیاتیان نا. ڕووەو ڕۆژاوا بەرەو ئەبیەز کەوتبووە ڕێ، بەسەر ئاسنە ڕێیەکدا بەدرێژایی بیابان ڕاخراوە، دەتگوت پردێکی گوریسینە لە نێوان دوو چیای ڕکدا، نێوانیان هەزار بەهەزارێکی بێ بنە. بەستەزمان مستەفا سەعید. لە چاو پشکنەر و قۆمیسەرانەوە دەبوو ئێستا شت بوایا.

کە چی لەم وڵاتە ملیۆن میل دووجایەدا تەنانەت گۆڕێکی بەرنەکەوت، تا گیانی تێدا بحەسێتەوە. ئەوەم بەبیردا هاتەوە، کە لە ئۆڵد بەیلی، دادوەر بەر لەوەی حوکمی بەسەردا بدا، پێی گوتبوو:

– مستەر سەعید، تۆ سەرەڕای سەرکەوتنی زانستیت، کابرایەکی حەپۆڵەی. لە پێکهاتەی ڕۆحیتدا لایەنێکی تاریك هەیە، بۆیە تۆ بەنرخترین وزە، کە پەروەردگار بە خەڵکی دەبەخشێت، بەفیڕۆت داوە. ئەویش وزەی خۆشەویستییە.

هەروەها بیرم کەوتەوە ئەو شەوە کاتێ لە ماڵی مستەفا سەعید هەڵسام، مانگی سەرکەل لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە هەندەی باڵا زەلامێك بەرز بووبووەوە، منیش لە دڵی خۆمدا گوتم مانگەکە نینۆکی کردووە. نازانم بۆ وام بەخەیاڵدا هات کە مانگەکە نینۆکی کردووە؟

لە خەرتوومیش، دوای کەمتر لە مانگێك لە قسەکردنەکەم لەگەڵ قۆمیسەری خانەنیشن کراو، تارمایی مستەفا سەعیدم تووش بوو، دەتگوت خێوە و لە بەندیخانەکەی دەرچووە، بەگوێی خەڵکیدا دەچرپێنێ و دڵەڕاوکێیان لا دروست دەکات، تا چی بڵێ؟ نازانم. لە ماڵی لاوێکی سوودانی بووین، لە زانکۆ وانەی دەگوتەوە، لە ئینگلتەرە پێکەوە هاوەڵی

خوێندن بووین. کابرایەکی ئینگلیزی لێ بوو لە وەزارەتی دارایی کاری دەکرد. بەدەم قسەوە باسی ژنهێنانی تێکەڵمان کرد. گفتوگۆکەمان لە قسەکردنی گشتییەوە گۆڕا بۆ قسەکردن لەسەر حاڵەتە دیارکراوەکان. پاشان کێ کچە ئەوروپی خواستووە؟ ئەی کچە ئینگلیز؟ یەکەم سوودانی کێیە کچە ئینگلیزی خواستبێت؟ فلان؟ نا. فلان؟ نەخێر. ناگەهان... مستەفا سەعید. کوڕە لاوە وانە بێژەکەی زانکۆ ئەمەی گوت. هەمان ئەو هەست بەخۆشی کردنەی قۆمیسەرە خانەنیشن کراوەکەم بەسیمایەوە بینی. لە ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی بەرایی وەرزی زستان، کوڕە لاو درێژەی پێدا:

– مستەفا سەعید یەکەمین سوودانییە کچە ئینگلیزی خواستبێ، نا بەڵکو یەکەم سوودانییە ئەوروپییەکی هێنابێ. وابزانم ناوبانگیتان نەبیستووە! ئەو لە سەردەمێکدا ژیا، کە کیژێکی ئینگلیزی خواست و ڕەگەزنامەی بەریتانی وەرگرت. سەیرە، لێرە بەبیری کەسدا نایەت! کەچی ئەو لە دوا دوایی سییەکاندا ڕۆڵێکی ترسناکی لە پلانەکانی ئینگلیز لە سووداندا گێڕا. ئەو دڵسۆزترین پیاویان بوو. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە باڵوێزخانە گومانداراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەنددا بەگەڕی خستبوو و یەکێك بوو لە سکرتێرەکانی کۆنگرەی ١٩٣٦ی لەندەن. ئەو ئێستا ملیۆنێرە، وەکو لۆرت[٨] دەژێت.

گوێم لێ بوو، بێ ئەوەی ئاگام لە خۆ بێ بەدەنگێکی بیستراوەوە دەمگوت:

– مستەفا سەعید لە پاش مردن، لە دوای خۆیەوە، شەش دۆنم زەوی و سێ مانگاو گایەك و دوو گوێدرێژ و یانزە سەر بزن و پێنج مەڕ و سی دارخورما و بیست و سێ درەختی ئەکاسیاو مۆزو، دارگوێز و بیست و پێنج دار ترنج و ئەوەندەش پرتەقاڵ و نۆ ئیردەب[٩] گەنم و نۆش گەنمەشامی و

(٨) لۆرت: دەوڵەمەند و پارەدار، لە لۆرد (Lord)ی ئینگلیزییەوە هاتووە. (وەرگێڕ).

(٩) ئیردەب: پێوانەیەکە لە سوودان و میسر بۆ گەنم بەکاردەبرێ، دەکاتە (٢٤) تەشپی یا خود (٦٤) مەن. (وەرگێڕ).

خانوویەكی پێنج ژووری و دیوەخانێك و ژوورێكی لاكێشەیی لە خشتی سوور دروستكراو، پەنجەرەكانی كەسك و سەربانەكەی وەكو ژوورەكانی دی نەبوو، بەڵكو لە شێوەی پشتی گا سێگۆشە بوو، هەروەها ٩٣٧ جونەیهو ٣ قرووش و ٥ ملم پارەی وشكەی جێهێشت.

لە ساتێكدا هەندەی برووسكەیەك هەڵبێ و بكوژێتەوە، لە چاوانی كوڕە لاوەكەی بەرامبەرم ڕۆنیشتبوو، هەستێكی دیار و بەرچاوی ترس و تۆقینم بینی، ئەمەش لە زەقیی چاوی و، لەرزینی پیڵووەكانی و خاوبوونەوەی شەویلاگی. ئەگەر نەترسابێ بۆ لێی پرسیم:

– تۆ كوڕی ئەویت؟

هەروا ئەمەی لێ پرسیم، خۆیشی نەیزانی بۆ ئەم سێ وشەیەی لێ پرسیم، لە كاتێكدا چاكیش دەیزانی من كێم. هاوەڵی خوێندنم نەبوو، وەلێ هەردووكمان لە یەك كاتدا لە ئینگلتەرە بووین. لە زۆر بۆنەدا یەكترمان دەبینی و زیاد لە جارێك لە بارەكانی نایتسبریج پێكەوە بیرەمان دەخواردەوە. بەم شێوەیە لە ساتێكدا لە دەرەوەی سنووری شوێنكاتدا شتەكان لای ئەویش بوونە خەیاڵ. بەلای ئەوەوە هەموو شتێك ئەگەری ڕوودانی هەیە. ڕەنگبێ ئەو خۆی كوڕی مستەفا سەعید، یا برای یاخود ئامۆزای بێت. جیهان لەو ساتە كەمەدا، هەندەی چاوترووكانێك، تابڵێی شیمانەی تێدایە، وەك ئەوەی ئادەم و حەوا تازە لە بەهەشت كەوتبنە خوار.

ئەم هەموو شیمانانە لەسەر دۆخێك چەقیان بەست، ئەو دەمەی پێكەنی و جیهان گەڕایەوە بارەكەی جارانی. كەسانێكی سیما ناسراو و بەنێوبانگ و خودان پیشەی ناسراو، لە ژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەی خەرتوومی دەستپێكی وەرزی زستان. ئەویش پێكەنی و گوتی:

– چ شێتێكم! هەڵبەت تۆ نەكوڕی مستەفا سەعیدی و نەخزمیشیت، لە ژیانتدا ناویت نەبیستووە، لە بیرم چوو، ئێوەی شاعیران بیرڕۆیی و وەجدی خۆتان هەیە. بەخەم و كەسەرەوە بیرم كردەوە، بمەوێ و نەمەوێ

لای خەڵك شاعیرم، چونکە سێ ساڵ بەدوای ژیانی شاعیرێکی نەناسراوی ئینگلیزیدا عەوداڵ بووم. هەر کە گەڕایشمەوە بەرلەوەی بەرزم بکەنەوە بۆ پشکنیاری قوتابخانە سەرەتاییەکان، لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا وانەی ئەدەبی جاهیلیم دەگوتەوە.

کابرای ئینگلیز خۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی ئەو هیچ لە بارەی ڕاست و دروستیی ڕۆڵی مستەفا سەعیدەوە لە پیلانەکانی سیاسەتی ئینگلیز لە سوودان نازانێت، چونکە مستەفا سەعید ئابووریزان نەبوو تا پشتی پێ ببەسترێ:

– من هەندێك لەو نووسراوانەیم خوێندبووەوە، کە ناوی نابوو ئابووریی کۆڵۆنیالی.

سیفەتی زاڵ بەسەر نووسینەکانیا ئەوەبوو، کە ئامارەکانی جێی پشت پێ بەستن نەبوون، ئەو سەر بەقوتابخانەی ئابووریزانە فابییەکان بوو. ئەوانەی لە پشت پەردەی گشتاندنەوە، لە ترسی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕاستییانەی بەژمارە پشت ئەستوور بوون، خۆیان مەڵاس دابوو. دادپەروەریی، یەکسانی، سۆشیالیزم... تەنیا وشە ڕیزکردن بوون.

پیاوی ئابووریناس نە نووسەرێکی وەکو چارلز دیکنزە، نەسیاسییەکی وەك ڕۆزەفێڵتیشە. ئامرازێکە، ئامێرێکە، بێ فاکت و ژمارە و ئامار هیچ بایەخێکی نابێت. ئەویەڕی پێی بکرێ دیارکردنی پێوەندیی نێوان ڕاستییەك و ڕاستییەکی تر و ژمارەیەك و ژمارەیەکی ترە. یاخود وا لە ژمارەکان بکەی شتێکی دی بڵێن، ئەوە ئیشی دەسەڵاتداران و پیاوانی سیاسەتە. جیهان ئیتر ئاتاجی پیاوانی زیاتری سیاسەت نییە.

نا. ئەم مستەفا سەعیدە لەو ئابووریزانانە نەبوو پشتی پێ ببەسترێ. لێم پرسی داخۆ بەخزمەتی مستەفا سەعید گەیشتووە؟

– نەخێر. بەخزمەتی نەگەیشتم. ئەو بەر لەوەی من وەربگیرێم

ئۆکسفۆردی تەواوکرد. وەلێ لێرەو لەوێ هەندێکم لەسەری بیستبوو. پێ دەچێ مێبازێکی بەرباد بووبێ. ئەفسانەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو. پیاوە ڕەشە قۆزەکە، نازندەی ناوەندە بۆهیمییەکان بوو. لەوە دەچوو سیمای ئەندامانی چینی ئەرستۆکرات بووبێت، ئەوانەی لە بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا خۆیان بەلیبراڵ دەزانی. دەڵێن گوایا هاوەڵی فلان یا فیسار لۆرد بووە. هەروەها بەلای چەپی ئینگلیزییەوە یەکێك بووە لە ماقووڵەکان. ئەمەش یەکێك بووە لە بەدبەختییەکانی، چونکە دەڵێن زۆر زیرەك بووە. لەسەر ڕووی زەوی لە ئابووریناسە چەپەکان خراپتر نییە، تەنانەت پۆستە ئاکادیمییەکەیشی (بەتەواوی نازانم چی بووە)، وابزانم هەر لە ڕێگەی واوە بەدەستی هێناوە. وەك چۆن بیانەوێ بڵێن:

– بڕوانن، ئێمە چەند لێبوردە و ئازادیخوازین! ئەم پیاوە ئەفریقییە وەك ئەوەی یەکێك بێ لە ئێمە! کچمانی خواستووە و بێ جیاوازی لەگەڵماندا کار دەکات. گەر پێ بزانن ئەم جۆرە ئەوروپییانە باشترنین لەو شێتانەی بڕوایان بە باڵا دەستیی پیاوی سپی پێستە لە خوارووی ئەفریقیاو ولایەتەکانی خوارووی ئەمریکا. هەمان ئەو وزە سۆز ئامێزە توندڕەوەی ڕوودەکاتە ئەوپەڕی ڕاست یاخود ئەوپەڕی چەپ، خۆ ئەگەر تەنیا بۆ زانست تەرخان بوایا، ئەوا هاوەڵی ڕاستەقینەی لە هەموو ڕەگەزەکان دەدۆزییەوە، ئەو کات ئێوەش لێرە دەتانبیست. هەڵبەت دەگەڕایەوە و بەزانستەکەی سوودی بەم شارە دەگەیاند، کە چەندە شتی پڕوپووچ بەسەریدا زاڵە. ئەوەتا ئێوە خۆتان بڕواتان بەپڕوپووچ و ئەفسانە لە جۆری تازە هەیە. ئەفسانەی دروستکردن، ئەفسانەی خۆماڵیکردن، ئەفسانەی یەکێتیی عەرەبی، ئەفسانەی یەکێتیی ئەفریقی. ئێوە وەك منداڵ بڕواتان وایە کە لەناخی زەویدا گەنجینەیەك هەیە بەموعجیزە دەستتان دەکەوێت و گرفتەکانتانی پێ چارەسەر دەکەن و بەهەشتێك بنیات دەنێن. خەیاڵ. زیندەخەو. ئەمەش لە ڕێگەی فاکت و هەژمارە و ئامارەکانەوە.

دەکرێ بە واقعەی خۆتان قایل بن و لەگەڵیدا هەڵبکەن و لە سنووری تواناتاندا هەوڵی گۆڕانی بدەن. لە توانای پیاوێکی وەك مستەفا سەعید بوو نەخشێکی بەرچاو لەم ڕێگەیەدا بگێڕێت، هەرچەندە ئەو نەبووە گاڵتەجارِ بەدەست برێك ئینگلیزی کەم ئەقڵەوە.

لە کاتێکدا مەنسوور بەرپەرچی ڕایەکانی ڕیچاردی دەداوە، من بیرم دەکردەوە، گفتوگۆ سوودی چییە؟ ئەم ڕیچاردەیش وەك ئەو دەمارگیرە. هەریەکەیان و بەشێوەیەك لە شێوەکان دەمارگیریی تێدایە. ڕەنگبێ بڕوا بەو قسە پڕوپووچانەی بهێنین کە وتیانی، کەچی ئەو بڕوای بەپڕوپووچی نوێ هەیە، پڕوپووچی هاوچەرخ، ئەویش درۆ و دەلەسەی ئامارەکانە.

مادامەکی بڕوامان بە خوا هەیە، خوایەك دەستی بەهەموو شتەکان دەگات. هەرچی ئامارەکانن...!

پیاوی سپی، هەر لەبەرئەوەی لە مێژوومان‌دا ساڵانێك فەرمانڕەواییان کردووین، تا ماوەیەکی زۆریش بەو چاوەوە لێمان دەڕوانن، کە دەسەڵاتدار لە ژێردەستەکەی دەڕوانێ. مستەفا سەعید پێی گوتن: من وەکو داگیرکەرێك هاتوومە.

هەڵبەت ئەمە دەستەواژەیێکی میلۆدرامییە. وەلێ هاتنەکەی ئەوانیش، کارەسات نەبوو بەو شێوەیەی ئێمە بۆی چووینە، نیعمەتیش نییە وەکو خۆیان دەڵێن. کارێکی میلۆدرامی بوو، بەتێپەڕ بوونی ڕۆژگار دەبێتە ئەفسانەیەکی گەورە. گوێم لێ بوو مەنسوور بە ڕیچاردی دەگوت:

– ئێوە پەتای ئابوورییە سەرمایەدارییەکەی خۆتان بۆ ئێمە گواستەوە. جگە لە چەند کۆمپانیایەکی کولۆنیالی، کە خوێنمانیان مژی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چیتان دا پێمان؟.

ڕیچاردیش باگوی داوە:

– تێکڕا ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، کە ئێوە بێ ئێمە هەڵناکەن. بۆڵە و

سکالاتـان بوو بـه دەست کۆڵۆنیـالیزمـەوە. هـەر کە دەریشچووین، ئەفسانـەی کۆڵۆنیـالیزمـی پـەنهانتـان داهێنـا، دیـارە بوونمـان بـەشێوەیـەکی بـەرچـاو و شـاراوەش، چوون ئـاو و هـەوا پێویستـە بۆتـان.

هـەردووکیـان لـە یەکدی تووڕە نـەبووبوون. قسـەی لـەم بـابـەتـەیـان دەکرد و لـە دووریـی بـەرد هـاوێژێکەوە لـە هێڵی یـەکسـان[10] قـاقـا پێدەکەنین. لـەکاتێکدا هـەڵدێرێکی گەورەی مێژوویی لێکی دادەبڕین.

(١٠) هێڵی یەکسان – هێڵی پشتێنی: خط الأستواء (وەرگێڕ).

٤

توخوا بەڕێزان تکایەکم لێتان هەیە، هەرگیز ئەوەتان بەبیردا نەیەت، کە مستەفا سەعید بووەتە مەراقێك و لێم نابێتەوە، جاری وا بووە چەند مانگێك تێپەڕیوە بێ ئەوەی بەمێشکما هاتبێت، کە مردووە. ئیدی بەخنکان مردبێت یا خۆی کوشتبێت، مەگەر خوا خۆی بزانێت. ڕۆژانە بەهەزارەها کەس دەمرن. ئەگەر لێی بکۆڵینەوە هەریەکە بۆچی مرد و چۆن چۆنی مرد، ئەی باشە ئێمەی زیندوو چیمان بەسەر دێت؟ بەحەزی خۆمان بێ یا بەتۆپزی دنیا ناوەستێ. منیش وەکو ملیۆنان بەشەر، ڕێدەکەم، زۆرجار بەحوکمی دابونەریت دەجوولێمەوە. لە کاروانێکی درێژدا سەردەکەوی و دادەبەزی، بار دەخەیت، یاخود دەڕۆیت. ژیان لەم کاروانەیا هەمووی خراپە نییە. هەڵبەت ئێوە بەخۆتان ئەمە دەزانن. لەوانەیە ڕێکردن بەڕۆژ دژوار بێت. بیابانەکان لە بەرچاومان درێژ دەبنەوە و دەڵێی دەریایێلێکی بێ کەنارن. شڵپەی ئارەقەمان دێت و لە توێنێتییا قوڕگمان هیشك دەبێت. ئیدی دەگەینە ئەو شوێنەی وا دەزانین ئەمە کۆتایی دنیایە. پاشان ڕۆژ ئاوا دەبێ و بایەکەی ساردی دەکات، بەملیۆنان ئەستێرە دەدرەوشێنەوە. ئێمە دەمان خواردو دەمان خواردەوە و گۆرانیمان دەچڕی. هەندێکمان لە دوای مامە شێخەوە نوێژمان دابەستابوو. چەند یەکێ لە ئێمەش بازنەیەکمان دروست کردبووو هەڵدەپەڕین و گۆرانیمان دەگوت و چەپڵەمان دەکوتی. ئاسمانێکی گەرموگوڕی کشومات بەسەر سەرمانەوە کشاوە. جار بەجار تا بمانتوانیایە بە شەو پیاسەمان دەکرد. کاتێ گزنگی دەدا دەمانگوت: «لەگەڵ گزنگی بەیانیانا خەڵکەکە دەستی پێزانین و سوپاسگوزارییان بۆ ئاسمان پەل دەکەنەوە». هەرچەندە هەندێك جار سەراب فریوی دەداین و وێنە سوور

هـەڵـگـەڕاوەکـانـمـان لـە ژێر کـاریگـەریی گـەرمـا و تـینـوێتیدا جـار بـە جـار بـەهـەنـدێك بـۆچـوونـدا ڕۆدەچـن، کـە بـێ هـیـچ یـەك و دوویـەك فـرپـان بەڕاستییەوە نییە. تارماییەکانی شەو لەگەڵ سپێدەی بەیاندا بەهەڵم دەبن و قرچەی گەرماکە لە ڕۆژدا لەگەڵ نەرمەبای شەودا سارد دەبووەوە. چارەی لـەمـە بـاشتـر هـەیـە؟ بـەم ئـاوایـە مـن سالّـی دوو هـەیـڤـانـم لـەو گـونـدە خنجیلانەیەی پێچەکەی نیلدا بەسەر دەبرد. ڕووبارەکە دوای ئەوەی لە باشوورەوە بەرەو باکور دەکشا، لە پڕ لە گۆشەیەکی نیمچە ڕاستدا پێچی دەکردەوە و لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوە. لێرەوە ئاوەڕۆکەی بـەرفـراوان و قـووڵ دەبـێتـەوە. نـاوەڕاستـی ڕووبـارەکـەش پـڕە لـە دورگـەی بـچـووك بـچـووکی سەوز، بـاڵـندەی سپی بـەسەریـانـا دەخـولانـەوە. ئـەملاو ئەولاشی دارستانی چڕی پڕ لە دارخورما و جۆگەلەیە، هەروەها ترومپای ئاویشی لێیە. زەلامەکان بە زگی ڕووت و شەرواڵی درێژەوە دار دەبڕنەوە، یاخود دار دەچێنن، ئەو کاتی کەشتییەکە وەکو قەلایەکی سەر ئاوکەوتوو لە ناوەڕاستی نیلدا بەتەنیشتیانا تێدەپەڕێ، ملیان درێژ دەکەنەوە و تاوێك لێی دەڕوانن و پاشان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. حەفتەی جارێك وەختی چێشتەنگاو بێرەدا تێدەپەڕێ، تا ئێستاش لە ژێر سێبەری ئەو دارخورمایەی، کە وێنەکەی لە ئاوەکەدا لەگەڵ ئەو شەپۆلانەی وەگەڕهێنەکانی (مەکینە) پاپۆڕەکە دروستیان دەکەن، دەشکێنەوە. ئاژێرە دەنگ گڕەکەی دەخاتە گەڕ، کەسوکارم دەیبیستن و لەو کاتەدا خەریکی قاوە خواردنەوەی بەیانیانن. وێستگەکە لە دوورەوە دەڵێی شۆستەیەکی سپییە ڕیزێك درەختی هەنجیرە سوورەی لـێ ڕوواون. لـە کـەنـارەکـانیشەوە جـووڵـەیـەکی بـەرچـاو دەبـینـی، هەندێك بەسەر گوێ درێژەوە دەبینی و هەندێکیشیان بە پا دەیکوتن.

بـەڵـەم و کـەشتیـی چـارۆکـەدار لـە ڕۆخـەکـەی هـەمـبـەر بـەوێستگـەکـە لـە هـاتوچۆدان. پـاپۆڕەکە بـەدەوری خـۆیـا دەسووڕێتـەوە، تـا وە گـەڕهێنەکـان لەگەڵ تەوژمی ئاوەکەیا نەبن. جەماوەرێکی مامناوەندی لە پیاو و ژن لە

پـێشوازیدا دەبن. ئـەوە بـاوكمـە ئـەوانـەش مـامـم و ئـامـۆزاكـانـمن، ئـەوەتـا كەرەكانيان بەدار هەنجيرەكەوە بەستوونەتەوە. ئەمجارەيان تەم لێكمان جویٚ ناكاتـەوە، من لـە دوای بزربوونێكی حـەوت مـانگی لـە خـەرتوومـەوە هـاتـووم، بـەچـاوی خـۆم دەيـانـبـيـنـم. ديشداشەكـانـيـان هـەرچـەنـدە ئـوتـی نـەكرابـوون، وەلـیٚ پـاك و خـاوێـنـيـان پـێوە ديـاربـوون، مـێزەرەكـانـيـان لـە ديشداشەكانيشيان سپيتر دەچوونەوە، سمێڵەكانيان لە نێوان كورت و درێژ و ڕەش و سپيا بوون. هـەندێكيان ڕيشيان هێشتبووەوە، ئەوانـەيشی ڕيشيان بەرنەدابووەوە، لەبەر تەمبەڵی ڕيشەكانيان نەتاشيبوون. لە نێوان گویٚ درێژەكـانـيـانـدا مـاكـەرێكی ڕەشيـان تـيـابـوو پـێشتـرم نـەبـيـنـيـبوو. بە خەمساردييەكەوە لە پاپۆڕەكەيان دەڕوانی كە لەنگەری دەگرت، ئاپۆراكە بەدوای شوێنی دابەزينەكەوە بوو، لە دەرەوە وەستاون و چاوەڕێم دەكەن، وەلیٚ هەڵپەی ديتنم ناكەن، بەپەلە تۆقە لەگەڵ خۆم و ژنەكەمدا دەكەن، كەچی كچە كۆرپەكەم ماچباران دەكەن، بەنۆرە ئەم دەست و ئەو دەستيان پـیٚ دەكـرد، تـا ئـەو دەمـەی بـەسواری كـەر بـەرەو گـونـديـان بـردين. لـەو دەمەوەی قوتابی بووم، ئەمە حاڵم بوو، هەرگيز دانەدەبڕام، تەنيا ئەو دابڕانە گەورەيە نەبیٚ، كە باسم بۆ كردن.

لە ڕێگەمان بەرەو گوند لە بارەی كەرە ڕەشەوە پرسيارم لیٚ كردن، باوكم گوتی:

– عارەبێكی دەشتەكی فێڵی لە مامت كردو كەرە سپييەكەی، بە خۆت بينيبووت، لەگەڵ پێنج جونەيهـ سەرانەی لیٚ سەند.

نـەمـزانـی كـام یـەكـیٚ لـە مـامـەكـانـم بـوو عـارەبێكی دەشتـەكی هـەڵـی خەڵەتاندبوو، گوێم لە دەنگی مامەم عدبدولكەريم بوو دەيگوت:

– بەتەڵاقم ئەمە جوانترين ماكەری ئەم شارەيە. بابە ئەمە ماينە ماكەر نييە. ئەگەر بمەویٚ بيفرۆشم، هەيە سی جونەيهی پیٚ دەدات.

مامم عەبدولڕەحمان بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئەگەر ماینیش بێت ئەوا نەزۆکە. نەعلەت لە ماکەری نەزاو.

پرسیاری بەروبوومی ئەمساڵی خورمام لێ کردن، هەرچەندە لە پێشەوە وەڵامەکەیان دەزانم:

– خێری نییە.

هەموویان ئەمە بەیەك دەنگ دەڵێن و هەموو ساڵێکیش هەمان وەڵامە. خۆمن باش دەزانم وانییە و بەپێچەوانەوەیە. بەتەنیشت بینایەکی لە خشتی سوور دروستکراودا ڕەت بووین، کە لە ڕۆخ ڕووبارەکەوە بوو، پرسیارم لێ کردن، عەبدولمەنانی مامم گوتی:

– نەخۆشخانەیەکە ناتوانن تەواوی بکەن. حکوومەتی چی؟ قسەی قۆڕ.

پێم گوت من بەر لە حەوت مانگ لێرە بووم، هێشتا دەستیان پێ نەکردبوو. مامم عەبدولمەنان کە گوێی بەم قسانە نادا، گوتی:

– ئەوی بیباتەوە دوو سێ ساڵ جارێك بە جەماوەر و لۆری و لافیتەیانەوە دێن... بژی فلان، بڕووخێ فیسار. وەختی ئینگلیز سەرمان سووك بوو و ئاگامان لەم بەزم و ڕەزمە نەبوو.

کورە خۆ هەر بەڕاستی کۆمەڵە خەڵکێك لە لۆرییە شڕەیەکدا بەتەکماندا ڕەت بوون و هوتافیان دەکێشا:

– بژی حزبی سۆشیال دیموکراتی نیشتیمانی.

ئەمە ئەوانەن کە لە کتێبدا بە(جووتیاران) ناویان دەبرێن؟ ئەگەر بەباپیرەم بێژم شۆڕشەکان بەناوی ئەمانەوە دەکرێن و حکوومەتەکانیش لە پێناو ئەماندا دێن و دەڕۆن، ئەوا لە تریقەی پێکەنین دەدات، دیارە کەوا بیرۆکەکە هەر بەڕاستی نەشیاوە، هەروەك چۆن ژیان و مردنی مستەفا سەعیدیش لە شوێنێکی وادا، لەوە دەکا نەچێتە عەقڵەوە.

مستەفا سەعید سەری بچوایا نوێژی ناچوو، لە مزگەوتیش نەبوایا نوێژی نەدەکرد. بۆچی زیاد لە پێویست ئەو ڕۆڵە پێکەنین هێنەرەی دەگێڕا؟ دەبێ هەر بۆ ئاسوودەیی هاتبێتە ئەم دێیە دوورە دەستە؟ ڕەنگە وەڵامەکەی لەو ژوورە لاکێشەییە پەنجەرە کەسکەدا بدۆزینەوە.

بەتەمای چی بم؟ داخۆ بەتەمای ئەوەبم بەتەنیا لە تاریکیدا بەسەر کورسییەکەوە بیبینمەوە؟ یاخود بە هەڵواسراویی بیبینم، گەردنی بە پەتێکەوە کراوە و بە بنمچەکەیا ئاوێزان بووە؟

ئەی ئەو نامەیەی لە زەرفێکدا بەجێی هێشتبوو و بەمۆمی سوور مۆرکرابوو، کەی نووسی؟ «من ژن و هەردوو کوڕەکەم و ماڵ و ملکی دنیام لای تۆ بەجێ دێڵم، چونکە چاك دەزانم تۆ چەند سەرڕاست و دەستپاکی. چی سەروەت و سامانم هەیە ژنەکەم پێ دەزانێ، ئازادە چی لێ دەکات. لە ژیری و داناییەکەی دڵنیام. وەلێ داوای ئەم خزمەتەت بۆ کەسێك لێ دەکەم، پێ ڕانەگەیشت وەکو پێویست بتناسێ، تا مشووری ماڵەوەمان بخۆیت و پشت و پەناو ڕابەر و ئامۆژگاریکەری کوڕەکانم بیت و تا پێتدەکرێ لە مەینەتیی سەفەر دووریان بخەرەوە. لە دەردەسەریی گەشت بیانپارێزە. هەروەها هاوکارییان بکە با بەئاسایی نەشونما بکەن و کاری بەسوود بکەن. کلیلی ژووری تایبەتیی خۆمت بۆ جێدێڵم، بەڵکو ئەوەی بەدوویدا عەوداڵیت بیدۆزیتەوە. ئەز باش دەزانم تۆ خولیایەکی قووڵت تێدایە، تا شتی زیاتر لەبارەی منەوە بزانیت. من بەخۆم نازانم پاساوەکەی چییە. بەهەرحاڵ هەرچۆنێك بێت ژیانم پەند و ئامۆژگاری بۆ کەس نابێ. ئەگەر نەمزانیبا خەڵکەکە بەڕابردووم دەزانن، ئەو ڕابردووەی بووبووە کۆسپێك لە بەردەم ئەو ژیانەی لە ناویاندا خۆم بۆ خۆمم هەڵبژارد، ئیدی پاساوێك بۆ شاردنەوەی نەدەما. تۆش پشتت کردە ئەو پەیمانەی، ئەو شەوە لەگەڵ خۆتدا بەستت. تکایە بە ئارەزووی دڵی خۆت قسان بکە.

ئـەگـەریش هــەر نــەکــارای بــەرەو ڕووی ئـەو سووسەکـردنـەی نـاخت بووەستیتەوە، ئەوا لەو ژوورەی لە خۆم زێتر کەس سەری پێدا نەکردووە، پارچە کاغەزی پرشوبڵاو و هەوڵی نووسینی یاداشتەکان و شتی دی دەبینی. بەهەرحاڵ ئومێدەوارم یارمەتیت بدات لە بەسەر بردنی ئەو چەند سەعاتەی هۆیەکی باشتر نابینیتەوە بۆ بەسەر بردنیان.

من ئەو کاتە شیاوەی دایدەنێی تا کلیلی ژوورەکە بەهەردوو کوڕەکەم بدەیت و یارمەتییان بدەیت تا لە ڕاستیی مەسەلەکە بگەن، بۆ خۆت جێ دەهێڵم. بەلامەوە گرنگە بزانن باوکیان چ جۆرە پیاوێك بوو (ئەگەر لە ئەسڵدا بشێ شتی وا بکرێ)، ئامانجیشم ئەوە نییە بەفریشتەم تێبگەن، ئەوە دوا شتە بیری لێ دەکەمەوە، وەلێ ڕەنگە ئەوە یارمەتییان بدات زیاتر لە حەقیقەتی خۆیان بگەن، بەڵام ئەمەش لەو کاتەیا کە زانیاری جێگەی مەترسی نەبێت. ئەگەر گەشەیان کرد و تێربوون بەهەوای وڵات و مەستبوون بە بۆن و ڕەنگ و مێژوو و سیمای خەڵکەکە و یاداشتی سێڵاوەکانی و دروێنە و کشتوکاڵی، ئـەوا ژیـانـم شوێنـی ڕاسـتـەقـینـەی خـۆی دەگرێتـەوە، وەکو شتێك سەرەڕای ماناکانی تری، مانای دیشی هەبێ و گوزارشت لە شتی قووڵتر بکات. نـازانـم ئـەو دەمـە چـۆن بـیـر لـە مـن دەکـەنـەوە. وێـچـێ پـیـامـا هـەڵبدەن و بەخەیاڵی خۆیان بمکەنە پاڵەوان. ئەم شتانە بەلای منەوە بایەخێکیان نییە. ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە ژیانی من وەکو ڕۆحێکی شەڕانگێز لە شوێنێکی نادیارەوە نەهاتووە، تا ئازاریان پێ بگەیەنێت. چەندم حەز دەکرد لـەگـەڵـیـانـدا بـمـامـایـەتـەوە، چـاودێرییـانـم بـکـردایـا و بـەبـەر چـاومـەوە پێبگەیشتنایا و هەر هیچ نەبوایا پاساوێك دەبوون بۆ بوونم. بەخۆم نازانم کامیان خۆپەرستیی زیاتری تێدایە، مانەوەم یاخود ڕۆیشتنم.

بەهەرحاڵ من هیچ چارێکم نییە، ڕەنگە ئەگەر بیر خۆتی بێنیتەوە ئەو شەوە چـیـم پـێ گـوتـی، ئـەوا لـە مـەبـەسـتـەکـەم دەگـەیت. پـێویست بـەخۆ هـەڵـخـەڵـەتـانـدن نـاکـات. تـا ئێسـتـاش ئـەو بـانـگـەوازە دوورەم لـە گوێدا

دەزرنگێتەوە. وامدەزانی ژیان و ژنهێنانم بێدەنگی دەکەن. دووریش نییە من خۆم هەروا خولْقابم، یاخود قەدەرم وایە، مانای هەرچییەك بدا، نازانم. من بەهزرم بڕیار لەسەر شتەکان دەدەم، ئەمەشم لەم ئاواییە لەگەڵ خەڵکە بەختەوەرەکەیدا جەڕباند. وەلیٰ شتە پەنهان و نادیارەکان لە ناو ڕۆح و خوێنما بەرەو ناوچەیێلێکی دوورم ڕادەپێچن کەوا لە بەرچاومن و ناکریٰ لە بیر بکرێن. وای لە حەسرەتی خۆم ئەگەر یەکیٰ لە منداڵەکانم یا هەردووکیان، پێبگەن و میکرۆبی ئەم دەردەیان هەڵگرتبیٰ، دەردە کۆچ. من ئەم ئەمانەتە بە تۆ دەسپێرم، چونکە وێنەی باپیرت تێدا دەبینمەوە. خزمە، من نازانم کەنگیٰ دەڕۆم، وەلیٰ وا هەست دەکەم وەخت و سەعاتی ڕۆیشتن هاتووە، ئیدی ماڵئاوا».

ئەگەر مستەفا سەعید کۆتایی هەڵبژاردبێت، ئەوا گەورەترین کاری میلۆدرامیی لە گێڕانەوەی ژیانیا بەکارهێناوە. خۆ ئەگەر شیمانەکەی تر ڕاست بێت، ئەوا سروشت ئەو کۆتاییەی بۆ هەڵبژاردووە، کە خۆی تەمای بوو.

قرچەی گەرمای مانگی سەختی تەمووز بێنەوە بەرچاوی خۆت. ڕووبارەکە بیٰ گوێدان وەك ئەوەی سی ساڵ بیٰ سێلاو هەڵنەستابیٰ، هەڵچوو. تاریکیی سەرجەم توخمەکانی سروشت لە توخمێکی سەربەخۆدا دەتوێنێتەوە، لە ڕووبارەکە کۆنتر و لەویش بیٰ پەرواترە. کۆتایی ئەم پاڵەوانە دەبیٰ بەم ئاوایە بێت. داخۆ ئەمە ئەو کۆتاییەیە، کە خۆی لێی دەگەڕا؟ ڕەنگە لە باکور ئەمەی بویستایا، ئەوپەڕی باکور، لە شەوێکی کڕێوە و لە ژێر ئاسمانێکی بیٰ ئەستێرەدا، لە نێو کۆمەڵێکدا کە بیٰ پەروایە لە کۆتایی داگیرکاران و وڵاتگراندا. وەلیٰ وەکو گوتیان سەرجەم سوێند خۆر و شایەد و پارێزەر و دادوەران هەر بۆ ئەوەی بێبەشی بکەن، پیلانیان دژی گێڕا. ئەو گوتی:

«کابرایەك لە بەرامبەر سوێند خۆران نەیدەویست بەرگری لە خۆی بکات، پیاوێك بوو حەزی ژیانی لە دەست دابوو.

من ئەو شەوە دوودڵ بووم، کاتێ جین چرپاندی بەگوێما «وەرە لەگەڵما. وەرە». ئەو شەوە ژیانم وا پڕ بووبوو، هیچ پاساوێك بۆ مانەوەم نەمابووەوە. کەچی دوودڵ بووم و لە دوا ساتدا ترس دایگرتم. ئاواتم ئەوە بوو ئەوی بەخۆم نەکرا دادگە پێمی ببەخشێ. چوون هەستیان پێ کردبێ، بڕیاریان دا دوا ئاواتم نەهێننە دی. تەنانەت کۆڵۆنێل هامۆندیش، کە چاوەڕێی شتی چاکم لێ دەکرد، باسی سەردانەکەمی بۆ لایان لە لیڤەرپووڵ کرد، کە چەند منی بەدڵا چووە. گوتی خۆی بەکەسێکی لیبراڵ دەزانێت و هەمووان بۆ ئەو وەك یەکن و دژ بەلایەك لایەنگیریی لایەکی دی ناکات، وەلێ کەسێکی واقعبینەو هەر زوو گوتی هاوسەرگیرییەکی وا ئاکامەکەی باش نابێت. هەروەها گوتی ئانی کچی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کەوتووەتە ژێر کاریگەریی فەلسەفە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە و دوودڵ بوو لە نێوان بوودایی‌بوون، یاخود موسڵمان بوونەوە. ئەو ناتوانێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات داخۆ خۆ کوشتنەکەی بەهۆی قەیرانێکی ڕۆحییەوە بووە، یاخود لە سۆنگەی ئەوەی تەڵەکەبازیی مستەر مستەفای بەرامبەر بەخۆی بۆ دەرکەوتووە. ئان کچە تاقانەی بوو. کاتێ ناسیم تەمەنی لە خوار بیست ساڵییەوە بوو. فریوم دا، دەسخەڕۆم کردو پێم گوت دەتخوازم و هاوسەرگیرییەکەمان دەبێتە پردێك لە نێوان باکور و باشووردا. پشکۆی ڕوانینی چاوە سەوزەکانیم کرد بە خۆڵەمێش. ئینجاش باوکی لە ناوەڕاستی دادگەدا دەوەستێ و بەدەنگێکی هێمنانەوە دەڵێت، ناتوانێ بڕیار بدات و بیبڕێنێتەوە. ئەمەیە دادپەروەری و دەستووری یاری، وەکو یاساکانی جەنگ و بێلایەنی لە شەڕدا. ئەمە ئەو هێزەیە، کە بەرگی بەزەیی دەپۆشێت».

بەهەرحاڵ تەنیا حەوت ساڵیان دا بەتەنگەیا و ڕێگەیان نەدا ئەو بڕیارەی بەسەردا بدرێت، کە دەبوو بەویستی خۆی بەسەر خۆیدا بدات. لە بەندیخانە دەرچێ و ئاوارەی شوێنان بێ؛ هەر لە پاریس و کۆپنهاگن و دەلهییەوە تا بانکۆك، دەیەوێ خۆی بپەڕێنێتەوە و پێچی لێ دا. دوای

ئەمەش لە کوێرە دێیەکی دەم نیل دوایی دێ و پیاو ناتوانێ ئەوە یەکلا بکاتەوە داخۆ مردنەکەی بێ هۆ بوو، یاخود بەئارەزووی خۆی پەردەی لەسەر ژیانی خۆی دادایەوە. هەرچی من بووم بۆ ئەوە نەهاتبووم، تا بیر لە مستەفا سەعید بکەمەوە، ئا ئەوەتا ماڵە قورە پێکەوە نووساوەکانی گوندەکە لە پێشمانەوە ملیان قوت کردووەتەوە و سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکەن، گوێدرێژەکانیشمان بەخۆ کەوتن، چونکە بۆنی وێنجە و ئالف و ئاویان بەلووتدا هات. ئەم ماڵانە لە قەراغی بیابانەکەن، هەر دەڵێی لە دێرزەمانەوە خەڵکانێك ویستوویانە لێرە نیشتەجێبن، پاشان دەستیان لێ شوشتووە و لەز ئێرەیان جێهێشتووە. ئالێرەوە شتەکان دەست پێدەکەن و هەر لێرەشدا ون دەبن. سۆزەیەکی شێیا بەرۆژی نیوەرۆ لای ڕووبارەکە دێ، لە جیهانێکی لێوان لێو لە درۆ، دەڵێی نیوەی ڕاستییە.

دەنگی خەڵك و باڵندە و گیانەوەران چوون چرپە چرپ، بەئاستەم دەبیسترێن، تەقوهۆڕی بەردەوامی ترومپاکە هەستی مەحاڵت لە لا بەتینتر دەکات.

ڕووبارەکەش، ئەو ڕووبارەی بێ بوونی ئەو نە سەرەتا دەبوو و نە کۆتایی، بەرەو باکور دەکشێ، بەسەر هیچا باناداتەوە، لەوانەیە شاخێك لە پێشی قوتەوە بێ، ئەوا لای ڕۆژهەڵات دەگرێ، یاخود ڕەنگە شیوێك بێتە بەردەمی، ئەوسا بەلای ڕۆژئاوایا پێچ دەداتەوە، وەلێ زوو یا درەنگ لە ڕەوتی ڕۆیشتنە حەتمێکەیدا جێگیر دەبێ و لە باکورەوە لای دەریا دەگرێت.

## ٥

سەر لە بەیانی زوو لە بەردەرکەی ماڵی باپیرم وەستام، کۆنە دەرگایەکی گەورەی لە دارگوێز دروستکراو، هەر هیچ نەبێ داری درەختێکی تەواوی تێچووە. ودلبەسیری. ئەندازیاری گوند، کە دارتاشیی لە قوتابخانە فێر نەبووبوو، دروستی کردبوو، هەروەها چەرخ و دەولکی ناعووری چێ دەکرد و ئێسکی دەگرتەوە و داخی دەکرد و بەکەڵە شاخیش خوێنی دەگرت. جگە لەوەی تایبەتمەند بوو لە پەسەندکردن و هەڵبژاردنی گوێدرێژدا، لە گوند کەم کەس هەبوون ماکەریان بکڕیایا و پرسیان پێ نەکردایا. ودلبەسیر تا نهۆش لە ژیاندایە، وەلێ هەنووکە ناتوانێ دەرکەی لەوەی ماڵی باپیرم چێ بکات، دوای ئەوەی نەوەی نوێی خەڵکی شار دەرگای داری زان و دەرگای ئاسنیان دۆزییەوە و لە ئوم دەرمانەوە دەیانهێنان. ناعوور و بەکرەو خولخولەش لە سۆنگەی هاوردنی ترومپای ئاوەوە بازاڕیان شکابوو، گوێم لە قاقای پێکەنینیان بوو، پێکەنینە لاوازە دەرپەڕیوەکەی باپیرەم ئەو کاتی زەوقی لە جێی خۆیدا دەبوو، ناسییەوە و لە پێکەنینەکەی ودلڕەیسم جیاکردەوە، کە لە ورگە هەمیشە تێرەکەیەوە دەردەپەڕی، هەروەها پێکەنینەکەی بەکری، کە ڕەنگ و تامی لەو مەجلیسە وەردەگرت کە خۆی لێی بوو. یا پێکەنینە توند و پیاوانەکەی کچەی مەجزووب. وام بەبیردا هات وا باپیرەم لەسەر بەرماڵە فەرووەکەی دانیشتووە و تەسبێحە سەندەڵییەکەی بەدەستەوەیە و بەردەوام وەکو مێشوولەی دەم جۆگە دەیهێنا و دەیبرد. کچەی مەجزووب و ودلڕەیس و بەکری، هاوەڵە دێرینەکانی، لەسەر جێیە نەوییەکانیان، کە تەنیا دوو بستان لە زەوییەکەوە بەرز بوون، دانیشتبوون. بەلای بابامەوە، بڵندیی جێگە لە زەوییەوە لە لووت بەرزییەوەیە و نزمیشی

لـه خـاکـه ڕایـیـیـەوەیـە. کـچـەی مـەجـزووب خـۆی دابـووە سەر ئـانیشکیـا، جـگـەرەیـەکیش بـەدەستـەکـەی تـریـیـەوە بـوو. ودلـڕەیس دەتـگـوت هـەقـایـەتـە نەگریسەکانی لەملا و لەولای سمێڵییەوە دەردێنێت. بەکرییش بۆ خۆی لێی دانیشتبوو متەقی لێوە نەدەهات. ئەم خانووە گەورەیە نە لە بەرد و نە لە خشتـی سوور بـوو، بـەڵـکـو لـە گـڵـە سوورە بـوو، لـە خـۆڵـی دەوروبـەری خـەرمـانـەکـە. ئـەمـەش بـەو مـۆز و ئـەکـاسیـایـانـەوە دیـاربـوو، کە لـە نـاو حەوشەکە ڕوابوون و ئەو ڕووەك و گیایەی کاتێ لە زەوییە کێڵراوەکەوە ئـاویـان پـێ گـەیشتـبـوو، لـە دیـوارەکـەوە سەریـان دەرهـێـنـابـوو. خـانـوویـەکی هـاکـەزایـی بـوو، هـەروا لـە کـۆڵ کـرابـووەوە، دوای ساڵانـێکـی درێژ ئـیـنـجـا گەیشتبووە ئەم حاڵەی: پڕ لە ژووری هەمە چەشن، هەندێکیان بنیات نزان و لە کاتی جیا جیادا یان بەپێی پێویست درابوونە دەم یەکەوە، یاخود بـاپـیـرم یـەك دوو عـانـەیـەکـی هـەبـووایـا نـەیدەزانـی چـی لـێ بـکـات، دەچوو ژووری پێ دروست دەکرد. ژوورێلێك یەك دەتی بردەوە سەر ئەوی دی. هەندێکیان دەرکەیان نزم بوون، بۆ چوونە ژوورەوە دەبوو داچەمێیتەوە، هـەنـدێـکـیشـیـان هـەر لـەبـنـەوە دەرگـایـان نـەبـوو. چـەنـد ژوورێك پـەنـجـەرەی زۆریان تێدا بوون، ئەوانی دیش بێ پەنجەرە بوون. دیوارەکانیان ساف و لووس بەتێکەڵەیەك لە لمی زبر و قوڕە ڕەش و تەپاڵە سواخ درابوون. سەربـانـیش بـەهـەمـان شێوە. بـنـمـیـچـەکـەش بـەقـەدی دارخـورمـا و داری ئەکاسیا و لقی دارخورما دارەڕا کرابوو. ماڵێکی پڕ لە پێچاوپێچ، لە هاوین سارد و لە زستان گەرم. ئەگەر لە دەرەوە دوور لە سۆز لێت بڕوانیایا، دەتگوت دەسەڵاتێکی بۆش و بەتاڵە و توانای بەپێوە خۆڕاگرتن و مانەوەی نییە، وەلێ بە شتێ بەسەر ڕۆژگاردا زاڵ دەبوو دەتگوت پەرجووە.

لە دەرگای حەوشەوە وەژوورکەوتم، بەڕاست و چەپا لە حەوشەکەم ڕوانی، هەندێك خورما لەبەر ڕۆژەکە هەڵخرابوون، لەولاشەوە پیاز و بیبەری سوور. لەولاتریشەوە جەواڵە گەنم و پاقلە ڕیزکرابوون، هەندێ لە جەواڵەکان

دەمیان دوورابوونەوە و هەندێکیشیان کراوە... لە کونجێکەوە بزنێك دەمی لە جۆیەکە ژەنیبوو و کارەکەیشی دەیمژی. چارەنووسی ئەم خانووە بەندە بەچارەنووسی کێڵگەکەوە، ئەگەر کێڵگەکە بەرهەمی بوو ئەوا ئاوەدانی رووی تێ دەکات، خۆ ئەگەر قات و قڕییش کێڵگەکەی گرتەوە، ئەوا پریشکی قات و قڕییەکە ماڵیش دەگرێتەوە. هەر کە دەچمە ژوورەوە ئەو بۆنە تایبەتەی ماڵی بابام بەلووتما دێت، تێکەڵەیەکە لە بۆنی پیاز و بیبەر و خورما و گەنم و پاقلە و لۆبیا و شملی، جگە لە بۆنی بوخور، کە لە بوخوردانە گڵینە گەورەکەوە دەهات. بۆنێك سۆفێتی و دنیا بە هیچ نەزانینی بابام و بەخشندەیی لە پێداویستییەکانی نوێژدا دەخستەوە بیرم.

ئەو فەرووەی نوێژی لەسەر دەکرد، لە کاتی سەرمادا دەیدا بەشانیا، کەوڵی سێ پڵینگ بوو، لێکدرابوون و پێکەوە دوورابوون. ئەو مەسینەیەی بەکاری دێنا حەوجۆش بوو، نەخش و نیگاری لەسەر هەڵکۆڵرابوو، تەشتەکەشی هەر حەوجۆش بوو.

ئەو زیاتر کەیف و شانازیی بە تەزبێحە سەندەڵەکەیەوە دەکرد، یاری ترقەی لە دەنکەکانییەوە دەهێنا، بەدەموچاویا دەیساوی و بۆنەکەی هەڵدەمژی. خۆ ئەگەر لە یەکێ لە نەوەکانی توورە ببوایا، بە تەسبێحەکەی دەیکێشا بەسەریا و دەیگوت ئەوە شەیتانی لێ دوور دەخاتەوە. هەموو ئەمانە وەکو ژوورەکانی ماڵەکەی و دارخورمای کێڵگەکەی، مێژوویەکیان هەیە. چەندین جار بابام بۆی گێڕاومەتەوە، لە هەر جارەیانیشدا هەندێکی لێ دەبڕی و هەندێکیشی دەخستە سەر.

لای دەرگاکەوە وەستابووم، لە هەموو جارەکاندا دوای گەڕانەوەم لە سەفەر، بیرهێنانەوەی تاسەی بینینی بابام، ختووکەی دەدام. هەستێکی خاوێنی ئاوێتە بە سەرسوڕمان، دەریدەخست کە ئەو سروشتە لە مێژینەیە هەرماوە، کاتێ باوەشی لێ دەدەم ئەو بۆنە بێ هاوتایەی، ئاوێتەیەکە لە بۆنوبەرامەی ئارامگەیەکی گەورەی گۆڕستان و بۆنی کۆرپەیەکی شیرە

خۆره. دەنگە کزە ئاسوودەکەشی، پردێك لە نێوان من و ئەو ساتە شپرزەیەی بەرێوەیە، دروست دەکات، ئەو ساتانەی ڕووداوەکانیان لە خۆگرتن و تێپەڕین، بوونە خشتێلی تەلارێك مەرام و ڕەهەندی تایبەت بەخۆی. بەپێوەری جیهانی پیشەسازیی ئەورووپی، ئێمە جووتیاری ڕەش و ڕووتین. وەلێ من کە باوەش بەباپیرما دەکەم هەست بەدەوڵەمەندی دەکەم، چوون تریەیەك بم لە لێدانی دڵی گەردوون خۆی. باپیرم داربەڕوویەکی بڵندی لق و پۆپدار نییە لە خاکێك ڕووابێت سروشت ئاو و فەڕی پێ بەخشیبێت، لێ ئەو وەکو درەختی سەییال[١١] لە بیابانەکانی سووداندا، توێکڵی ئەستوور و دڕکی تیژە، مەرگ دەبەزێنێت، چونکە دەستی بە ژیانەوە گرتووە، ئەمەش مایەی سەرسووڕمانە.

باپیرم سەرەڕای تاعوون و برسییەتی و جەنگ و گەندەڵیی دەسەڵاتداران، ئنجاش ژیا. ئەوەتا وا تەمەنی لە سەد ساڵ نزیك دەبێتەوە، ددانەکانی هێشتان ماون، دووچاوی کز و چکۆڵە، وا دەزانی هیچ نابینن، کەچی لە شەوی ئەنگوستە چاویشدا بڕ دەکەن، جەستە لاوازەکەی بەسەر یەکا کرژ بووەتەوە، ئێسك و خوێن و پێست و ماسوولکەیە، ڕەقوتەق پارچەیەك بەزی پێوە نابینی، هەر وادەکا خۆی هەڵدەداتە سەر پشتی کەرەکەی، سپێدەی ساڵحان بەپێیان لە ماڵەوە دەڕوا بۆ مزگەوت.

باپیرم بە لچکی کراسەکەی ئەو فرمێسکانەی سڕییەوە، کە لەبەر پێکەنین لە چاوی هاتبوون. دوای ئەوەی چاوەڕێیان کردم، تا شوێنێك بۆ خۆم بگرم و دانیشم، باپیرم گوتی:

– قەستەم بەخوا، ودلڕەیس بەسەرهاتەکەت تابڵێی سەیر و سەمەرەیە.

ئەمە ئاماژەیەك بوو بۆ ودلڕەیس تا لە گێڕانەوەکەی بەردەوام بێت، کە هاتنە ژوورەوەی من پێی بڕیبوو.

---

(١١) سەییال: سیال، دارێکی چڕوپڕی مامناوەندییە، لە میسر و حەبەشە و چەند وڵاتێکی عەرەبی دەڕوێت.(وەرگێڕ).

–دوای ئەوە، حاجی ئەحمەد چیت پێ بێژم، لەسەر گوێدرێژەکە کچەم نایە پێش خۆمەوە، دادوفیغانی بوو و خۆی نادا بەدەستەوە، جلەکانیم لەبەر دادڕی و ڕووتوقووتم کردەوە. فرزەندێك بوو لە داوێنی دایکێکی پێگەیشتووی پڕی تەڕ و پاراو کەوتبووە خوارێ.

حاجی ئەحمەد، مەمکی تیژ دەتگوت تفەنگە، کەفەڵیشی گەر باوەشت لێ دابا دەستەکانت ناگەیشتنەوە یەك. پێستێکی چەور و لووسی هەبوو، لەبەر مانگەکە بریقەی دەداوە و بۆنە خۆشەکەی پیاوی کاس دەکرد. لە لمەلانێکدا لە ناوەڕاست گەنمەشامییە جاڕەکە دام بەعەردا... ئەو کاتی لەسەری هەستام گوێم لە جووڵەیەك بوو لە ناو گەنمەشامییە جاڕەکەوە هات، بانگی کرد: کێیە لەوێ؟

حاجی ئەحمەد، شێتیی وەکو شێتیی لاوان نەبووە. خێرا بیرم کردەوە. خۆم کردە خێو. بەدەنگێکی شەیتانانە دەمنەڕاند و لمم دەپرژاند و دەملووراند، کابرا هەترەشی چوو و هەڵات. قوڕ پێوانەکە لەوەیا بوو هەر لەو دەمەی کەنیزەکەکەم لە شاییەکە ڕفاندبوو، تا گەیشتبووینە ناوچە لمینەکە، عیسای مامم شوێن پێی هەڵگرتبووم. کاتێ بینی خۆم کردووەتە خێو وەستا بوو دیقەتی دەدام. سەر لە بەیانی دووەمین ڕۆژ چووە لای باوکی ڕەحمەتیم، لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە و پێی گوت: ئەم کوڕەت شەیتانی ڕەجیمە، ئەگەرێکو هەر ئەمڕۆ ژنی بۆ نەدۆزینەوە، دنیا تێکدەداو حەیا و نامووسمان دەبا.

بۆیە هەر ئەو ڕۆژە کچەکەی مامم ڕەجەبیان لێ مارەکردم. خوا عافووی بکا، بەسەر یەکەم منداڵەوە چوو.

کچی مەجزووب بەدەنگە گرە نێرانەکەیەوە، کە لە زۆر جگەرەکێشانەوە وای لێهاتبوو، خەنییەوە و گوتی:

– بۆیە لەو ڕۆژەوە نێرەکەر ئاسا بەردەوام دەپەڕیت.

ودلڕەیس پێی گوت:

– کچی مەجزووب، داخۆ کەس هێندەی تۆ تامی ئەو شتە دەزانێ؟ تۆ بەخۆت هەشت پیاوت لە گۆڕناوە، ئێستاشی لەگەڵدابێ، دەستت بکەوێ ئۆخەی ناکەی.

باپیرم گوتی: بیستوومانە نازونووزی کچی مەجزووب شتێکە لە ئاوەز بەدەر.

کچی مەجزووب جگەرەیەکی پێکرد و گوتی:

– بە تەڵاقم حاجی ئەحمەد، کاتێ پیاوەکەم لە ناو لنگم درێژ دەبوو، قیژەیەکم دەکرد ڕەشە وڵاخەکان لە پشتیرەکەوە دەسڵەمینەوە.

تا ئەو کاتە بەکری تەنیا پێدەکەنی و هیچی نەدەگوت. گوتی:

– کچی مەجزووب قسەمان بۆ بکە، کام لە پیاوەکانت لە هەموویان باشتربوو؟

کچی مەجزووب یەکسەر باگوی داوە: ودلبەشیر.

بەکری گوتی: ودلبەشیری بۆگەنکاوی و مردەڵە؟ هەند بێ دەسەڵات بوو بزن نانی شێوانی دەخوارد.

کچی مەجزووب بەجووڵەیەکی شانۆیی بەقامکی سووتکە جگەرەکەی خستو گوتی:

– بە تەڵاقم، شتێکی هەبوو دەتگوت کوتەکە، کە تێی دەبریم، زەوی نەیدەگرتمە خۆ. دوای نوێژی شێوان لنگمی هەڵدەبری و تا بەربانگ تەختمی دەکرد. کاتێکیش حاڵ دەیگرت وەك گای بریندار دەیبۆڕاند، هەمیشە کە لە سەرم هەڵدەستا دەیگوت: بەهـ بەهـ کچی مەجزووب.

باپیرم پێی گوت: بۆیە لە هەڕەتی لاوی کوشتت.

کچی مەجزووب خەنییەوە و گوتی: من بۆ کوشتم؟ ئەجەلی خۆی کوشتی. ئەم شتە کەس ناکوژێ.

کچی مەجزووب ئافرەتێکی قۆزی ڕەشتاڵە بوو، دەتگوت قەدیفەی ڕەشە، تا ئێستا سەرەڕای ئەوەی نزیك بە حەفتا ساڵ دەبێت، ئینجاش ئاسەواری جوانیی تێدا نەچووەتەوە. کاتی خۆی لە جوانییا ناوبانگی دەرکردبوو، ژنان و پیاوان پێشبڕکێیان بوو تا گوێبیستی قسە پڕ لە بوێری و بێ پەردەکانی بن.

جگەرەی دەکێشا و دەیخواردەوە و وەك پیاو سێ بەسێ تەڵاقی دەخوارد.

دەڵێن گوایا دایکی کچی یەکێ لە سوڵتانەکان بووە. کچی مەجزووب شووی بەباشترین پیاوانی گوند کردووە، هەموویان مردوونە و ماڵ و سامانێکی باشیان بۆ جێهێشتووە. تەنیا کوڕێکی بووە، بەڵام کچێکی زۆری بووە، دایکیان ئاسا بەجوانییەکەیان و قسە لە ڕوویی ناویان دەرکردووە. دەگێڕنەوە؛ یەکێ لە کچەکانی بێ ڕەزامەندی ئەو شووی بەکابرایەك کرد. ڕەدووکەوت و دیار نەما. دوای نزیکەی ساڵێك، کە گەڕانەوە، کابرا ویستی بانگێشتی هەموو خزمانی ژنەکەی بکات. ژنەکەی پێی گوت:

– دایکم قسە لە ڕووە و شەرم ناکا، بۆیە وا باشترە بەتەنێ داوەتی بکەین.

کابرا بەرخێکی بۆ خەسووی دا بەعەرداو داوەتێکی باشی کرد. کچی مەجزووب دوای ئەوەی مڕبوو هەندەی خوارد و خواردەوە، بە بەرچاوی زاواکەیەوە بەکچەکەی گوت:

– کچم ئامینە. ئەم پیاوە دەرهەقت قسووری نەکردووە. شوێنت باشە و جلوبەرگت بێ قسوورە و دەست و گەردنت پڕن لە ئاڵتوون. بەڵام لە ڕوخساری دیارە ناتوانێ تێرت بکا. ئەگەر توای بەتەواویی تێربیت، ئەوا پیاوێکت بۆ دەدۆزمەوە، هەر کە بێتەلات وازت لێ نەهێنێ، تا لە چوار پەلت دەخات.

کابرا کە گوێی لەم قسەیە بوو، تووڕەبوونێك تووڕەبوو، هەر لەوێ سێ بەسێ ژنەکەی تەڵاق دا.

کچی مەجزووب بە ودلڕەیسی گوت:

– چیتە، ئەوە وا دوو ساڵە و خۆت بەژنێکەوە بەستووەتەوە؟ تاقەتت نەماوە؟

ودلڕەیس و باپیرم سەرنجیان گۆڕییەوە، لێ من دوایی لێیان گەیشتم، ودلڕەیس گوتی: ڕوخسار ڕوخساری پیرە ودڵیش دڵی لاو. دەبزانە بێوە ژنێك یاسمراوێکم بۆ نادۆزیتەوە؟

بەکری گوتی:

– ودلڕەیس با قسەیەك بۆ خوا بکەم، تۆ پیاوی ژنهێنان نیت. تۆ ئێستا کەنەفتەیەکی حەفتا ساڵەیت، نەوەکانت منالّیان هەراشن. شەرم ناکەی، هەموو ساڵێك زەماوەند دەکەی؟ دەبێ ویقارت هەبێ و ئامادەبی بۆ پێشوازیی خودای تەعالا.

کچی مەجزووب بەم قسەیە خەنییەوە و باپیریشم لەگەڵیا. ودلڕەیس بەتووڕە بوونێکی دروستکراوەوە گوتی: تۆ چی لەم مەسەلانە دەزانی؟ تۆ و حاجی ئەحمەد هەر یەکەتان بەتەنیا ژنێکەوە نووسابوون، کاتێ هەرتکیان مردن، لێتان گەڕاین، کەچی جورئەتتان نەبوو ژن بێنن. ئەم حاجی ئەحمەدی حازرییە، بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی نوێژکردن و تەزبێحاتە، دەڵێی بەهەشت بەتەنیا بۆ ئەو چێ بووە. ئەی بەکری تۆ، هەند سەرقاڵی پارە کۆکردنەوەی مەگەر مردن لە دەستی قوتارت بکات. خودای تەبارەك و تەعالا ژنهێنانی حەڵاڵ کردووە و تەڵاقیشی حەڵاڵ کردووە، دەفەرموێت بەو مانایەی، کە بەچاکە بیانبەن و بەچاکەیش لێیان جیا ببنەوە. لە قورئانا دەفەرموێت:

«النسوان والبنون زينة الحياة الدنيا».

بە ودلڕەیسم گوت: قورئان نەیفەرمووە «النسوان والبنون». بەڵکو گوتوویەتی «المال والبنون».

ئەویش گوتی: بەهەرحاڵ، چێژ نییە لە چێژی هاوسەرگیری خۆشتر بێت.

ودلرەیس بەوریاییيەوە دەستی بەسمێڵە کەوانەییيەکەیدا هێنا، پاشان بەدەستی چەپی ریشە چەرمووەکەی، کە لاجانگەکانی گرتبووەوە، سڕییەوە. رەنگی دەموچاوە رەشەکەی، کە دەتگوت رەنگی پێستی دەباغ کراوە، جیابوو لەگەڵ رەنگی ریشە لە چوری شیر کردووەکەی، بەشێوەیەك دەتگوت ریشی دەستکردە و بەدەموچاوییەوە لکێنراوە. رەنگی ریشە چەرمووەکەی تێکەڵ بەسپێتی مێزەرە گەورەکەی دەبوو، کە چوارچێوەیەکی زەقی هەبوو، سیمای دەموچاوی بەدیاردەخست: دووچاوی زیت و جوان و کەپوویەکی تیژ و رێك. ودلرەیس بە بەهانەی ئەوەی کل سوننەتە، چاوانی دەرشت، وەلێ وابزانم بۆ خۆشیی بوو. بەهەرحاڵ روخساریّ جوان و بەدەوی هەبوو، نەخاسمە لەگەڵ دەموچاوی باپیرم بەراوردت بکردایا، یاخود لەگەڵ روخساری بەکرییا پێکت چوواندبا، دەتگوت گندۆرەی بڵە. هەڵبەت ودلرەیس ئەمەی دەزانی. بیستبووم بەلاویی تا بڵێی کورێکی قیت و قۆز بووە و کچان بۆی لێ درابوون. هیچ کات چەند ژنە و تەڵاق بەلایەوە کێشە نەبوو. هەرچۆن بووایە دەیبردن. خۆ ئەگەر لێیان بپرسیایا، بەیەك وشە وەڵامی دەدانەوە:

– کەڵ تا نەپەرێ ناناسرێ.

ئەوی لە بیرم مابێ، لە ژنەکانی دەنقەلاوییەك لە خەندەق و هەدندۆیییەك لە غەزارف و ئەسیوپییەك لای کورە گەورەکەی لە خەرتووم خزمەتکاریی دەکرد، هەروەها ژنێکی نێجیری لە چوارەمین ساڵی حەجی بوو. کاتێ لێیان پرسی چۆنی خواست؟ گوتی لە ناو کەشتییەك لە نێوان پۆرسوودان و جەددە لەگەڵ مێردەکەیا بینی و چوونە دڵییەوە. وەلێ کابرا لە مەککە لە رۆژی وەستان لە کێوی عەرەفات گیانی لە دەست دا. کابرا لە سەرەمەرگا پێی گوت: ئەمانەتی تۆ و ژنەکەم.

ئەویش لە خواستنی باشتری نەدۆزییەوە. سێ ساڵی لەگەڵ ژیا. ئەمەش بۆ ودلڕەیس ماوەیەکی زۆر بوو. زۆری دڵ پێ خۆش بوو، خۆشترین شتیشی نەزۆکییەکەی بوو. ڕابواردنەکانی خۆی لەگەڵیا بۆ خەڵك باس دەکرد و دەیگوت: ئەوی ژنە فەلاتی نەخوازێ، مانای ژنهێنان نازانێت.

هەر لەودەمەی ژیانی لەگەڵدا دەبردە سەر، ژنە کەبابیشییەکی خواست. لە سەردانێکیدا بۆ حومرەت شێخ، لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. لێ ئەو دوو ژنە پێکەوە هەڵیان نەدەکرد، هەر بۆ ئەوەی دڵی کەبابیشییەکە ڕازی بکات، فەلاتییەکەی سێ بەسێ تەڵاق دا.

کەچی هەندەی نەبرد کەبابیشییەکە هەڵات و بەرەو ماڵە باوان گەڕایەوە. ودلڕەیس سیخوڕمەیەکی تێوە ژەنیم و گوتی:

– دەڵێن ژنە فەلە لە عەقڵ بەدەرن.

پێم گوت: نازانم.

گوتی: ئەمە چ قسەیەکە؟ گەنجێکی وەك تۆ حەوت ساڵ لە هەڕەتی لاوییا لە وڵاتی هنگ و ڕنگ ژیابێت، ئینجاش ئەمە وەڵامت بێ.

متەقم نەکرد، ودلڕەیس گوتی: ئەم خێڵەی ئێوە تا بڵێی بێ خێرە. ئێوە پیاوی یەك ژنەن، لە مامت عەبدولکەریم بترازێ، پیاوتان تیا نییە.

هەر بەڕاستیش وابوو، لە گوند بەوە ناسرابووین، کە نە ژن تەڵاق دەدەین و نەیش ژنیان بەسەردا دێنین. خەڵکەکە گاڵتەیان پێ دەکردین و دەیانگوت؛ ئێوە لە ژنەکانتان دەترسن. تەنیا مامم عەبدولکەریم نەبێ، زوو زوو ژنی دەهێنا و تەڵاقی دەدان، سەرەڕای ئەوەی داوێن پیسیش بوو.

کچی مەجزووب گوتی: ژنە گاور وەك ئافرەتی خۆمان نین، شتی وا نازانن. ئافرەتانێکن خەتەنە نەکراون. شتەکەیان بەلاوە وەك ئاو خواردنەوەیە. هەرچی کچانی خۆمانن سووراو و سپیاو دەکەن و بخور دەسووتێنن و بۆن لە خۆ دەدەن و جلی ئاڵ و واڵا لەبەر دەکەن. کاتێکیش دوای نوێژی شێوان

لەسەر پەڕۆ زەرد پاڵدەکەوێ و ناو گەڵی دەکاتەوە، پیاو وا هەست دەکات ئەبو زەیدی هیلالییە. ئەو پیاوەی تاقەتیشی نەمابێ، تاقەتی دەبێ.

باپیرم و بەکری دایان لە قاقای پێکەنین. ودلڕەیس گوتی: کچی مەجزووب واز لە کچانی خۆمان بێنە. ژنانی دەرەوە، ئەوانە ژنن.

کچی مەجزووب گوتی: عەقڵت هەر لای دەرەوەیە.

باپیریشم گوتی: ودلڕەیس حەزی بەژنی سونەت نەکراوە.

ودلڕەیس گوتی: بەهەر سێ تەلاقم حاجی ئەحمەد، ئەگەرێکو تامی ژنی حەبەشی و فلاتی بکەی، تەزبێحەکەت تووڕدەدەی و واز لە نوێژ دێنی و لە ناو گەڵیان حەشر دەکەی. جوان و پوختە، وەکو دەفرێکی قەڵا پەچن، سپوساغ، بەچاکە و خراپەیەوە، لای ئێمە وەکو پارچە زەوییەکی پان و بەرین سەرە گاوەسنێکی لێ ئەدەن، بێ ئەوەی بەتۆ و تاسەی بشکێنێ، پشتی لێ دەکەن و بەجێی دێڵن.

بەکری هەڵیدایێ: خەتەنەکردن لە مەرجەکانی ئیسلامە.

ودلڕەیس گوتی: ئەمە چ ئیسلامێکە؟ ئیسلامەکەی تۆ و حاجی ئەحمەد. چونکە نازانن چی لە بەرژەوەندیتانە و چیش زیانی بۆتان هەیە. باشە فەلاتی و میسری و عەرەبی شام وەکو ئێمە موسڵمان نین؟ وەلێ ئەوان خەڵکانێکن ئوسووڵ دەزانن. ژنەکانیان خوا چۆنی دروست کردوون ئاوا دەهێڵنەوە. هەرچی ئێمەین وەکو ئاژەڵ هەڵیان دەپاچین.

باپیرم بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، لەگەڵ پێکەنینا بەیەکجا سێ دەنك لە تەزبێحەکەی بەربووەوە، گوتی: پیاوی وەك تۆ دەرەقەتی ژنە میسری نایە.

ودلڕەیس گوتی: تۆچی لەبارەی میسرییەکانەوە دەزانی؟

بەکری لەبری باپیرم بەرسڤی داوە: لە بیرت چوو حاجی ئەحمەد ساڵی شەش(١٢) چوو بۆ میسر و نۆ مانگان لەوێ مایەوە؟

باپیرم گوتی: بەپێیان ڕۆیشتم، لە تەزبێح و مەسینە زیاتر هیچم پێ نەبوو.

---

(١٢) مەبەست ساڵی (١٩٠٦)ە. (وەرگێڕ)

ودلـڕەیس گـوتـی: بـاشه چـیت کـرد؟ چـۆن ڕۆیشتـی ئـاوا بـه تـەزبێح و مەسینەکەتەوە گەڕایتەوە... بەتەڵاقم، لە شوێن تۆ بوومایا بەدەستی بەتاڵ ناگەڕامەوە.

باپیرم گوتی: وابزانم بەئافرەتێکەوە دەگەڕایتەوە. هەموو خەمت ئەمەیە. من بە باخەڵی گەرمەوە گەڕامەوە، زەویم پێ کڕی و جۆگەکەم پێ چاك کردەوە و منداڵەکانم سونەت کردن.

ودلڕەیسیش گوتی: تو ئەو خوایە حاجی ئەحمەد پێم بڵێ، تامی هینی میسریت کرد؟

دەنکە تەسبێحەکان بەردەوام لە نێوان قامکەکانی بابامە ناعوور ئاسا لە سەرکەوتن و دابەزیندا بوون. وەلێ باپیرم لەپڕ لە جووڵە وەستا، سەری هەڵبڕی و دەمی بەش کردەوە.

بەکری پێشی کەوت و گوتی: ودلڕەیس تۆ بەڕاستی شێتی. گەورەی بەڵام تێناگەی. ژن هەر ژنە، لە میسر بێ یا سوودان یا عێراق یاخود واقواق. ڕەش و سپی و سوور، هەموویان چوونیەکن.

ودلڕەیس حەپەسا بوو هیچی نەگوت. چاوێکی لە کچی مەجزووب کرد، وەکو ئەوەی هانای بۆ بەرێ.

باپیرم گوتی:

– ئەلحەقی من خۆم خەریك بوو لە میسر ژن بێنم. میسری خەڵکی باشن و چاکەیان لە چاوە.

ژنی میسریش قەدری پیاو دەزانێت. لە بولاق ئاشنای پیاوێکی خوا پەرست بووم، سبحەینان لە مزگەفتی ئەبولعەلاء یەکترمان دەدیت. پاشان چوومە ماڵی و ناسیاویمان پەیداکرد، شەش کچی هەبوو، هەریەکە و لەوی دی جوان و بەدەوتر بوو، شەڕیان لەگەڵ مانگدا دەکرد. پاش ماوەیەك پێی گوتم:

– ئەرێ تۆ کابرای سوودانی، پیاوێکی لە خوا ترسی و پیاوەتیت لە چاوە، بۆ نایەی یەکێ لە کچەکانمت بدەمێ. ئەلحەقی ودلڕەیس چاوم لە کچە گەورەکەیاندا بوو. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە تەلەگرافێکم پێ گەیشت، کە دایکم مردووە. ئیدی ئەوەبوو بێ دواکەوتن سەفەرم کرد.

بەکری گوتی: بەر دلۆڤانیی خوا کەوێ، بە ڕاستی ئافرەتێکی چاك بوو.

ودلڕەیس هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– حەیف دنیایەکی سەیرە! نیعمەتت دا بە کەر و دەوڵەتت دا بە سەگ. بەگەورەیی خوا ئەگەر لە شوێنی تۆ دەبووم حەشرم دەکرد. ژنم دەهێنا و هەر لەوێ دەمامەوە و وێڕای کچانی گوند، تامی شیرینی ژیانم دەچێژت. پێم نالێی چی گەڕاندتییەوە بۆ ئەم بەقوڕگیراوە؟

بەکری گوتی: ئاسکەکە گوتی زێدی من شامە.

کچی مەجزووب جگەرەیەکی دیشی ئاگردا، بەتوندی مژی لێ دەستاند و ژوورەکەی قانگ دابوو.

بە ودلڕەیسی گوت:

– تۆ تەنانەت لەم ولاتە چۆڵەوانییەش خۆشیی ژیانت لە دەست نەداوە. ئەوەتا قەڵەو و تەنگە ئەستوور بوویتە، نەپیرەبیت و نەگەورەش دیاری، کەچی لە حەفتاساڵ بەرەو ژوورتری.

دلڕەیس گوتی: قەسەم بەخوا، حەفتا ساڵ یەك ڕۆژی زێتر نییە، بەلاَنەکینێ گرەو دەکەم تۆ لە حاجی ئەحمەد بە تەمەنتری.

باپیرم هەڵی دایێ:

– ودلڕەیس لەخوا بترسە. کچی مەجزووب نەبووبوو ئەو کاتی من ژنم هێنا. دوو سێ ساڵێ لە تۆ بچووکترە.

ودلڕەیس گوتی:

– بەهەرحاڵ، ئێستاکانێ لە هەمووتان چاپك و بەگوڕترم. سوێندتان لەسەرم نییە، لە ناو گەڵی ژن بم لەم کوڕەزایەشت بەجۆشترم.

کچی مەجزووب گوتی:

– بەقسان هیچت نەهێشتووەتەوە. هەڵبەت عەودالّی دووی ئافرەتی، چونکە کوتاڵەکەت هەند گرانە پیاو ناوێرێ مامەڵەی بکات.

ودلڕەیس بەرپەرچی داوە:

– ئای کچی مەجزووب ئەگەر شووت پێ دەکردم، شتێکت دەست دەکەوت لە شێوەی تۆپەکانی ئینگلیز.

کچی مەجزووب وەڵامی داوە:

– تۆپەکان لەگەڵ مردنی ودلبەشیرا کپ بوونەوە. ودلڕەیس تۆ پیاوێکی خەرەفاوی، هەموو ئاوەزت لە سەری کێرتایە، سەری کێریشت وەکو ئاوەزت بچووکە.

گش لە قاقای پێکەنینیان دا، تەنانەت بەکرییش، کە بەرایی بەنەرمی پێدەکەنی. باپیرم ترقە ترقی تەسبێحەکەی ڕاگرت و خەنینەیەکی لاواز و نەگریسی بۆ کرد. کچی مەجزووبیش بەدەنگە گڕە پیاوانەکەیەوە کەوتە پێکەنین. ودلڕەیسیش خەنینەوەیەکی بۆ کرد، وەلێ لە پرخەوە نزیکتربوو وەك لە پێکەنین.

دوای ئەوەی فرمێسکەکانی چاوی سڕییەوە، باپیرم گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا، تۆبە خودایە.

کچی مەجزووبیش گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا. خەڵکە باش هێنامانتانە پێکەنین. خودایە بەخێری بگێڕی.

بەکرییش گوتی:

– ئەستەغفیرەڵڵا. خودایە لێمان خۆشبی و ڕزقمان نەبڕی.

ودلڕەیس گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا. چەند ڕۆژێك لەم دنیایە بەڕێ دەكەین، پاشان خوا ئەوی پێی خۆشە پێمانی دەكات.

كچی مەجزووب وەكو پیاوی سی ساڵە ڕاپەڕی، بەرزەپێ هەستا و ڕەق ڕاوەستا، بەژنی مامناوەندی، هیچ كۆمی و كووڕییەك لە پشت و نێو شانەكانی بەدی ناكرا. بەكری تینی دایە خۆو بەرزەوە بوو، ودلڕەیسیش لە هەستانا تۆزێك خۆی دایە سەر گۆچانەكەیا. باپیریشم لەسەر بەرماڵەكەی ڕاست بۆوە و لەسەر قەرەوێڵە قاچ كورتەكەی ڕۆنیشت. چاوم تێ بڕین، سێ پیرەمێرد و پیرەژنێك، قەیرێك لەسەر لێواری گۆڕ خەنینەوە. سبەینێش ماڵئاواییمان لێ دەكەن و نەوەكانیان دەبنە باوك و باوكیش دەبێتە باپیرە. بەم ئاوایە كاروانەكە بەردەوام دەبێت.

پاشان دەرچوونە دەرەوە. ودلڕەیس لە ڕۆشتنا بوو پێی گوتم:

– ئەفەندی، سبەی نیوەڕۆ لای ئێمەی.

باپیرم لەسەر جێیەكەی هەڵایژا، پاشان بەتەنێ لە خۆیەوە كەوتە پێكەنین، وەك ئەوەی شتێكی بیركەوتبێتەوە، دوای ئەوەی ئەوانەی دەیخەنێنن و دەیانخەنێت، ڕۆیشتن. قەدەرێكی پێ چوو، گوتی:

– دەزانی بۆچی ودلڕەیس بۆ نانی نیوەڕۆی داوەت كردی؟

پێم گوت: ئێمە برادەرین و پێشتریش ڕووی لێ ناوم.

باپیرم گوتی: نا نەتزانی. ئیشی پێتە.

گوتم: چی دەوێ؟

گوتی: دەیهەوێ ژن بێنێ.

بەپێكەنینەوە بە باپیرم گوت: پێوەندیی من بە ژنهێنانی ودلڕەیسەوە چییە؟

باپیرم گوتی: تۆ وەکیلی بووکەیت.

کڕ بووم. باپیرم وایزانی تێنەگەیشتوومە، گوتی:

– ودلڕەیس دەیەوێ بێوەژنەکەی مستەفا سەعید بخوازێت.

جارێکی تریش قسانم نەکرد. باپیرم گوتی:

– ودلڕەیس هێشتا بەبەریەوە ماوە و بەخۆیە. حاڵی باشە. بەهەرحاڵ ئەو ژنە پێویستی بە سترە. سێ ساڵ بەسەر مردنی مێردەکەیا تێپەڕیوە. قابیلە هەر لە بنی نایەوێ شوو بکات؟

پێم گوت: من بەرپرسیاری ئەو نیم. باوکی و براکانی ماون، ودلڕەیس بۆ داوای دەستی لەوان ناکات؟

باپیرم گوتی:

– خەڵك هەموو ئەوە دەزانن، کە مستەفا سەعید تۆی کردووەتە سەروەسیەت بەسەر ژنەکەی و هەردوو کوڕەکەیەوە.

گوتم: من تەنیا مشوورخۆری هەردوو کوڕەکەیم، چونکە ژنەکەی ئازادە و کەسوکاریشی ماون.

باپیرم گوتی: ئەو متمانە بە قسەکانی تۆ دەکات. ئەگەر قسەی لەگەڵدا بکەی، ڕەنگە ڕازی بێت.

لە ناخما هەستم بە تووڕەیییەکی قووڵ کرد. تەنانەت خۆشم پەیم بەهۆیەکەی نەبرد، ئەم شتانە لای ئێمە غەریب نین. بەباپیرم گوت:

– ئەو پیاوێلێکی ڕەت کردەوە زۆر لە ودلڕەیس بچووکتر بوون. لەگەڵ ودلڕەیسا چل ساڵیان نێوانە.

کەچی باپیرم هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە ودلڕەیس گەنجە و حاڵی باشە و دڵنیایە باوکی ژنە ڕازییە، وەلێ ڕەنگە ژنە بەخۆی ناڕازی بێت، هەر لەبەر ئەمەشە ڕوویان لێ نام. ڕق و تووڕەیی زمانیان لە گۆ

خستبووم، بۆیە قسەم نەدەکرد. لە یەك کاتدا دوو شت بەمێشکمدا هاتن. هەندەم بەلاوە سەیر بوو، هەردوو وێنەکە لای من بوونە یەك و وام هاتە بەرچاو، کە حوسنەی کچی مەحموود، بێوەژنەکەی مستەفا سەعید، لە هەردوو حاڵەتەکەیا هەمان ئافرەتە، دوو ڕانی وەك بەفر سپی، لە لەندەن کراونەتەوە، ئافرەتێکیش بەر لەوەی گزنگ بەدەربکەوێ لە دێیەکی لە بیرکراو لە پێچەکەی نیل، لە ژێر پیرە ودلڕەیسدا دەیناڵاند. خۆ ئەگەرەکو ئەوە خراپەکاریی بێت، ئەوا ئەمەش هەروایە، هەر چەندە ئەمە وەکو مردن و لە دایکبوون و سێڵاوی نیل وایە. خۆ دروێنەی گەنمیش بەشێکە لە سیستەمی گەردوون. ئێ ئەوەش هەروا بوو. وامەزەندە دەکەم حوسنەی کچی مەحموود، بێوەژنەکەی مستەفا سەعید، سی بەهاری بەڕێ کردبێت، لە ژێر ودلڕەیسی حەفتا ساڵەیا دەگریا و نووزە نووزی گریانی دەبووە بەسەرهاتێك لەو بەسەرهاتە سەیرانەی ودلڕەیس لەسەر ژنە زۆرەکانی هەمیشە بەدەمییەوە بوون. پیاوانی گوندیش دەیاندایە بەر تیز و تۆسکە و منیش دڵم پڕ دەبوو لە تووڕەیییەکی خەست.

ئیدی نەمتوانی بمێنمەوە، هەڵستام و ڕۆیشتم، گوێم لێ بوو باپیرم لە دواوە گازی دەکردم، ئاوڕم نەدایەوە و گوێم پێ نەدا.

لە ماڵەوە، باوکم لە هۆی تووڕەبوونەکەی پرسیم. سەرهاتەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

– باشە ئەمە ئەوەندە دەهێنێ ئاوا بەم شێوەیە بڕەنجێی؟

## ٦

هەر زوو سەعات چواری دوای نیوەڕۆ بەرەو ماڵی مستەفا سەعید کەوتمە ڕێ. لە دەرگای حەوشە گەورەکەیانەوە چوومە ژووری، سەرنجێکی لای چەپم دا بەلای ژوورە لاکێشەییە لە خشتی سوور دروستکراوەکەدا، مات و بێ دەنگ، نەك وەك گۆڕستان، بەڵکو وەکو کەشتییەك کە لە ناوەڕاستی دەریادا لەنگەری گرتبێ. هێشتا کاتی نەهاتبوو. لەسەر کورسییەك بەسەر سەکۆکەوە بوو، بەرامبەر دیوەخانەکە، دانیشاندم، هەمان شوێن، پەرداخێ شەربەتی لیمۆی بۆ هێنام. هەردوو کوڕەکەی هاتن و بەخێرهاتنیان کردم، گەورینەیان ناوی مەحموودە، بەناوی باوکییەوە ناوی ناوە، بچووکەکەشیان سەعیدە، بەناو باوکی مستەفاوە ناونراوە. دوو منداڵی ئاسایین وەکو ئەوانی دی، یەکیان هەشت ساڵە و ئەوی تریشیان حەوت. بەیانیان بەدووری شەش میل بەسواری کەر بۆ قوتابخانە دەچن. ئەو دووانە ئەمانەتن بە ئەستۆی منەوە، هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە ساڵانە دێم سەریان لێ دەدەم، تابزانم ئەحواڵیان چۆنە.

ئەمجارەیان سونەتیان دەکەین و گۆرانی بێژ و شایەر دێنین و ئاهەنگێکیان بۆ ساز دەکەین، تا ببێتە یادێکی پرشنگدار لە یادەوەرییەکانی منداڵییان. مستەفا پێی گوتم:

– لە مەشەقەتی ڕێگە بیانپارێزە.

من شتی وا ناکەم، کە گەورەبوون، خۆیان ویستیان سەفەر بکەن، با سەفەر بکەن. هەرکەسە و لە سەرەتای ڕێگەوە دەست پێ دەکات و جیهان لە منداڵیی نابڕێتەوە.

ئەوان ڕۆیشتن، کچی ئەو بەرانبەرم هەر وەستابوو. باڵا عەرعەر،

قەڵەو نەبوو، وەلێ قامیش ئاسا تەڕوپڕ بوو. دەست و پێی لە خەنە نەگرتبوون. وەلێ بەردەوام سووکە بۆنێکی خۆشی لێوە دەهات. دوو لێوی مەیلەو ڕەش، ددانەکانی بەتین و تەکووز و سپی دەتگوت چوڕی شیرن. ڕوخسارێکی جوان و قەشەنگی هەبوو، لەگەڵ جووتێ چاوی گەورە کەسەر و فەهێتیان لە خۆگرتبوو. کاتێ تەوقەم لەگەڵدا کرد، لە ناو دەستما هەستم بەناسکی دەستی و گەرمییەك کرد. نەجیب زادانە وەستابوو، لەگەڵ جوانییەکی نامۆ و ناوازە.

ڕەنگبێ من لە خۆمەوە خەیاڵی شتێکم کردبێ هەر لە ڕاستییا بوونی نەبووبێ؟ ژنێکە کاتێ بەرەو ڕووی دەبمەوە هەست بەسەخڵەتی و مەترسی دەکەم، تا هێزم تێدایە هەڵدێم و لەو ناوە نامێنم. ئەمە ئەو قوربانییەیە کە ودلڕەیس دەیەوێ لە کەناری مەرگا بیداتە عەرزا و بەرتیل دەرخواردی مردن بدا، تا یەك دوو ساڵی دیش نەمرێت.

چەندە خولْقم کرد دانیشێ سوودی نەبوو، دانەنیشت، تا پێم گوت:

– ئەگەر دانەنیشی، ئەوا من دەڕۆم.

لەسەرخۆ و بەزەحمەت دەستی بەقسەکردن کرد، بەم شێوەیە بەردەوام بوو، خۆریش لە ئاوابووندا بوو، بایەکە هێواش هێواش ساردی دەکرد. وردە وردە خەریك بوو گرێی زمانمان دەکرایەوە. قسەیەکم پێ گوت هێنایە پێکەنین، لە خۆشیی پێکەنینەکەی دڵم وە لەرزین کەوت. لە پڕ خوێنی ئاوابوون، وەکو خوێنی ئەو ملیۆنەها کەسەی لە شەڕێکی بێ ئاماندا لە نێوان زەوی و ئاسماندا گیانیان لە دەست دا، بەجەستەی کەلەپۆی ڕۆژئاوادا پرژوبڵاوبووەوە.

لە نکاوڕا شەڕەکە بەدوڕان کۆتایی هات و تاریکییەکی ئەنگوستەچاوی پەككەوتوو، گەردوونی بەهەر چوار جەمسەرەکەیەوە داگیر کرد، ئیدی خەم و فەدی لە دیدەکانیدا نەدیتران. تەنیا ئەو دەنگە مایەوە، چوون

کانییەك لە هەر ساتێکدا چك بهێنێت، ئاوا کەوی بوون و عەتری سووك ڕۆحیان بەبەردا دەکردەوە.

ناگەهان پێم گوت:

– مستەفا سەعیدت خۆشدەویست؟

متەقی نەکرد، تاوێك چاوەڕێم کرد، وڵامێکی نەبوو. پاشان زانیم کە تاریکی و عەترەکە خەریك بوون لە دۆخەکەی خۆم دەریان دەکردم و ئەو پرسیارەشم لەو کات و شوێنەدا گونجاو نەبوو، وەلێ هەندەی نەبرد، تاریکییەکە کەلێنێکی تێ کەوت و دەنگی بەرگوێم کەوت:

– باوکی منداڵەکانم بوو.

ئەگەر خراپ حاڵی نەبووبم، غەم و پەژارەم لە دەنگیدا نەبینییەوە، بەڵکو ڕاز و گلەیییەکم تێدا بەدی کرد. جڵەوم بۆ بێ دەنگی شل کرد، بەڵکو خورپەیەك بەدڵیدا بێ و قسەیەك بکات. ئاخری گرتی و بەقسە کەوت:

– پیاوێکی بەخشندە و باوکێکی بەخشندە بوو. بەدرێژایی ژیانی درێغی لەگەڵدا نەکردین.

لە کاتێکدا خۆم دەخزاندە بەر تاریکییەکە، لێم پرسی:

– دەتزانی خەڵکی کوێ بوو؟

– خەرتووم.

– خەریکی چی بوو لە خەرتووم؟

– بازرگانیی دەکرد.

– ئەی بۆ هاتە ئێرە؟

– خوا دەزانێ.

خەریك بوو کوڵ بدەم. شنەیەك لە عەتر لە سەرووی ئارەزوومەوە، ورووژمی بۆ هێنام. بۆنەکەم هەڵمژی، هەستم بە بێ ئومێدییەکی زۆر

کرد. لە پڕ کەلێنێکی گەورە تاریکییەکەی سمی و ئەمجاریان دەنگێکی کزی پڕ لە کەسەر، قووڵتر لە ناخی دەریا، هاتە دەر و گوتی:

– وابزانم شتێکی لێمان شاردبووەوە.

بە پرسیارێك دووی کەوتم: چۆن؟

– شەوان تا درەنگانێك لەو ژوورەیا دەمایەوە.

– چی لەو ژوورە هەیە؟

– نازانم. قەت نەچوومەتە ژوورەوە. کلیلەکەت لایە. بۆچی خۆت سەحی ناکەیتەوە؟

بەڵێ. ئەگەر لەم ساتەیا هەردووکمان هەڵبسین و چرا داگیرسێنین و بچینە ژوورەوە، دەبێ چی ببینین، داخۆ گوریسێك بەبنمیچەکەوە شۆڕبووەتەوە و خۆی پێوە هەڵواسیوە؟ یاخود لەسەر زەوییەکە چوارمشقی لێی دانیشتووە؟

جارێکی دی لێم پرسییەوە:

– بۆچی وا مەزەندە دەکەی شتێکی لێتان شاردبۆوە؟

ئەمجارە غەم و پەژارە و ڕاز و گلەییم لە دەنگیدا هەست پێ نەکرد، وەلێ وەکو گەڵای گەنمەشامیی گرێی تێ کەوتبوو:

– هەندێك جار شەوان لە شیرین خەودا بەزمانێکی سەیر قسانی دەکرد.

– چۆن؟

– نازانم... لە قسەی بیانی دەچوو.

خۆی دابووە بەر تاریکییەکە، چاوەنۆڕ بوو و چاوی دەگێڕا:

– بەدەم خەوەوە هەندێ قسەی دەگوتەوە... وەکو جینا، جینی... نازانم.

لە هەمان شوێن، لە کاتێکی وەکو ئێستادا، لە تاریکییەکی وەکو ئەم تاریکییە، دەنگی لە چەشنی نەهەنگی مردووی سەر ئاو کەوتوو، بەرز دەبووەوە.

– سێ ساڵ بەردەوام بەدوایەوە بووم. هەر ڕۆژەو ژێی کەوانەکە توندتر دەبوو. کاروانەکانم تەریفەن و سەرابیش لە بیابانی خۆشەویستیدا لە پێشمەوە زیاتر دەبریسکایەوە. ئەو شەوی جین بەگوێیدا چرپاندم: وەرە لەگەڵما، وەرە.

ئیدی ژیانم تەواو بوو و سۆنگەیەك نەمایەوە بۆ ژیان.

زریکەی منداڵێ لە نێو ماڵێکی گەڕەکەوە بەرگوێم کەوت. حوسنە گوتی:

– وەك بڵێی هەستی بەنزیکبوونەی مەرگی خۆی کردبوو، پێش ڕۆژێك، ڕۆژی..... حەفتەیەك بەر لە مردنی هەموو کارەکانی ڕێکخستن. خۆی کۆکردەوە، قەرزەکانی دانەوە. ڕۆژێك پێش مردنی گازی کردم. چی هەبوو پێی گوتم، زۆری جەخت لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە چاوم لە منداڵەکان بێت. نامەیەکی بە مۆم مۆرکراوی پێ دام و پێی گوتم، ئەگەر شتێك ڕووی دا ئەمەی بدەیێ. هەروەها پێی گوتم ئەگەر شتێك هاتە ئاراوە، ئەوا منداڵەکان لە ئەستۆی تۆدا دەبن و تۆ دەبیتە سەروەسیەتیان. پێی گوتم: بۆ هەر چ شتێکیش کردت، پرس بەو بکە. گریام و پێم گوت: ئینشاڵڵا شتی خراپ ڕوونادات. گوتی: ئەمە قسەیەکە و دەیکەم، لە دنیایا هەموو شت ڕوودەدات. ئەو ڕۆژە زۆری لێ پاڕامەوە، کە نەچێتە کێڵگە دەخنکێ، چونکە دنیا لافاو هەڵی گرتبوو، زەندەقم چووبوو. کەچی پێی گوتم پێویست بەترس ناکات و مەلەوانە. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دڵم لێیدەدا، ترسەکەم زیاتر بوو کاتێك لە وەختی خۆی تێپەڕی. زۆرمان چاوەڕێ کرد. ئیدی ئەوی بوو بوو.

هەستم کرد بەکزییەکەوە دەگری، پاشان لە پڕمەی گریانی دا، ئیدی کەوتە هەنسکدان، تاریکییەکەی نێوانمان لەرزی. عەتر و بێ دەنگییەکە نەمان، لەم گەردوونەدا تەنیا شیوەنی ئافرەتێکی مێرد مردووت دەبیست، پیاوێك لە پانتایی دەریادا سواری بەلەمەکەی بووە و کەوتووەتە دوای سەرابێکی نامۆ. ودلڕەیسیش لە ماڵەکەی خۆیدا بە بەرگی ئاڵوواڵاوە خەون بەشەوانی عیشوە و ناز و نووزەوە دەبینێت.

ئێستاکانێ من لەم جەنجاڵییە چی بکەم؟ هەڵسم لە ئامێزی نێم و فرمێسکەکانی بەدەستەسڕەکەم بسڕمەوە و بەقسەکانم ئاسوودەیییەکی پێ ببەخشم؟ لەسەر دەستم نیوە هەستانێك هەستام، وەلێ هەستم بەمەترسی کرد و شتێکم وە بیردا هات، تاوێك لە نێوان کردن و نەکردندا ئاوا مامەوە. ئیدی لەپڕ گیانم قورس بوو و داهێزرا، بۆیە لەسەر پێ خۆم ڕانەگرت و دانیشتم. تاریکییەکی قووڵی ئەنگوستەچاو بوو، وەك ئەوەی هەر ڕووناکی نەبووبێ و ئەستێرەکانی ئاسمان تەنیا کۆمەڵە کونێك بن لە جلێکی کۆنی ونجڕونجڕدا. بۆن ئەندێشەی خەونە، دەنگێکە چەشنی دەنگی پێی مێرووولە لە خۆڵدا، بەرگوێ ناکەوێ.

لە هەناوی تاریکییەکەوە دەنگێك، کە دەنگی ئەو نەبوو، هەڵقولا. دەنگێك نە تووڕە و نە غەمبار و نە ترساو. دەنگێك دەیگوت:

– پارێزەران لەسەر تەرمەکەم مقۆمقۆیان بوو. بەلایانەوە جێگەی بایەخ نەبووم، بەڵکو ئەوی جێی بایەخ بوو تەنیا کێشەکە بوو.

پرۆفیسۆر ماکسوێل فستەرکین یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزاڤی چەکدارکردنی ئاکارییە و ماسۆنی و ئەندامی لێژنەی باڵای کۆنگرەی کۆمەڵەی مسیۆنێرییە پرۆتستانتییەکانی ئەفریقیایە. هەرگیز ڕقی خۆی بەرانبەر بەمن نەدەشاردەوە. ئەو دەمی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندکار بووم لای، بەبێزارییەکی ئاشکراوە پێی گوتم:

– مستەر سەعید تۆ باشترین نموونەی لەسەر ئەوەی، کە ئەرکە ژیارییەکەمان لە ئەفریقیا بێ سوودە. چونکە جەنابت دوای ئەو هەموو ماندووبوونەی بۆ ڕۆشنبیرکردنت دامان، دەڵێی تازە لە دارستانەوە دەردەچیت.

کەچی سەرەڕای ئەم هەموو شتانەش وا هەموو توانا و بەهرەی خستووەتە گەڕ بۆ قوتارکردنم لە پەتی قەنارە. سێر ئارسەر هنگنز،

دووجـاران ژنـی هـێنـاوە و تـەڵاقـی داون، سەرەڕۆیـیـیـە دڵـداریـیـەکـانـی هەمووان پێیان دەزانی. بەپێوەندیی بەچەپ و ناوەندە بۆهیمییەکانەوە ناسرابوو. ساڵی ١٩٢٥ جەژنی سەری ساڵم لە ماڵەکەیدا لە سافرۆن وڵدن بەسەربرد، پێی دەگوتم:

– تۆ سەرسەریت، هەرچەندە من ڕقم لە سەرسەری نییە. چونکە خۆمیش سەرسەریم. کەچی لە دادگادا هەرچی هێز و توانای هەبوو خستبوویە گەڕ، تا ملم بەپەتەوە بکات. سوێند خۆران و هەندێ خەڵکانیش بەهەمان شێوە، هەر لە کرێکار و پزیشکەوە بیگرە تا وەرزێر و مامۆستا و بازرگان و دوکاندار. هیچ شتێك من و ئەوان پێکەوە کۆ ناکاتەوە. من ئەگەرەکو ژوورێکی کرێم لە هەریەکێکیان داوا بکردایا، بەمەزەندەی خۆم نەیدەدا. یاخود کچی یەکێکیان بیگوتبا من شوو بەم پیاوە ئەفریقییە دەکەم، هەڵبەت وای هەست دەکرد دنیای لە ژێر پێدا کاول دەبێت. وەلێ لەم دادگایەدا هەریەکیان بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێ. من بەرانبەریان هەست بە سەرکەوتن دەکەم، چونکە لە بنەڕەتدا ئاهەنگەکە بۆ من سازدراوە، منیش لە سەرووی هەموو شتێکی داگیرکراوەوەم، من ئەو نامۆیەم، کە دەبێ مشوورێکی بخورێت. کاتێ کیچنەر مەحموود و ئەحمەدی بەکۆتکراوی هێنا، دوای ئەوەی لە شەڕی ئەتبرادا شکاندبوونی، پێی گوت:

– بۆچی هاتی شارەکەمت کاول و تالان کرد؟

کابرای بێگانە ئەمەی بەخانەخوێ گوت، کابرای خانەخوێی خودان زەوی سەری داگرتبوو و هیچی ناگوت. هێشتا ماومە لەگەڵیاندا. من لەم دادگایەدا گوێم لە شیر هەڵکشانی ڕۆمانەکان و لە سمکۆڵانی ئەسپەکەی ئەللەنبییە لە قرتاجە. لەو کاتەی پێ دەنێتە سەر زەویی قودس. کەشتییەکان نیلیان شەق دەکرد و بۆ یەکەمین جار لە بری نان تۆپیان بارکردبوو. ئاسنە ڕێیەکانیش لە ئەسڵدا بۆ گواستنەوەی سەربازەکان

دروست کرابوون. قوتابخانەکانیشیان هەر بۆ ئەوە بنیات نابوو تا فێرمان بکەن چۆن بەزمانەکەی خۆیان بڵێین (بەڵێ).

ئەوان ڤایرۆسی توندوتیژیی ئەوروپای مەزنیان بەدیاری بۆ هێناین، کە جیهانیش پێشتر ئەوەی بەخۆیەوە نەبینیبوو. ڤایرۆسی نەخۆشییەکی کوشندە، کە زیاد لە هەزار ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنن. بەڵێ بەڕێزان، من وەکو داگیرکەرێك هاتمە بەردەرکی ماڵەکانتان. دڵۆپێك لەو ژارەی لە خوێنبەرەکانی مێژووتاندایە. من ئۆتیللۆ نیم، ئۆتیللۆ درۆیەك بوو.

لە کاتێکدا بیرم لەو قسەیەی مستەفا سەعید دەکردەوە، لە شەوێکی وەك ئەمشەو لە هەمان شوێن دانیشتبوو. وەك لە دوورەوە بێ گوێم لە قوڵپی گریانی حوسنە بوو، لە خەیاڵمدا تێکەڵ بەدەنگی تر دەبێ، ڕەنگە لە کاتی جیا جیادا بەرگوێم کەوتبن، وەلێ چوون زەنگی کڵێسا خۆیان بەمێشکما کرد، یاخود دەنگی منداڵێکی گەڕەك و قووقەی کەڵەشێر و زەڕەی کەرو دەنگی شاییەك لەودیو ڕووبارەکەوە بێت. کەچی ئێستا تەنیا دەنگێك دەبیستم، ئەویش گریانە پڕ لە ئازارەکەیەتی. هیچم نەکرد. لە شوێن خۆم بێ جووڵە دانیشتبووم، لێی گەڕام بەتەنێ بەدرێژایی شەو بگری، تا هێور بووەوە. دەبوو شتێك بڵێم، گوتم:

– پێوەندبوون بەڕابردووەوە سوود بەکەس ناگەیەنێت. دوو کوڕت هەن، خۆتیش هێشتا دەڵێی کچ عازەبی. بیر لە دوارۆژ بکەرەوە. کێ دەزانێ، ڕەنگبێ بەیەکێك لەوانەی بۆ داخوازیت دێن، ڕازی بیت.

زۆر سەرم لەوە سووڕما، کە دەمودەست بەبڕوا بەخۆبوونێکەوە وەڵامی دامەوە:

– دوای مستەفا سەعید پیاو لێم حەرامە.

نەمدەویست ئەمەی پێ بڵێم، کەچی گوتم:

– ودلڕەیس دەیەوێ بتخوازێ، باوك و کەسوکارت لارییان نییە، داوای لێ کردم کە قەناعەتت پێ بێنم.

قەدەرێك بێ دەنگ بوو، وامزانی هیچ نالێت. بیرم لەوە کردەوە هەڵسم و بڕۆم. لە تاریکییەکەدا هەستم بەدەنگە دەمە چەقۆ ئاساکەی کرد، گوتی:

– ئەگەر ناچاری شووکردنم بکەن، ئەوا ئەو و خۆیشم دەکوژم.

بیرم لە چەند شتێك کردەوە بیانڵێم، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی مەلا بوو بانگی شێوانی دا:

– الله أكبر، الله أكبر.

ئەویش وەستا، منیش بێ ئەوەی شتێ بڵێم، دەرچووم.

لە کاتێکدا قاوەی سەرلەبەیانیم هەڵدەقوڕاند، ودلڕەیس خۆی کرد بەژوورا. من خۆم نیازم بوو بچم بۆ لای، کەچی ئەو پێشم کەوت. گوتی بۆ ئەوە هاتووە تا داوەتەکەی دوێنێم بیر بخاتەوە، وەلێ من خۆم دەمزانی سەبری لێ براوە و هاتووە تا ئەنجامەکەی بزانێت. هەر کە دانیشت پێم گوت:

– سوودی نییە. ئەو بەهیچ شێوەیەك شووکردنی ناوێت. لە بری تۆ بوومایا بۆ یەکجاری لە مێشکی خۆمم دەردەکرد.

نەمزانی قسەکەم ئەوەندە کاری لێ دەکا، هەروەك کاری لێ کرد. ئەو ودلڕەیسەی چۆن کەر دەگۆڕێت ئاواش ژن دەگۆڕێت. ئێستا بەرانبەرم دانیشتووە، دەموچاوی تێکچڕژا بوو، پێڵووەکانی دەلەرزین، لچی وا گەست خەریك بوو لێیکاتەوە. لە شوێنەکەی توتکەی بەخۆی نەدەگرت و بە تووڕەیییەوە بە گۆچانەکەی بەردەمی هەڵدەکۆڵی. چەند جارێك پێڵاوەکەی لە پێی ڕاستی دادەکەند و دەیکردەوە پێی، ئاخێزێکی بۆ دەکرد و دادەنیشتەوە. دەمی دادەپچڕی قسەیەك بکات، کەچی هیچی نەدەگوت.

زۆر سەیرە! دەبێ ودلڕەیس عاشق بێت؟. پێم گوت:

– خۆ قاتیی ژن نییە، ئەم نا یەکی دی.

لە کاتێکدا چاوە زیتەکانی، ئەو زیتییەیان نەمابوون، بوونە جووتێ

هەڵماتی شووشەیی لە شوێن خۆ وەستا و گوتی:

– لەو زیاتر کەس ناخوازم. لووتی دەشکێنم، دەبێ ڕازی بێ. چییە وادیارە خۆی بە شاژن، یا کچە میر دەزانێ؟ لەم وڵاتەدا بێوەژنان لە سك برسییان زۆرترن. دەبێ مەمنوونی خوا بێ پیاوێکی وەك منی دۆزیوەتەوە.

پێم گوت: باشە، ئەگەر ژنێکە وەك ئەوانی دی، ئەدی ئەم پێداگرتنەت لە چییە؟ تۆ خۆت باش دەزانی پیاوانی تریشی بەگەن نەکردووە. هەندێکیان لە تۆ کەم تەمەنتریش بوون. ئەگەر بیەوێ بۆ بەخێوکردنی دوو کوڕەکەی تەرخان بێ، بۆچی لێی ناگەڕێن؟

لە هیکرا ودلڕەیس دەهری بوو، نەمدەزانی وایە. ئاگری لێ دەباری، شتێکی گوت بەڕاستی سەیرم پێهات:

– لە خۆت بپرسە کچەکەی مەحموود بۆ نایەوێ شوو بکات؟ لە سۆنگەی جەنابتانەوەیە قوربان. هیچ گومانی تێدا نییە شتێك لە بەینتانا هەیە. پێم ناڵێی تۆ حەقت چییە بەسەریەوە؟ تۆ نە باوکیت نە براییت نە خاوەنیانیت. بێ خواستی تۆ و ئەویش غەسپە لەسەری شووم پێ بکات. باوکی بەر لە براکانی ڕازییە. ئەو قسە قۆڕانەی لە مەکتەب فێری دەبن لای ئێمە نایخوا. ئەم وڵاتە پیاوێلێکی تێدان بەسەر ئافرەتاندا زاڵن.

نازانم ئەگەر باوکم لەو کاتەیا نەهاتایا چی دەقەوما، یەکسەر هەستام و ئەوێم جێهێشت. چوومە لای مەحجووب لە کێڵگەکەی خۆی، مەحجووب هەر لە تەمەنی خۆما بوو، منداڵیمان پێکەوە بەسەر بردبوو، لە قوتابخانەی سەرەتاییش ڕەحلەکانمان بەتەنیشت یەکەوە بوون، ئەو لە من زیرەکتربوو. کاتێ قۆناغی سەرەتاییمان بڕی، مەحجووب گوتی:

– ئەمەندە خوێندنە بەسە. خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری. ئێمە خەڵکانێکین وەکو باو باپیرانمان، جووتیارین. جووتیار هەر ئەوەندە خوێندنی پێویستە، بزانێت چۆن گوتار بنووسێ و ڕۆژنامە بخوێنێتەوە و

فەرزەکانی نوێژ بەڕێوەببات. خۆ ئەگەر ئاریشەیەکیشمان هەبوو، دەزانین چۆن لەگەڵ دەسەڵاتدارانا لێك تێبگەین.

من ڕێی خۆم گرت و مەحجووبیش بووە وزەیەکی کاریگەر لە وڵاتا. ئەو ئێستا سەرۆکی لیژنەی پرۆژەی کشتوکاڵی و کۆمەڵەی هەرەوەزییە. هەروەها ئەندامی لیژنەی نەخۆشخانەکەیە، کە لە تەواوبووندایە. سەرۆکی وەفدیشە لە مەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی بەزۆر زەوتکردن.

کاتێ کە وڵات سەربەخۆ بوو، مەحجووب بووە یەکێ لە ڕابەرانی حزبی سۆشیال دیموکراتی سوودان. هەندێ جار لاپەڕەی یادەوەریی منداڵیی خۆمان لە گوند، هەڵدەدایەوە، پێی دەگوتم:

– بزانە ئێستا تۆ لە کوێیت و من لە کوێ. تۆ بوویتە فەرمانبەرێکی گەورەی حکوومەت و منیش بوومە جووتیارێك لەم کوێرە دێیە.

منیش بەوپەڕی پەسندکردنەوە پێم دەگوت:

– تۆ سەرکەوتنت بەدەست هێنا نەك من. چونکە تۆ کاریگەرییت لەسەر ژیانی ڕاستەقینە هەیە لە وڵاتدا. هەرچی ئێمەی فەرمانبەرین هیچ کاریگەرییەکمان نییە، نە پێش و نە دوای دەخەین. خەڵکانی وەك ئێوە میراتگری شەرعیی دەسەڵاتن. ئێوە کۆڵەکە و کاریتەی ژیانن. ئێوە خوێی ئەم خاکەن.

مەحجووب دەخەنییەوە و دەیگوت:

– ئەگەر ئێمە خوێی زەوی بین، ئەوا زەوییەکی نارەسەنە.

دوای ئەوەی گوێی لە سەرهاتەکەم لەگەڵ ودلڕەیس بوو، جارێکی دی خەنییەوە و گوتی:

– ودلڕەیس کابرایەکی خرەفاوە، کە قسە دەکات ئاگای لە خۆی نییە.

– تۆ بەخۆت دەزانی پێوەندیم لەگەڵ ئەو ژنەیا تەنیا ئەرکی سەرشانە و هیچی دی نییە.

– گویێ بە ورێنەكانی ودلرەیس مەدە. تۆ سومعەتت باشە. خەڵكی گوند هەموویان بەباشە باست دەكەن، چونكە تۆ بەرانبەر بە منداڵەكانی رەحمەتی بەباشترین شێوە بەئەركی سەرشانت هەڵساویت. بەهەرحاڵ ئەو كابرایەكی غەریبە بوو، هیچ شتێك پێكتانەوە نابەستێت.

قەیرێك بێ دەنگ بوو. پاشان گوتی:

– باشە ئەگەر باوكی ژنە و براكانی رازین، ئێمە چیمان پێ دەكرێ.

– ئێ ئەگەر نەیەوێت شوو بكات... قسەكەی بریم و گوتی:

– تۆ سیستەمی ژیانی ئێرە شارەزایت. ژن بۆ پیاوە، پیاویش هەر پیاوە، تەنانەت ئەگەر گەلێ كەنەفتیش بێت.

– ئێ ئەگەر نەیەوێت شوو بكات...

دیسانەوە پێی بریم و گوتی:

– لەم رۆژگارەیا.

مەحجووب لە قسەكانی بەردەوام بوو:

– دنیا بەو شێوەیە نەگۆراوە وەك تۆ بۆی چوویتە. شتەكان گۆراون. ترومپای ئاو لە بری جۆگە. گاوەسنی ئاسن لە بری گاوەسنی دار. وامان لێهاتووە كچمان بۆ قوتابخانە دەنێرین. رادیۆ. ترومبێل. لە بری دۆی ترش و قاوە فێری وێسكی و بیرە خواردنەوە بووین. وەلێ هەموو شتەكان وەكو خۆیانن.

مەحجووب دای لە قاقای پێكەنین و گوتی:

– هەر بەراستی دنیا دەگۆرێ، كاتێ ئەوانەی وەك منن دەبنە وەزیر لە حكوومەت. لەگەڵ بەردەوامی پێكەنینەكەیا گوتی:

– بێ گومان شتی وا هەر نابێ.

– تۆ وای دەبینی كە ودلرەیس كەوتبێتە داوی ئەوینی حوسنەی مەحموودەوە؟

– دوور نییە. ودلڕەیس پیاوێکە شەیدای بووە. دوو ساڵە بەردەوام ناوی دێنێ. پێشتر داوای کرد، بابی ڕازی بوو، وەلێ خۆی نا. چاوەڕێیان کرد بەڵکو دوای ماوەیەك دڵی نەرم بێت و ڕازی بێت.

بە مەحجووبم گوت:

– پێم ناڵێی ئەم شەیداییيە کتوپڕە لە کوێوە هات؟ ودلڕەیس حوسنەی کچی مەحموود لەو کاتی کە منداڵ بوو دەناسێت. بیرتە چەند منداڵێکی بێعار بوو؟ چۆن بەدارا سەردەکەوت و لەگەڵ کوڕا زۆرانی دەگرت؟ ئەو کاتی کچ بوو بەڕووتی لەگەڵماندا لە ڕووبارەکە مەلەی دەکرد. ئێستاش چی بەسەرهات؟

مەحجووب گوتی:

– ودلڕەیس لەو خەڵکانەیە کە مەراقیان گوێ درێژە. ماکەریان بەدڵ نییە، تا ئەو کاتەی یەکێك دەبینن بەبان پشتییەوە. ئیدی ئەو کات پێی جوانە و بۆ کڕینی لە نرخی خۆی زیاتری پێ دەدا.

قەیرێك بێ دەنگ بوو و تێفکری، پاشان گوتی:

– ڕاستییەکەی کچی مەحموود لە دوای شوکردنەکەی بە مستەفا سەعید، گۆڕا. هەموو ژنێك لە دوای شووکردن دەگۆڕێت، وەلێ بەتایبەت ئەو زۆر گۆڕاوە. هەر دەڵێی کەسێکی ترە. تەنانەت ئێمەی هاوتەمەنی منداڵیی، کە لە گەڕەك یاریمان لەگەڵ دەکرد، ئەمڕۆ کە لێی دەڕوانین، دەزانی بە شتێکی تازەمان دێتە بەرچاو؟ وەك ئافرەتانی شار.

لە بارەی مستەفا سەعیدەوە لە مەحجووبم پرسی. گوتی:

– خوا لێی خۆش بێت. زۆر ڕێزمان لە یەکدی دەگرت. لە پێشدا برادەریمان زۆر وانەبوو. وەلێ کارکردنمان پێکەوە لە لێژنەی پرۆژەکان زیاتر لە یەکتری نزیك کردینەوە. مردنی زیانێکی گەورە بوو، هیچ جێگەی ناگرێتەوە. دەزانی لە ڕێکخستنی پرۆژەکەدا یارمەتییەکی گەورەی داین؟

ژمێریاریی گرتبووە ئەستۆی خۆی. شارەزاییەکەی لە بواری بازرگانیدا سوودێکی زۆری پێ گەیاندین. هەر ئەو بوو ئاماژەی بەوە دا، کە بەقازانجی پرۆژەکە ئاسیاوێك دروست بکەین. بەوە ڕزگاری کردین و زۆر شتی لە کۆڵ کردینەوە. ئێستاش خەڵك لە هەموو لاوە بۆی دێن. هەر ئەویش بوو پێی گوتین؛ دوکانی هەرەوەزی بکەینەوە. بۆیە نرخ لای ئێمە لە نرخی شتەکانی خەرتووم زیاتر نییە. ڕۆژانێك بوو، خۆت دەزانی، شتومەك مانگی جارێ دووجار بە کەشتی دەهات. بازرگانەکان دەیانشاردەوە، تا بەیەکجاری لە بازار نەدەما، پاشان بەچەند قات دەیانفرۆشتەوە. ئەمڕۆ پرۆژەکە خاوەنی دە لۆرییە، ڕۆژانە شتومەکمان بۆ دێنن و یەکیشیان ڕاستەوخۆ لە خەرتووم و ئوم دەرمانەوە دەیهێنێ. زیاد لە جارێك تکام لێ کرد، سەرۆکایەتیی بگرێتە ئەستۆی خۆی ، وەلێ ڕەتی دەکردەوە و دەیگوت تۆ لە من شایانتری. کوێخا و بازرگانەکان زۆریان ڕق لێ دەبووەوە، چونکە چاوی خەڵکی گوندی کردەوە و لەوانی تێکدا. دوای مردنی مقۆمقۆی ئەوە بڵاو بووەوە، کە ئەوان کوشتوویانە. هەر قسە بوو. ئەو خنکا. لەو ساڵەیا دەیان کەس بە خنکان مردن. تا بڵێی بیر فراوان بوو. ئەگەر عەدالەت هەبوایا، ئەو پیاوە شایان بەوەزیری بوو.

بە مەحجووبم گوت:

– سیاسەت تێکی داویت. وات لێ هاتووە تەنیا بیر لە دەسەڵات دەکەیتەوە. واز لە وەزارەت و مەزارەت بێنە، وەکو مرۆڤێك باسیم بۆ بکە. چ جۆرە کەسێك بوو؟ سەرسووڕمان بەڕوویەوە دەرکەوت، گوتی:

– مەبەستت چییە لە چ جۆرێك لە خەڵك؟ ئەوە بوو کە باسیم بۆ کردی.

نەمتوانی وشەی لەبار و گونجاو بدۆزمەوە، تا مەبەستی خۆم بۆ مەحجووب ڕوونکەمەوە.

وتی: بەهەرحاڵ... هۆی چییە ئەوەندە بایەخ بەمستەفا سەعید دەدەیت؟

چەندین جار پرسیارت لە بارەی ئەوەوە لێ کردووم.

بەر لەوەی وڵامی بدەمەوە، هەڵیدایێ:

– دەزانی؟ نازانم بۆ منداڵەکانی بە تۆ سپارد؟ هەڵبەت تۆ شایانی ئەوەیت و بەجوانترین شێوەش پێی هەڵسایت. وەلێ تۆ لە هەموویان کەمتر دەتناسی. ئێمە لێرە هەر لەگەڵی بووین، کەچی تۆ لەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ دەتبینی. من وام دانابوو ئەمانەتیی منداڵەکان یا بەمن یا بە باپیرت بسپێرێ، باپیرت دۆستی گیانی بەگیانیی بوو. زۆری حەز لە قسەکانی دەکرد.

پێی دەگوتم: مەحجووب، دەزانی حاجی ئەحمەد پیاوێکی دەگمەنە؟

منیش دەمگوت:

– حاجی ئەحمەد پیاوێکی خەرەفاوە.

ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو، دەیگوت:

– نا نا، وا مەڵێ. حاجی ئەحمەد بەشێکە لە مێژوو.

بە مەحجوویم گوت: بەهەرحاڵ من هەر بەناو سەروەسیەتم. سەروەسیەتی تەواو خۆتی. منداڵەکان لاتن. منیش لە خەرتوومم، لێیانەوە دوورم.

مەحجووب گوتی:

– بەڕاستی دوو منداڵی زیرەك و سەلارن. لە باوکیان دەچن. لە قوتابخانەش تا بڵێی زیرەکن.

– باشە ئەگەر ئەو ژنهێنانە گاڵتەجاڕییەی ودلڕەیس سەری گرت، چارەنووسی منداڵەکان چی دەبێت؟

– لەسەر خۆت. هەڵبەت ودلڕەیس بە ژنێکی دییەوە خەریك دەبێت. لە خراپترین حاڵەتدا ئەگەر شووی پێ کرد. بڕواناکەم لە یەك دوو ساڵ زیاتر

بژێت. ئیدی منداڵەکان پشکیان لە زەوی و کێڵگە زۆرەکانیدا دەبێت.

پاشان، وەکو بدەن بەتەوقی سەرما، مەحجووب پێی گوتم:

– باشە تۆ بۆ نایخوازی؟!

دڵم هێند بەتوندی لێی دەدا، خەریك بوو لە قەفەسی سنگم بێتە دەر، تا قەدەرێك هیچم بۆ نەگوترا. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە بە مەحجووبم گوت:

– هەڵبەت گاڵتە دەکەیت!

– ناوەڵا بەڕاستمە، بۆ نایخوازی؟ من دڵنیام ڕازی دەبێت. منداڵەکانیش هەر بەخۆت سپێرراون. وەرە بەقسەم بکەو ببە باوکیان.

دوێنێ شەو هەستم بەبۆنی کرد و ئەو شتانەم بەبیردا هاتن، کە لە تاریکیدا لە بارەی ئەوەوە بیرم لێ دەکردنەوە. گوێم لێ بوو مەحجووب دەخەنییەوە و دەیگوت:

– پێم نەیێژی ژنت هەیە و خاوەن منداڵی. ڕۆژ نییە پیاوان ژن بەسەر ژنەکانیاندا نەهێنن. خۆ تۆ یەکەم کەس و دوایین کەس نیت.

لە کاتێکدا بەسەرخۆمدا زاڵ بووم، بەپێکەنینەوە بە مەحجووبم گوت:

– بەڕاستی شێتی.

بەجێم هێشت و ڕۆیشتم، هەر چەندە لە حەقیقەتێك دڵنیا بووم زۆرێك لە ئاسوودەییم دەبا و من بەشێوەیەك لە شێوەکان حوسنەی کچی مەحموود، بێوەژنەکەی مستەفا سەعیدم خۆشدەوێ. منیش، وەك ئەو و ودلڕەیس و ملیۆنەهای تر، دوورنیم لەو ڤایرۆسەی جەستەی گەردوونی تەنیوەتەوە.

## ٧

دوای ئاهەنگی سونەتکردنی کوڕەکانی مستەفا سەعید، گەڕامەوە خەرتووم. ژنەکەم و کچەکەم لەوێ جێهێشتن و لە ڕێگای بیابانەوە بەئۆتۆمبێلێك لەو ئۆتۆمبێلانەی ئەو پرۆژەیەی مەحجووب باسی کرد، سەفەرم کرد. هەمیشە بە پاپۆڕ بەرەو بەندەری (کریمە) دەڕۆیشتم، لەوێشەوە سواری شەمەندەفەر دەبووم بۆ خەرتووم و بە(ئەبی ئەحمەد) و (ئەتبرا)دا تێپەڕ دەبووم. وەلێ ئەمجاریان بێ ئەوەی بەخۆشم بزانم بۆ پەلەم بوو لە گەیشتن، ڕێگەم کورت کردەوە. ئۆتۆمبێلەکە هەر لەگەڵ کازیوەی بەیانا کەوتە ڕێ و دوو سەعات بەرەو ڕۆژهەڵات بەتەنیشت ڕووباری نیلدا ڕێی کرد. پاشان بەگۆشەیەکی ڕاست بەرەو خوارووی ملی ڕێگەی بیابانی گرتەبەر. هەتاو لە چەقی ئاسمانەوە تیشکی بەسەر زەوییا دەڕژاند، دەتگوت لەگەڵ خەڵکی سەر زەوی دوژمنداریی هەیە و پێیان دەردەکات. جگە لە سێبەری گەرمی ناو ئۆتۆمبێلەکە، کە سێبەر نەبوو، شوێنێك نەبوو لە بەری بحەسێیتەوە. ڕێگەیەکی ناخۆشی پڕ لە تاسە، لەو چۆڵاییە شتێك نەبوو چاو ببینێ. دەوەنی بێ گەڵا و دڕکاوی، لێرە و لەوێ دەکەوتنە بەرچاو. درەختی کلۆڵ نە مردوو نە زیندوو. ئۆتۆمبێلەکە چەندین سەعات بەڕێوە بوو، بێ ئەوەی مرۆڤێك یا ئاژەڵێك بێتە سەر ڕێی. پاشان بەتەنیشت ڕەوە حوشترێکی لەڕ و لاوازدا تێپەڕین. لەم ئاسمانە سووتێنەرە پەڵە هەورێك نییە ئومێد ببەخشێ. هەر دەڵێی سەرقاپی تەنووری دۆزەخە. ڕۆژ لێرە شتێکە هیچ نرخی نییە. تەنیا ئازارێکە و بوونەوەری زیندوو لە چاوەڕوانیی هاتنی شەودا پێوەی دەتلێتەوە. شەو سەرفرازییە. لە حاڵەتی لە تا نزیکبوونەوە، هەندێ شت بەمێشکما گوزەریان کرد، کۆمەڵە وشەیەك، وێنەی ڕوخسار و کۆمەڵە

دەنگێکی وشك و برینگ دێن، چوون گەردەلوولی بچووك بچووك، کە لە زەوییەکی بەیاردا هەڵدەکەن.

– پەلەی چیتە؟ لێی پرسیم: پەلەی چیتە؟

گوتی: ئەی بۆ حەفتەیەکی دی نامێنیتەوە؟

گوتی:..... کەرە ڕەش. بیابانشینێك مامتی هەڵخەڵەتاند و کەرە ڕەشی پێ فرۆشت.

بابم گوتی: ئەمە شتێك نییە مایەی تووڕەبوون بێت.

خۆ ئاوەزی مرۆڤ لە یەخچاڵ نەپارێزراوە. ئەمە ئەو خۆرەیە، کە بەرگەی ناگیرێت. مێشك دەتوێنێتەوە و بیرکردنەوەش ئیفلیج دەکات. ڕوخساری مستەفا سەعید وەکو یەکەم ڕۆژ بینیم لە مێشکما هەڵدەقوڵێ، پاشان لە گڕەگڕی ئۆتۆمبێلەکە و خشەی ڕۆیشتنی بەسەر چەوەکەیا ون دەبێت. هەوڵم دا بێنمەوەی بەرچاوی خۆم، وەلێ نەمتوانی.

ڕۆژی ئاهەنگی سونەتکردنەکە، حوسنە لەچکەکەی سەری فڕێدا و وەك هەر دایکێك لە ڕۆژی سونەتکردنی کوڕەکانیا، سەمای کرد. ئای چ ئافرەتێکە! باشە تۆ بۆ نایخوازیت؟ ئیزابێلا سیمۆر چۆن دەتلایەوە؟

«بمکوژە دێوە ئەفریقییەکە، بمکوژە خوا ورەندە ڕەشەکە، بەئاگری پەرستگەکەت بمسووتێنە. لێمگەڕێ با لە سرووتی نوێژە مەست و ورووژێنەرەکانتدا بتلێمەوە».

ئەوەتا ئاتەشگەکە. پەرستگەکە هۆڵەوێیە. هیچ. خۆر و بیابان و ڕووەکی وشکەوەبوو و ئاژەڵی لەڕ و لاواز. کاتێ ئۆتۆمبێلەکە لە شیوێکی بچووك لێژ دەبێتەوە، سەرتاپای دێتە هەژین. بەتەنیشت ئێسك و پروسکی حوشترێکی لە تینووان مردارەوە بوودا تێدەپەڕێ. جارێکی تر سیمای مستەفا سەعید لە ڕوخساری کوڕە گەورەکەیا دەبینمەوە و دێتە بەرچاوم، ئەویان زیاتر بەو دەچێت. ڕۆژی ئاهەنگەکە من و مەحجووب زیاد لە

پـێویست خـواردمـانـەوە. خـەڵکی وڵاتـی ئێمـە لـە تـاو ڕۆتـینـی ژیـان، هـەر بۆنەیەکی خۆش چەندە بچووکیش بێت، دەیکەنە بەهـانەیەك بۆ ئـاهـەنگ گێڕان، لە چەشنی ئـاهـەنگی ژنهێنـان. شەوێ کـاتێك گۆرانیبێژان گۆرانییـان دەچڕی و پیاوانی نـاو حەوشەکە چەپڵەیـان لێدەدا، گرتم بەدەستیا، لە بـەرانبـەر دەرگـای ئـەو ژووره وەستـاین. پێم گوت:

– تەنیـا من کلیلی دەرگـای ئـەم ژوورەم هـەیە.

مەحجووب بەدەنگە خومـارەکەیەوە گوتـی:

– دەزانی چی لە نـاوە؟

گوتم: بەڵێ

گوتی: چی تیـایە؟

لە کاتێکدا من لە ژێر کـاریگەریی خواردنەوەکەیا بووم، بەپێکەنینەوە گوتم:

– هیچ. هیچ شتێك.

ئـەم ژووره بـریـتـیـیـە لـە نـوکـتـەیـەکـی گـەورە. وەکـو ژیـان. وا دەزانـی نهێنییەکی تێدایە، کەچی هیچی تێدا نییە. «هیچ شتێك».

مـــەحـــجـــووب گـــوتـــی: تـــۆ سەرخـــۆشیت. ئـــەم ژووره لـــە زەویـــیـــەوە تـــا بنمیچەکەی پڕە لە زێڕ. ئـاڵتوون، گەوهـەر، دوڕ و مرواری. دەزانی مستەفـا سەعید کێیە؟

پێم گوت: مستەفـا سەعید درۆیەك بوو.

جـارێکی دی پێکەنینێکی مەستـانە پێکەنیم و گوتم:

– دەتەوێ حەقیقەتی مستەفـا سەعید بزانی؟

گوتی: تۆ نەك هـەر سەرخۆشی، بەڵکو شێتیشی. لە ڕاستییـا مستەفـا سەعید خـدری زیـنـدەیـە. لـەپـڕ دەردەکـەوێ و لـە پـڕیش ون دەبـێ. ئـەو زێڕەی لـەم ژوورەدایە ئەوە خشڵ و زێڕی شا سلێمـانە، جنۆکە بۆ ئێرەیـان هێنـاوە. تۆش

کلیلی زێڕەکەت هەیە. «أفتح یا سمسم با ئەم ئاڵتوون و گەوهەرە بەسەر خەڵکدا دابەش بکەین». خەریکبوو مەحجووب هاوار بکا و خەڵکی بێنێتەوە سەرمان، دەستم نایە سەر دەمی. سبەی بەیانی هەر کەس و لە ماڵە خۆی خەبەری بووەوە، نەمانزانی چۆن گەیشتووینە. ڕێگەکە نابڕێتەوە، ڕۆژەکەش وچان نازانێت. مستەفا سەعید ناهەقی نەبوو بەرەو سەرما و سۆڵی باکور هەڵات.

ئیزابێلا سیمۆر پێی گوت:

– دیانەکان دەڵێن خوداکەیان لەبەرئەوەی ئۆباڵگری تاوانەکانیانە لە خاچ دراوە. کەواتە لە خۆڕا ڕۆیی. ئەوی پێی دەڵێن خەتا، جگە لە هەناسەی لە ئامێزگرتن چیتر نییە، ئەی ئەو خودایەی دەتپەرستم. تۆ خودای منی و تاق و تەنیای.

دەبێ لەبەرئەمە خۆی کوشتبێت، نەك بەنەخۆشیی شێرپەنجە. ئەو کاتی من بینیم بڕوای بەتین بوو... لە دینەکەی هەڵگەڕایەوە و خوداوەندێکی دەپەرست وەك گوێرەکەکەی نەتەوەی ئیسرائیل. سەیرە. چ گاڵتەجارییەکە، مرۆڤێك لەبەرئەوەی لەسەر هێڵی پشتێنیی لە دایك بووە، هەندێك خەڵکی شێت و شوور بەکۆیلەی دەزانن و هەندێکیشیان بەخوداوەند.

کوا دادپەروەری و یەکسانی؟

باپیریشم بەنووزە و پێکەنینە نەگریسەکەیەوە کاتێك لەسەر میزاجی خۆیەتی، دەبێ لە کوێی ئەم فەرشە ئەحمەدییەوە بێت؟ دەبێ ڕاستبێ وەك ئەوەی کە من دەیڵێم ئەو وا خۆی نیشان بدات؟ دەبێ ئەو لە سەرووی ئەم ئاشووبەوە بێت؟ نازانم. بەهەرحاڵ سەرەڕای نەخۆشی و گەندەڵیی دەسەڵات و دڵڕەقیی سروشت، هەرما. من دڵنیام، گەر مردن بۆی بێت، ئەم بەڕوویدا دەخەنێتەوە. ئەمەندە بەس نییە؟ داخۆ نەوەی ئادەم لەسەریەتی لەمە زیاتر بکات؟

لەودیو گردەکەوە بیابانـنشینێك بە هەڵەداوان بەرەو لامان هات، هاتە پێش ئۆتۆمبێلەکە و وەستاندمانی. جەستە و جلەکانی لە ڕەنگی زەوییەکە بوون. شۆفێرەکە لێی پرسی، داخوا چی دەوێت؟

گوتی: لە ڕێی خوا جگەرە، یاخود تووتنم بدەنێ. دوو ڕۆژە تامی تووتنم نەکردووە. تووتنمان لا نەبوو، بۆیە جگەرەم دایێ. گوتمان یەکجارییش با تۆزێك بووەستین و پشوویەك بدەین. لە هەموو ژیانمدا کەسێکم نەبینیبوو بەو تامەزرۆییییەوە جگەرە بکێشێت. کابرا لەسەر قوون لێی دانیشت و بەئالوودەییییەکی لە ڕادەبەدەر قومی لێدەدا. دوای دوو خولەك دەستی بۆ درێژ کردم و جگەرەیەکی دیم پێدا. وەکو ئەوی پێشوو بەبای دا. پاشان وەك پەرکەمدارێك کەوتە تلخواردنەوە... ئینجا لەسەر زەوییەکە ڕاکشا و بەهەر دوو دەستی توند سەری خۆی گووشی، پاشان وەك مردووی لێهات. تامانەوەمان نزیکەی بیست خولەك، ئەو هەروا مایەوە. هەر کە ئۆتۆمبێلەکە بەگەڕ کەوت، ڕاپەڕی، مرۆڤێك ژیانی بەبەردا کرایەوە، دەستی کرد بەسوپاس کردنم و هیوای تەمەن درێژیی بۆ خواستم. منیش پاکەتە جگەرەکە چەندی تێدامابوو بۆم هاویشت. تۆزێك لە دوامانەوە هەڵسا. چاوم لە کابرا بوو، بەرەو چادرە شڕەکانی لای دەوەنەکانی خواروو تێی تەقاند. هەندێ بەرخۆڵە و منداڵی ڕووت و قووتی لێ بوون. خودایە سێبەرێك نییە؟ ئەم خاکە لە پێغەمبەر زیاتر هیچی لێ ناڕوێ. چاری ئەم قاتییە تەنیا ئاسمانە. ڕێگە نابڕێتەوە و خۆرەکەش بەزەیی پێماندا نایەتەوە. ئۆتۆمبێلەکەش لەسەر ئەو چەوەی کە دەتگوت خوانچەیە گڕەی دەهات. (ئێمە تیرەیەکین هەڵبڕاوین لە یاران، هەڵکەندراوین لە جێی خۆمان، حیکایەتێلێکمان بۆ بگێڕنەوە جوانمان بکاتەوە).

کێ ئەمەی گوتووە؟ پاشان: (وەك چێنکە و باوان ئاخر نەخاك قاتییە و نەهیچ چشتێ دەمێنێ جاویدان).

شۆفێرەکە فزەی لێوە نەهات. جار جار نەعلەت و جوێنی بۆ

ئۆتۆمبێلەکەی دەنارد. زەوییەکەی دەوروبەریشمان لە تراویلکە نوقوم بوو بوو. «جارێك بەرزی دەکردینەوە و جارێك نزم. ئەمدەست و ئەو دەستی پێ دەکردین». محەمەد سەعید ئەلعەباسی، چ شاعیرێکە! ئەی ئەبو نەواس «خواردنەوەیەك خواردمانەوە، وەك خواردنەوەی نەتەوەی تینووی سەردەمی عاد». ئەمە خاکی شیعر و بێ ئومێدییە، کەس گۆرانی نالێت. ئۆتۆمبێلێکی حکوومیمان بینی، پەکی کەوتبوو، پێنج سەرباز و پۆلیسێك بەچەکەوە بەدیار ئۆتۆمبێلەکەیانەوە وەستابوون. وەستاین. ئاو و خواردن و بەنزینمان پێدان. گوتیان ئافرەتێك لە عێلی ئەلمرێساب پیاوەکەی خۆی کوشتووە، ئێمەش بۆ گرتنی دەچین. ژنە ناوی چییە؟ ئەی پیاوەکەی؟ بۆ کوشتی؟ نازانن. تەنیا ئەوەندە دەزانن لە عێلی ئەلمرێسابە و مێردەکەی کوشتووە. بەڵام کابرا دەناسن. خێڵەکانی ئەلمرێساب و هواویر و کەبابیش. قازییەکان، پشکنەرێك لە باکوری کەردڤان، پشکنەرێك لە خوارووی ئەلشیمالییە، پشکنەرێك لە ڕۆژهەڵاتی خەرتووم. شوانەکان لەو شوێنەن، کە ئاوی لێ بێ. پیر و دنیادیتەکان، کۆچەرییەکان لە ڕەشماڵەکانیاندان، لە ڕێگە جیاجیاکانی دۆڵەکانن. هەموویان ناوی ژنە دەزانن، خۆ هەموو ڕۆژ ژنێك نایێ و پیاوێك بکوژێ، نەخوازە مێردەکەی. لەم خاکەی خۆر خۆکوشتنی بۆ پیارکوژ نەهێشتووەتەوە. شتێك بەمێشکمدا هات، لە مێشکمی خۆمدا تاوتوێم کرد، پاشان بڕیارمدا بیڵێم، تا بزانم چی ڕوودەدات. پێم گوتن: ئەو نەیکوشتووە، بەڵکو خۆرانگازبووە و مردووە، هەروەك چۆن ئیزابێلا سیمۆر و شیلا گرینۆد و ئان هەمند و جین مۆرس، مردن.. هیچ ڕووی نەدا. پۆلیسەکە گوتی:

– قوماندانێکی مەلعوونی پۆلیسمان هەبوو ناوی مەیجۆر کۆك بوو.

بێ سوودە. جێگەی سەرسوڕمان نییە. ڕۆیشتن، ئێمەش بەدوایانا. دوژمنی ڕاستەقینە هەتاوەکەیە. وەك عەرەب دەڵێن ئێستا لە ناو جەرگەی ئاسمانە. چەندین سەعات ئاوا لە جێی خۆیەتی، یان لای ڕوحلەبەر وایە. تا

بەرد دەناڵێ و درەخت دەگری و ئاسن هاوار دەکا. گریانی ژنێك لە ژێر پیاوەکەیا لە بەرەبەیانا، دوو ڕانی سپی لێ بەش کردووەتەوە. ئێستا دەڵێی ئێسك و پروسکی پەرشوبڵاوی وشترن لەو بیابانە. نە تام. نە بۆن. نە خێر. نە شەڕ. تایەکانی ئۆتۆمبێلەکە بەتوندی خۆیان بەچەوەکەیا دەکێشن. هەند نابا ڕێگا پێچاوپێچەکە تووشی کارەساتێکی دەکات. زۆرجار کارەساتەکە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە، بەشێوەیەك سەیرمان پێ دێ پیاوێکی زیرەکی وەك ئەم، لە ڕاستییا ئەوپەڕی گەمژەیە. ئەو زیرەکییەکی زۆری پێ دراوە، وەلێ لە دانایی بێ بەشە. گەمژەیەکی زیرەکە. لە (ئۆڵدبەیلی) قازی بەر لەوەی حوکمەکەی دەربکات، ئەمەی گوت. ڕێگەکەش نابڕێتەوە، ڕۆژەکەش ڕۆژی ڕووناکە. بۆ مسز ڕۆبنسن دەنووسم. لە شانکلن لە ئایڵ ئۆف وایت دەژێت. لەو شەوەوە قسەکانی مستەفا سەعید لە یادەوەریمدا هەڵکۆڵراون. مێردەکەی بە تیفۆ مردو لە قاهیرە لە گۆڕستانی ئیمام شافعی نێژرا. بەڵێ، بووە ئیسلام. مستەفا سەعید گوتی؛ لە سەرەتاوە تا کۆتایی دادگاییکردنەکە ئامادە بوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیە مێردەکەی هێمنیی لە دەست نەدا. دوای ئەوەی حوکمیان دا، سەری نا بەسینگی ژنەکەیەوە و گریا. دەستی بەسەریا هێناو ناوچەوانی ماچ کرد، گوتی:

– کۆرپە ئازیزەکەم مەگری.

جین مۆرسی خۆش نەدەویست. لە شووکردنەکەی وریام کردەوە. نامەیەکی بۆ دەنووسم، بەڵکو تیشك بخاتە سەر هەندێ شت، لەوانەیە هەندێ شتی بەبیردا بێنەوە، کە ئەو لە بیری کردوون، یاخود باسکردنیانی بەهەند نەزانیوە. لە پڕ جەنگەکە بەسەرکەوتن کۆتایی هات. بوولێڵی ئاوابوون خوێن نییە، بەڵکو خەنەی پێی ژنە، ئەو شنەیەی لە دۆڵی نیلەوە هەڵدەکات، بۆنێك لەگەڵ خۆی دێنێ، تابمێنم لە مێشکمدا دەمێنێ. وەك چۆن کاروان باروبنە دەخا، ئێمەش ئاوا باروبنەمان دا بەزەوییا. ڕێگەکە هەندەی نەمابوو. نانمان خواردو ئاومان خواردەوە، هەندێك نوێژی خەوتنانیان کرد، شۆفێر و سەکنەکانیان لە

سندووقی ئۆتۆمبێلەکانەوە شووشە مەیەکانیان دەرهێنا، منیش لەسەر لمەکە هەڵاڕام و جگەرەیەکم پێ کرد و لە جوانی و دڵگیریی ئاسماندا ونبووم. ئۆتۆمبێلەکەش پڕ لە ئاو و بەنزین و ڕۆن کرا، کوژاوەتەوە، دەڵێی جوانوویەکە لە تەویلەدایە. جەنگ بەسەرکەوتنی هەمووان کۆتایی هات، بەرد و درەخت و ئاژەڵ و ئاسن، منیش ئێستا لە ژیانی ئەم ئاسمانە جوانە بە بەزەیییەدا وا هەست دەکەم ئێمە هەموومان براین. ئەوی سەرخۆشە، ئەوی نوێژ دەکات، ئەوی دزی دەکات، ئەوی زینا دەکات، ئەوی دەجەنگێت، ئەویشی دەکوژرێت، هەمان کانیاوە. کەسیش نازانێ چی لە دڵی خوادایە. ڕەنگە گوێی پێ نەدات. لەوانەیە تووڕە نەبێ. لە شەوێکی وەك ئەمشەودا وا هەست دەکەیت دەتوانی بە پەیژەیەك لە گوریس بەرەو ئاسمان هەڵکشێی. ئەمە خاکی شیعر و شتی شیاوە، کچەکەیشم ناوی ئاواتەکانە. دەرووخێنین و بنیات دەنێین و خۆریش بەخۆریی خۆی دەخەینە ژێر ویستی خۆمانەوە، بەهەر شێوەیەکیش بێت هەژاری دەبەزێنین. ئەو شۆفێرەی بەدرێژایی ڕۆژ نقەی نەکرد، وا دەنگی لێ بەرز کردووەتەوە و گۆرانی دەچڕێ. دەنگێکی تا بڵێی خۆش، بەدەنگی ئەو ناکات. گۆرانی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی دەڵێت، چوون لە کۆندا شاعیران گۆرانییان بۆ حوشترەکانیان دەگوت:

**سوکانە قووچەکییەکەت باش بنجی کوتاوە**
**تالای نفوور خاتوون نەوەستیتەوە[١٣]**

دەنگی یەکێکی تر بەرزەوە بوو و بۆی سەندەوە:

**نیازی سەفەری دارکول و کەمبۆمان هەیە**
**لە خۆشیی بەڕێکەوتن هێسکەیەکی بۆ کرد**
**بۆنی (ئەب دۆمات)[١٤]ی کرد بۆ لای هاوەڵانی**
**لە حەژمەتا سمکۆڵانی دەکرد و ئاگری دەکردەوە[١٥]**

---

١٣– بەئۆتۆمبیلەکەیەتی. (وەرگێڕ)

١٤– ناوی شارێکە لە سوودان. (وەرگێڕ).

١٥– بە حوشترەکەیەتی. (وەرگێڕ).

پاشان دەنگێکی تر بەرز بووەوە و وەڵامی ئەو دووانەی دایەوە:

**ئای لە داخی دڵ**

**لە ڕاکردن بەدووی نێچیردا**

**تاژییەکەم کەوتە هاسکە هاسك**

**یارم مەلا لە دین وەردەگێڕێ**

**حاجی لە جەددەوە دەگێڕێتەوە(١٦)**

ئێمە ئاواین، هەر ئۆتۆمبێلێك بەتەنیشتمانا تێپەڕێ یا بەرەو ڕوومان بێت، دەوەستێ، تا بووە کاروانێکی گەورە، زیاد لەسەد کەس خواردیان و خواردیانەوە و نوێژیان کردو سەرخۆش بوون. پاشان ئەڵقەیەکی گەورەمان دروست کرد، چەند لاوێك هاتنە ئەڵقەکەوە و کچ ئاسا کەوتنە سەماکردن. چەپڵەمان لێدا و قاچمان دەکوتی بەزەوییەکەیا و بەقوڕگمان حمەحممان بوو. لە ناوجەرگەی بیاباندا شاییەکمان بۆ هیچ گێڕا. یەکێك ڕادیۆکەی هێنا، لە ناوەڕاست ئەڵقەکە داماننا، چەپڵەمان لێدا و لەگەڵ گۆرانییەکەیا سەمامان دەکرد.

بیرێك بەمێشکی یەکێکا هات، شۆفێرەکان ئۆتۆمبێلەکانیان لەسەر شێوەی بازنە وەستاند و ڕۆشنایی لایتەکانیان خستە سەر ئەڵقەی سەماکە. گڕێك لە ڕووناکی هەڵی کرد، بڕوا ناکەم ئەو شوێنە پێشتر ڕووناکی وای بەخۆوە بینیبێ. پیاوەکان ژنان ئاسا هەلهەلەیان لێدەدا، لە یەك کاتا هەموو ئۆتۆمبێلەکان کەوتنە هۆڕن لێدان. ڕووناکی و هەرا و هۆریاکە کۆچەرەکانی لە دۆڵ و سەر گردەکانی دەوروبەرەوە بەکێش کرد، ژن و پیاویان قەومێکن بەڕۆژ نایانبینی، وەك ئەوەی لە ژێر خۆردا بتوێنەوە، خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەوە و ئاپۆرەیان بەست، ئینجا ئافرەتان چوونە بازنەکەوە، ئەگەر بەڕۆژ بیانتبینیایا گوێت پێ نەدەدان، وەلێ لەم کات و شوێنەدا لە جوانییا بێ وێنە بوون.

---

(١٦) بە یارەکەیەتی (وەرگێڕ).

بیابانـنشینێك بەرخێکی هێنا و دای بەعەرزا، ئاگری کردەوە و گۆشتەکەی لەسەر برژاند. سەرنشینێك دوو سندووق بیرەی لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و لەگەڵ دابەشکردنا هاواری دەکرد:

– بەسحەتی سوودان، بەسحەتی سوودان.

پاکەتە جگەرە و شیرنیی بەسەریاندا دەسووڕاوە، ژنە بیابانـنشینەکان گۆرانییان دەگوت و سەمایان دەکرد، شەو و بیابانەکە زایەڵەی ئەو هەڵپەڕکێیە مەزنەیان ڕاگەیاند، وەك ئەوەی خێڵێك بین لە خێو.

شایییەکی بێ مانا، تەنیا کارێکی بێ ئومێدانە بوو و سەرپێییانە هەڵقولا، وەکو گەردەلوولی بچووك، کە لە بیابان دروست دەبێ و دادەمرکێتەوە. لەگەڵ سپێدەی بەیانا بڵاوەمان لێ کرد. بیابانـنشینەکانیش گەڕانەوە دەوارەکانیان. خەڵکەکە هاواریان دەکرد:

– خواتان لەگەڵ. خواتان لەگەڵ.

هەرکەسە و بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی ڕایکرد. مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان کەوتنە گەڕ، ڕووناکییەکانیش لەو شوێنەی بوو بووە شانۆی خۆشی و شادمانی، کشانەوە و بوونە بەشێك لە بیابانەکە. هەندێك لە ڕووناکییەکان ڕووەو خواروو بەرەو نیل ملیان نا، هەندێکیشیان ڕووەو باکور بەرەو نیل. تەپوتۆز هەڵسا و دامرکایەوە، دیسانەوە هەڵسا و دامرکایەوە. عاتێ خۆرەکە هەڵات، ئێمە لەسەر لووتکەی چیاکانی کەرەریی بان ئوم دەرمان بووین.

## ٨

پاپۆڕەکە بەدەوری خۆیدا خولێکی خواردەوە، تا وەگەڕهێنەکەی (محرك) لەگەڵ ڕەوتی شەپۆلەکاندا نەبێت. هەمووشتەکان وەك جارانن. ئاژێرە دەنگ گڕەکە، بەلەمەکانیش لە کەناری ئەوبەرەوەن. درەختی لەغت و هەنجیرە سوورە لەسەر شۆستەی وێستگەکەن.

دەرچووم، مەحجووب تەوقەی لەگەڵ کردم و بەچاو خۆی لێ دەپاراستم. ئەمجاریان لە پێشوازی کردنما تەنیا خۆی بوو. چوون هەست بەتاوانێك بکات ئاوا شەرمەزار بوو، یاخود من بە بەرپرسیار بزانێت. لە کاتی تەوقەکردنا پێم گوت:

– چۆن هێشتتان ئەمە ڕوویدا؟

مەحجووب لە کاتێکدا کورتانی کەرە ڕەشی مامی ڕێکدەخست، گوتی:

– ئەوەی بوو بوو منداڵەکان باشن و وا لای منن.

من بەدرێژایی ئەو گەشتە شوومە بیرم لای منداڵەکان نەبوو. تەنیا بیرم لەو دەکردەوە. جارێکی دیش بە مەحجووبم گوت:

– چی ڕوویدا؟

کەچی ئەو خۆی لێ دەپاراستم. ورتەی لێوە نەدەهات. کەوڵی سەرکورتانەکەی چاك دەکرد و قایشی ژێر سکی گوێ درێژەکەی دەبەست. نەختێك کورتانەکەی بردە پێشەوە و ڕەشمەکەی گرت و خۆی هەڵدایە سەر پشتی. قەیرێك وەستام و لە چاوەڕوانیی وەڵامەکەیدا مامەوە، سەرەنجام منیش خۆم هەڵدایە سەر پشتی گوێ درێژەکە.

نەقیزەیەکی لە گوێ درێژەکەی دا و گوتی:

– وەك چۆن لە بروسکەکەدا بۆم نووسیبووی، باسکردنی هیچ سوودێکی نییە. بەهەرحاڵ پێشبینیی هاتنەوەتمان نەدەکرد.

بۆ ئەوەی هانی قسەکردنی بدەم، پێم گوت:

– سەد خۆزیا بەقسەم بکردیتایا و بمخواستایا.

قسەکەم بێ سوود بوو، تەنیا بێ دەنگییەکەیم قووڵتر کرد. دیاربوو تووڕەبوو، لە ڕقان بەتوندی پاژنەی بەتەنگەی گوێ درێژەکەیا کێشا، بێ ئەوەی چەمووشییەکی کردبێت. لە کاتێکدا بەدوایەوە دەڕۆیشتم نەکەوتبوومە دوای، گوتم:

– لەو دەمەوەی برووسکەکەت پێم گەیشتووە، زاد بەهەناومدا نەچووە، نە نووستووم و نە قسەیەکیشم لەگەڵ کەسدا کردووە. سێ ڕۆژە لە خەرتوومەوە بەشەمەندەفەر و بەپاپۆڕ من بەڕێوەم، لە بیرڕا ماوم و لە خۆم دەپرسم ئەمە چۆن ڕووی دا؟ کەچی وەڵامەکەیم نەدۆزیوەتەوە. چوون دڵم بداتەوە، بەسۆزێکەوە گوتی:

– ئەمجاریان زۆر بە پەلە گەڕایتەوە بۆ گوند.

پێم گوت: بەڵێ. سی و دوو ڕۆژی ڕەبەقە.

گوتی: هیچ هەیە لە خەرتووم؟

پێم گوت: سەرقاڵی کۆنفرانس بووین.

بایەخدان بە مەسەلەکە بە سیمایەوە دیاربوو، چونکە حەزی بە هەواڵی خەرتووم هەبوو. بەتایبەت هەواڵی ئابڕووچوونەکان و بەرتیلدان و گەندەڵیی بەرپرسان. بە بایەخێکی گەورە و بەرچاوەوە، لە کاتێکدا لە دڵمدا ما، کە لە بیری چووەوە ئێمە لە چیداین، گوتی:

– ئەمجاریان کۆنفرانس لە بارەی چییەوە بوو؟

بێ واز و ماندوو پێم خۆش بوو لە کورتی بیبڕمەوە، گوتم:

– وەزارەتـی پـەروەردە کـۆنـفـرانسێکی ڕێکخست، نـوێنـەری بیست وڵاتـی ئەفریقی بۆ گفتوگۆ لەسەر یەکخستنی شێوازەکانی فێرکردن لە سەرتاپای کـیشوەرەکـە، ئـامـادەی بـووبـوون. مـن خـۆم ئـەنـدامـی سکـرتـاریـیـەتـی کۆنفرانسەکە بووم.

مەحجووب گوتی:

– با جارێك قوتابخانە بنیات بنێن، ئەوجا گفتوگۆی یەکخستنەوەی فێرکردن بکەن. ئەم خەڵکە چۆن بیردەکەنەوە؟ کات بەکۆنفرانس و قسەی بێ ماناوە دەکوژن، کەچی منالّی ئێمەش چەندین میل دەبڕن تا دەگەنە قوتابخانەکەیان. باشە ئێمە بەشەر نیین؟ ئەوە نییە باج و سەرانە دەدەین؟ چییە لەم وڵاتە مافمان نییە؟ هەموو شتەکان لە خەرتوومن. هەموو بودجەی دەوڵەت لە خەرتووم خەرج دەکرێ. یەك خەستەخانە لە مرۆی هەیە، سێ ڕۆژە ڕێیە، ژنان لە کاتی منداڵبووندا گیانیان دەردەچێ. لێرە مامانێکی پڕوپوختەی خوێندەوارمان نییە. ئەی تۆ لە خەرتووم خەریکی چیت؟ سوودی چییە ڕۆڵەیەکمان لە حکوومەت هەبێ و هیچمان بۆنەکا؟

گوێ درێژەکەم پێشی کەوت، ڕەشمەکەیم ڕاکێشت، تا پێم بگات، متەقم نەکرد. ئەگەر کات ئەم کاتە نەبوایا دەمشیراند بەسەریا، من و ئەو لە منداڵییەوە وا بووین، کێمان تووڕەبین بەسەر ئەوی دیدا دەشیرێنێ. پاشان ئاشت دەبینەوە و لە بیری دەکەین. وەلێ من لە برسا لاکەم دێ و دڵم پڕە لە غەمێکی گەورە. ئەگەر وەختەکەی لەمە باشتر بوایا، بەچیرۆکەکانی ئەو کۆنفرانسە دەمهێنایە خەنینەوە و تووڕەشم دەکرد. مەحجووب بڕواناکات سەروەرانی نوێی ئەفریقیا، ئەو دەموچاو لووسانە، زاریان گورگ ئاسا بەش کردووەتەوە، مۆری بەردی گرانبەهایان بەدەستەوە، نێوچەوانیان بۆنی خۆشی لێ دێ، جلی سپی و شین و ڕەش و سەوز لە مەرەزی نایاب و ئاوریشمی گرانبەها لە شێوەی چەرمی پشیلەی سیامی بەسەر شانیاندا دەخزێت.

پێڵاوەکانیشیان ڕووناکیی مۆمدانەکان دەدەنەوە و لەسەر مەڕمەڕەکە جیڕەیان دێ. مەحجووب بڕوا ناکات ئەوان نۆ ڕۆژی تەواو چارەنووسی پەروەردە و فێرکردنیان لە ئەفریقیا لە (هۆڵی سەربەخۆیی) تاوتوێ کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە ئەو هۆڵەیان بنیات ناوە و زیاد لە ملیۆنێك جونەیهی تێدا خەرج کراوە، تەلارێکی خڕە، لە بەرد و چیمەنتۆ و مەڕمەڕ و شووشە دروست کراوە. نەخشەسازییەکەی لە لەندەن کراوە. ژوورەکانی لە مەڕمەڕی سپین، لە ئیتاڵیاوە هێنراون، شووشەی پەنجەرەکان ڕەنگا و ڕەنگن، بەوردی بەپارچەی بچووك بچووك لە تۆڕێك لە دارساج، ڕیزکراون. زەویی هۆڵەکە بەقاڵبی گرانبەهای ئێرانی داپۆشراوە، بنمیچەکەشی لە شێوەی گومبەتە و بەئاوی ئاڵتوون ڕووپۆش کراوە. لەملاو لەولاوە مۆمدان بەقەبارەی حوشترێك شۆڕ بوونەتەوە. وەزیرەکانی پەروەردە و فێرکردنی ئەفریقی بەدرێژایی نۆ ڕۆژ یەك لە دوای یەك دەهاتنە سەر مینبەری سووری لە مەڕمەڕ دروستکراو، دەتگوت گۆڕەکەی ناپلیۆنە لە ئەنفالید. ڕووەکەشی لووسی بریقەدارە و، لە دار ئەبەنۆس دروست کراوە. تابلۆی زەیتی بەدیوارەکانەوە بوون، بەرامبەر دەرگاکەش نەخشەیەکی گەورەی لە مەڕمەڕی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراوی ئەفریقیا هەڵواسرابوو، هەر وڵاتە و لە ڕەنگێ بوو.

چۆن بە مەحجووب بڵێم، ئەو وەزیرەی لە گوتارە درێژەکەیدا، بەرەو ڕووی هارەی چەپڵە بووەوە، گوتی:

– نابێ دژایەتی لە نێوان واقعی میللەت و ئەوەدا هەبێ کە قوتابی لە قوتابخانەدا فێری دەبێ. ئەمڕۆ هەر یەکێك فێر دەبێ، دەیەوێ لەسەر کورسیی دۆشەك نەرم و لە ژێر پانکە بێ و ماڵەکەشی کۆندیشنی تیا بێ و بەباخچە دەور درابێ و بەئۆتۆمبێلی پانوپۆڕی ئەمریکی بێ و بچێ. ئێمە ئەگەر ئەم نەخۆشییە بنجبڕ نەکەین، ئەوا چینێکی بۆرژوازی، کە هیچ پێوەندیی بەواقیعی ژیانمانەوە نییە، دروست دەبێت، کە بۆ دواڕۆژی

ئەفریقیا لە خودی کۆلۆنیالیزم مەترسیدارترە.

چۆن بە مەحجووب بڵێم، ئەم پیاوە خۆی لە مانگەکانی هاویندا لە ئەفریقیاوە ڕادەکات بۆ فێڵتەی سەر دەریاچەی لۆکارنۆ، ژنەکەشی پێویستییەکانی خۆی لە هارودز لە لەندەن دەکڕێت و بە فڕۆکەی تایبەت بۆی دێت و ئەندامانی وەفدەکەی بەدەمی خۆیان دان بەگەندەڵی و بەرتیل خۆریدا دەنێن. لە ناویا نوقوم بووە و خەریکی بازرگانی و کۆشك و تەلارە. سامانێکی بێ شوماری لە عارەقی نێوچەوانی بەشمەینەتان لە شێوەی ڕووت و ڕەجاڵی دارستانەکان پێکەوەناوە؟ ئەمانە کەسانێکن لە خەمی سك و ناوگەڵیان زیاتر هیچ خەمێکی تریان نییە. دادپەروەری و ڕاستی لە دنیایا نەماون.

مستەفا سەعید گوتی:

– من شکۆمەندیم ناوێ. هی وەك من داوای گەورەیی ناکات.

ئەو ئەگەر گەڕانەوەیەکی ئاسایی بگەڕایەتەوە، ئەوا دەچووە پاڵ ئەم گەلە گورگە. هەموویان لەو دەچن، سیمای جوان، ماڵ و سامان جوانی کردوون. یەکێ لەو وەزیرانە لە ئاهەنگی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا گوتی، مستەفا سەعید مامۆستای بووە.

هەر کە منیان پێ ناساند، هاواری کرد:

– تۆ برادەرێکی خۆشەویستم بیر دەخەیتەوە، کە لە لەندەن بەینمان زۆر خۆش بوو. دکتۆر مستەفا سەعید لە ساڵی ١٩٢٨دا مامۆستام بوو. سەرۆکی کۆمەڵەی خەبات بۆ ڕزگاریی ئەفریقیا بوو، منیش ئەندامی لیژنەکە بووم. ئای لەو پیاوە. مەزنترین ئەفریقی بوو ناسیبێتم. پێوەندیی بەرفرەوان بوو. ئەی خودا لەو پیاوە. ئافرەت وەك مێش بەسەریەوە دەنیشتنەوە. دەیگوت:

– بە.........م ئەفریقیا ڕزگار دەکەم.

بەشێوەیەك لە قاقای پێکەنییدا ناو قورگی دیار بوو. ویستم لێی بپرسم، وەلێ لە قەرەباڵغی سەرۆك و وەزیرەکاندا ون بوو. ئێستا مستەفا سەعید بەلای منەوە شتێك نییە. زیاتر لە هۆڵی خۆمدا بووم.

بروسکەکەی مەحجووب هەموو شتێکی گۆڕی. کاتێ وڵامی نامەکەم لە مستەر ڕۆبنسنەوە خوێندەوە، یەکەم جار هەستم بەخۆشییەکی گەورە کرد. لە شەمەندەفەرەکە جارێکی دیش خوێندمەوە، ویستم ئەو خاڵە گرنگە لە بیر خۆم بەرمەوە، کەچی هیچ سوودی نەبوو. گوێ درێژەکە بە سمەکانی بەردی دەردەپەڕاند، مەحجووب گوتی:

– بۆچی وەك لاڵ بێ دەنگ بووی؟ بۆ شتێ ناڵێی؟

پێم گوت: فەرمانبەری وەك من ناتوانن هیچ بگۆڕن. ئەگەر گەورەکانمان بێژن ئەمە بکەن، دەیکەین. تۆ لێرە سەرۆکی حزبی سۆشیال دیموکراتی. کە حزبی دەسەڵاتدارە. بۆ جامی تووڕەییت بەسەریانا ناڕێژی؟

مەحجووب وەك یەکێ داوای لێبوردن بکات، گوتی:

– ئەگەر... ئەگەر ئەم کارەساتە نابوو، ئەوا... ڕۆژی ڕووداوەکە وەك وەفدێك لە ئامادە باشیدا بووین، بڕۆین بۆ داواکردنی بنیاتنانی نەخۆشخانەیەکی گەورە و قوتابخانەیەکی ناوەندی بۆ کوڕان و قوتابخانەیەکی سەرەتاییش بۆ کچان و قوتابخانەیەکی کشتوکاڵی و.....

لە پڕ وتارەکەی بڕی لە تووڕەییەکی بێ دەنگا مایەوە. لە ڕووبارەکەم ڕوانی کە کەوتبووە لای چەپمەوە، بریقەی مەترسی و هاژەی دەنگێکی نادیاری لێوە دەهات. بەرانبەرمان لە ناوەڕاستی گۆڕستانەکە دە گومەزەکە بەدیارکەوتن. یادێك سەر و دڵی گرتم. مەحجووب گوتی:

– سەر لە بەیانی بێ هەراوهوریا ناشتمان. بە ژنەکانمان گوت کەس نەگری. پرسەمان دانەنا و بەکەسیشمان نەگوت. چونکە پۆلیس پێیان بزانیایا دەهاتن و ئیدی لێپێچینەوە و ئابڕووچوون دەستی پێ دەکرد.

بەترسێکەوە گوتم: پۆلیس بۆ؟

قەیرێك لێم ڕاما و، پاشان بێ دەنگ بوو، دوای قەدەرێك گوتی:

– دوای حەفتەیەك دە ڕۆژ لە سەفەرەکەت، باوکی گوتی بەڵێنم بە ودلڕەیس داوە. لێیان مارە کرد. باوکی جوێنی پێدا و بەربووە گیانی و پێی گوت:

– بەدەست خۆت نییە، هەر دەبێ شووی پێ بکەی.

من ئامادەی مارە بڕینەکە نەبووم. جگە لە بەکری و باپیرت و کچی مەجزووب، کەس ئامادەی مارە بڕینەکە نەبوو. برادەرەکانیشی. من بەخۆم هەوڵم دا ودلڕەیس ژیوان کەمەوە. کەچی سووربوو لەسەری. چوون شێتی گرتبێتی، هەروەها بەباوکیشیم گوت، گوتی خۆم ناکەمە گاڵتەجاڕی خەڵکی، تا بڵێن کچەکەی بەقسەی ناکات. دوای گواستنەوەی بە ودلڕەیسم گوت بەسیاسەت لەگەڵیا بجووڵێتەوە. دوو حەفتە لای بوو، زاریان لە زاری یەکتر نەنا. ودلڕەیس لە حاڵێکا بوو باس ناکرێ، وەك شێت داخی دڵی خۆی بۆ خشتەکانیش دەردەبڕی. دەیگوت چۆنەبێ لە ماڵەکەیدا ژنێك کە بەسوننەتی خوا و پێغەمبەر هێناویێتی، ئەوەی لە نێوان ژن و پیاودا دەبێ، ئەوان نەیکەن؟ پێمان دەگوت: دان بەخۆتا بگرە. پاشان....

نێرەکەر و ماکەرەکە لە یەك کاتدا دەستیان بەزەڕین کرد، خەریك بوو لەسەر کورتانەکە بکەومە خوارێ. دوو ڕۆژی ڕەبەق پرسیارم کرد، کەس پێی نەدەگوتم. خۆیان لێ دوور دەخستمەوە و چاویان شۆڕ بوو، چوون لە تاوانێکی گەورەیا بەشداربووبن.

دایکم گوتی: بۆ ئیش و کارەکانت جێهێشتوون و هاتوویتە؟

پێم گوت: مناڵەکان.

تاوێك لێم ڕاما و گوتی:

– مناڵەکان، یاخود دایکی مناڵەکان؟ چی لە بەینتانا بوو؟ بەخۆی

هاتە لای بابت و بەزمانی خۆی گوتی: پێی بڵێن بابمخوازێ. ئای لە بوێری و چاوقایمییەکەی. ژنی ئاخر زەمانە. هەمووی بەلایێ و ئەو ئیشە قۆڕەی کردی بەلایێ.

باپیریشم هەر بەهانامەوە نەهات، لەسەر جێیەکەی هەڵاژابوو و لە پەلوپۆ کەوتبوو. دەتگوت کانیی ژیان لای ئەو چکی هێناوە، بەدیارییەوە ڕۆنشتم، کەچی ئەو متەقی نەکرد. تەنیا جار نا جارێك ئاهێکی هەڵدەکێشا، لەسەر جێیەکەی ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد و شەیتانی بەنەحلەت دەکرد. چەند وای دەگوت من هەستم بەئازارێك دەکرد، وەك ئەوەی شتێك من و شەیتان پێکەوە ببەستێتەوە.

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، لەگەڵ بنمیچەکە کەوتە دوان:

– نەعلەت لە ژن. ژنان دەستە خوشکی شەیتانن. ودلڕەیس، ودلڕەیس.

ئیدی باپیرم لە قوڵپی گریانی دا. من لە هەموو ژیانما نەمدیبوو فرمێسك بە چاویا بێتە خوارێ. زۆر گریا. پاشان بە لچکی کراسەکەی فرمێسکەکانی سڕینەوە، بێ دەنگ بوو، وامزانی نووستووە. دوای قەیرێك گوتی:

– ڕەحمەتی خوات لێ بێ ودلڕەیس. خودایە لێی خۆشبە و بەزەییت پیابێتەوە.

چپەی دەهات و دوعای دەکرد، پاشان گوتی:

– پیاوێکی بێ هاوتا بوو، بەردەوام پێدەکەنی، هەمیشە لە تەنگانەدا بەهاناتەوە دەهات، کەس نییە داوای شتێکی لێ کردبێ و دەستی بەڕوویەوە نابێ. بەقسەی بکردمایا، بەم ئاکامە نەدەگەیشت. لاحول ولاقوة الا باللە. لەوەتەی خوا ئەم دێیەی خەلق کردووە، ئەمە یەکەم جارە شتی وا ڕوویدا. بەڵای ئاخر زەمانە.

تینم دایە بەرخۆم و لێم پرسی: چی بووە؟

خۆی لە پرسیارەکەم نەبان کرد، ماوەیەك بە تەزبێحەکەیەوە خەریك بوو، پاشان گوتی:

– ئەو تیرەیە لە شەڕ زیاتر هیچیان بەدوایا نایەت. بە ودلڕەیسم گوت:

ئەم ئافرەتە شوومە. لێی دوورکەوە. بەڵام ئەجەل....

سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێیەم، بوتڵێ وێسکیم پەستایە گیرفانمەوە و ملی ڕێی ماڵی کچی مەجزووبم گرتە بەر.

ئەگەر ئەو پێم نەڵێ، ئەوا کەس پێم ناڵێ. هەندێ وێسکیم بۆ کردە قاپێ گەورەوە، گوتی:

– دیارە شتێکت دەوێ. ئێمەی دێهاتیی لە خواردنەوەی شار بەڵەد نیین.

پێم گوت: دەمەوێ بزانم چی ڕووی داوە. کەس پێم ناڵێ.

سەری نا بەقاپەکەوە و قومێکی گەورەی لێدا، ناوچەوانی لێك ناو گوتی:

– ئەو کارەی ئەو ژنە کردی بەزمان ناوترێ. شتێکمان بینی، نە پێشتر و نە داهاتووش شتی وا نابینین.

خۆم گرت، چاوەڕێم کرد تا چارەکی بوتڵەکە تەواو بوو و ئینجاش کاری لێ نەکرد، تەنیا نەشعە گرتی و ڕووی زیاتر کرایەوە. کچی مەجزووب سەری بوتڵەکەی قەپاتدا و گوتی:

– ئەمەندە بەسە. خواردنەوەی گاورەکان تیژترە، وەك عەرەقی خورما نییە.

بەپاڕانەوەوە لێم ڕوانی، گوتی:

– ئەم قسەیەی من پێتی دەڵێم لە کەسی تری نابیستی. لەگەڵ کچەکەی مەحموود و ودلڕەیسی بەستەزماندا ناشتیان. قسەیەکە شەرمە بوترێ.

پاشان بەچاوە تیژەکانی لێم وردبووەوە و گوتی:

– ئەم قسەیە بەدڵ تۆ نابێ، بەتایبەت ئەگەر.....

تاوێك راما، پێم گوت:

– منیش وەك خەڵكی دەمەوێ بزانم چی ڕووی داوە. باشە بۆ بەتەنیا من بۆم نییە بزانم؟

جگەرەیەكم پێدا، بەتوندی مژی لێ دا و گوتی:

– ماوەیەك دوای نوێژی شێوان لە قیژە و هاواری حوسنە، كە لە ماڵ ودلڕەیسەوە دەهات، بەخەبەرهاتم. گوند خامۆش بوو هیچت نابیست. بۆخوا بڵێم وامزانی ودلڕەیس حەقی خۆی لێ وەرگرت و بەمراز گەیشت. كابرا وەختەبوو شێت بێت. دوو حەفتەی تەواو ئەو ژنە نەزاری لە زاری نا، نە هێشتیشی توخنی بكەوێ. جارێكیان گوێم لێ بوو دەی قیژاند و دوعا و نزای لێ دەكرد. خودایە تۆبە. كاتێ قیژەیم بیست دەستم كردە پێكەنین. لە مێشكی خۆمدا گوتم: باشە، ودلڕەیس هێشتا تیای ماوە. هاوارەكە بەرزتر بووەوە. لە ماڵی بەكرییەوە، كە هاوشانی ماڵی ودلڕەیس بوو، جووڵەیەكم بیست. گوێم لێ بوو بەكری دەیشیراند: كابرا شەرم و حەیات هەبێ. ئیللا دەبێ ئاشكرای بكەیت و بیكەیتە ڕۆژ خۆت؟

پاشان گوێم لێ بوو سەعیدەی ژنی بەكری دەیگوت:

– كچێ شەرمت بەخۆ بێ، ئەم ئابڕووچوونە چییە؟ بووكی كون نەكراویش وەك تۆ ناكات. دەڵێی پێشتر پیاوت نەجەڕباندووە!

ئیدی هات و هاواری حوسنە بەرزتر بووەوە. پاشان گوێم لێ بوو ودلڕەیس بەهەموو هێزییەوە دەینەڕاند: كورە بەكری. حاجی ئەحمەد. هۆ كچی مەجزووب. خەڵكینە. كچەی مەحموود كوشتمی. بازم دا، جلەكانم بەعەرزەكەیا دەخشاند و باش لە خۆمەوەم نەپێچابوون، دەرگای ماڵی بەكری و مەحجووبم بڕی، خۆم گەیاندە بەر دەركەی ودلڕەیس، كەچی دەرگای حەوشەیان كڵۆم كرابوو. تا هێزم تێدابوو هاوارم دەكرد، مەحجووب و بەكری هاتن، پاشان خەڵكی بەسەرماندا ڕژان. لە كاتێكدا

دەرگای حەوشەمان لە تەپان دەرهێنا، گوێمان لە بۆڕەیەك بوو، بۆڕە و هاوارێك لە ودلڕەیسەوە دەهات، چیای دەهەژاند. پاشان قیژەیەك لە دوێتەی مەحموودەوە بڵند بووەوە. من و مەحجووب و بەکری وەڒوورکەوتین. بە مەحجووبم گوت: مەیەڵە کەس بێتە ژووریٚ. ژنەکانیش با نەیەن. مەحجووب دەرچووە دەریٚ و هاوار و بۆڵەی بەسەر خەڵکەکەدا کرد. گەڕایەوە عەبدولکەریمی مامت و سەعید ئەلتاهیر ئەلڕواسیشی لەگەڵدا بوو، تەنانەت باپیرە بەستەزمانەکەشت ئۆقرەی نەگرتبوو، هات.

کچی مەجزووب شڵپەی عارەقی دەهات. قوڕگی هیشك بووبوو و دەستی بۆ لای ئاوەکە درێژ کرد، بۆم هێنا. ئاوی خواردەوە، عارەقەی دەموچاوی سڕییەوە، گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا، تۆبە خودایە. هەردووکیانمان لە ژوورە بچووکەکەی ودلڕەیس، کە کەوتووەتە سەر جادەکە، بینییەوە. چراکە هەڵکرابوو. ودلڕەیس ڕووت و قووت بوو. دوێتەی مەحموود جلەکانی جڕ و وڕ بووبوون. ئەویش ڕووت بوو. پێڵاوسڕە سوورەکە لە گۆمی خوێنا بوو. دەستم دایە چراکە، بینیم دوێتەی مەحموود ئازای بەدەنی جیٚ گاز و چڕنووکە. سکی، هەردوو سمتی، گەردنی، گازی لە گۆی مەمکی دابوو و قرتاندبووی. خوێن بەلچیا دەهاتە خوار. لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا. ودلڕەیس زیاد لە دە چەقۆی لیٚ درابوو. چەقۆی لە سك و سینگ و هەرامەکەی دابوون.

کچی مەجزووب نەیتوانی بەم ئاوایە بەردەوام بێت. بەزەحمەت تفەکەی قووت دایەوە و قوڕگی دەلەرزی، پاشان گوتی:

– خودایە بەخۆت باشتری لیٚ دەزانیت. حوسنەمان بینی چەقۆیەك لە پشتی درابوو گەیشتبووە سەر دڵی. دەمی بەش کردبووەوە و چاوە زیتەکانی دەتگوت چاوی مارن. ودلڕەیسیش زمانی شۆڕەوە بووبوو، دەستەکانیشی بەرەو ئاسمان بەرز کردبوونەوە.

کچی مەجزووب دەستی بە دەموچاوییەوە گرت و عارەقەش بەنێو قامکەکانیا تك تك دەهاتە خوارێ و سینگی بە توندی بەرز دەبووەوە و دادەبەزی. بە قورسییەکەوە گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا. تازە مردوونە. خوێنی گەرم لە دڵی دوێتەی مەحموود و لە ناو گەڵی ودلڕەیسەوە قوڵپەقوڵپی بوو. پێڵاوسرە و پێخەفەکەی یەکپارچە خوێن بوون، خوێن بەزەوییەکەیا چۆڕاوگەی بەستبوو. مەحجووب خوا تەمەن درێژی بکات ورەی لە دەست نەدابوو، کاتێ گوێی لە دەنگی مەحموود بوو، چووە دەرەوە و بەباوکتی گوت:

– نەیەڵی بێتە ژوورێ.

مەحجووب و ئەوانی تر ودلڕەیسیان هەڵگرت، من و ژنەکەی بەکری و ژنە بەتەمەنەکانیش دوێتەی مەحموودمان برد. هەر ئەو شەوە کفنمان کردن. بەر لە گزنگی خۆر، ناشتیانیان. ئەو بەپاڵ دایکییەوە و ئەمیش بەپاڵ کچی ڕەجەبی ژنی یەکەمییەوە. چەند ئافرەتێك شیوەنیان کرد. وەلێ مەحجووب خوا دەست بەباڵییەوە بگرێت، هاتە گیانیان و پێی گوتن:

– ئەوی زمان هەڵێنێ سەریەبڕم. شیوەنی چییان بۆ دەگێڕن؟ ئەمە بەڵایەکی زۆر گەورەیە. بەدرێژایی ژیانمان خوا پاراستبوومانی، کەچی بەم دواداوابییە ئەمەمان بەسەرهات. ئەستەغفیروڵڵا، خودایە تۆبە.

کچی مەجزووبیش وەك باپیرم گریا. زۆر بەکوڵەوە دەگریا، پاشان لە میانەی فرمێسکەکانییەوە بزەیەکی کرد و گوتی:

– ئەوی سەیرە! ئەم هەموو ماوەیە، مەبرووکەی ژنە گەورەی لە خەوەکەی بێدار نەبووەوە. کەچی قیژە و هاوار خەڵکی لەو سەری گەڕەکەوە هێنایە سەریان. چوومە گیانی، ڕاموەشاند، سەری هەڵبڕی و گوتی:

– کچی مەجزووب، بەم ناوەختە چی هێناتی؟

پێم گوت: هەستە کچێ. باوانێکت، کوشتن لەماڵتان ڕووی داوە.

گوتی: کێ کوژراوە؟

پـێم گـوت: دوێتــەی مــەحـمـوود ودلـڕەیسی کـوشت و پـاشان خـۆیشی کوشتووە.

گوتی: حەوت بەرد لە دوایان.

خەوتەوە. لەو کاتەی دوێتەی مەحموودمان کفن دەکرد، گوێمان لە پرخەپرخی بوو. ئەودەمیش خەڵکەکە لە گۆڕستان گەڕانەوە، دانیشتبوو قـاوەی دەخـواردەوە. هـەنـدێ ژن ویستـیـان شیـنـی بـۆ بـگـێڕن، شیراندم بەسەریانا:

– ژنەکان، با هەر کەس بچێتەوە ماڵی خۆی. ودلڕەیس بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی لێداوە. دوێتەی مەحموودیش خوا عافووی کا، تازە و نوێ لە دەستـی ڕزگـاربـوون. پـاشان هـەلـهـەلـەی لـێدا. ئـەرێ بـەو خـوایـە کوڕم هەلهەلەی لێدا. ئینجا بە ژنەکانی گوت:

– لە ڕقی ئێوەیە. ئەوەی بەدڵی نییە با ئاوی ڕووبارەکە بخواتەوە.

– ئەستەغفیروڵڵا. باوکی... مەحموود لەو شەوەیا هەند گریابوو خەریك بوو بتەقێ. وەك گا دەیبۆڕاند. باپیریشت جوێنی دەدا و بەگۆچانەکە لێی دەدان، لە ترسا دەستی بەگریان کرد. عەبدولکەریمی مامت لە خۆڕا لەگەڵ بەکری تێکیدا. پێی گوت:

– بەپاڵتەوە کوشتن ڕوودەدا و تۆش نوستووی؟

دەڵێی هەموو گوند لەو شەوەیا بەر نەعلەتی شەیتان کەوتبوون. تەنیا مەحجووب دانی بەخۆدا گرتبوو. شتەکانی ئامادە دەکردن. نەمانزانی کفنی لە کوێوە هاورد. منداڵەکانی ودلڕەیس هاتوهاواریان بوو، کڕی کردن. دیمەنێك بوو دوژمنت نەیبینێ. دڵ لە حەیبەتان خوێنی لێ دەتکا و سەری کۆرپەی سپی دەکرد. هەموویشی بەبێ هۆ. ئەو بە غەریبەیەك قایل بوو، ئەی بۆچی ودلڕەیسی بەگەن نەکرد؟

کێڵگەکان یەك پارچە ئاگر و دووکەڵ بوون. ئێستا وەختی خۆ تەیارکردنە بۆ تۆوکردن. زەوییەکەیان پاك دەکردەوە و چڵە گەنمەشامی و چیلکەکانیان کۆدەکردەوە، کە بووبوونە یادەوەری وەرزی کۆتایی پێ هاتوو، کۆمەڵ کۆمەڵ لە ناوەڕاستی کێڵگەکەیا گردیان دەکردەوە و دەیانسووتاندن. خاکی ڕەشداگەڕاو پان بووەتەوە و ئامادەیی ڕووداوی داهاتووە. پیاوان بەژنیان بەسەر پێمەرەکانیانەوە چەمابووەوە، هەندێکیشیان بەدوای گاسنەوە بوون.

سەری دارخورماکان بەنەرمە بایەکە دەجووڵانەوە و هێور دەبوونەوە. لە ژێر خۆری قرچەی نیوەڕۆیا، هەڵمێکی گەرم لە کێڵگەی وێنجە ئاودراوەکەوە بڵند دەبووەوە.

لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەکدا، بۆنی خۆشی لیمۆ و پرتەقاڵ و لالەنگی پەخش دەبوو. بۆڕە بۆڕی گا یان زەڕەی نێرەکەر یا ترقەی تەورکێشان بەدرەختا دەهات. وەلێ دنیا گۆڕاوە. مەحجووبم بینی یەك پارچە قوڕبوو، جەستەی نیمچە ڕووتی شڵپەی عارەقەی دەهات. دەیویست نەمامێك لە دارخورماکە جیاکاتەوە. خۆم تێ نەگەیاند، ئەویش خۆی لێم نەبان کردو بەدەوری نەمامەکەیا مژوڵی چاڵ هەڵکەندن بوو. وەستام، چاودێریم دەکرد، پاشان جگەرەیەکم پێکرد و پاکەتەکەم بۆ درێژ کرد، بەسەری ڕەتی کردەوە. بەئالی دارخورماکەیا پاڵم داوە و سەرم خستە قەدییەوە. لێرە جێم نابێتەوە. بۆ چەمەدانەکەم نەپێچمەوە و بڕۆم؟

ئەم میللەتە هیچی بەدڵ نییە. حیسابیان بۆ هەموو شت کردووە. نە کەیفیان بەهاتنە دنیای منداڵێکدا دێتەوە، نە غەمیش بۆ مردوو دەخۆن. کاتێ پێدەکەنن دەڵێن: ئەستەغفیروڵڵا.

کاتێکیش دەگرین هەر دەڵێن: ئەستەغفیروڵڵا.

ناڵێن: باشە من چی فێر بووم؟ بێ دەنگی و دان بەخۆداگرتن لە درەخت و دەریاوە فێربوون. ئەی من چی فێربووم؟

تێبینیی مەحجووبم کرد بەعادەتی خۆی ئەو کاتی ئیشێکی بەدەستەوە

بێت، لچی دەداتە بەرگاز. من لە زۆرانبازی و ڕاکردن لێم دەبردەوە، ئەویش بەمەلەوانی لەمبەر ئاوەکەوە بۆ ئەوبەر و بەدارخورما هەڵگژانا لێی دەبردمەوە. هیچ دارخورمایەکی بەلاوە زەحمەت نەبوو. هەندە یەکترمان خۆشدەویست دەتگوت برای شیریین. مەحجووب لەعنەتی لە لقە دارخورما بچووکەکە کرد، کاتێ توانی لە قەدی دایکی جیای بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕەگەکانی بپسێنێ. بەخۆڵ زامی گەورەی قەدە درەختەکەی پڕکردەوە. لاسکی نەمامەکەی لێ کردەوە و خۆڵەکەی لەسەر لابرد، پاشان فڕێیدایە بەر خۆرەکە، تا هیشك بێتەوە.

لە مێشکی خۆمدا گوتم ئێستا بۆ قسەکردن ئامادەترە. هاتە بەر سێبەرەکە، لای من دانیشت و پێیەکانی لێ درێژکردن. قەیرێك بێ دەنگ بوو، پاشان ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا.

دەستی درێژکرد و جگەرەیەکم وێدا. مەگەر من لە گوندبم ئەگینا ئەو جگەرە ناکێشێ، دەڵێت:

– پارەی حوکمەت دەسووتێنین.

بەر لەوەی جگەرەکەی تەواو بکات، فڕێیدا. هەنگینێ گوتی:

– دەڵێی نەخۆشی. وادیارە گەشتەکە ماندووی کردووی. پێویستی بەهاتنت نەدەکرد. کاتێ بروسکەم بۆ ناردی، بڕوام ناکرد بێیتەوە.

چوون لەگەڵ خۆم قسە بکەم، گوتم: ئەو ژنە کوشتی و خۆیشی کوشت. زیاد لە دە چەقۆی لێ دابوو......... ئای لەو دیمەنە قێزەونە.

بەواقوڕمانێکەوە ئاوڕێکی لێ دامەوە و گوتی: کێ پێی گوتی؟

خۆم لە پرسیارەکەی نەبان کرد و بەردەوام بووم: گازی لە گۆی مەمکی داوە، لێی کردووەتەوە و گشت گیانی بریندار کردووە. ئای کە شتێکی قێزەونە.

مەحجووب بە تووڕەیییەکەوە قیژاندی: دیارە دوێتەی مەجزووب پێی گوتووی. لەعنەتی خوای لێ بێ. دەم خۆی ناگرێ، قسەی وا نابێ بگوترێ.

گوتم: بوترێ و نەوترێ، تازە ڕووی دا. بە بەرچاوتانەوە بوو هیچتان نەکرد، بەتۆشەوە. تۆ خۆت گەورە سەرۆکیت، ئینجاش هیچ.

مەحجووب گوتی: چی بکەین؟ ئەی بۆ تۆ هیچت نەکرد؟ بۆ نەتخواست؟ تەنیا بۆ قسان ئازای. ژنە خۆی جەربەزە بوو و درکاندی. نەمردین ئافرەتیشمان بینی داخوازی پیاو بکەن.

پێم گوت: چی وت؟

گوتی: ئەوەی بوو بوو. قسە بەچییە چێ؟ مەمنوونی خوا بە نەتخواست. ئەو ئیشەی ئەو کردی ئیشی بنیادەم نییە، ئەوە کاری شەیتانە.

بەددان چیڕکردنەوەوە گوتم: چی گوت؟

بێ ئەوەی بەزەیییەکی پێمدابێتەوە خێسەیەکی کرد و گوتی:

– کاتێ باوکی چووە گیانی و تێر جوێنی کرد، لەگەڵ سەباحی سالحانا هاتە ماڵ بۆ لام. گوتی با ئەو لە ودلڕەیس و داخوازی کەران ڕزگارم بکات، تەنیا مارەم ببڕێت. هیچم لێی ناوێ. گوتی لەگەڵ مندالەکانما لێم گەڕێ، نە زۆر نە کەم هیچم لێی ناوێ. پێم گوت: گرفتی بۆ دروست مەکە. ئامۆژگاریم کرد، کە دان بەواقعەکەیا بێنێت. باوکی سەر گەورەیانە و بۆی هەیە هەموو شتێ بکا. ئەوەشم پێ گوت کە: ودلڕەیس تا سەر نامێنێ. کابرایەکی شێت و ژنێکی شێتۆکە. تاوانی ئێمە چییە؟ چیمان لە دەست دەهات بیکەین؟ بەستەزمانە باوکی. لەو ڕۆژە شوومەوە تا ئێستا لە جێگە کەوتووە. نە دەردەچێ، نە کەس دەبینێ. من و ئەوانی وەك منن چی بکەین ئەگەرەکو هەموو دنیا تووشی شێتی بێن؟ پاشان دەرکەوت شێتییەکەی دوێتەی مەحموود هاوتای نییە.

دانم بەخۆدا گرتبوو، تا لە پڕمەی گریان نەدەم، گوتم:

– حوسنە شێت نەبوو، بەئاوەزترین ئافرەت بوو. شێتی تەواو ئێوەن. عاقڵترین و جوانترین ئافرەتی ئەم دەوروبەرە بوو. حوسنە هەرگیز شێت نەبوو.

مەحجووب خەنییەوە و لە قاقای پێکەنینی دا. گوێم لێ بوو بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

– سەیرە، کورە کوڕی باوکم بەخۆتدا بچۆرەوە. عەقڵتبێ. بەم دوادواییە ئەوین پێکاتی. وەکو ودلڕەیس شێت بووی. قوتابخانە و خوێندن دڵیان ناسك کردوویتەوە. وەك ژن دەگریت. بەڵام وەڵلا سەیرە. خۆشەویستی و نەخۆشی و گریان. ئەو ژنە فلسێکی ناهێنا. لەبەر شەرم و حەیا نەبوایا شایانی ناشتنیش نەبوو. تەرمەکەیمان دەخستە دەریاوە، یان بۆ داڵەکان جێمان دەهێشت.

دوای ئەوە بەتەواوی بیرم نایە چی ڕووی دا. وەلێ لە بیرمە... هەردوو دەستم لە بینا قاقای مەحجووب گیر کردبوون، زەقیی چاوی و مشتە توندەکەی بۆ ناوزگم لە بیرە. هەروەها لە بیرمە چۆن مەحجووب سواری سنگم بووبوو. ئەوەشم لە یادە، مەحجووب لەسەر زەوییەکە کەوتبوو و منیش تێم هەڵدەدا. دەنگیشیم لە بیرە هاواری دەکرد:

– شێتە. شێتە.

هەروەها قیژە و هاواریم لە بیرە، کە دەستم لە بیناقاقای گیرکردبوو، گوێم لە بۆڕەیەك بوو، دەستێکی بەهێز پۆقەتەی ملی گرتبووم، پاشان تێلایەکی قورس بەر سەرم کەوت.

## ٩

لەپڕ دنیا سەرنخوون بوو. خۆشەویستی؟ خۆشەویستی هەرگیز ئەمە ناکا. ئەوە ڕق و تووڕەییە. من ڕقنم و داوای تۆڵە دەکەم، ئەوەتا نەیارەکەم لە ژوورێیە و دەبێ ڕووبەڕووی ببمەوە. ئینجاش بایی ئەوەندە هۆش لە مێشکما ماوە کە گاڵتەو شۆخیم بەو هەڵوێستەیا بێت. من لەو شوێنەوە دەست پێ دەکەم، کە مستەفا سەعید لێی بووەوە، هەرچەندە ئەو بەلای کەمەوە خۆی هەڵیبژارد، کەچی من هیچ. ڕۆژەکە ماوەیەك لەسەر ئاسۆی ڕۆژئاوا جێگیر بوو، پاشان لەز ئاوا بوو. سوپای تاریکیش ڕەشماڵی خۆی لێ هەڵداو دنیای گرتەوە. من ئەگەر ڕاستم پێ گوتبا ڕەنگە ئەوەی کردی نەیکردایە. جەنگەکەم دۆڕاند، چونکە نەمزانی و بەخۆشم هەڵم نەبژارد. قەدەرێك لە بەر دەرکە ئاسنینەکە وێستام. من هەوکە سەڵتم، بێ پەناگە و بێ شوێن و نا ئارامم. لە هەندەران جیهانەکەم پان و پۆڕ بوو، کەچی ئێستا هاتۆتەوە یەك و من خۆم بوومەتە جیهان و لە جیهانی خۆیشم زیاتر شك نابەم. کەواتە ڕەگی بەقوولاچوو چی لێهات؟ ئەی یادەوەرییەکانی مردن و ژیان چییان لێهات؟ چی بەسەر کاروان و خێڵدا هات؟ ئەی هەلهەلەی دەیان شایی و سێلاوەکانی نیل و هەڵکردنی ڕەشەبای هاوین و زستان لە باکوور و باشوورەوە، چییان لێهات؟ خۆشەویستی؟ خۆشەویستی شتی وای لە دەست نایەت. ئەوە ڕقوقینە وا دەکات. ئەوەتا وا لە خانووەکەی مستەفا سەعیدم، بەرامبەر «دەرگا ئاسنینەکە». دەرگای ژوورە لاکێشەییە ساپیتە سێگۆشەییە پەنجەرە کەسکەکان. کلیلەکە لە بەرکمە و نە یارەکەم لە ژوورێیە، هەڵبەت خۆشییەکی شەیتانی لە ڕوخساری دەبارێت. من بەخۆم مشوورخۆر و ئەویندار و نەیارم.

کلیلەکەم لە دەرگاکە بادا و بێ سەرئێشە کرایەوە، شێی ژوورەکە و بۆنێك لە شێوەی یادەوەرییەکی دێرین پێشوازییان لێ کردم. ئەم بۆنە دەناسمەوە. بۆنی سەنەڵ و بوخورە. بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکە، سەری قامکەکانم بەدیوارەکەیا دەخشاندن. خۆمدا بە جامی پەنجەرەکەیا. پەنجەرەکەم خستە سەر گازی پشت. پەنجەرەیەکی تر و سێیەمیشم کردەوە. وەلێ جگە لە تاریکی هیچ نەهاتە ژوورێ. شەمچەیەکم گرِدا، ڕووناکییەکەی وەکو تەقینەوەیەك بەرچاوم کەوت. لە تاریکییەکەوە ڕوخسارێکی مرومۆچ هەڵهێنراو بەدەرکەوت، شێوەیم دەکرد وەلێ ناهاتەوە بیرم. بەرقەوە هەنگاوم بەرەو لایەوە نا. مستەفا سەعیدی نەیارم بوو. ڕوخسارەکە ملی بەدیار کەوت، ملەکەش دوو شان و سینگ پاشان بالاّ و جووتێ قاچ. خۆم لە بەرانبەر خۆمدا بینییەوە وەستابووم. ئەمە مستەفا سەعید نییە. وێنەکەمە لەئاوێنەکە بەڕوومدا دەگرژێتەوە. لەپڕ وێنەکە لە چاو ون بوو، قەیرێك نەمزانی چەندی خایاند، لە تاریکییەکە دانیشتم، گوێم لە هیچ نابوو. شەمچەیەکی ترم گرِدا، ئافرەتێك بزەیەکی تاڵی تێ گرتم. لە تریفەی ڕووناکییەکە دانیشتم و چاوم گرِدا، چرا کۆنەیەك لەسەر مێزەکە بوو، خەریك بوو دەستم بەری بکەوێ. ڕامتەکاند، نەوتی تێدا بوو، سەیرە! چراکەم هەڵکرد. تاریکییەکە دوورکەوتەوە و دیوارەکانیش کشانەوە دواوە و ساپیتەکەش بڵند بووەوە. پەنجەرەکانم داخستن. دەبێ بۆنەکە لێرە بمێنێ. بۆنی خشت و دار و بخورِی سووتاو و سەنەڵ... و کتێب. ئەی خودایە. هەر چوار دیوارەکە لە زەوییەکەوە تا ساپیتەکە. ڕەف، ڕەف، ڕەف، کتێب، کتێب، کتێب. جگەرەیەکم پیکرد، سییەکانم لەو بۆنە ناخۆشە تژی کرد. چ گەمژەیەکە؟ ئەمە ئیشی کەسێکە بیەوێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە؟ دەیانکێشم بەسەریا، دەیانسووتێنم. گرم لە مافوورە نەرمەکەی ژێرپێم بەردا و چاوم لێ بوو چۆن پاشایەکی فارس بەسەر ئەسپەکەیەوە لووش دەدات، لە کاتێکدا ڕمەکەی گرتووەتە مامزێك لە دەستی هەڵدێت و دوور دەکەوێتەوە. چراکەم هەڵبرِی، دەبینم زەویی

ژوورەکـە یـەك پـارچـە بـە مـافـوری ئـێرانـی داپـۆشراوە. هـەروەهـا بـیـنـیـم دیوارەکەی بەرانبەر دەرکەکە بەبۆشایی کۆتایی دێت. بەچراکەوە چووم بـەلایـەوە، دەبـیـنـم... ئـای لـەو کـەودەنـیـیـە، زۆپـا بـوو. دەبزانـن، زۆپـایـەکـی ئـینـگـلـیزی بـەهـەمـوو تـرۆتـفـاقـییـەوە، کـەپـرۆکـەیـەکـی مسین لـە بـانـەوە، لە پـێشیشی چـوارگـۆشەیـەکـی بـەمـەڕمـەڕی سەوز ڕێژکراو، ڕەفـی زۆپـاکـە لـە مـەڕمـەڕی شیـن چـێ کـرا بـوو، ئـەمـلا و ئـەولای زۆپـاکـەش دوو کـورسی ڤکتۆریی پۆشراو بە قوماشی ئاوریشمی گوڵدار، لە نێوانیاندا مێزێکی خڕ کتێب و دەفتەری لەسەر دانرابوون، ڕوخساری ئەو ئافرەتەم بینی کە بەر لە چـەنـد سـاتـێك بـۆم خـەنـیـیـەوە. تـابـلـۆیـەکـی قـەبـەی زەیتـی چوارچێوەی بەئاڵتوون ڕووپۆش کراو لەسەر ڕەفی زۆپاکە بوو، گۆشەی لای ڕاستی تابلۆکە واژۆی (م. سەعید)ی پێوە بوو، لە گرەکەی ناوەڕاستی ژوورەکە ئاگادار بوومەوە، هەژدە هەنگاوم بەرەو گرەکە نا، یەك یەك پێنگاڤەکانم هەژماردن، پێم نایە سەری تا کوژایەوە. من بۆ تۆڵە هاتوومە، وەلێ ناتوانم بەرگەی ئەم عەوداڵییەی شت زانینە بگرم. یەکەمین جار دەبینم و گوێ دەگرم، پاشان وەك ئەوەی نەبووبن دەیانسووتێنم. کتێبەکانیش... لەبەر ڕوونـاکـیـی چـراکـە دەیـانـبـیـنـم، جـیـا کـراونـەتـەوە و ڕێکخـراون. کـتـێبـی ئـابـووریـی و مـێژوو و ئـەدەب و زیـنـدەوەرزانـی، جـیـۆلـۆجـیـا، مـاتـمـاتـیك. گەردووونناسی. ئینسکلۆپیدیای بەریتانی. گیۆن. ماکۆلی. تۆینبی. سەرجەم بەرهەمەکانی برناردشۆ. کینز. تۆنی. سمیث. ڕۆبنسن. ئابووریی ململانێی نـاکـامـڵ. هـپـسن– ئـیـمـیـریـالـیزم. ڕۆبـنـسن. وتـارێك.. دەربـارەی ئـابـووریـی مارکسی. کۆمەڵناسی. ڕەگەزناسی. دەروونزانی. تۆماس هاردی. تۆماس مان. ئەی جی مۆر. تۆماس مۆر. ڤێرجینیا وولف. وتگنشتاین. ئەنشتاین. برایەرلی. نامیێر. کتێبێلێك بیستوومن و کتێبێلێکیش نەمبیستوون. دیوانی چەندین شاعیر هیچم لە بارەیانەوە نەزانیوە. یاداشتەکانی گەردوون. گەشتەکانی گۆلیڤەر. کپلنگ. هۆسمان. مێژووی شۆڕشی فەڕەنسی. تۆماس

کارلایل. چەندین وانە لەسەر شۆڕشی فەڕەنسی. لۆرد ئەکتن. کتێبی بەرگ تێگیراوی چەند بەرگی. کتێبی لە زەرف نراو. کتێبی کۆنی هەلاهەلا بوو. کتێبلێك چوون تازە لە چاپخانە دەرچووبن. کتێبی قەبەی چەند بەرگی بەبارستایی کێلی قەبر. کتێبێلی بچووکی قەراغ ئاڵتوونی بەقەبارەی کاغەزی قومار. کۆمەڵێ واژۆ. پێشکەش کردنەکان. کۆمەڵێ کتێبی لە سندووقنراو و کۆمەڵێکیش لەسەر کورسی. باوەشێك کتێبیش لەسەر زەوییەکە. چ گاڵتەجاڕییەکە؟ دەبێ مەبەستی لەمە چی بێ؟ ئوون. فۆرد. ستیڤان زڤایخ. ئەی جی براون. لاسکی. هارزڵت. ئەلیس لە سەر زەمینی سەیر و سەمەرەدا. ڕێچاردز، قورئان بەئینگلیزی. ئینجل بەئینگلیزی. گێلبەرت مەری. ئەفلاتوون. ئابووریی کۆلۆنیال. مستەفا سەعید. کۆلۆنیال و مۆنۆپۆڵ– مستەفا سەعید. خاچ و باروت – مستەفا سەعید. ئەتککردنی ئەفریقیا – مەستەفا سەعید. برۆسپیرۆ و کاڵبان. تۆتەم و تابو. دانتی. تاقە کتێبێکی عەرەبی تیا نییە. گۆڕستان. مەزار. بیرێکی شێتانە. زیندان. نوکتەیەکی مەزن. ئاڵتوون. أفتح یاسمسم با ئاڵتوون بەسەر خەڵکدا پەخش کەین. ساپیتەکە لە داربەڕووە، لە ناوەڕاستەوە کەوانێك ژوورەکە دەکات بە دوو لەتەوە. دوو کاریتەی مەڕمەڕینی زەردی مەیلە و سوور گرتوویانە. کەوانەکەش پەراوێزەکەی ڕازێنراوەتەوە. لە پێش مێزێکی خڕەوەم، نازانم لە چ دارێك دروست کراوە، وەلێ ڕووەکەی ڕەش بریقەی دەداوە. لەملا و لەولای پێنج کورسی چەرم تێگیراو دانرابوون. لای ڕاستیشەوە قەنەفەیەکی یەك جێدەستیی بەرگ تێگیراو بەمەخمەڵی شین، سەرینی لە... دەستم پێیاندا هێنا. بەڵێ، لە پەڕی وشترمەل دروست کرابوون. لە لای ڕاست و چەپی زۆپاکە شتێلێکم بینی پێشتر تێبینییانم نەکردبوون. لای ڕاستەوە مێزێکی درێژ مۆمدانی زیوی لەسەر بوو، دە مۆمیان تیابوو، ئاگریان بەرنەکەوتبوون. هەروەها لای چەپیش.

مۆم بەمۆمم داگیرساندن. یەکەمین شت کەڤاڵە زەیتییەکەی سەر

زۆپاکەی ڕووناك کردەوە. ڕوخسارێکی لاکێشەیی ئافرەتێکی چاو گەورە، برۆکانی گرێیان لەسەر خواردووە. لووتی قیچەك گەورە و دەمیشی هەر بەلای گەورەییدا لائەدات. زانیم کە ڕەفە شووشەییەکانی کتێبەکان لە قەد دیوارەکەی هەمبەر بە دەرکەکە، ناگەنە زەوی، وەلێ بەپێچکەی بە سپی بۆ یاغکراو. کەوتوونەتە ئەملا و ئەولای زۆپاکەوە کۆتاییان دێت، دوو سێ پێ لە ڕەفەکانەوە دەرچوونە. هەروەها بەدرێژایی لایەکەی دی بەلای چەپدا. بەرەو لای وێنە لەسەر یەك دانراوەکانی سەر ڕەفەکە ڕۆیشتم. مستەفا سەعید پێدەکەنێ، مستەفا سەعید دەنووسێت، مستەفا سەعید مەلە دەکات. مستەفا سەعید لە ئاوایی، مستەفا سەعید بەبەرگی زانکۆوە، مستەفا سەعید لە سێربنتاین سەوڵ لێدەدات. مستەفا سەعید لە نمایشی لە دایکبووندا، تاجێکی بەسەرەوە، یەکێ لەو سێ پاشایانەی بۆن و تاڵییان بۆ مەسیح هێنا، مستەفا سەعید لە نێوان ژن و پیاوێکدا. مستەفا سەعید نەیهێشتووە ساتێك تێپەڕێ ئەگەر بۆ یادگار و مێژوو تۆماری نەکردبێ. وێنەی ئافرەتێکم هەڵگرت و لێی وردبوومەوە، پێشکەشەکەم خوێندەوە، بەخەتێکی ڕازاوە نووسرابوو: «لە شیلاوە، لەگەڵ خۆشەویستیما».

هەڵبەت شیلا گرینۆدە. لادێییەکی دەوروبەری هێڵە، بەدیاری و قسەی هەنگوێنی و بەو تەماشاکردنەی هەرگیز هەڵە ناکات، فریوی دابوو. بۆنی سەندەڵی سووتاو و بخور گێژیان کردبوو. بەڕاستی دەموچاوێکی جوانی هەبوو. لە وێنەکەدا دەخەنێتەوە و ملوانکەیەکیشی لە گەردنە، هەڵبەت لە عاج دروست کراوە. دوو قۆڵی ڕووت و سنگێکی بەرز. بەرۆژ لە ڕیستۆرانت کاری دەکرد و بەشەویش لە پۆلی تەکنیك دەیخوێند. تابلێی زیرەك بوو، باوەڕی وابوو، کە دوارۆژ بۆ چینی کرێکارە و ڕۆژێك دادێ جیاوازییەکان نامێنن و هەموو مرۆڤەکان دەبنە برای یەکدی. پێی دەگوت:

–ئەگەر بزانن حەزم لە پیاوێکی ڕەشە، دایکم شێت دەبێ و باوکیشم دەمکوژێ، بەڵام من گوێ بەو شتانە نادەم.

گوتی: کە ڕووت دەبووینەوە گۆرانی ماری لویدی بۆ دەگوتم. ئێوارانی پێنج شەمووانمان پێکەوە لە ژوورەکەیدا لە کامدن تاون بەسەر دەبرد. هەندێ جاریش لەگەڵمدا لە ژوورەکەم شەومان ڕۆژ دەکردەوە. بە زمان دەموچاوی دەلێستمەوە و پێی دەگوتم:

– زمانت قرمزییە، لە وێنەی بوولێڵی ناوچە ئیستوایییەکان دەکات. لێی تێر نابووم، ئەویش لە من تێر نابوو. هەموو جارێك وا سەرنجی دەدام دەتگوت شتێکی نوێی لێم بینیوەتەوە. پێی دەگوتم:

– ڕەشییەکەت چەند دڵگیرە. ڕەنگی سحر و تەمومژو کاری ئابڕووبەرە. خۆی کوشت. باشە مستەر مستەفا سەعید، شیلا گرینۆد بۆ خۆی کوشت؟ من باش دەزانم لە شوێنێك، لەم گۆڕستانە فرعەونییەی بەسەرتا دەیسووتێنم، خۆت شاردووەتەوە. ئەگەر حوسنەی کچی مەحموود ودلڕەیسی پیری کوشتبێت و پاشان لەم دێیە خۆی کوشتبێ، کە کەس کەسی تری تێدا ناکوژێ.

دەستم دایە وێنەیەکی دی، پێشکەشکردنەکەم خوێندەوە، بە خەتێکی پان، کە بەرەو پێشەوە لار بووبۆوە نووسرابوو: «بۆ تۆ تامردن – ئیزابێلا». ئای ئیزابێلا سیمۆری بەستەزمان. هەست بەسۆزێکی تایبەت بەرامبەر بەئیزابێلا سیمۆر دەکەم. دەموچاو خڕ، نەختێ قەڵەو دەنوێنێ، جلێکی کورتی (بەپێوەری ئەوکاتە) لە بەردابوو. پەیکەرێکی تەواو برۆنزی نییە وەکو وەسفی کرد، وەلێ چاکی و گەشبینییەك بە ژیان لە سیمایدا دەخوێنیتەوە. بزەیەك بەلێوییەوەیە. ئەویش بزەی دەباراند. گوتی: ژنی نەشتەرگەرێکی سەرکەوتوو و دایکی دوو کچ و کوڕێك بووە. یازدە ساڵ ژیانێکی خێزانیی پڕ لە کامەرانیی بەسەر بردووە، بەرێکوپێکی هەموو یەکشەمووانێك سەردانی کڵێسای دەکرد و لە کۆمەڵێن چاکەکاری پشکدار بوو.

پاشان بینیم و گەلێ شوێنی تاریکی ناخی خۆی بۆ کردمەوە، کە لە پێشاندا دەرگایان لەسەر داخرابوون. سەرەڕای هەموو شتێ نامەیەکی بۆ جێهێشتبوو تیایدا نووسیبووی:

«ئەگەر خوایەك لە ئاسماندا هەبێ، ئەوا دڵنیام بەچاوی سۆزەوە دەڕوانێتە سەرکێشیی ئافرەتێکی بەستەزمان، کە نەیتوانی بۆ چوونە ناو دڵییەوە بەر بە خۆشیی بگرێت. هەر چەندە ئەوە لە دابونەریت لادان و بریندارکردنی کبریای پیاوەکەی تێدابوو. خوا لێم ببوورێ و ئەو خۆشییەت پێ ببەخشێ، کە تۆ بەمنت بەخشی».

من گوێم لە دەنگێتی لەو شەوەیا، لێڵ، بەرز و نزم دەبێتەوە، نە خەم و نە پەشیمانی تێدابوو، ئەگەر شتێك لە دەنگەکەدا هەبووبێت، ئەوا ئاوازی دڵخۆشی بووە. «هەروەها گوێم لێی بوو، بەدەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە و خۆ بەدەستەوەدانەوە پێی دەگوتم: خۆشمدەوێی. هاوارێکی کز لە ناخی هۆشمەوە بانگی دەکردم، کە بووەستم. وەلێ لەگەڵ لووتکەکەیا هەنگاوێکمان نێوانە، دوای ئەوە پشوویەك دەدەم. لە کاتێکدا لە دوندی ئازاردا بووین، پەڵە هەورێن یادەوەریی دوور، لە چەشنی بەرزبوونەوەی هەڵم لە دەریاچەیەکی سوێری نێوەندی بیابان بەمێشکمدا گوزەریان کرد. ئەو دەمەی مێردەکەی لە دادگە هەنگاوی بەرەو کورسیی شایەدی هەڵدەهێنایەوە، چاوەکان ڕوو لەو بوون.

تا بڵێی پیاوێکی ڕێکوپێك و سەنگین بوو، چەرموویی سەری شکۆمەندییەکی پێ دەبەخشی، کە داشدەنیشت نیشانەی نەترسی تێدا بەدی دەکرا. پیاوێك بوو ئەگەر لەگەڵیا بخرامایە تەرازووەوە، تای ئەو چەندین جار لە تای من قورستر دەبوو. ئەو شایەدی بەرگری بوو نەك تاوانبارکردن. لەو دەمەی بێ دەنگی باڵی بەسەر دادگەدا کشابوو، گوتی:
– ڕاستی بەسەرما دەسەپێنێ، کە بڵێم ئیزابێلای ژنم دەیزانی نەخۆشی

شێرپەنجەی هەیە. بەم دوادواییەیە، بەر لە مردنی، دڵتەنگییەکی توند دەیگرت، چەند ڕۆژێك بەر لە مردنی بۆی درکاندم، کە پێوەندیی لەگەڵ تاوانباردا هەیە. گوتی خۆشی دەوێ و چاری نییە. بەدرێژایی ژیانی لەگەڵما، نموونەی ژنی وەفادار و دڵسۆز بوو. منیش سەرەڕای هەموو شتێك لە ناخەوە هەست بە سوێ و دڵتەنگی ناکەم، نە بەرانبەر ئەو و نە بەرانبەر بەتاوانبار. تەنیا بۆ نەمانی هەست بەغەمێکی قووڵ دەکەم».

ڕاستی نەماوە لەم دنیایە. بۆیە سوێم دەبێتەوە و داخ دەخۆم، لە دوای ئەم هەموو قوربانییانە، قوربانییەکی تریشی خستەسەر، حوسنەی کچی مەحموود، تاقە ئافرەتێك کە خۆشمویست. لە پێناو مستەفا سەعید ودلڕەیسی بێ چارەی کوشت و خۆیشی لە ناو دا. ئینجاش......ی بڕی، ئای لەو دیمەنە قێزەونە. دەستم دایە وێنەیەك چوارچێوەکەی لە پێستە دروست کرابوو. هەڵبەت ئان هەمەند ئەمەیە، هەر چەندە عەبایەکی عارەبی بەشانییەوەیە و عەگالی بەسەرەوەیە، لە خوار وێنەکەوە بە خەتێکی لەرزۆکی عەرەبی نووسرابوو:

« لە سەوسەنی کەنیزەکتەوە». ڕوخسارێکی زیندوو و تەندروستی لێ دەباری، وێنەکە نەیدەگرتە خۆ، هەر کوڵمە و غەمزەی لێ دەباری، دوو لێوی پڕ و کراوە، دوو چاوی لێوانلێو لە حەزی شتزانین. لە وێنەکەدا دیاربوو کە زەمەنێکی بەسەردا تێپەڕیوە.

«بەپێچەوانەی منەوە حەزی بەکەشوهەوای ئیستیوایی بوو، خۆری سووتێنەر و ئاسۆی ئەرخەوانی. لە چاوانیا من هێمای ئەم هەموو تاسەو پەرۆشییە بووم. منیش باشوورم و تاسەی باکور و زوقوم دەکەم. ئەپارتمانێکی لە هامیستێد هەبوو، کۆتایی حەفتە لە ئۆکسفۆردەوە بۆ لای دەهات. شەوی شەمووانی لای من بەڕێ دەکرد و شەوی یەکشەممەش لای ئەو. هەندێ جار دووشەمووان دەمایەوە، جار جاریش حەفتەیەکی تەواو.

پاشان وای لێ هات لە زانکۆ غایب دەبوو، مانگێ دوو مانگ تا دەریان کرد. دەموچاوی لە ژێر هەنگڵمدا دەشاردەوە و وەکو بۆنی دووکەڵی حەشیشە بکات، ئاوا بۆنی دەکردم. ڕوخساری بەچێژ وەرگرتن دەهاتەوە یەك. چوون سرووتی پەرستگە بڵێتەوە، دەیگوت:

«حەزم بە عارەقەتە. حەزم لە هەموو بۆنەکانتە. بۆنی گەڵای گەنیوی دارستانەکانی ئەفریقیا. بۆنی مەنگە و بابای و بەهاراتی ناوچە پشتێنەییەکان. بۆنی بارانی بیابانی عەرەب». نێچیرێك بوو ئاسان هاتە دەست. لە دوای وانەیەك، کە لەسەر ئەبی نەواس لە ئۆکسفۆرد گوتمەوە، بینیم. پێم گوتن: عومەر خەیام لە چاو ئەبی نەواسەوە هیچ نەبووە، شیعری ئەبی نەواسم لەسەر مەی بەشێوازی گوتاردانی پێکەنین هێنەر بۆ خوێندنەوە، بەو بەهانەیەی شیعری عەرەبی لە سەردەمی عەباسیدا بەم شێوەیە دەخوێنرایەوە.

هەروەها پێم گوتن ئەبو نەواس سۆفی بووە و مەی کردووەتە هێمای هەموو تاسە ڕۆحییەکانی و لە واقیعدا حەزی مەی لە هۆنراوەکانیدا تامەزرۆییە بۆ فەنابوون لە خودی خوادا... قسەیەکی هەڵبەستراوی بێ بنەمایە. وەلێ من لەو شەوەدا ئیلهامم بۆ دەهات، هەستم دەکرد ئەو درۆیانەی لە زمانمەوە هەڵدەقولان مانای گەورەیان دەبەخشی.

هەستم بەخۆشییەکی گەورە دەکرد لە منەوە بەرەو جەماوەر دەکشا، بۆیە لە درۆکردن بەردەوام بووم. دوای وانەکە لە دەورم ئەڵقەیان بەست. کۆمەڵە فەرمانبەرێك لە ڕۆژهەڵات ئیشیان کردبوو و ژنانێك تەمەن تێکی شکاندبوون، مێردەکانیان لە میسر و عێراق و سوودان مردبوون، زەلامێلێك شانبەشانی کچنەر و ئەللەنبی جەنگابوون، ڕۆژهەڵاتناسان، فەرمانبەرێك لە وەزارەتی کۆڵۆنییەکان، فەرمانبەرێلێك لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە. لە پڕ کیژێکی هەژدە نۆزدە ساڵیم بینی بەرەو لای من لۆقەی دەکرد و ڕیزی ئەڵقەکەی دەبڕی، دەستی لە ملم ئاڵاند و ڕایمووسیم، بەزمانی عارەبی گوتی:

– قـۆزیـیـەکـەت لـە وەسف بـەدەرە. مـنـیش هـەنـد خـۆشمـدەویـی وەسف ناکرێت.

بەسۆزێکەوە قسەکانی ترساندمیان، پێم گوت:

– سەوسەن ئاخری دۆزیتمەوە. من لە هەموو شوێن بەدواتدا دەگەڕێم، ترسام هەرگیز نەتبینمەوە. لە بیرتە؟

بەسۆزێکەوە توندی و گەرموگوڕییەکەی لەوەی من کەمتر نەبوو، گوتی:

– چۆن ماڵەکەمانم لە کەرخی بەغدا لەسەر لێواری دیجلە بیر دەچێ، ڕۆژانی مەئموون؟ منیش چەندین سەدەیە شوێن پێت هەڵدەگرم، وەلێ دڵنیابووم پێك دەگەین. ئا ئەوەتا مستەفای خۆشەویستم لەو ڕۆژەوەی لێك دابڕاین نەگۆڕاوی.

وەك ئەوەی بەجووتە لەسەر شانۆبین و دەوروبەرمان ئەکتەربن و ڕۆڵی بچووك بچووك بگێڕن. من کوڕە قارەمانەکەم و ئەویش کچە پاڵەوانەکە. گڵۆپەکان کوژانەوە و تاریکی ئابڵووقەی داین، تەنیا من و ئەو لەسەر شانۆکە ماینەوە و ترووسکەی ڕووناکییەك بەسەرمانەوە بوو. هەرچەندە درکم بەوە کردبوو درۆ دەکەم، وەلێ هەستم دەکرد بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەوی دەیڵێم بەڕاستمە، ئەویش سەرەڕای درۆکەی، ئەوی وتی ڕاست بوو. ئەوە ساتێك بوو لەو ساتە سەرگەرمییە دەگمەنانەی هەموو تەمەنمی لە پێناودا دەفرۆشم. ساتێکە بە بەر چاوتەوە درۆکان دەبنە ڕاستی، مێژوویش دەبێتە گەواد و لێبووکیش دەبێتە سوڵتان. لە گەرمەی ئەو خەونەدا بە ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو لەندەنی بردم. زۆر بەخێرایی دەڕۆیی، جار ناجارێك دەستی لە سوکانەکە بەردەدا، لە ملمی دەئاڵاندو هاواری دەکرد:

– چەند بەختەوەرم، کە تۆم دیتەوە. ئەوەندە شادمانم ئەگەر لەم ساتەدا بشمرم گوێی پێ نادەم.

لە بارەکانی سەر ڕێگە لامان دەدا، شەرابی سێومان هەڵدەدا و هەندێك

جاریش بیره، یاخود خواردنەوەی سوور و سپی، جارجاریش وێسکیمان دەخواردەوە. لەگەڵ هەڵدانی هەر بادەیەکدا، چەند دێڕێکی شیعری ئەبو نەواسم بە گوێدا دەچرپاند:

**تەماشاکە، دەشتودەر، گوڵ و گوڵزارە**
**بڕوانە، بادە کەیلی مەیی ئاڵە**
**دەڵێی پیرەژنێکی ئاڵۆزی کۆنە ساڵە**
**چ بیانوویەك ناخوا، لەم مەیە نەبێ مەست نەبێ**
**کە باوکی وەکو تاریکەشەو ڕەش و**
**دایکی گۆزەیەکی سەوزی کاڵە**
**دەدەی وەرە، بەری کەرخ بێ دەنگە**
**نە لە جەنگ باسە لێرە و نە فرتەنە هەواڵە**

دیسانەوە بەگوێمدا چرپاند:

**ئای بۆ بادەیەك، کە هەر فڕێکی ئاگر بەردا لە هەناو**
**وەك خۆشیی پاش ڕامووسان، یان گفتی ژوواندانێك، یار بیدا، ناکاو**
**ئیتر دوای ئەوە، ڕۆژگار گشت دەبن بە جەژن**
**دەڵێی ئاسمان درزی بردووە و تیشکی لێوە دەڕژێ، داو بەداو**

هەر بەگوێمدا چرپاند:

**ئەگەر شەڕخواز بۆ کارزار کەوتە سمکۆڵان**
**شاری گشت تەیار کرد، کووچە بە کووچە، کۆڵان بە کۆڵان**
**ئالای مەرگ بە بەردەم پیردا، تێهەڕ کرا بە هەڵکراوی**
**ئاگری شەڕ کەوتە نێڵە نێڵ و بەرز بووەوە هالاوی**
**ئەوسا دەستمان کرد بە کەوان و پەنجەمان بە تیر**
**ئیتر ئاگری جەنگ کڵوکۆی دامرکا و**
**بووینەوە بەدۆستەکەی جاران**
**ئەگەر ئەوان تەپڵیان بکوتایا**

**ئێمە، لەگەڵیدا لارە لارمان دەکرد**
**جەنگمان گەڕایەوە خۆشی و ئێمەش بووینەوە بە دۆست**
**ئەگەر دەهۆڵیان لێدا، ئێمە دەهۆڵکوت لێ دەدەین**
**بۆ کوڕانێ کوشتن دەبینن لە چێژدا قوربانیدانە**
**هەموو شەڕمان وەلادەنا و بادەمان ڕیز دەکرد**
**بەماچی لێوی بادە هەموو سەرگەرم دەبووین و**
**مەست مەست، دەکەوتینە خەون و وڕێنە**
**لە جیاتی، بەتیری جەنگ بەلادا هاتن**
**ئێمە بەشیری سوپای تێکشکێنی مەی**
**ملمان دەپەڕێ و ئیتر لەم جیهانە بێ وەفایە، دەردەچووین...!**

ئێمە واین، ئەویش گۆرانیی بۆ شیعر و بۆ مەی دەگوت. چێژی درۆ شیرینەکانی دەکرد بەدەممدا و منیش داوی باریك باریکی ترسێنەرم لە ئەندێشە بۆ دەچنی. پێی دەگوتم لە چاوانما تررووسکەی سەرابی بیابانی گڕگرتوو بەدی دەکات. لە دەنگیشما قیژەی دڕندەکانی دارستان دەبیسێ، منیش پێی دەڵێم لە شینایی چاوانیا دەریای باکوری دووری بێ کەنار دەبینم. لە لەندەنیش بردمەماڵی خۆم، مۆڵگەی درۆ بێ پەردەکان، کە بەئەنقەست بنیاتم نا، درۆ درۆ. سەندەر و بوخور و پەڕی وشترمەل و پەیکەری عاجی و ئەبەنۆس و وێنە و نیگاری دارخورماکان لەسەر کەناری نیل. بەلەمیش لە لایەکی ئاوەکەوە چارۆگەکەی دەتگوت باڵە کۆترە، خۆریش لەسەر کەلی چیاکانی دەریای سوورەوە ئاوا دەبێت، کاروانی وشتریش لەسەر سنووری یەمەن بەسەر گردە لمەکەدا لۆقەیان دەکرد، درەختی نانی مەیموون[١٧] لە کەردڤان و کچانی ڕووتی خێڵەکانی زاندی و نوێر و شلك، کێڵگەی مۆز و قاوە لە هێڵی یەکسان و پەرستگە دێرینەکانی

---

(١٧) نانی مەیموون: یوباب، درەختێکی گەورەی تەمەن درێژە، بەری هەندەی پرتەقاڵێکە، تامی مزر و دەنکی چەورە. (وەرگێڕ).

دەڤەری نووبە، کتێبە عەرەبییە بەرگ نەخشێنراوەکان بە خەتی ڕازاوەی کوفی، فەرشی ئێرانی و پەردەی پەمەیی، ئاوێنەی گەورە بەدیوارەوە و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی گۆشە و سووچەکان. هاتە سەرچۆك و پێیەکانی ماچ کردم و گوتی:

– تۆ مستەفای گەورە و سوڵتانی، منیش سەوسەنی کەنیزەکت.

بەم ئاوایە هەر یەکێکمان بەبێ دەنگی ڕۆڵی خۆی هەڵبژاردبوو، ئەو ڕۆڵی کەنیزەك و منیش ڕۆڵی سوڵتانم دەگێڕا. گەرماوی بۆ ئامادە کردم و بە ئاوی گوڵاو شوشتمی.

بوخوری داگیرساند و گڕی لە سەندەری مەقاڵە مسینە مەغرببییەکەی بە بان دەرکەوە هەڵواسرابوو، بەردا. عەبام دایە شانما و عەگالم لە سەر نا، لەبان جێیەکە هەڵاژام، ئەو هات و سینگ و قاچ و شان و ملی شێلام. بەدەنگێکەوە زیاتر لە فەرمان دەچوو، گوتم:

– وەرە.

بەدەنگی نزمەوە وڵامی داوە:

– ئەمرەکەی گەورەم.

لە گەرمەی ئەندێشە و مەستی و شێتیدا پڕم دایێ، ڕازی بوو، چونکە ئەوی لە نێوانماندا بوو دەگەڕایەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر. لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا لە هامستێد دۆزییانەوە، بە غاز خۆی کوشتبوو. لەگەڵ نامەیەکدا تێیدا نووسرابوو: «مستەر سەعید بەرنەفرەتی خوا کەویت» وێنەکەی ئان هەمندم لە شوێنەکەی خۆی، لای چەپی وێنەکەی مستەفا سەعیدەوە دانا، کە لە نێوان مسز ڕۆبنسن و پیاوەکەیدا وەستابوو. لە خوار وێنەکەوە پێشکەشی کردبوو: «بۆ موزیی ئازیز – قاهیرە ١٩١٣/٤/١٧».

وا دیارە بەو ناوەوە بانگی دەکرد، چونکە لە نامەکەشیدا هەر بە«موزی» بانگی دەکات. مستەفا سەعید منداڵ دیاربوو، وەلێ لە وێنەکەدا ڕوخساری

تا بلّێی ترش و تاڵ بوو. مسز ڕۆبنسن لای چەپییەوە وەستاوە و قۆڵی لەسەر شانی داناوە، مێردەکەشی دەستی لە ملی هەردووکیان کردووە و خۆی و ژنەکەی بزەی ئاسایی دڵخۆشیی بەڕوویانەوە دیارە. ڕوخساریان ڕوخساری دوو لاون سی ساڵیان تێپەڕ نەکردووە. سەرەڕای هەموو شتێك خۆشەویستیی مسز ڕۆبنسن بۆی لەق نەبوو. مسز ڕۆبنسن لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئامادەیی دادگایی کردنەکە بوو. گوێی لە هەموو شتێك بوو، ئینجاش لە نامەکەیدا دەڵێت:

«ناتوانم منەتباریی خۆمت بۆ دەربڕم، چونکە لە بارەی موزیی ئازیزەوە بۆت نووسیوم. موزی ئازیزترین کەسی من و مێردەکەم بوو. موزیی بەستەزمان. منداڵێکی ئازار چەشتوو بوو. وەلێ بەختیارییەکی بێ سنووری خستە دڵی من و مێردەکەمەوە. دوای ئەو پرسە پڕ لە ئازارە و بەجێهێشتنی لەندەن، هەواڵیم لێ بڕا، زۆرم هەوڵدا پێوەندیی پێوە بکەم، بێ سوود بوو. موزیی بەستەزمان. وەلێ ئەوی کەمێك ئازاری دوورییەکەی لێ کەم کردمەوە ئەوە بوو، کە دوا ساڵەکانی ژیانی بە بەختەوەری لە نێوتاندا بردە سەر و ژنێکی باشی هێنا و بووە بابی دوو کوڕ. ئەو دەتوانێ بەدایکی خۆیم دابنێت. خۆ ئەگەر شتێکم بۆ ئەو و منداڵەکان پێ بکرێ ئەوا پێی بڵێ دریغی ناکەم. نامەم لێ نەبڕی. چەند خۆشحاڵ دەبم ئەگەر هەموویان بێنە لام و پشووی هاوینی داهاتووم لا بەرنەسەر. من لێرە لە ئایڵ ئۆف وایت بەتەنیا دەژیم. لە یەنایەری ڕابردوودا چووم بۆ قاهیرە و سەرم لە گۆڕی مێردەکەم دا.

ڕکی زۆر قاهیرەی خۆشدەویست، قەدەر وای هێنا لەو شارەدا بنێژرێت، کە لە هەموو شارەکانی دنیای زیاتر خۆشدەویست».

«من ئێستا خۆم بەدانانی کتێبێکەوە لە بارەی ژیانمانەوە، (ڕکی و موزی و من) سەرقاڵ کردووە، دوو پیاوی مەزن بوون، هەرکەس بەشێوازی خۆی. مەزنیی ڕکی لەو توانایەیدا بوو، کە بەختەوەریی بۆ کەسانی دی دەهێنا.

بەمانای تەواوی وشە بەختەوەر بوو. بەختەوەریی لێ دەرژا و پریشکەکەی ئەوانی دیشی دەگرتەوە. موزییش ئاوەزێکی بلیمەتانەی هەبوو، وەلێ تا بڵێی هەڵەشە بوو. توانای وەرگرتن و بەخشینی بەختەوەریی نەبوو، تەنیا بۆ ئەوانە نەبێ کە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە خۆشی دەویستن و خۆشیان دەویست، وەکو من و ڕکی. بۆیە وا هەستەکەم وەکو ئەرکێك لە سەرمە سەرهاتی ئەم دوو پیاوە مەزنە بەخەڵکی بناسێنم. لە ڕاستییا کتێبەکە لە بارەی ڕکی و موزییەوەیە، من خۆم شتێکم نەکردووە شایانی باسکردن بێت. دەربارەی ئەو خزمەتە گەورانەی ڕکی بەکەلتووری عەرەبی بەخشیوە، دەنووسم. وەکو دۆزینەوەی زۆرێك لەو دەستنووسە دەگمەنانە و ڕاڤەکردن و سەرپەرشتیی چاپکردنیان. هەروەها لە بارەی ڕۆڵی مەزنی موزییەوە دەنووسم، کە سەرنجی هەمووانی بۆ ئەو کلۆڵییەی نەتەوەکەی ڕاکێشا، کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیی ئێمەدا پێوەی دەناڵێنن. بەدرێژییش لە بارەی دادگایی کردنەکەیەوە دەنووسم و ئەو تۆز و گەردەی بەناوییەوە لکاوە، دەتەکێنم.

گەلێك منەتبارت دەبم، ئەگەر هەر شتێکم بۆ بنێری لە موزییەوە بێ، بەڵکو لە نووسینی ئەم کتێبەدا یارمەتیم بدا. وێچێ موزی پێی گوتبی، کە منی بە مشوورخۆری کارەکانی لە لەندەن داناوە. ڕەنگبێ هەندێ پارەمان لە مافی چاپی برێك لە کتێبەکانی و وەرگێڕانی هەندێکیان دەستکەوێ، ئەو کات یەکسەر پارەکە دەنێرم بۆ ئەو بانکەی کە تۆ دەتەوێت بۆی بنێرم. بەم بۆنەیەوە، ڕێگەم بدە سوپاسی بێ پایانت بکەم، بۆ ئەو مشوورخواردنەی بۆ خێزانەکەی موزیی ئازیزی دەکەیت. تکام وایە بەردەوام نامەم بۆ بنێری و بەدرێژی دەنگوباسیانم بۆ بنووسی و لە نامەی داهاتوودا وێنەیانم بۆ بنێریت».

دڵسۆزت

ئەلیزابێس

نامەکەم خستە گیرفانمەوە و لە لای ڕاستی زۆپاکە، لەسەر کورسییەکە دانیشتم. چاوم بەچەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی «تایمز» کەوت، بەمێژووی دووشەممە ١٩٢٧/٩/٢٦. ئەو منداڵانەی لە دایك بوونیە، مارەبڕین، پرسە و سەرەخۆشی. مەراسیمی ژنهێنان، قەشە سامسن ماستەر لە ئەدەب. ڕێو ڕەسمی ناشتن لە کڵێسای ستتنی، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ، چوارشەم. نامەی تایبەت. کیژی هەمیشە خۆشەویست، تاکەی لێك دووربین؟ دڵە ئازیزەکە. کینیای کۆڵۆنی – مستەر... ڕووپێوی یاسایی – لە پێنجی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە نایرۆبی، تا ئەوکات هەر نامەیەك تایبەت بەڕاپۆرت لەسەر خانووبەرەی کۆڵۆنییەکەیە دەبێ ڕەوانە بکرێت لە ڕێگەی...... ڕیکلام دەربارەی وانە لەسەر ئەسپ سواری.

پشیلەی شینی سیامی بۆ فرۆشتن. کیژێکی بەئاکاری (١٧) ساڵ، لە خێزانێکی ڕێکوپێك، بەدوای کاردا دەگەڕێت. خاتوونێکی (٣٠ ساڵە) نازناوی لەیدی بۆ ماوەتەوە، حەزی لە ئیشێکە لە هەندەران بێت. هەواڵی وەرزشی. وێست هێڵ لە بیرهیڵ دەباتەوە. وێست هام دەیباتەوە. جین تنی لە جاك دمبسی دەباتەوە. نامەیەك لە زەفروڵڵا خانەوە تێیدا ڕایەکانی سێر شمانلال ستالفاد دەربارەی ناکۆکیی نێوان موسڵمانەکان و هندۆس لە پەنجاب، ڕەت دەکاتەوە. نامەیەك دەڵێت: « جاز موزیکی شادمانییە لە جیهانێکی تاریکدا». دوو فیل لە ڕانگۆنەوە گەیشتن و بە پێ لە تیلبەرییەوە بۆ باخچەی ئاژەڵان ڕێیان کرد. گایەك هێرشی بردە سەر گاوانێك لە کێڵگەکەیدا و سکی هەڵدڕی. پیاوێك چوار مۆزی دزی و بڕیاری سێ ساڵ زیندانی بەسەردا درا. هەواڵەکانی ئیمپراتۆرییەت و دەرەوە. پێشنیازێکی تازەی مۆسکۆ بۆ دانەوەی قەرزەکانی ڕووسیا بە فەرەنسا. لافاو لە سویسرا. دیسکەڤەری کەشتییەکەی کاپتن سکێت لە دەریای باشوور گەڕایەوە. هرسترسمان ڕۆژی شەممە گوتارێکی لە جنێڤ لە بارەی چەك داماڵینەوە خوێندەوە. هەروەها هرسترسمان ڕاگەیاندنێکی بۆ ڕۆژنامەی

(ماتان)دا، تێیدا پشتگیری لە گوتاری سەرۆك ڤۆن هندنبێرگ لە تانبرج کرد، کە وتبووی ئەڵمانیا لە هەڵگیرسانی شەڕ بەرپرسیار نییە. سەروتاریش دەربارەی پەیماننامەی جەددەیە، کە سێر گیلبەرت کلیتن لە بری بەریتانیای مەزن و میر فەیسەڵ عەبدولعەزیز ئال سعوود لە بری باوکی، پاشای حیجاز و نەجد و ئەو شوێنانەی لە ژێر چاودێری ئەودان، واژۆیان کردووە. کەشوهەوا لە ئینگلتەرە و وێڵز، بەزۆریی با لە نێوان ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوایە، جارجار لە شوێنە ڕووتەنییەکاندا بەتینتر دەبێت، ماوەیەکی درێژ لە بێ دەنگی، وەلێ جارجار زریان و هەندێك جاریش پەڵەباران.

وادیارە ئەمە تەنیا ڕۆژنامە بێت. داخۆ بوونی لێرە هیچ دەگەیەنێت؟ یاخود تەنیا ڕێکەوتە و هیچی تر؟ نامیلکەیەکم کردەوە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا نووسرابوو:

«چیرۆکی ژیانم –بە خامەی: مستەفا سەعید»

لە لاپەڕەکەی دییش، پێشکەش: «بۆ ئەوانەی بەچاوێك شت دەبینن و بەزمانێك قسە دەکەن و شتەکان ڕەش یا سپی، ڕۆژهەڵاتی یا ڕۆژئاوایی دەبینن».

لاپەڕەکانی دیم هەڵدانەوە، هیچیان تێدا نەبوون، نە دێڕێك، نە تەنیا وشەیەك. ئایا ئەمەش مانای خۆی هەیە، یاخود ڕێکەوتە؟

پەروەندێکم کردەوە، کۆمەڵێك کاغەز و سکێچ و نیگاری تێدا بوون. کەواتە خەریکی نیگار و نووسینیش بوو، نیگاری باش نیشانەی بەهرەی گەورەیە.

نیگارێلێکی ڕەنگاوڕەنگی دیمەنی گوندی ئینگلیزی، کە تێیاندا داربەڕوو و گوڵ و قاز دووبارە دەبنەوە. هەروەها کۆمەڵێك سکێچ بەپێنووسی ڕەساس هی دیمەن و کەسانی گوندەکەمان. سەرەڕای هەموو شتێك دەبێ دان بە

بەهرە گەورەکەیدا بنێم. بەکری و مەحجووب و باپیرم و ودلڕەیس و حوسنە و عەبدولکەریمی مامم و ئەوانی تریش. ڕوخساریان ئاماژە بەگوزارشتی قووڵ دەکەن، تا هەستم پێ دەکرد، وەلێ نەمدەتوانی دیاری بکەم. مستەفا سەعید بە ڕوونیبینین و بەسۆزێکی نزیك لە خۆشەویستییەوە وێنەیانی کێشاوە. ڕوخساری ودلڕەیس زیاد لە هەموویان دووبارە دەبووەوە. هەشت نیگاری ودلڕەیس بەشێوەی جیا جیا. بۆچی ئەم هەموو بایەخەی بە ودلڕەیس داوە؟

سەیری پارچە کاغەزەکانم کرد، خوێندمەوە:

«خەڵکی فێر دەکەین تا مێشکیان بکرێتەوە و وزەی بەندکراویان ئازاد بێت. وەلێ ناتوانین پێشبینی ئەنجامەکەی بکەین. – ئازادی. ئاوەز لە پڕوپووچ ڕزگار دەکەین. کلیلی دواڕۆژ دەدەینە دەست گەلەوە تا چۆنی بوێ وا بکات».

«لەندەنم جێهێشت و ئەورووپاش جارێکی دی سوپاکەی بۆ کوشت و کوشتاری زیاتر کۆدەکاتەوە».

«ڕق نەبوو. خۆشەویستییەك بوو دەستە پاچە لەوەی بتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات. بە گێژ و گەواڵی خۆشمویست. ئەویش بە هەمان شێوە».

«نمەباران ساپیتەی خانووەکانی تەڕکرد. مانگا و پەزەکان لە کێڵگەکاندا دەتگوت چەوی ڕەش و سپین. پرووشەی باران لە مانگی حوزەیراندا دەبێت. بەیارمەتیت خاتوونەکەم. ئەم جۆرە گەشتانە بەشەمەندەفەر وەڕسکەرە. تەندروستیت چۆنە؟ لە بێرمەنگهامەوە بۆ لەندەن. چۆن وەسفی دیمەنەکان دەکەیت؟ درەخت و گیا و گوڵ. کۆمەڵە پووش لە ناوەندی کێڵگەکان. درەخت و گیا و گوڵ لە هەموو شوێنێکا هەر هەن. کتێبەکەی نگایۆ مارش. دوودڵی. نە بە ئا نە بە نا، هیچت نەگوت».

داخۆ وەسفی ڕووداوی ڕاستەقینەی دەکرد، یاخود خەریکی چیرۆکێك بوو؟

«گەورەم دەبێ دژ بە پەنابردنی تۆمەت بۆ فێڵی لۆژیکی ئاشکرا بووەستمەوە. چونکە بەوە دەیەوێت جەخت لەسەر بەرپرسیارێتیی تاوانبار لەو ڕووداوانەدا بکاتەوە، کە لێیان بەرپرسیار نەبووە. لەسەر بنەمای کارێك کە بە فیعلی ڕووی داوە، پاشان دێ و زیاتر جەخت لەسەر گریمانەکەی دەربارەی ڕووداوەکە دەکاتەوە، لەسەر بنەمای گریمانەکانی پێشوو. تاوانبار دانی پێداناوە، کە ژنەکەی خۆی کوشتووە، وەلێ ئەمە نایکاتە لێپرسراو لەسەر هەموو ئەو ڕووداوە خۆکوژییانەی ئەم دە ساڵەی دوایی ئافرەتانی دورگەکانی بەریتانیا». «ئەوی چاکە بزایێ واتا بەچکەیەك زایی بەخۆشییەوە دەفڕێت. ئەوەیشی خراپە بزێ ئەوا درەختێکی بۆ دەڕوێ، دڕکەکانی ئاخ و داخ و بەرەکەشی پەشیمانییە. ڕەحمەت لەو کەسەبێ چاوپۆشی لە هەڵە بکا و چێژ لە شتی بەرچاو وەربگرێت». چامەیەکم بینییەوە بەخەتی خۆی نووسرابوو. کەواتە هۆنراوەشی دەنووسی، لە زۆریی خەت بەسەرداهێنان و گۆڕین لە وشەکاندا، دەردەکەوێت ئەویش بەرامبەر بە هونەر ترس و بیمی هەبووە. ئا ئەوەتا:

**لە سینەی غەمزە بەیەکدا، ئاخ کەوتنە جەولان**
**فرمێسکی دڵیش لە ساڵانی زووەوە، هاتنە هەڵقوڵان**
**ڕەشەبای بێ ئامان، هەرچی خۆشەویستی و کینە هەبوون،**
**لە بن هەڵیتەکان**
**هەرچی پاشماوەی نزا و پاڕانەوەی خنکاوی ناو بێ دەنگیی قووڵ**
**هەبوون**
**هەرچی هەنسك و دوعا و پرمەی گریان و داد و بێ داد هەبوون**
**هەرچی تەپوتۆز و دووکەڵ، کە ڕێیان لە ڕێبوار دەگۆڕی**
**هەرچی دڵی بێ گرێ، یان هی پڕ ترس هەبوون**
**هەرچی تەوێڵی دانەویو و هی تر...**

دەبێ مستەفا سەعید چەندین کاتژمێری بە گەڕان بەدووی واژەیەکدا

بەسەر بردبێت، تا کێشی شیعرەکەی پێ پارسەنگ بکات؟

ئەو گرفتەم بەدڵ بوو، چەند خولەکێك ڕامام، درێژەی نەکێشا. چامەیەکی کرچوکاڵ و لاوازە، لەسەر چوونیەك و بەراورد ڕۆنراوە. خاڵییە لە هەستی پڕ لە ڕاستگۆیی و ورووژانی ڕاستەقینە. ئەم دێڕەش لە وانی دی خراپتر نییە. خەتێکم بەسەر دوا دێڕ دا هێناو ئەمەم لە شوێن نووسی:

«لا جانگی بێ دەنگ و ئەنیەی کپ».

بەردەوام بووم لەسەر ئەمدیو ئەودیوکردنی پارچە کاغەزەکان، چەند پارچە کاغەزێکم بینییەوە لەسەریان نووسرابوو: «سێ بەرمیل ڕۆن». «لێژنەکە تاوتوێی بابەتی توندوتۆڵکردنی بناغەی مەکینەکە دەکات»، «دەکرێ چیمەنتۆ زیادەکە یەکسەر بفرۆشرێ» پاشان ئەم بڕگەیەم دیتەوە: «هەر دەبوو بەختم بەر بەختی بکەوێت و سالآنێك لە زیندان بگوزەرێنم و سالآنێکیش زەوی بکوتمەوە، ئەندێشەی ڕاوبنێم و ڕاوم بنێت. ئەمە ئەو هەستەیە، کە من لە ساتی ئەودیو سنووری کاتەوە سەرجێییم لەگەڵ خوداوەندی مردن کردووە و لە دەلاقەی چاوانییەوە سەرم بەدۆزەخا کرد. هەستێکە مرۆڤ ناتوانێ وێنای بکات. تا نەۆ تامی ئەو شەوە لە دەمما ماوەتەوە و چێژی هیچ شتێکم پێ ناکرێت».

لە خوێندنەوەیان بێزار بووم. هەڵبەت کاغەزی تریش لە ژوورەکەدا هەن شاراونەتەوە، وەکو پارچەیەك لە مەتەڵێکی ژمارەیی، مستەفا سەعید لێی دەوێم، کە بیاندۆزمەوە و یەك یەك بیانخەمە لاوە و وێنەیەکی تەواو کەماڵیان لێ دەربکەم، تا لە بەرژەوەندی ئەودا بن. ئەو دەیەوێ وەکو پاشماوەیەکی مێژوویی بدۆزرێتەوە و نرخی خۆی هەبێت. گومانی تێدا نییە. ئێستا زانیم بۆ ئەو منی بۆ ئەم ڕۆڵگێڕانە هەڵبژاردووە؟ ئەوەش ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو ئەو بوو مەیلی سووسەکردنی لام زیندووکردەوە، پاشان چیرۆکی ژیانی خۆی بەنیوەچڵی بۆ گێڕامەوە، تاکو بەخۆم پاشماوەکەی بدۆزمەوە.

بـەڕێکـەوت نـەبـوو، کـە نـامـەیـەکی بـە مۆمـی لـۆك خـەتمـکراوی بـۆ جـێ هێشتبووم، تا خەیاڵم ببا. هەروەها منی کردە سەروەسیەتی منداڵەکانی، تا پابەندبم و لا نەدەم، جگە لەوەی کلیلی ئەم مۆزەخانە مۆمییەی بۆ بە جێهێشتم. خۆپەرستی و لە خۆباییيەکەی سنووریان نییە، چونکە ئەو سەرەڕای هەموو شتێك دەیەوێ مێژوو بە نەمری بیهێڵێتەوە. بەڕاستی من ئەو بوارەم نییە لەگەڵ ئەم گاڵتەجاڕییەدا بەردەوام بم. دەبێ بەر لە گزنگ کۆتایی بەم گاڵتەجاڕییە بهێنم، ئێستا کاتژمێر دووی سەرلەبەیانی تێپەڕ کردووە، لەگەڵ گزنگی بەیاندا بڵێسەی ئاگر ئەم هەموو درۆ و دەلەسانە لووش دەدات. هەستامە سەر پێ، تیشکی مۆمەکانم لەسەر تابلۆ زەیتییەکە هەڵگرت و نامە سەر تاقی زۆپاکە. هەموو شتێك لە ژوورەکەدا ڕێکوپێکە و لە جێی خۆیەتی. تەنیا وێنەکەی جین مۆرس نەبێ. وەك ئەوەی نەیزانیبێ چی لێ بکا.

وێنەی سەرجەم ئافرەتەکانی دی هەڵگرتبوون، وەلێ ئەم جین مۆرسە وەك بەخۆی بینیبووی نەك وەك کامیراکە بیبینێ. بە سەرسامییەوە لە تابلۆکەم ڕوانی، ڕووخساری لاکێشەیی ئافرەتێکی چاو گەورە، برۆکانی بـەسەریـانـەوە تـێك ئـالاون. لـووتـی قـیـچـەك زل و دەمـیشی تـا ڕادەیـەك گـەورەیـە، شێوەی ڕوخساری شتـێکـە وەسف نـاکـرێ. شێوەیـەکی سەیر و مـایـەی سەرسووڕمـانە. لێوە ناسکەکانی وا پێکەوە نووساون و دەڵێی گاز لە ددانی دەگرن، شەویلاگی بەفیزەوە بەرەو پێشەوە هاتووە. ئایا ئەوەی لە چـاویـا دەخـوێنـرێتـەوە تـووڕەیـیـیـە، یـاخـود بـزەیـە؟ سێبـەری شەهـوەتێك بـەدەمـوچـاویـیـەوە دەبـیـنـرا. کـەواتـە ئـەمـە ئـەو سیمـرخـەیـە کـە دێوەکـەی ڕاوکردووە؟ لەو شەوەدا دەنگی بریندار و غەمبار و پەشیمان دەهاتە گوێ. داخۆ لەبەر ئەوەیە، کە لە دەستی داوە؟ یاخود لەبەر ئەوەیە تاڵیی زۆری بەدەستییەوە چەشتووە؟

«بچوومایا بۆ هەر ئاهەنگێك ئەوی لێ بوو. چوون بەئەنقەست وا بکات

تا سووکایەتیم پێ بکات. ویستم لەگەڵیا سەما بکەم، پێی گوتم:

– ئەگەر تاقە پیاو بی لە دنیایا، سەمات لەگەڵدا ناکەم.

شەپازلەیەکم خێواندێ، ئەویش شەقێکی لێ دام و بەددانەکانی، کە دەتگوت ددانی دەڵەشێرن، گازێکی لە قۆڵم گرت. کاری نەدەکرد، نازانم چۆن دەژیا! کەسوکاری لە لیدز بوون. تا دوای ئەوەی خواستیشم نەمبینین. باوکی بازرگان بوو، نازانم لە چ کوتاڵێك، بەقسەی خۆی پێنج برای هەبوون و خۆی کچە تاقانە بوو. وای لێ هاتبوو لە بچووکترین شت درۆی دەکرد. کاتێ دەگەڕایەوە ماڵێ، هەند چیرۆکی سەیر سەیری دەگێڕاوە، لە بارەی ئەو شتانەی بەسەریا هاتوون و خەڵکانێك کە بینیونی، نەدەچوونە عەقڵەوە. بەدووری نازانم وەك شەهرەزادێکی دەرۆزەکەر بێکەس بووبێت. وەلێ تابڵێی زیرەك و زۆریش ڕێکوپێك بوو، چ کاتێك بیویستایا. لە کوێ بوایا کۆمەڵێك لەوانەی پێی سەرسام بوون، وەك مێش بەدەوریا دەسووڕانەوە و گیزەیان دەهات. من لە ناخما هەستم بەوە کردبوو، سەرەڕای وانیشاندانی کە ڕقی لێمە، ئینجاش گرنگی بەمن دەدا. کاتێك کۆڕ و کۆبوونەوەیەك پێکەوە کۆی دەکردینەوە، بەتیلەی چاو چاودێریی دەکردم و هەموو جووڵە و بێ دەنگییەکانمی دەژماردن، ئەگەر بیبینیایا من بایەخ بەکچێك دەدەم، یەکسەر خراپ لەگەڵیا دەجووڵایەوە و دڵڕەقیی بەرامبەر دەنواند. بەقسە و بەڕەفتار ڕووهەڵماڵراو بوو. سڵی لە هیچ نەدەکردەوە. جگە لە دزیکردن و درۆ فێڵیشی دەکرد، وەلێ سەرەڕای ویستی خۆم خۆشمویست و نەمدەتوانی بەر بەڕەوتی ڕووداوەکان بگرم. کاتێك لێی دوور دەکەوتمەوە ئارەزووی دەجووڵاندم و کاتێکیش دووی دەکەوتم لە دەستم هەڵدەهات. جارێکیان دانم بەخۆداگرت و دوو حەفتە لێی دوورکەوتمەوە. وام لێهات لەو شوێنانەی ئەو ڕووی تێدەکردن خۆم لێ دەبواردن، خۆ ئەگەر داوەتی ئاهەنگێکیش بکرامایا، ئەوی لێ نەبوایا ئینجا دەچووم. وەلێ ڕێگەی ماڵەکەمی بینییەوە، شەو درەنگانێکی شەممە ئان هەمندم لابوو، ئەو خۆی

کرد بەماڵدا. ئان هەمندی جوێن باران کرد و پیایا هەڵشاخا و بەربووە گیانی، هەمند هیچ بەرەنگارییەکی نەکرد. ئان هەمند بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەرچوو، وەکو شەیتانی بەردباران کراو بەرامبەرم ڕەق ڕاوەستا. لە چاوانیا بەرەنگاری و هاوارێکم بەدی کرد، تاسەی دووریی لە دڵما ژیاندەوە.

قسەم لەگەڵیا نەکرد، ئەویش هیچی نەگوت، کەچی جلەکانی لێ فڕێدا و بەڕووتوقووتی لە بەرامبەرم وەستا. هەرچی ئاگری دۆزەخ هەیە لە سینگما کڵپەی سەند و دەبوو بەو شاخە بەفرینەی پێشی لێ گرتبووم، ئاگرەکە بکوژێنمەوە. بەچوارپەلی لەرزیووەوە لێی چوومە پێش، ئاماژەی بەگوڵدانێکی گرانبەها کرد، کە بەسەر ڕەفەکەوە بوو. گوتی:

– ئەمەم بدەرێ و بمبە.

لەو چرکەساتەدا بەرامبەر بەخۆی داوای ڕۆحمی بکردایا، پێم هەرزان بوو. سەرم لەقاند و ڕازیبوونی خۆم ڕاگەیاند. گوڵدانەکەی هەڵگرت و تا توانای تێدابوو دای بەزەوییەکەیا، پاشان بە پێ چووە سەر پارچەکانی، تا ورد و خاشی کردن. دەستی بۆ دەستنووسێکی دەگمەنی عەرەبی درێژ کرد، کە لەسەر مێزەکە بوو، گوتی:

– دەبێ ئەمەشم بدەیتێ.

قوڕگم وشك بووە، خەریکە لە تینوێتییا دەخنکێم. پێویستم بەقومێك ئاوی سارد و کەڵلە تەزێنە. بە سەرلەقاندنێك قایلبوونی خۆم ڕاگەیاند.

گرتی بە دەستنووسە دەگمەنە کۆنەکەیا و جڕ و وڕی کرد و هەندێکی پەستایە دەمییەوە، جاوی و تفاندییەوە. دەتگوت جگەری دەجویم، ئینجاش گوێم پێ نەدا. دەستی بۆ بەرماڵێکی لە ئاوریشم دروستکراوی ئەسفەهانی درێژ کرد، کاتێ کە قاهیرەم جێهێشت، مسز ڕۆبنسن پێی بەخشیم. بەنرخترین شت و ئازیزترین دیاری بوو لە دڵما. گوتی:

– ئەمەشم پێ ببەخشە و ئینجا بمبە.

قەیرێك بەدوودڵی ڕامام، وەلێ کە ڕوانیم بەرامبەرم ڕەق ڕاوەستاوە و هانم دەدات، ترووسکەی مەترسی لە چاوانیا دەدرەوشاوە، لێوانی دەتگوت میوەی حەرامکراون، کە هەر دەبێ بیخۆی. سەری ڕازیبوونم بۆ لەقاند. پڕی دایە بەرماڵەکە و دایە دەم ئاگری زۆپاکەوە، ئینجا بەچێژێکەوە لە ئاگرەکەی دەڕوانی چۆن بەرماڵەکەی لووش دەدا، بڵێسەی ئاگرەکە لەسەر ڕوخساری ڕەنگی دەداوە. ئەم ژنە خۆی داوای کردم، بۆیە منیش تا دۆزەخ بە دوایەوەم. چوومە لایەوەو دەستم لە ناوقەدی گیرکرد، لێوم برد تا ماچی بکەم، لە پڕ هەستم بەزەبری توندی چۆکی کرد، کێشای بەناو گەڵما. کاتێ بەهۆش خۆم هاتمەوە، لەوێ نەمابوو.

«سێ ساڵی خشت بەدوایەوە بووم، کاروانەکانم تەریفەن و تراویلکەش لە ڕێبزریی تاسەدا لە پێشم دەدرەوشێتەوە. ڕۆژێکیان پێی گوتم: تۆ گایەکی سەرکێشی، لە ڕاونان ناکەویت. من لە ڕاونانت بەدوامدا و لە ڕاکردن لە دەستت ماندوو بووم. وەرە بمخوازە. منیش لە نووسینگەی تۆمارکردن لە فووڵهام خواستم. بۆ مارەبڕینەکە کەس ئامادە نەبوو، تەنیا کیژێکی برادەری ئەو و دۆستێکی من نەبێ، کاتێ لە بەرامبەر ناونووسەکەدا گوتی: من جین ونفەرد مۆرسم، ڕازیم بەم پیاوە، مستەفا سەعید عوسمان، وەکو پیاوی شەرعیم لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەژاری و دەوڵەمەندیدا، لە ساغی و ناساغیدا... لە پڕ دای لە قوڵپی گریان و بەکوڵ دەگریا. سەرم لەم سۆزدارییەی سوورما، ناونووسەکەش مەراسیمەکەی ڕاگرت و بەسۆزەوە پێی گوت: لەسەرخۆ خوشکم لەسەرخۆ. من دەزانم چیت لە دڵدایە. چەند ساتێکە و هەموو شت دەبڕێتەوە.

دوای ئەوەش هەر هەنسکی دەدا. کاتێ مارەبڕینەکە تەواو بوو، سەرلەنوێ لە قوڵپی گریانی دایەوە. کابرای ناو نووس هات و دای بەسەرشانیا، پاشان دەستی لە نا و دەستم ناو گوتی:

– ژنەکەت لە خۆشییا دەگری. من زۆرێك لە ئافرەتانم بینیوە لە کاتی شووکردنیاندا دەگرین، وەلێ گریانی ئاوا بەکوڵم نەبینیوە. وا دیارە زۆری خۆشدەوێی. چاوت لێی بێت. من دڵنیام بەختەوەر دەبن.

کەچی ئەو تا لە نووسینگەکەش دەرچووین هەر دەگریا.

لە هیکرا گریانەکەی گۆڕا بە حرکە. لە کاتێکدا قاقا پێدەکەنی، گوتی:

– چ گاڵتەجاڕییەکە.

«پاشان ڕۆژەکەمان بە خواردنەوە بردە سەر. نە ئاهەنگ و نە بانگهێشت، من و ئەو و مەی. کاتێك شەو هات و چووینە ژێر جێوە، ویستم دەست لە ملانێی بکەم، کەچی ئەو پشتی تێ کردم و گوتی: ئێستا نا. شەکەتم.

دوو مانگ نەیهێشت نزیکی بکەومەوە. هەموو شەوێك دەیگوت:

– ماندووم. یاخود دەیگوت: نەخۆشم.

نەمتوانی لەوە زیاتر بەرگە بگرم. شەوێکیان بە چەقۆوە، بەسەر سەرییەوە وەستام، پێم گوت: دەتکوژم.

بە شێوەیەك چاوی بڕییە چەقۆکە، وا تێگەیشتم بەتاسەوەیە، گوتی:

– ئەوە سینگم لە بەردەستتایە، چەقۆکەی پێیا بکە.

چاوم لە سینگە ڕووتەکەی بڕی، لە بەردەستمایە و کەچی دەستم نایگاتێ. لەسەر لێواری جێیەکە دانیشتم و بەکزییەکەوە سەرم دانەواند. دەستی خستە سەر ڕوومەتم و بە زمانێك کە نەرمییەکی تێدابوو، گوتی:

– شیرینەکەم تۆ لەو پیاوانە نیت کە خەڵك دەکوژن.

هەستم بە کەساسی و تەنیایی و ونبوون کرد. ناگەهان دایکم بیرهاتەوە. ڕوخساری ڕوونیم لە مێشکما بینی، گوێم لێ بوو دەیگوت:

– ژیانی خۆتە و ئازادی.

هەواڵی مردنی دایکم بیرکەوتەوە، کە بەر لە نۆ مانگ پێم گەیشت، ئەو کاتی بەسەرخۆشی لە ئامێزی ئافرەتێکدا بینیمیانەوە. ئێستا لە یادم نییە کیهەیان بوو، وەلێ بەجوانی لە بیرمە، کە غەم و پەژارە داینەگرتم و نە زۆر و نە کەم گوێم پێ نەدا. ئەمەم بیرکەوتەوە، لە ناخی دڵەوە لە قوڵپی گریانم دا. هەند بەکوڵ دەگریام، وامدەزانی کەفوکوڵم دانامرکێتەوە. هەستم بەجین کرد دەستی لە ملمدایە، قسە دەکا لێی تێناگەم، وەلێ کە دەنگی بەرگوێم کەوت مووچڕکەیەك بەگیانما هات. پاڵێکم پێوە نا و بەسەریا شیراندم:

– ڕقم لێتە. سوێندبێ دەبێ ڕۆژێك بتکوژم.

لە گەرمەی غەم و پەژارەمدا ساتێك نیگای چاوەکانیم لە چاو ون نەدەبوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە و نیگایەکی سەمەرەیان تێ بڕیبووم. دەبێ سەرسوڕمان بێت؟ یا ترس؟ تۆ بڵێی حەز نەبێت؟ پاشان بەدەنگێك، کە ئاوازێکی دروستکراوی پێوە دیار بوو، گوتی:

– منیش تا مردن ڕقم لێتەبێتەوە.

«وەلێ چارم نەبوو. لە ڕاوچییەوە بووم بە نێچیر. بەشێوەیەك ئازارم دەکێشا نەمدەزانی چۆن، وەك ژن بێزووم بەئازارەکانمەوە دەکرد. دوای ئەو ڕووداوە بە یازدە ڕۆژ، چاکم لە بیرە، چوون ڕۆژووەوانێکی بەر قرچەی گەرمای مانگی ڕەمەزان، ئاوا خۆم خواردەوە. بەر لە زەردەپەڕ لە باغچەی ڕێچمۆند بووین. هێشتا باغچەکە چۆڵ نەبووبوو و هەندێ خەڵکی تێدابوو. گوێمان لە دەنگە دەنگ بوو، چەند کەسێکمان بینی لە ژێر تیشکی گزنگدا دەهاتن و دەچوون. هەندە قسەمان نەکردو خۆشەویستی و عەشقبازیمان نەگۆڕییەوە. بەبێ هۆ دەستی لە ملم ئالاند و ماچێکی توندی کردم. هەستم بەسینگی کرد لەسەر سینگم توند بووە. دەستم لە ناو قەدی گیرکرد و بۆ لای خۆمەوە ڕامکێشا، بەناڵە و هەناسەی گەرمی بەندی دڵی پساندم و هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە. ئێستا هیچم بە بیردا نایەت، جگە لەم بەڵا گەورەیەی

تووشم بووه، هیچ نابینم و ئەقڵیشم هیچ وەرناگرێت. ئەم ژنە قەدەر و ماڵوێرانیمە، ئینجاش بەلای منەوە هەموو دنیا گوڵە زەردەیەك ناهێنێ لە پێناویدا. من ئەو پەلامارەدەرەم، کە لە خوارووەوە هاتووە، ئەمەش ئەو مەیدانی جەنگە شەختەییەیە، کە بەرزگارکراوی لێی دەرباز نابم. من دەریاوانێکی چەتەم و جین مۆرسیش کەناری فەوتانە. وەلێ گوێی نادەمێ. بردم بۆ ئەو دەشتودەرە، بەلامەوە گرنگ نییە بە بەرچاو و گوێی خەڵکەوە بێت. ئەم ساتی سەرگەرمی و مەستییە هەموو تەمەن دێنێت».

«هەر بەڕاستی ساتی سەرگەرمی و مەستیی دەگمەنە، کاتەکانی دیشمان بەجەنگێکی ماڵوێرانکەری دوور لە میهرەبانی و بەزەیی بەسەر دەبەین. هەمیشە جەنگەکە بە بەزینی من کۆتایی دەهات، زللەم لێی دەدا و لێمی دەداوە، چڕنووکی لە دەموچاوم گیر دەکرد و گڕکانی دڵڕەقی لە ناخیا دەتەقییەوە و چی بکەوتایەتە بەردەستی وردوخاشی دەکرد، هەر لە قاپوقاچاغەوە، تا جڕو وڕکردنی کتێب و کاغەز. ئەمە مەترسیدارترین چەکی بوو. هەر شەڕێك بە دڕاندنی کتێبێکی پڕ بایەخ یا بەسووتاندنی توێژینەوەیەك، کە چەندین حەفتە پێوەی خەریك بووبووم، دوایی دەهات. هەندێك جاریش تووڕەیی وا یەخەی دەگرتم، دەگەیشتمە کەناری شێتی و کوشتن. دەستم لە بینە قاقای گیر دەکرد، لە پڕ هێور دەبووەوە و نیگایەکی شاراوەی تێکەڵ بە سەرسوڕمان و ترس و حەزی تێ دەبڕیم. ئەگەر تۆزێك زیاتر دەستم توند بکردایا، کۆتاییم بەو شەڕە نەگریسە دەهێنا. جەنگەکەش لەگەڵماندا دەگوازرایە دەرەوە. کاتێك لە مەیخانەکە بووین، لە پڕ قیژاندی:

– کوڕی قەحپەیە دەستبازیم لەگەڵدا دەکا.

خۆم هەڵدایە سەر کابرا و دەستم لە ناقڕگەی گیرکرد، ئەویش دەستی نایە بینەقاقام، خەڵکی لە سەرمان گردبوونەوە، کەچی لە پشتمەوە لە حرکەی پێکەنینی دا.

یەکێ لەو پیاوانەی بۆ ناوبژی هاتبوون، پێی گوتم:

– داخم ناچێ کە پێت بڵێم، ئەگەر ئەمە ژنت بێت، ئەوا سەڵیتەیەکت خواستووە. کابرا هیچی پێ نەگوت. وادیارە ئەم ژنە حەزی لە دیمەنی پڕ لە توندوتیژییە.

تووڕەییەکەم گواستەوە سەر ئەو، لە کاتێکدا حرکە حرکی پێکەنینی بوو، بۆی چووم، تاتوانیم زللەیەکم پیاکێشا، ئەویش چڕنووکەکانی لە دەموچاوم گیرکرد.

دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ئینجا توانیم بۆ ماڵ بەکێشی بکەم».

«کە پێکەوە دەردەچووین، بەو بووایا لەگەڵ چاك و خراپدا دەستبازیی بکردایا. دەستبازیی لەگەڵ گەرسۆنی ڕیستۆرانتەکان و شۆفێری پاس و ڕێبوارەکاندا دەکرد، هەندێکیان پێیان خۆش بوو و وەڵامیان دەداوە، ئەوانی تریشیان قسەی ناشرینیان پێی دەگوت. ناچار لەگەڵیاندا دەکەوتمە شەڕەوە، یاخود لەوم دەدا، کەچی ئەویش لە ناوەڕاستی ڕێگا لێی دەدامەوە. زۆرجار لە خۆم دەپرسی چی منی بەمەوە بەستووەتەوە؟ باشە بۆ جێی نەهێڵم و خۆم لە دەستی قوتار نەکەم؟ وەلێ باش دەمزانی چارم ناچارە و دەبێ کارەساتێ هەر ڕوویدا. باشیش دەمزانی ناپاکیم لێ دەکات. سەر لەبەری ماڵەکەمان بۆنی ناپاکیی لێ دەهات. جارێکیان دەستەسڕی پیاوێکم دۆزییەوە، بێ گومان دەستەسڕی من نەبوو. کاتێ لێم پرسی، گوتی:

– دەستەسڕی خۆتە.

پێم گوت: ئەمە دەستەسڕی من نییە.

گوتی: وای دانێ هی تۆ نییە، چیت لە دەستدێ؟

جارێکیش، پاکەتە جگەرەیەکم بینی و جارێکی دیش قەڵەم پاندانێك. پێم گوت:

– تۆ ناپاکیم لەگەڵدا دەکەیت.

گوتی: وای دانێ ناپاکیت لەگەڵدا دەکەم.

شیراندم بەسەریا: شەرتبێ بتکوژم.

بە تێزێکەوە خەنییەوە و گوتی:

– تۆ هەر وا دەڵێی. بۆ نامکوژیت؟ چاوەڕێی چیتە؟ ڕەنگبێ چاوەڕێ بکەی تا پیاوێکم لە بان دەگریت... بڕوا ناکەم ئەو کاتەش هیچت لە دەستبێ. لەسەر جێیەکە دادەنیشی و دەگری».

«سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ وەخت، لە مانگی شوباتدا کە پلەی گەرما دە پلە لە ژێر سفرەوە بوو. ئێوارە وەك بەیانی بوو، شەوێکی تاریك و نووتەك، بیست و دوو ڕۆژ خۆر هەڵ نەهات، سەرتاپای شار بووبووە کێڵگەی شەختە، شەختە و زوقوم شەقام و باغچە و بەر دەرکی ماڵانی گرتبووەوە. ئاو لە ناو بۆڕییەکاندا بەستبووی و کە هەناسەت دەدا هەڵم لە دەمتەوە دەردەچوو. لقی درەختە بەرزەکان لە ژێر قورسایی بەفردا شۆڕ بووبوونەوە. منیش خوێنم قوڵپی دەدا و سەریشم تا دایگرتبوو. لە شەوی وادا شتی گەورە ڕوو دەدا. ئەمە شەوی لێپرسینەوەیە. لە وێستگەکەوە بەرەو ماڵ کەوتمە ڕێ، پاڵتۆکەم دابوو بەسەر دەستما، گیانم گەرم بوو و عارەقەیش لە ناوچەوانمەوە دەتکا. شەختە لە ژێر پێمدا خرمەی دەهات، منیش حەزم بەسەرما بوو. کوا سەرما؟

لەسەر جێیەکە بەڕووتی ڕاکشابوو، دوو لنگی کراوەی سپی وەك بەفر، خەندەی لێ دەتکا و شتێك لە شێوەی غەم بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، لە دۆخی ئامادەباشییەکی گەورەدا بوو، بۆ دان و وەرگرتن. هەر کە بینیم دڵم بۆی لێیدا، هەستم بەو گەرموگوڕییە شەیتانییەی ژێر ناوپەنجکی کرد. کاتێك دەستم بەری دەکەوێ، دەزانم جڵەوی کارەکانم بەدەستەوەیە. ئەم هەموو ساڵە ئەم گەرمییە لە کوێ بوو؟ بەدەنگێکی پڕ لە بڕوا بەخۆبوونەوە، کە دەمێك بوو نەمبینیبوو، خەریك بوو لە یادی بکەم، پێم گوت:

– کەست لەگەڵدا بوو؟

ئەویش بەدەنگێك کە کاریگەری دەنگمی پێوە دیاربوو، وەڵامی دامەوە:

– کەسم لەگەڵدا نەبوو. ئەم شەو تەنیا بۆ تۆیە و بەس. لە مێژە چاوەڕوانتم».

«هەستم کرد یەکەمین جارە ڕاستم لەگەڵدا دەڵێت. ئەم شەو شەوی ڕاستگۆیی و کارەساتە. چەقۆکەم لە کیفەکەی دەرهێنا. تاوێك لەسەر لێواری جێیەکە دانیشتم و لێی ڕامام. بەئاشکرا جێی سەرنجەکانیم بە ڕوویەوە دەبینی. لە چاوانیم ڕوانی، ئەویش چاوی لە چاوم بڕی، نیگاکانمان تێك ئالان، چوون دوو فەلەك بین و لە ئاسمان لە کاتژمێری شوومدا تێك بئاڵێین. نیگاکانم کەوتنە سەر و ڕووی لێ وەرگێڕام، وەلێ کاریگەرییەکەی لە ناوەڕاستیدا بەدیار کەوت، بەڕاست و چەپدا دوورم خستەوە و تۆزێك لەسەر جێیەکە بڵندم کردەوە، پاشان لە ناویا جێگیر بوو و دەستەکانی خاو بوونەوە. دیسانەوە نیگای لە من بڕی، چاوم لە سینگ و مەمکۆڵانی بوو، ئەویش لەو شوێنەی دەڕوانی، کە من چاوم تێ بڕیبوو، دەتگوت ویستی لێ سەندراوەتەوە و بەپێی خواستی من دەجووڵێت. چاوم لە سکی بڕی، بەدوامەوە بوو و سووکە ژانێك کەوتە سەر ڕووی... من بەهێوری دەجووڵام، ئەویش بەهەمان شێوە، من دەکەوتمە خۆ، ئەویش پەلەی دەکرد.

قەیرێك چاوم بڕییە هەردوو لنگە بەفر ئاسا بەشکراوەکانی، بەچاوم دەمشێلان و نیگام لەسەر ڕووە ناسك و لووسەکەی دەخزا و لەوێ لە عەمباری نهێنییەکان دەگیرسایەوە، لەو شوێنەی چاکە و خراپە لە دایك دەبن. ڕوخساری سوور داگەڕابوو، پێڵووەکانیشی هەڵناهاتن، دەتگوت توانای بەسەریاندا ناشکێت. بە ئاسپایی چەقۆکەم بەرز کردەوە چاوی لە تیژییەکەی بڕیبوو، لە پڕ ڕەشێنەی چاوی گەورە بووەوە ڕوخساری بوو بە ڕووناکییەك دەتگوت چەخماخەی هەورە تریشقەیە، گەش بووەوە، چاو لە چەقۆ بڕینەکەی ئاوێتەی سەرسوڕمان و ترس و ئالۆشی بوو. پاشان گرتی بەچەقۆکەیا و بەحەسرەتەوە ماچی کرد. لە پڕ چاوانی نووقاند و لەسەر جێیەکە درێژ بوو و ناوەڕاستی بەرز کردەوە، لنگی زیاتر کردەوە. بەناڵینەوە گوتی:

– شیرینەکەم تکات لێ دەکەم، دەی، من ئامادەم.

گوێم بە داخوازییەکەی نەدا، بە ناڵینێکی پڕ لە ئازارترەوە ناڵاندی. چاوەڕوان بوو. دەستی کردە گریان. بەدەنگێکی کز هەر ئەوەتا دەبیسترا، گوتی:

– خۆشەویستەکەم، تکایە.

«خۆشەویستەکەم، ئەوە کەشتییەکانمن بەرەو ڕۆخی لە ناوچوون مل دەنێن. شۆڕ بوومەوە و ماچێکم کرد. نووکی چەقۆکەم خستە نێوان مەمکەکانییەوە».

ئەویش قاچەکانی لە پشتم ئالاند. لە سەرخۆ پاڵم نا. بەهێواشی. چاوی هەڵێنا. چ حەز و ئارەزوویەك لەم چاوانەدان! وا هاتە بەرچاوم لە هەموو شتەکانی دنیا جوانترە. بەناڵینەوە گوتی:

– خۆشەویستەکەم. وامزانی تۆ هەرگیز ئەمەت لە دەست نایەت. خەریك بوو لێت بێ ئومێدبم. بەسینگم پاڵم بەخەنجەرەکەوە نا، تا هەمووی لە سینگیا لە نێوان مەمکۆڵانیدا ختم بوو. هەستم بەخوێنە گەرمەکەی کرد لە سنگییەوە قوڵپی دەدا. بەسینگم سینگیم دەشێلا، ئەویش بەلالانەوەوە دەیگوت:

– وەرە لەگەڵم. وەرە مەهێڵە بەتەنێ بڕۆم.

«هەروەها پێی گوتم: خۆشمدەوێی.

بڕوام پێ کرد. منیش پێم گوت: خۆشمدەوێی.

هەر بەڕاست وامگوت. ئێمە مەشخەڵێکین لە گڕ، لێواری نوێن بڵێسەی ئاگری دۆزەخە، بۆنی دووکەڵ بەلووتما دێ و ئەویش پێم دەڵێ:

– خۆشمدەوێی خۆشەویستەکەم.

منیش پێم دەگوت: خۆشمدەوێی خۆشەویستەکەم.

هەموو گەردوون بەڕابردوو و ئێستا و ئایندەیەوە لە خاڵێکدا کۆ بووەوە، لە پێش و لە دوایەوە شتێك نییە».

بەڕووتوقووتی چوومە ئاوەکەوە. هەر کە ئاوە ساردەکە بەرگیانم کەوت مووچرکەیەك بەگیانما هات، پاشان مووچرکەکە بوو بە بەئاگاهاتنەوە.

ڕووبارەکە وەك ڕۆژانی سێلاو پڕ نییە، ڕێڕەوەکەشی وەك ڕۆژانی بێبارانی، هێند بچووك نییە. مۆمەکانم کوژاندنەوە و دەرگای ژوورەکەم داخست، هەروەها دەرگای حەوشەشم کلۆم دا، بێ ئەوەی شتێکم کردبێت. ئاگر کەوتنەوەیەکی دی نە پێش دەخا و نە دواش دەخات. لێی گەڕام قسە بکات، دەرچووم و نەمهێشت چیرۆکەکەی تەواو بکات. بیرم کردەوە بڕۆم لەسەر گۆڕەکەی بووەستم. وام بەبیردا هات کلیلەکە وا تووڕهەڵدەم کەس نەیدۆزێتەوە. پاشان ژیوان بوومەوە. کارگەلێك هیچ مانایەکیان نییە، کەچی ئینجاش دەبێ کارێك بکرێت. پێیەکانم بەرەو کەنار بردمیان، لەو کاتەدا گزنگی بەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەدەرکەوت. بە مەلەوانی تۆزی تووڕەیییەکەم دەشۆمەوە. شتەکان لەسەر هەردوو ڕۆخ نیوە دیارن، دەردەکەون و بزر دەبن، لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا. ڕووبارەکە بەهاژە دێرینە ناسراوەکەیەوە دەنگی دەداوە. دەکشا، دەتگوت لە شوێن خۆیەتی و جگە لە هاژەی ڕووبارەکە و تەقەتەقی ترومپاکان، کە لە دوورەوە دەهاتن، هیچت نەدەبیست. بەرەو ڕۆخی لای ژوور دەستم بە مەلەکردن کرد. بەردەوام مەلەم دەکرد و مەلەم دەکرد، تا جووڵانەوەکانی جەستەم لەگەڵ هێزی ئاوەکەیا بەگونجانێکی پڕ لە شادمانی سەقامگیر بوون.

کاتێك بەرەو پێش بەسەر ئاوەکەوە باسکە مەلەم دەکرد، بیرم لە شڵپەی دەستم بەئاوەکەیا نەدەکردەوە. هەروەها قاچەکانم و هەناسەبڕکێ و هاژەی ئاوەکە و دەنگی تەقەتەقی ترومپاکانی سەر کەنار، چ دەنگی تر

نــابـیستـران. ئـیـدی بــەردەوام بـووم لـە مـەلـەکـردن و نـەدەوەستـام، بـەو مـەبـەستـەی بگـەمـە ڕۆخـی بـاکـور. ئـەمـە ئـامـانـجـی مـن بـوو. کـەنـارەکـە لـە بـەردەممـا بـەرز و نزم دەبـووەوە، دەنگـەکـانیش بـە یـەکجـاری دەبڕان و دوایی دەهـاتنـەوە. بـەرە بـەرە جگـە لـە هـاژەی ڕووبـارەکـە هیـچـی دیـم نـەدەبیست. پـاشـان وامـدەزانـی لـە هـۆڵێکـی پـانـوپـۆڕی پڕ زایـەڵـەم، ڕۆخیش بـەرز و نزم دەبـووەوە، هـاژەی ڕووبـارەکـەش ڕۆدەچـوو و بـەرز دەبـووەوە. لـە بـەرامـبـەرمـدا نیوە بـازنـەیـەکـم دەبینـی. پـاشـان لـە نێوان نـابینـا و بینـاییـیـا بـووم. هـۆشـم هـەبـوو و نـەبـوو. بـاشـە مـن نـووستـووم یـا بێدارم؟ زینـدووم یـا مردووم؟

سـەرەڕای ئـەمـانـەش خـۆم بـەدەزوویـەکـی بـاریـك و لاوازەوە هـەڵـواسیبوو: هـەستکـردن بـەوەی ئـامـانـج لـە بـەرامـبـەرمـدایـە نـەك لـە ژێرم، بـۆیـە دەبـێ بـەرەو پێش هـەنـگـاو بنێم نـەك بـەرەو ژێر. وەلـێ دەزووەکـە لـە بـاریکـیـی داوە و خـەریکـە دەپـچـڕێت، گـەیشتمـە خـاڵێك ئـەو هـەستـە لام چـەکـەرەی کـرد، کـە هێزی ڕووبـارەکـە بـەرەو بن بـەکێشم دەکـا. دەست و قـاچـم سڕ بـوون، هـۆڵـەکـە پـانـوپـۆڕتـر بـووەوە و زایـەڵـەش زیـاتـر. هـەر ئێستـا. نـاگـەهـان، بـەهـێزێك نـەمزانی لـە کوێوە بـۆم هـات، بـەژنم لـە ئـاوەکـە بڵند کـردەوە، گـوێبیستـی هـاژەی ڕووبـارەکـە و تـەقـەتـەقـی ترومپـاکـە بـووم.

سـەیری ڕاست و چـەپـی خـۆم کـرد، دەبینم وا لـە چـەقـی ڕێگـەی نێوان بـاکـور و بـاشـووردام. نـەدەتـوانم بـەرەو پێش هـەنـگـاو بنێم، نـەدەشتـوانم بگـەڕێمـەوە. لــەسـەرگــازی پشت لــێی ڕاکـشـام، تــا پشتــەمــەلــە بـکــەم، لــە جــێی خــۆمــەوە بـەزەحمـەت دەست و پێم دەجـووڵانـد، تـا ئـەوەنـدەی بتـوانم بـەسـەر ئـاوەکـەوە بمێنمـەوە. هـەستم دەکـرد هێزی تێکشکێنـەری ڕووبـارەکـە بـەرەو ژێر کێشم دەکـات، تـەوژمـەکـەشی بـەگـۆشـەی چـەمـاوە بـەرەو کـەنـاری خـواروو دەمبـات. نـاتـوانـم تـا مـاوەیـەکـی زۆر هـاوسـەنـگـیـم بپـارێزم. زوو یـا درەنـگ هـێزی ڕووبـارەکـە بـەرەو بن دەمبـات. لـە نێوان ژیـان و مردنـا بـووم، ڕەوە قـەتێیـەکـم بینـی بـەرەو بـاکـور ملیـان دەنـا. داخـۆ ئێمـە لـە وەرزی زستـانـداین، یـاخـود

هـاوین؟ دەبێ ئەوە گەشت بێ یا کۆچ؟ دیسانەوە هەستم کرد خۆم دەدەمە دەم هـێزی تێکشکێنەری ڕووبـارەکەوە. هـەستم کرد پێیـەکانم سەرتـاپـای جەستەم بەرەو خوار کێش دەکەن. لە چاوترووکانێکدا نەمزانی درێژ بوو یا کورت، هـاژەی ڕووبـارەکە گۆڕا بە نرکە و ناڵە و دەنگی تیژ، لە هەمان ساتدا ڕووناکییەکی تیژ دەتگوت ڕۆشنـایی برووسکەیە، ڕەنگی دایەوە. پاشان مـاوەیـەك نـەمـزانـی چەندی پێ چوو، کشومـاتی و تـاریکی ئەو نـاوەیـان گرتـەوە. ئـیـنـجـا ئـاسمـانـەکـە کـەوتـە بـەرچـاوم، دوور و نزیك دەکەوتەوە، ڕۆخەکەش بەرز و نزم دەبووەوە. لە خۆمەوە هەستم بە حەزێکی بەتین بۆ جگەرە کرد. تەنیا حەزێکی ڕووت نەبوو، بەڵکو برسییەتی بوو. تینوێتی بوو. ئەوە ساتـی وریـابـوونـەوە بـوو لـە مـۆتـەکـە. ئـاسمـان کشومـات بووەوە و کـەنـاریش گـەڕایـەوە دۆخـی جـارانـی، گوێم لـە تـەقـەتـەقـی ترومپـاکـە بـوو، هەستم بە ساردی ئاوەکە کرد لە گیانما. ئا لەو ساتەدا مێشکم ساف بوو، پـێوەنـدیـم بـە ڕووبـارەکـەوە دیـارکـرد، بـەوەی مـن بـەسـەر ئـاوەکـەوەم، وەلـێ بەشێك نیم لێی. بیرم کردەوە ئەگەر لەو ساتەدا بمرم، ئەوا چۆن بێ ویستی خۆم هـاتمە دنیاوە، ئاواش دەمرم. بەدرێژایی ژیانم نە سەرپشك بوومە و نە بڕیاریشم داوە. ئێستا بڕیار دەدەم، کە ژیـان هەڵدەبژێرم. دەبێ بژیم، چونکە خەڵکانێکی کەم هەن حەز دەکەم تابتوانم لەگەڵیاندا بژیم، هەروەهـا گەلێ ئەرکم لەسەرە، دەبێ بەجێیان بگەیەنم، بەلامەوە گرنگ نییە ژیان مانایەکی هەبێت یا نەیبێت. خۆ ئەگەر نەمتوانی ببوورم، ئەوا هەوڵدەدەم لە بیری بەرمەوە. بەهێز و فریودان دەژیم.

بە زەحمەت و توندییەوە چوار پەلم ڕاوەشاند، تا بەژنم بەتەواوی کەوتە سەر ئـاو. بەهەمـوو هێزمەوە هـاوارم کرد، دەتگوت ئەکتەرێکی گاڵتەجاڕی سەر شانۆم و بـانگ دەکەم:

– فریـام کەون.. فریـام کەون.

تەواو

# هەوڵێك بۆ كردنەوەی كۆدەكانی ڕۆمانەكە

سەباح ئیسماعیل

## بەرایی

ئــەدەبــی سوودانــی، ئــەدەبـێكـی نــەنــاسراو و بــەڕووی دەرەوەدا داخــراوە، هــەڵـبــەت لاوازیــی ئــابــووریــیــەكــەی فــاكــتــەرێكــی لــەپــێش و كــاریگــەری ئــازادنــەبوون و بڵاونــەبوونــەوەیەتــی.

هـەر وڵاتێك ئـابووریی گەشەكردوو نـەبێ و بـەرهـەمـهێنانی تێدا لاوازبێ و بــەرهــەم ڕەوانــە نــەكــاو نــەیــنــێرێتــە دەرەوە، تــەنــیــا لــە ڕێی بــەرهــەمــی هــاوردەوە بـژی، واتــا مــیــلــلــەتــەكــەی تــەنــیــا ڕۆڵـی بــەرخــۆر بگێڕێت، ئـەوا بەهـەمـان شێوە ئەدەبەكەشی بەرەو دەرەوە نـانێرێت و جیهانیی نـابێتەوە. بـەڵكو تـەنیا لـە ئـەدەبی میللـەتانی دییەوە وەردەگێڕن و ئـەدەبـەكـەی خـۆیـان قـەتیس دەمێنێ و سنووری نـاوخۆیی خۆی نـابڕێت.

ئـا لـەو هـەلومـەرجە نـالەبارەدا، ئەلتـەییب سـاڵح شـاكاری (وەرزی كۆچ بــەرەو بــاكــور)ی نــووسی، ئــیــدی چــۆن مــاركــیــز بــەڕۆمــانــی (سـەد ساڵ تـەنیایی) توانی سەرنجی دنیا بۆ ئەمریكای لاتین بگوازێتـەوە و لـە شێوەی ئەوانـەی بـەمـەبـەستی دۆزینـەوەی ئـاڵتوون بـەرەو ئـەمریكا ڕەویـان كرد، وەرگێڕانیش ئـاوا ڕوویـان لـە ڕۆمـانـەكانی كرد و سـەرجـەمیـان وەرگێڕان، وڵاتــی سوودانــیش تــا (ئــەلــتــەیــیب ســاڵــح) ڕۆمــانــی (وەرزی كــۆچ بــەرەو بـاكور)ی نـەنووسیبوو، سوودان لـە وڵاتێكی دەرگـا لـەخۆ داخراوی دەكرد و هیچ زانیـارییەكی ڕۆشنبیریمـان لـەسـەری نـەبوو. وەك ئـەوەی ئـەو یـەكـەم كـەس بێت ئـەدەبی لـە سوودانـدا داهێنـابێت و كلیلی دەروازەی بـەڕووی جیهـاندا كردنـەوەی سوودانی لـە دەست بووبێت.

## لەبارەی ئەلتەییب ساڵح و ڕۆمانەکەیەوە

ئەلتەییب لە باکوری سوودان لەساڵی ١٩٢٩ی ز. لەدایك بووە. دەرچووی کۆلێژی زانستەکانە. ماوەیەك مامۆستایی کردووە و پاشان بۆ بەریتانیا چووە و بڕوانامەی لە کاروباری نێودەوڵەتیی بەدەست هێناوە. لە ڕادیۆی BBc بەرپرسی بەشی درامابووە. لە ساڵانی ١٩٨٤– ١٩٨٩ بووە نوێنەری یۆنسکۆ لە وڵاتانی کەنداودا. پاشان گەڕایەوە سوودان و کرا بە بەڕێوەبەری ئیستگە، داوای لێ کرا ببێتە جێگری وەزیری ڕاگەیاندن، کەچی ڕەتی کردەوە. گەڕایەوە لەندەن. ژنێکی سکۆتلەندی هێناوە و خاوەنی سێ کچە. تا ئێستاش لە لەندەن دەژێت. تانووکە ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیاندوون:

١– عرس الزين (ڕۆمان).

٢– وەرزی کۆچ بەرەو باکور (ڕۆمان).

٣– بندر شاه (ڕۆمان). دوو بەشە (ضو البيت) و (مريود).

٤– دومة ود حامد (کۆمەڵە چیرۆك).

٥– المنسي (ڕومان).

ڕۆمانی (وەرزی کۆچ...) زمانی کوردیی لێ دەرچێت، بە سی زمان وەرگێڕراوە. تەنانەت بە چینی و عبرییش. نووسەر بەبۆنەی نوێترین چاپی ڕۆمانەکەوە، دەڵێت: (من لە پێناوی نووسیندا دەنووسم، سەرەڕای ئەوەی ڕۆمانی «وەرزی کۆچ...» سەرێشەی زۆری بۆ دروست کردم، لەهەمان کاتدا ناوبانگی زۆریشی بۆ هێنام). یەکێ لە خاڵە بەهێز و جوانەکانی ڕۆمانەکە، بەر لە زمانە شیعرییەکەی، کە هانی بەردەوامبوونی خوێندنەوەت دەدات، بەرەمز چنینەوەیەتی. ئنجاش بوێری و ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەدا. بۆ نموونە لە سۆنگەی ئەوەی بەئازادی و ڕەهایی باسی لە سێکس کردووە و تخووبی هێڵە تابوکانی سێکس و ئاینی بەزاندووە، ڕۆمانەکە ٢ ساڵ لە سوودان قەدەغەکرا. ئەمە لە کاتێکدا بوو ڕۆمانەکە لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا بڵاو بووبووەوە.

رجاء النقاش لەبارەی ڕۆمانەکە و ئەلتەییبەوە دەڵێت:

(بەدەگمەن سوودانییەکی خوێندەوار دەبینیتەوە "وەرزی کۆچ..."ی نەخوێندبێتەوە، کە بەوە نووسەرەکەی بووە نووسەرێکی نەتەوەیی گەلی سوودان. ئەو لای ئەوان وەکو چارلز دیکنزی ئینگلیزە. ئەو سوودانییەی ئەم ڕۆمانەی نەخوێندبێتەوە، ناسنامەکەی ناتەواوە)(١).

## کورتەی ڕۆمانەکە

ڕۆمانەکە بە گەڕانەوەی حیکایەتخوان دوای حەوت ساڵ، بۆ کوێرە دێیەکەی لەسەر ڕووباری نیل، کە بۆ خوێندن چووبوو، دەست پێ دەکات. مستەفا سەعید، کە کەس هیچی لەبارەوە نازانێت، لە شوێنێکی دییەوە هاتووە و لەم گوندە چەپەك و دوورە دەستە زەوییی کڕیوە و ژنی هێناوە و خاوەنی دوو منداڵە، گیرساوەتەوە.

شەوێکیان لەکاتی خواردنەوە و مەستبووندا مستەفا سەعیدی جووتیار بەئینگلیزییەکی ڕەوان دەستدەکات بەشیعر وتن. ئەمە سەرنجی حیکایەتخوان ڕادەکێشێ و لێی دەکەوێتە گومانەوە، پێی دەڵێت ئەگەر باسی خۆتم بۆ نەکەیت و نهێنییەکانی خۆتم بۆ نەدرکێنیت، ئەوا بەخەڵکی گوند دەڵێم تا لێکۆڵینەوەت لەگەڵدا بکەن.

ئیدی ئەویش بانگهێشتی ماڵی خۆی دەکات و هەموو شتەکانی بۆ باس دەکات. لە لەندەن مامۆستای زانکۆ بووە و پێوەندیی سێکسی لەگەڵ سێ کچدا بووە، چونکە سۆزی پێ نەبەخشیون و پێی ڕابواردوون، خۆیان کوشتووە. پاشان ژنی هێناوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ژنەکەی خۆی نەداوەتە دەستەوە، کوشتوویەتی. لەسەر ئەمە حەوت ساڵ زیندانی دەکرێت.

ئەم بەریتانیا بە وڵاتێکی کۆلۆنیالی دەزانێت، چونکە وڵاتەکەی داگیرکردووە. لە تۆڵەی ئەوە ماڵەکەی خۆی دەکات بە مەیدانی جەنگ و بە سێکس کردن تۆڵە لە کچانی ئینگلیز دەکاتەوە.

دوای ماوەیەك لەگێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ حیکایەتخوان، لە

پڕ بزر دەبێ و نامەیەك بۆ حیكایەتخوان جێدەهێڵێت، تێیدا داوای لێ دەكات، مشووری ژن و منداڵەكانی بخوات.

حیكایەتخوان دەچێتە پایتەخت و لەوێ دادەمەزرێت.

حوسنەی ژنی مستەفا سەعید ژنێكی گەنج و جوانە، بڕیار دەدات لە دوای مردنی مێردەكەی شوونەكا و ژیانی بۆ دوو كوڕەكەی تەرخان بكات. لێ خەڵكی گوند لێی ناگەڕێن. ودلڕەیسی پیر و كەنەفتی چەند ژنە، داخوازیی دەكا و دوای چەندین جار ڕەتكردنەوەی لەلایەن حوسنەوە، ئنجاش بەزۆر دەیدەنێ.

حوسنە دوای ئەوەی هەواڵ بۆ حیكایەتخوان دەنێرێت، هەر چۆنێك بێت مارەی بكات، تا كەس توخنی نەكەوێت. كەچی بەزۆر دەیدەنە كابرای پیرە. ئنجاش خۆی ناداتە دەستەوە. دوای دوو حەفتە، پیرە ئاژەڵ ئاسا، پەلاماری دەدات، حوسنەش لە تۆڵەی ئەوە پیرە دەكوژێ و پاشان خۆی دەكوژێت.

هەموو ئەم ڕووداوانە ڕوو دەدەن بێ ئەوەی حیكایەتخوان لێیان بەئاگا بێ. كاتێ حیكایەتخوان دەگەڕێتەوە گوند و بەكارەساتەكە دەزانێت، هەست دەكات ئەو بەرپرسیارە، چونكە مشوورخۆرێتی و پێشتریش پێیان وتبوو بیخوازێت، ئەو گاڵتەی بەو مەسەلەیە هاتبوو. كەچی ئێستا بۆی دەردەكەوێت حوسنەی خۆشویستبوو.

ئیدی بەمە حیكایەتخوان لە خۆی و لە خەڵكی گوند و لە مستەفا سەعید و یادگارییەكانی هەڵدەگەڕێتەوە. دەچێتە ژوورە كلۆمكراوەكەی مستەفا سەعیدەوە و دوای خوێندنەوەی نامەكانی، سەرەداوی ژیانی مستەفا سەعید و نهێنیی گەشتەكەی بەرەو ئەوروپا دەدۆزێتەوە. بڕیار دەدات هەموو شتەكان بسووتێنێت. پاشان بۆی دەردەكەوێت، ئەو ئەم كلیلەی بۆیە پێ داوە، تا لە نهێنییەكان بگاو ئەزموونیان لێ وەرگرێت. لە دوادوایی ڕۆمانەكەدا حیكایەتخوان بە ڕووتی بە مەبەستی پاكبوونەوە لە ڕووباری نیل مەلە دەكات، شەپۆلەكان دەیهێنن و دەیبەن، لە نێوەڕاستی ڕووبارەكەدا هەناسە بڕكێی پێ دەكەوێت، تاهێزی تێدایە بانگ دەكات:

– فریام كەون.. فریام كەون.

## کەسایەتیی مستەفا سەعید

(بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕابردوودا)

ئەم ڕۆمانە تژی لە ڕەمز و فرە ڕەهەندە سێ نەوەی لەخۆ گرتووە. مستەفا سەعیدی شاکەسی ڕۆمانەکە، هەر کە چاوی دەکاتەوە، خۆی لەنێو بەرداشی دوولای شەڕدا دەبینێتەوە ( کیچنەر کە لەنێوان سوپاکەی ئەو و مەهدییەکاندا، لەدووی ئەیلوولی ١٨٩٨دا شەڕێکی سەرتاسەریی لە ئوم دەرمانی پایتەختی مەهدییەکاندا هەڵدەگیرسێت. مەهدییەکان، کە چەکەکانیان تیرو خەنجەر و کۆنە تفەنگ بوونە. سەرەڕای ئەو ئازایی و بوێری و نەبەردییەی بەرابەر بەهێزە داگیرکەرەکانی کیچنەر نواندیان، زیاد لە هەزاریان لێ کوژرا)[٢].

ئیدی بەیەکجار سوودان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە و بەدەست داگیرکەرانەوە دەیناڵاند. ئەو نەوەیەی هاوشان بەم کارەساتە ژیاوە و ژێردەستەیی بینیوە، لە نەستیا ماوەتەوە و هەستی خۆبەکەمزانین بەرابەر بەداگیرکەر پێ بەپێ لەگەڵیدا گەورە بووە و ژیاوە. خۆبەکەمزانینەکەی گەیشتۆتە ڕادەیەك، بەرابەر بەداگیرکەر خۆی بەپیاو دانەناوە و ئەو هەستەی لا ڕوواوە، کە کەسێکی خەسێنراوە. بۆیە بەردەوام لە خەمی ئەوەدا بووە، بەرابەر بەئافرەتی داگیرکەر پیاوەتیی خۆی بسەلمێنێ. لە هەمان کاتدا کەسی وڵات داگیرکراو بەرابەر بەداگیرکەرەکەی هەست بەکەمی و لاوازیی ڕۆشنبیریی دەکات. بۆیە وەکو ڕۆشنبیرێکی خەسێنراو بە تۆڵە سەندنەوەی سێکسی لە بەرابەرەکەی (داگیرکەر)، زیاتر حەزدەکات سەرجێیی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا بکات، کە لەهەمان ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیدان.

ئەم لە تۆڵەی ئەوەی ئینگلیزی داگیرکەر وڵاتەکەی ئەتك کردووە، ئافرەتیان لاقە دەکات. ئەمە لەلایەنە چینایەتییەکەشەوە ڕاستە. لە

ڕۆمانی (سەرەتا و کۆتایی)ی نەجیب مەحفووزدا، حەسەنێن وەکو وردە بۆرژوایەك (هەستەکانی بەرابەر بەکیژێکی پێست سپیی سەربەچینی ئەرستۆکرات، دەڵێت: ئەگەر سواری ئەم ئافرەتە بم، مانای وایە سواری سەرلەبەری چینێك بوومە)[٣].

ئەو هەستی تۆڵەسەندنەوەیە لە دوژمن لە ڕێگەی سێکسەوە، لای (محمد ماغوط)ی شاعیریش هەبووە. لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

**شەقامەکانی ئەورووپام تەی کرد**

**لە نوێنەکەمدا**

**جوانترین ژنانی مێژووم**

**گەوزاند**

هەڵبەت بەر لە ئەلتەییبساڵح چەند ڕۆمانیووسێکی دیش توخنی بابەتی ململانێ و پێکدادانی ژیاری و ڕۆشنبیری و دابونەریتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کەوتوونەتەوە و هەر یەکە و لە دیدی خۆیەوە باسی لێوە کردووە، بۆ نموونە (توفيق الحكيم) لە ڕۆمانی (عصفور من الشرق) و (يحيى حقي) لە ڕۆمانی (قنديل أم هاشم) و سهيل أدريس لە ڕۆمانی (الحي اللاتيني)دا. هەرچی ڕۆمانەکەی ئەلتەییبە، لەوانی دی کاریگەرتر و توندو تیژترە. چونکە ئەو سەرباری هەموو ململانێکان، کە لەو ڕۆمانانەدا باس کراون، ئەم وەکو ئەفریقییەکی دڵبریندار، گرفتی ڕەنگیشی هەیە. (فرانز فانوونیش بایەخی تایبەتی بەم مەسەلەیە داوە. لە کتێبی «پێستی ڕەش و دەمامکە سپییەکان»دا، بایەخی تایبەتی بەمشتومڕی توندوتیژیی سێکسی لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراودا داوە. پیاوی ڕەشپێست بەدەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتی ڕەشپێست لەلایەن پیاوێکی سپیپێستەوە، وا هەست دەکات خەسێنراوە. ڕەشپێستیش لە پێوەندیی سێکسی، بەزۆر یا بەڕەزامەندی لەگەڵ ئافرەتی سپیپێستدا، وا هەست دەکات تۆڵە لە داگیرکەر دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ ئەمیش وەکو ئەو پیاوە)[٤].

مستەفاش بەهەمان شێوە هەنگاو دەنێت و لە هەموو لێکدانەوەیەکیدا بیر لەوە دەکاتەوە چەند زیان بەداگیرکەر بگەیەنێت. بۆیە لە شێوەی جەنگاوەرێکی دۆنکیشۆتی، ژوورەکەی دەکات بە مەیدانی جەنگی تۆڵە سەندنەوە و خەبات کردن! وا تێدەگات چەندێك زۆرتر ئافرەتی ئینگلیز لەجێگەدا بگەوزێنێ، هێندە لە داگیرکردن و تەفرو توونا کردنی قەڵای سەختی دوژمن نزیك بۆتەوە.

بەم ئاوایە بەرۆژ رۆڵی رابەر و مامۆستا و بیرمەند دەبینێت، کەچی بە شەو رۆڵی راوچی. لە عەقڵەوە بۆ ئاڵۆشی سێکسی، لە کاراکتەرێکی رۆشنبیرەوە بۆ کەسێکی چەقۆکێش (بەرۆژ لەگەڵ تیۆرەکانی کینز و تۆنیدا دەژیام، بە شەوانیش بە کەوان و شیرو رم و تیر بەردەوامیم بە جەنگەکەم دەدا)(٥).

مستەفا کەسێکە خۆی گوتەنی (دڵۆپێك خۆشیی لەگیانما نەبووە). بۆیە رۆژئاوایی خۆشناویست و بەرامبەریان لە هەموو سۆز و خۆشەویستییەك بەتاڵ بوو. مستەفا وای دادەنا، ژیاری رۆژئاوا کچێکی پاکیزەیە، خۆی ناخاتە بەردەست هیچ کەسێکەوە، تا لە کەسایەتی و دابونەریت و ئاین و بیروباوەڕی کۆن و رابردووی دانەماڵێت. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بناغەی بەتینی ژیاری رۆژئاوا لەسەر جەستەی تێکشکاوی ژیارەکانی دی بنیات نراوە و هەموو ئەوانی دی وەلا دەنێ و هیچ دیالۆگێکیش پەسند ناکات، یاخود ناچێتە ژێر باری هیچ دیالۆگ و ئاڵوگۆڕێکی بیروڕاوە. ئیدی وەکو نوێنەری نەوە و ویژدانی نەتەوەیەك رق و کینێکی لە مێژینەی بەرابەر بە باکور (واتا رۆژئاوا) لە ناخدایە. ئەو یەکەم جار، کە کەشتی دێتە وڵاتەکەیەوە و بە نیلدا تێدەپەڕێ، بەچاوی خۆی دەبینێ چۆن تۆپی شەڕ دێنێت نەك نان، هەر لەبەر ئەمەشە ئاسنەڕێ دروستکردن لە وڵاتەکەیدا، بۆ سەربازگواستنەوەیە نەك بۆ خزمەتی هاووڵاتییان تەنانەت (قوتابخانەکانیشیان هەر بۆ ئەوە بنیات نابوو تا فێرمان بکەن چۆن بە زمانەکەی خۆیان بڵێن «بەڵێ»).

مستەفا هەند لە کەڵکەڵەی ڕابردوودایە، کاتێ لە دادگەی تاوانەکاندا لە لەندەن لەسەر کوشتنی (جین مۆرس) دادگایی دەکرێت، وا هەست دەکات وەکو وڵات داگیرکراوێك (لەلایەن داگیرکەرانەوە) لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، نەك وەکو تاوانبارێك.

(لەم دادگەیەدا گوێم لە شیر هەڵکێشانی ڕۆمانەکان و لە سمکۆڵانی ئەسپەکەی ئەللەنبییە لە قرتاجە. لەو کاتەی پێ دەنێتە سەر زەویی قودس).

واتا ئەو هەستەی لەلا زیندوو دەبێتەوە، کە ئەوان جگە لە ڕەفتارە بەکۆمەڵییەکانیاندا لە ڕەفتارە تاکە کەسییەکانیشیاندا لە هەوڵی تۆڵە سەندنەوەن لە باشوور (واتا ڕۆژهەڵات). بۆیە ئەمیش جگە لە تۆڵەی تایبەتی خۆی و تۆڵەی بەکۆمەڵ، تۆڵەی مێژوویشی لەبەرچاوە.

کاتێك لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەربارەی ئەبی نەواس و کاریگەریی بەسەر خەیامەوە وانە دەڵێتەوە (پێم گوتن عومەر خەیام لەچاو ئەبی نەواسەوە هیچ نەبووە، شیعری ئەبی نەواسم لەسەر مەی بە شێوازی گوتاردانی پێکەنین هێنەر بۆ خوێندنەوە، بەو بەهانەیەی شیعری عەرەبی لە سەردەمی عەباسیدا بەم شێوەیە دەخوێنرایەوە. هەروەها پێم گوتن ئەبو نەواس سۆفی بووە و مەی کردۆتە هێمای هەموو تاسە ڕۆحییەکانی و لە واقعدا حەزی مەی لە هۆنراوەکانیدا تامەزرۆییيە بۆ فەنابوون لە خودی خوادا... قسەیەکی هەڵبەستراوی بێ بنەمایە).

ئەمە ئەو تابلۆیەیە لە نەستی لە مێژینەی مستەفادا ماوەتەوە و ئەو کەسانەی لەخۆ گرتووە، کە ئەو دەیەوێ تۆڵەی مێژوویان لێ بکاتەوە. کۆیان دەکاتەوە وپێیان ڕادەبوێرێت و گاڵتەیان پێ دەکا و زانیاریی هەڵەیان دەداتێ (دوای وانەکە لە دەورم ئەڵقەیان بەست. کۆمەڵە فەرمانبەرێك لە ڕۆژهەڵات ئیشیان کردبوو و ژنانێك تەمەن تێکی شکاندبوون، مێردەکانیان لە میسر و عێراق و سوودان مردبوون، زەلامێلێك شانبەشانی کچنەر و ئەللەنبی جەنگابوون، ڕۆژهەڵاتناسان، فەرمانبەرێلێك لە وەزارەتی کۆلۆنییەکان،

فەرمانبەرێك لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە). بەگشتی (کەسایەتی مستەفا سەعید تێکەڵەیەکە لە ڕق و خۆشەویستی، بۆیە تا بڵێی ئاڵۆزە. هەر لەبەر ئەو ئاڵۆزییەشە، ئەگەر بەتەنیا چاوێك لێی بڕوانرێت، ئەوا دژایەتییەکی تێدا دەبینرێتەوە. ئەمەش ئەو نهێنییەیە هەندێکیان شۆڕشگێڕێکی سەرسەختی دژ بە داگیرکەری تێدا بەدی دەکەن. هەندێکی دیشیان وەکو بەکرێگیراو و سیخوڕی ئینگلیز تەماشای دەکەن. لەبەر ئەمانە مستەفا سەعید ویستی بەدیارکراوی بەخۆی ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە، تاکو نەوەکانی دوای خۆی لێی بگەن و زوڵمی لێ نەکەن)(٦).

## هێمای نەوەکان لە ڕۆمانەکەدا

لەم ڕۆمانەدا چەندین نەوە ڕۆڵ دەبینن، هەر نەوە و جێ پەنجەی خۆی بەسەر ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە جێهێشتووە. بەهەمان ڕادەش ڕووداوەکان کاریگەرییان بەسەر نەوەکانەوەیە.

١- حاجی ئەحمەد:

باپیری حیکایەتخوانە، پیرێکی لەسەرخۆ و ژیرە. هێما و نوێنەری مێژووە (باپیرم سەرەڕای تاعوون و برسییەتی و جەنگ و گەندەڵیی دەسەڵاتداران، ئنجاش هەر ژیا). (لە هەموو جارەکاندا دوای گەڕانەوەم لە سەفەر، بیرهێنانەوەی تاسەی بینینی بابام، ختووکەی دەدام). (کاتێ باوەشی لێدەدام، ئەو بۆنە بێ هاوتایەی، کە وێنەیەکە لە بۆن و بەرامەی ئارامگەیەکی گەورەی گۆڕستان و بۆنی کۆرپەیەکی شیرەخۆرە). (باپیرم دار بەڕوویەکی بڵندی لق و پۆپدار نییە، لە خاکێکدا ڕووابێت، سروشت ئاو و فەڕی پێ بەخشیبێت. لێ ئەو وەکو درەختی سەییالی بیابانەکانی سوودان، توێکڵی ئەستوور و دڕکی تیژە، مەرگ دەبەزێنێت. چونکی دەستی بەژیانەوە گرتووە، ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە).

٢- کچەی مەجزووب:

پیرەژنێکی ڕوو خۆشی قسە لەڕووی حەفتا ساڵەیە، هێمای نەتەوەیە، لە

دۆخێکدایە نایەوێ لە خەونی خۆشی نەزانیی بێداربێتەوە. دەکرێ بەنوێنەری قۆناغی فیودالّیی دابنێین.

٣- ودلرەیس:

پیرێکی کەنەفتی حەفتا ساڵەیە، نوێنەری بەشی هەرە دواکەوتووی کۆمەڵگەیە. بێ ئەوەی تنۆکێك خۆشەویستیی بۆ نیشتمان و نەتەوە هەبێت، بانگەشەی نیشتمان پەروەریی دەکات. ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە، کە دان بە پاشکەوتوویی خۆیاندا نانێن و هەمیشە لە پەراوێزی هێمنی گۆڕانکارییەکانەوەن.

٤- حوسنە:

ئەم ژنە پاش ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە و وریابوونەوەیەی بەسەریدا دێت، لە ئەنجامی شووکردنی بە مستەفا سەعیدی گەڕاوە لە هەندەرانی دنیای نوێ و پێشکەوتن و چەکدار بە کۆمەڵێك ئەزموون و ڕۆشنبیری و پرۆژەی گەورە، دەکرێت بەنوێنەری نەوەی نوێ و ڕزگاربوو لە دەست کۆتوبەندی دنیای کۆن هەژماری بکەین. لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە دەبێتە قوربانیی دەستی گۆڕانکارییەکان و ئامادە نابێت لێگەڕێن ڕەوڕەوەی مێژووی ژیانی بەرەو دوا بگەڕێتەوە. لەبەر ئەمەشە ئەندامی نێرینەی ودلرەیس دەبڕێ و دەیکوژێ، تاکو سنوورێك بۆ ئەو کۆیلەدارییە دابنێت، کە لەمێژە ئافرەت لەژێر باریا دەناڵێنێ و بووەتە هێمای سەرکوت و بێ مافییەکانی. ئەم کارانە ئەنجام دەدات دوای ئەوەی پەنا بۆ حیکایەتخوان دەبات، وەکو ڕزگارکەرێك و وەکو نوێنەری نەوەی هۆشیاری چەکدار بەرۆشنبیری، تا لەخۆی مارەی بکات و لەو دەردەسەرییەی ڕزگار بکات.

٥- جین مۆرس:

ژنی مستەفا سەعیدە. هێمای ئەورووپای تازەپێگەییوە، لە هەرەتی لاوی و بەهێزیدایە. ئەوە بریاری خۆ نەدانە دەستەوە و زیزبوون دەدات، نەك (ئاژەڵێکی بەربەریی قۆزی ئەفریقایی). ڕووداوی کوشتنی جین مۆرس

لێکچوونێکی لەگەڵ شانۆنامەی (ئۆتیللۆ)ی شەکسپیر تێدایە. لەو شانۆنامەیەدا ئۆتیللۆ دەیدەمۆنەی هاوسەری دەکوژێت، کە هێمای چاخی رێنیسانسی تازە پێگەیشتووی ئەوروپایە. ئۆتیللۆی پیریش ڕەمزی ژیانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی سەدەی چواردەیە.

٦- حیکایەتخوان:

دەکرێ بڵێین نەوەی دووەمی خاوەن ئەزموونی لە هەندەران گەڕاوەیە. بە پێچەوانەی مستەفا سەعیدەوە، کە تۆپەڵێکە لە دژایەتییەکان، ڕاڕا، بە پەلەیە لە بڕیارەکانیدا، تێکەولێکەی فکری، سادی، مەیدانی جەنگەکەی ژوورەکەیەتی و دوژمنی سەرسەختی ئافرەتانی بیانییە و مانای خۆشەویستی نازانێت. کەچی ئەم هێمنتر، گران و سەنگینتر و بڕوا بەخۆتر، کەم پرژوبڵاوتر و لەسەرخۆتر. ژیرانە دژایەتییەکان هەڵدەسەنگێنێت، چونکە ئەم نەوەی ڕزگارییە، کارەساتی داگیرکاریی نەبینیوە. بەپێچەوانەی مستەفا سەعیدەوە، کە لە بەرابەر ئەوروپییاندا گرێی خۆ بەکەمزانینی هەبوو. دەیگوت کەسانێکن لە مەریخەوە هاتوونە و لە ئێمە جودان. هەرچی حیکایەتخوانە ئەوان بە مرۆگەلی ئاسایی دەزانێ و گرفتێکی لەگەڵیاندا نییە. کاتێك بەزمانەکەیان دەدوێت، هەست بەتاوانکردنی لەلا بەدی ناکرێت. واتا ئەمیان بەپێچەوانەی مستەفا سەعیدەوە، کە پیاوی کاربوو، ئەم پیاوی لێڕامان و لێوردبوونەوەیە. بەگشتی مستەفا سەعید سەرەڕای بێبەری بوونی لە سۆزی دایك و باوك، کێشەی ناسنامەشی هەبوو، کەچی ئەم لەو گرێیە ڕزگاری بووبوو. ئەوەتا خۆی بەڕەگی بەتینی دارخورماکەی حەوشەیان دەچوێنێ، کە چۆن سەری بەخاکدا ڕۆچووە. ئەم ئامانج و مەبەستی خۆی هەن و بۆیان دەژێت.

(نا من بەردێك نیم تووڕدرێمە ئاوەوە، بەڵکو تۆوێکم و لە کێڵگەدا دەوەشێنرێم). بەڵام دوا لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە ئەوە دەردەخەن، کە حیکایەتخوان کاریگەریی مستەفا سەعیدی بەسەرەوە هەبووە و لە دواییشدا هەولی گەڕانەوە بەرەو باکور دەدات، هەرچەندە ئەویش چارەنووسی نادیارە،

داخوا دەگاتە باکور یاخود لە ڕووبارەکەدا دەخنکێت؟ چونکە دوا ڕستەی ڕۆمانەکە بە هاواری ئەو تەواو دەبێت (فریام کەون .. فریام کەون).

## قۆناغەکان و نەوەکانیان

لەم ڕۆمانەدا سێ قۆناغی گرنگ ڕۆڵ دەبینن، هەر قۆناغە و نەوەیەکی تایبەت بەخۆی دروست کردووە، دۆخی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هەڵوێستی فکریی نەوەی هەر قۆناغێك جیایە لەوی دی. دەکرێ داگیرکاری و جەنگ بەداینەمۆی ڕووداوەکان دابنێین. بابزانین نەوەکانی سەردەمی جەنگ و بەرودوای جەنگیش لە ڕۆمانەکەدا کێن؟

١- نەوەی بەر لە جەنگ:

حاجی ئەحمەد، ودلڕەیس، مستەر ڕۆبنسن و ئەلیزابێسی ژنی، کچەی مەجزووب.

٢- نەوەی سەردەمی جەنگ و توندوتیژی:

مستەفا سەعید، جین مۆرس، ئان هەمند، شیلا گرینۆد، ئیزابێلا سیمۆر، حوسنەی کچی مەحموود.

٣- نەوەی دوای جەنگ:

حیکایەتخوان، مەحجووب، نەوەکانی حوسنە و مستەفا سەعید.

## نێچیرەکانی مستەفا سەعید

مستەفا سەعید تابلۆیی کەسێکی خۆپەرست و دابڕاو بوو لە سۆزی گەورەی خۆشەویستی، ئەمەش لە سۆنگەی بێ باوکی و نەبوونی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان خۆی و دایکیدا هەڵقولاوە. ئەو جگە لە سێکس کردن نەیتوانی خۆشەویستی بەهیچ یەکێك لەو کچانە ببەخشێت، بۆیە یەك لە دوای یەك خۆیان کوشت. چونکە هەستیان بەوە کردبوو، نێچیری دەستی ئەمن، نەك خۆشەویستی.

١- کچە هاوپۆلەکەی لە قاهیرە.

٢- مسز ڕۆبنسن= ئەلیزابێس.
٣- ئان هەمند.
٤- شیلا گرینۆد.
٥- ئیزابێلا سیمۆر.
٦- جین مۆرس.

مستەفا سەعید سەرەڕای هەموو جوانییەکانی ئینگلتەرە (لە مۆسیقای باخ و ڕۆشنبیری و شانۆ و دەریا و دورگەکانی و ...)، کە بووەتە بەشێك لێیان و لەگەڵیاندا دەژێت. ئنجاش وەکو خۆی دەڵێ (تێیدا دەژیم و هەست بەجوانییە ڕاستەقینەکەی ناکەم، لە ناویا تەنیا ئەوەم بەلاوە گرنگە، شەوانە کێ جێیەکەم گەرم دەکاتەوە).

## هەوڵی خۆکوشتنی حیکایەتخوان

حیکایەتخوان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەدەردی مستەفا سەعید دەچێت، خۆی دەخاتە ڕووبارەوە و هەوڵی خۆکوشتن دەدات، جا نازانین دەمێنێ یان نا. هەوڵی خۆکوشتنەکەشی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێنمەوە:

١- حیکایەتخوان بەدرێژایی ڕۆمانەکە لە هەوڵی هەڵهێنانی نهێنییەکانی مستەفا سەعیددا بوو، دوای کردنەوەی گرێ کوێرەی نهێنییەکان، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕابردوو و شێوە ژیانی مستەفا سەعیدەوە، بەمە چەندین پرسیاری لەلا دروست دەبێت.

٢- هەست بەگوناهکردن:

ئەو دەمی دەرفەت هەبوو دوێتەی مەحموود (حوسنە) ڕزگار بکات، نەیکرد. ڕۆڵی حیکایەتخوان تەنانەت مشوور خواردنیش نەبوو، کە پێی سپێررابوو، بەڵکو تەنیا چاودێری کردنی مردنەکەی بوو.

گوێی بۆ زایەڵەی دابونەریت و خەڵك شل کرد و بەچاودێری کردن وازی هێنا. بۆیە خۆی و ترسنۆکیی خۆی سەرزەنشت کرد.

٣- درەنگ ئاگاداربوونەوە و هەستکردنی بەوەی حوسنەی خۆشدەوێ.

کاتێ لەمە ئاگادار بووەوە، هەموو شتەکان لێبووبوونەوە. بۆیە وای هەست دەکرد لەخۆ کوشتنەکەیدا بەشدارەو دەستی تێدایە. لە سۆنگەی ئەمەوە دەبێ تۆڵە لە خۆی بکاتەوە.

## خۆکوشتنی کەسایەتییەکان

لەو ڕۆمانەدا زۆرێك لە کەسایەتییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆیان دەکوژن (شیلا گرێنود، ئان هەمند، دوێتەی مەحموود «حوسنە»، مستەفا سەعید).

یاخود دەکوژرێن (جین مۆرس، ودلرەیس).

یا هەوڵی خۆکوشتنی خۆی دەدات (حیکایەتخوان).

لە سەرجەم حەوت کەسی ناو ڕۆمانەکە، چواریان ئافرەتن، بەر خۆکوشتن دەکەون، یاخود دەکوژرێن. بەنیسبەت مستەفا سەعیدەوە، بەتەواوی نازانرێت خنکا یاخود خۆی کوشتووە، یا کوێخا و بازرگانەکان کوشتیان، (کوێخا و بازرگانەکان زۆریان ڕق لێ دەبووەوە، چونکە چاوی خەڵکی گوندی کردەوە و لەوانی تێکدا) یاخود سەری هەڵگرتووە؟ چونکە نە تەرمی دەدۆزرێتەوە، نە بەڵگەیش بۆ مردنەکەی بەدەستەوەیە، نە کەسیش لە کاتی سەرهەڵگرتنا بینیویەتی. ئەمەش زیاتر ئەوە دەگەیەنێت، مستەفا سەعید هەستی بەوە کردووە سەرەڕای ڕقەکەی، ئنجا دڵی بۆ ژیاری ڕۆژئاوا لێی داوەتەوە، ئەوەتا پەیامەکەی کاریگەریی نەماوە و ئاسنی سارد دەکوتێت (تا ئێستاش ئەو بانگەوازە دوورەم لەگوێدا دەزرنگێتەوە. وامدەزانی ژیان و ژنهێنانم بێدەنگی دەکەن). یاخود دەڵێت (چەندم حەز دەکرد لەگەڵیاندا بمامایەتەوە، چاودێرییانم بکردایا و بە بەرچاومەوە پێبگەیشتنایا، چونکە هەر هیچ نەبێ پاساوێك دەبوون بۆ بوونم).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نیازی هەبووە سوودان جێبهێڵێت، بۆیە خێزانەکەی، کە هێمای وڵاتەکەی و مێژووەکەین، دەداتە دەست

مشوورخۆرێکی وەکو حیکایەتخوانەوە، کە نوێنەری نەوەی نوێ و بیری نوێیە. ئیدی ڕەنگە لافاوەکە بووبێتە کۆسپێك لەبەردەم بەجێگەیاندنی ڕۆیشتنەکەیدا.

## دوو هەڵەی زەق

١– ڕۆمانەکەدا چەند جارێك ئەوە چەندبارە دەبێتەوە، کە مستەفا سەعید چەقۆی بەدەستەوەیە و دەیەوێ جین مۆرسی ژنی پێ بکوژێت، کەچی لەکات و ساتی کوشتنی جین مۆرسدا، کە هەر چەقۆی بەدەستەوەیە، دەڵی: بەسینگم پاڵم بە خەنجەرەکەوە نا، تا هەمووی لە سینگیا لە نێوان مەمکۆلانیدا ختم بوو.

مارکیزیش لە نۆڤلێتی (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت)دا، هەڵەیەکی زەقی لەو بابەتەی کردووە. لە سەرەتای نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: (کوڕەکەی کۆلۆنێل بەچەقۆ کوشتیان) کەچی لەدوا دوایی نۆڤلێتەکەدا دەڵێت (بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا لە نزیکەوە ئەو کابرایەی بینی، کە تەقەی لە کوڕەکەی کرد)(٧).

٢– لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، دەڵێت: حزبی سۆشیال دیموکرات.

پاشان لە شوێنێکی دیدا هەر هەمان حزب بە (حزبی دیموکراتی سۆشیالیستی)، ناو دەبات.

ئەم حاڵەیان زیاتر لاوازیی نووسەر لە بواری سیاسەتدا بەیان دەکات، کە ئەلتەییب خۆیشی دانی بەدوورییەوە لە سیاسەتدا ڕاگەیاندووە (من پیاوی سیاسەت نیم)(٨).

## ئەنجام

١– شاکەس بیرێکی ڕوون و ئایدیۆلۆجیایەکی دیارکراوی نییە، هەمیشە لە ڕاڕایی و دووفاقیدا دەژێت، بۆیە بڕیارێکی جێگیری بەدەستەوە نییە. جارێك خۆی بە داگیرکراو و جارێکیش خۆی بەداگیرکەر دەزانێت. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە بەتەواوی نازانین چارەنووسی بەکوێ گەیشت.

٢- کەسایەتی بەزۆر ئاخنراو و زیادە لە ڕۆمانەکەدا بەدی ناکرێ، هەر کەسە و ڕۆڵ و ڕەمزی خۆی بۆ دیارکراوە.

٣- یەکێ لە خاڵە بەهێزو ئیستاتیکێکانی ناو ڕۆمانەکە، پابەندبوونیەتی بە شوێنەوە و گەڕانیەتی بەدوای ڕەسەنایەتیدا. چونکە (ڕەسەنایەتی بەستراوە بەو ژینگەیەی دەیخاتە ڕوو، چەندەش ڕۆحی سەردەمەکەی بەرجەستە بکات، هێندە هاوچەرخە)(٩).

٤- بە تەواوی نەزانینی چارەنووسی مستەفا سەعید و حیکایەتخوان، هەوڵێکە بۆ کراوەیی دەقەکە و بەشداریکردن و دیالۆگ دروست کردنە لەگەڵ وەرگردا، تا ئەویش بەپێی جیهانبینیی خۆی بڕیار لەسەر شتەکان بدا و بە ڕای نووسەرەوە پابەند نەبێ.

٥- حیکایەتخوان ئەوکات وریا دەبێتەوە و بەخۆیدا دەچێتەوە، کە پێ دەزانێت حوسنە بەزۆر بەشوو دراوە و مێردەکەی کوشتووە. ئیدی ئەم خۆی و کۆمەڵگە بەیەکەم تاوانبار دەزانێت. چونکە بیری باوی کۆمەڵگە لە بیری دەسەڵاتەوە هەڵهێنجراوە، بۆیە ئەم ڕووداوە دەبەستێتەوە بەگەندەڵیی دەسەڵاتەوە، کە چۆن بەرپرسانی ئاگایان لە میللەت نەماوە و خەریکی گیرفان پڕکردن و خۆدزینەوەن لە بەرپرسیارێتی.

٦- نووسەر دەیەوێت لەمیانەی ئەم ڕۆمانەوە پێمان بڵێت، بۆ ئەوەی ئاسوودەو ئارام بژین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بناغەو سەرچاوە و ڕەگی خۆمان. ئەویش ئەو زێدەیە، کە لێی بووینە و بە شیری دابونەریتی گۆش کراوین. مستەفا سەعید چەند لە لەندەن مایەوە و ڕاوی کچان و ژنانی کرد و لە شیلەی زانست و ڕۆشنبیرییانی هەڵمژی، ئنجاش خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی تێدا نەبینییەوە، تا نەگەڕایەوە سوودان و نەبووە کەسێکی بەرهەمهێن و ئاکتیڤی ناو کۆمەڵگەکەی.

## پەراوێزەکان

١- نشأت الامام- أديب نفاخر به (لە ئینتەرنێتەوە).

٢- شجاع مسلم العاني- الرواية العربية والحضارة الاوروبية- سلسلة الموسوعة الصغيرة- بغداد ١٩٧٩ ص٧٢.

٣- جورج طرابيشي- شرق وغرب- رجولة وأنوثة- ط٣- دار الطليعة- بيروت ١٩٨٢ ص٩.

٤- هەمان سەرچاوە ل٩.

٥- لێرەو لەمەودواش نموونەی نێو کەوانەکان لە ڕۆمانەکەوە وەرگیراون.

٦- هەمان سەرچاوە ل١٤٥.

٧- غابريل غارسيا ماركيز- ليس لدى الكولونيل من يكاتبه- ت: صالح علماني- مطبعة الديواني- بغداد ١٩٨٦ ص٩١-٩٢.

٨- هالة البدري- مقابلة مع الطيب صالح- www.aladab.net.

٩- الطيب صالح عبقري الرواية العربية- اعداد: احمد سعيد محمدية- دار العودة- بيروت ١٩٧٦ ص١٥٢.

## ناوەڕۆك

– لەبڕی پێشەکی ............ ٥
– ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور ............ ٧
– هەوڵێك بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ڕۆمانەکە ............ ١٦٧